# ئەکتەری نەبینراو

یۆشی ئۆدیا و لۆرنا مارشەل

# ئەکتەری نەبینراو

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
فاروق هۆمەر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

یۆشی ئۆدیا و لۆرنا مارشەل
ئەکتەری نەبینراو
پێشەکی: پیتەر برۆک
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: فاروق هۆمەر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٨٢
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٤٥ - ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و ڕازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

## پێشەکییەک بە پێنووسی پیتەر برۆک

ڕۆژە بەراییەکانی کارکردنمان بوو لە پاریس، گرووپەکە بۆ بەسەربردنی ئێوارە ئاهەنگێک لەگەڵ چەند مۆزیکژەنێک لە یانەی جاز کە لە هۆڵی لاس بەڕێوە دەچوو؛ بانگهێشت کرابوو. لەو دەمەدا کە هەوڵمان دەدا لەو تاقە دەرگەیەوە کە دەچووەوە سەر ژوورێکی بچکۆلەی بە حەشامەت ئاخنراو، ڕێگەیەک بۆ خۆمان بکەینەوە؛ یۆشی لە پاڵ منەوە بوو. هەموو پلیشابووینەوە و بەرەو هۆڵی نمایش بە کێش دەکراین، بەرەو تاقە شوێنێک کە لە نێوان گروهی مۆزیکژەن و دیوارێکی بلۆکدا بە چۆڵی مابووەوە. ئاهەنگەکە زۆر سەرنجڕاکێش نەبوو، گەرماکەش بەجۆرێک بوو کە بەرگەی نەدەگیرا، ئەوەشمان لا روون بوو کە ئێمە وەک میوان لە بەرچاوی بینەرەکاندا بووین و تا کۆتاییی ئاهەنگەکەش بوارێکی ئەوتۆمان بۆ هەڵنەدەکەوت بۆ ئەوەی خۆمان بدزینەوە. لە زۆر درەنگانێکدا کە ئاهەنگەکە کۆتاییی هاتبوو ئێمەش لەتاو گەرما لە شوێنەکانی خۆمان بەرز ببووینەوە و سەرقاڵی خۆکێشانەوە بووین، بۆمان دەرکەوت کە یۆشیمان لەگەڵا نەماوە. چۆن ئاوا سووک و ئاسان، بەبێ ئەوەی کەس پێی بزانێ و ئاگای لێ بێت بە نەبینراوی بۆی دەرچوو، تا بە ئەمڕۆمان دەگات بۆ خۆی وەک ئەفسوونێک ماوەتەوە... ئێمە دەزانین کە ئەویش هەر وەک ئێمە بوونەوەرێکە لە گۆشت و خوێن، بۆیە ئەگەر ونبوونەکەی بە هۆی جادووەوە نەبووبێت، ئەوا بێگومان لە ڕێگەی هونەرەوە بووە.

باوکم گوتەی پرۆفیسۆرێکی کۆنی فیزیای خۆی هەمیشە بە نموونە بۆ دەهێنامەوە و زۆرجاریش دووپاتەی دەکردەوە (لە دنیادا هیچ دیاردەیەک

نیـیـه كـه نـهگـۆڕێت بۆ ژمـاره) له ڕۆژگـاری ئـهمـڕۆمـاندا، تراجـیـدیای هـونهر ئهوهیه كه زانستێكی نییه و تراجیدیای زانستیش ئهوهیه كه بهبێ دڵ دهژی. كـاتێـک كـه ئهو ناونیـشـانهی یهكـێـک له مـهزنه مـامـۆسـتـایانی زین، كـتـێـبی زیمـمـان خـوێـنـدهوه " نهـێـنیـیـهكـانـی نوو " عـهقـڵی خـۆرئاوایی لـه ڕێی ئهو دووكـهڵه ڕهشـهوه كـه له خـهڵوهتگهیهكی بـهنگكێـشـانـهوه بهرز دهبێـتـهوه، سـهرقاڵی بیركردنهوهیه لهو ئهنگێزه ڕۆههڵاتییانهیه.

له ڕاستیدا نهێنییهكانی ئهفسوون تا ئهو كاته ڕۆمانتیک و سهرنجڕاكێش دهمێننهوه كه هێشتا نا ئاشكرا و نهزانراون.

یۆشی ئۆدیا له ڕێی ئهم كتێبه ناوازهیهی خـۆیهوه ئهوهمان بۆ دهخـاته ڕوو كـه چۆن نهێنی و تهلیسـمهكانی نواندن هێـزێكی جیـانهكراوهیه لهو زانسـتـه كـۆنكرێتی و پڕ كـارامـهیی و هـهمـهلایـهنهیهی كـه له ڕێی ئهزمـوونهوه فـێـری دهبین. ئهو وانه گرینگ و زیندووانهی كه ئهو دهیگهیهنێتـه ئێمـه، ئهوهنده به ڕۆشنی و ناسكییـهوه باسیـان لێوه دهكات كـه له ئاسـتـیا هـهست به هیچ دژواری و بارگـرانیـیـهک ناكـهین. هـهمـوو شـتـێک بهوپـهڕی سـادهییـیـهوه دهكـهوێتــه ڕوو، بـهڵام چ له ڕۆههڵات و چ لـه ڕۆئاواش چهمكێک هـهیه دهڵێ، هیچ شتێک به ئاسانی خۆی نادات به دهستهوه.

پاریس ١٩٩٧

# پێشباس

یۆشی ئۆدیا بێ هاوتایە. کاری پیشەیی ئەو نزیکەی پەنجا ساڵێک لەمەوبەر لە ژاپۆنەوە دەست پێ دەکات. چ وەک ئەکتەرێکی مناڵ لە شانۆی کلاسیکیی نوودا، چ لە شێوازی نواندنی شانۆی هاوچەرخدا، تا دەگاتە سەر تیڤیش کاری کردووە. کاتێکیش گەورە بووە، پەرەی داوە بە خوێندن و نواندنی شێوازە جۆر بە جۆرەکانی شانۆی کەلەپووری ژاپۆنی "نوو، کابووکی، بەیتبێژیی جەدایۆ " سەرباری نواندنیش لەسەر شێوازی شانۆی ڕۆئاوایی. بێ لەوەش کاری ئەزموونگەری لەگەڵ شانۆ نووس یوکیۆ میشیمادا ئەنجام داوە.

لە دوایین ساڵەکانی سی ساڵی خۆیدا، بەرەو ئەوروپا، ژاپۆن جێ دەهێڵێت و لەوێ بە دەرهێنەرێکی بێگانە ئاشنا دەبێت بە ناوی پیتەر برۆک کە بیروڕاکانی ئەوی لەبارەی شانۆوە پێ سەرنجڕاکێش و تازە دەبێت. یۆشی هیچ زمانێکی ئەوروپی نازانێت، هەر ئەوەندەیە کەلوپەلەکانی کۆ دەکاتەوە و سواری فڕۆکە دەبێت بەرەو پاریس، سەرەڕای سەیروسەمەرەییی ئەو کولتوورە نامۆیەی و ئەو ڕوانینە نائاشنایەشی کە لە خولْقانی شانۆدا هەیەتی، یۆشی لە فرەنسا دەمێنێتەوە و پەرە بە توانا و بەهرەکانی خۆی دەدات. لە ماوەی چەند ساڵێکیشدا دەبێتە ئەندامێکی گرینگی ناوەندی شانۆی نێونەتەوەیی و لە گەلێک کاری گرینگی وەک کۆنفراسی باڵندەکان، مەهابەهاراتا هاوبەشی دەکات. لەگەلێک کاری فیلمیشا هاوبەشی کردووە، گەلێک شانۆییی دەرهێناوە و لێرە و لەوێی ئەم جیهانەشدا چەندان وۆرک شۆپی شانۆیی بۆ کاری نواندن بەڕێوە بردووە.

من بێجگە لەو کەسێکی تر وا پەیدا ناکەم، تا ئەو ئاستە خاوەن ئەزموونێکی نواندنی قووڵ و پڕ ڕوانین بێ، نەک هەر تەنیا لە ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا، بگرە لە هەردوو کاری ئەزموونگەری و سوونەتگەریش، لەو شانۆییانەی کە لە دەقەوە وەرگیراون و ئەو شانۆییانەش کە هەر تەنیا مەشقی ڕاگوزارین، چ لە کاری شانۆ و چ لە کاری شاشەش، لە سروشتی دەنگ و جەستەش، وەک ئەکتەر و ڕاهێنەر و دەرهێنەر. ئەو سنوورە ناوازەیەش لە کارامەیی و پراکتیک ئەوی کردووەتە کەسێکی بێهاوتا، بێهاوتاش لێوەشاوەیە بۆ ڕاڤەکردن و گوزارشتکردن لە پیشەی نواندندا.

هەر لەو دەمەوەی یۆشی لە قۆناغە بەراییەکانی مەشق و ڕاهێناندا بوو لە کەلەپووری شانۆی کلاسیکیی ژاپۆندا، ئاماژەی بۆ ئەو تەکنیکانە دەکرد و خۆی لە شێوازی فێرکردنیان نێزیک دەخستەوە. ڕەنگە کەمێک تێبینی لەبارەی ئەو پێشینەیە، وێنەیەکی ڕۆشنترت سەبارەت بە زەمینەی کارکردنی یۆشی بخاتە بەردەست.

دوو شێوازی سەرەکی لە شانۆی ژاپۆنیدا هەن؛ نوو لەگەڵ کابووکی کە چەندین سەدە بەر لە ئەمڕۆ لە دایک بوون و سەرباری هێرشی شانۆی ڕۆئاوایی و فشاری تیڤیش، تا بە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەگات، پارێزگارییان لە مانەوە و بوونی خۆیان کردووە. ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی سەرچاوە مێژووییەکانن بەڵام هێشتا ئەو شێوازانە نەبوونەتە بابەتێک بۆ ئەوەی لە مۆزەخانەکاندا وەک ئەنتیک هەڵبگیرێن، یاوەخود کەلەپوورێکی بەسەرچوو بن و هەوڵی زیندووکردنەوەیان بدرێ؛ بگرە ئەو شێوازە شانۆییانە زیندوویێتی خۆیان پاراستووە و بینەرانی تایبەت بە خۆشیان هەن.

شانۆی نوو، لە سەرەتاکانی سەدەی چواردەمەوە هاتووەتە بوون و یاسا و ڕێساکانی لە لایەن زیمی گەورە فێرکارەوە کۆکراوەتەوە. لە شانۆی نوودا، دوو لقی شانۆیی دەبینرێن: نوو بۆ خۆی، لەگەڵ کایەجن. شانۆی نوو،

شێوازێکی شانۆییی باڵایە و دەمامکئامێزە و بە هاوشانی ریتواڵێک لە جووڵە و سەما و بە هاوبەشی مۆسیقا و تۆنە بەرزەکانی دەنگ پێشکێش دەکرێن. بابەتەکانی پەلوپۆیان بۆ ڕەشبینی هاویشتووە و ئاویان لە کانیاوی مەرگ و ژین، گومان و سەراسیمەییەکانی خۆشەویستی و ژیان خواردووەتەوە. هەروەها جلوبەرگ و پۆشاکی زۆر ناوازە بەکار دێنێ. شانۆی نوو، لە ڕووی شێوازەوە لە ڕادەبەدەر زێدەڕۆیی بە خۆوە دەگرێت. تەختەیەکی شانۆی خاڵی، ئاماژە نەریتییەکان، بەکارهێنانی دەمامک، بۆ ئەوەی زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕیتواڵ و کەشوهەوایەکی تراجیدیئامێز بسازێنێت و درامایەکی کاریگەر پێشکێش بکات.

شانۆی نوو، کەمتر جڵەو بۆ هەست و سۆز، بۆ کێشمەکێشی ئاشکرا، بۆ هەندێ ڕووداوی سەرسوڕهێنەر شل دەکات. بە پێچەوانەوە کایەجن، زیاتر پێوەندی بە ژیانی سادەی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە، شانۆی گاڵتەئامێزی کورت کورتن، کە گومان و فێڵبازی کارەکەرە ناپاکەکان دەخەنە ڕوو، ماخولیا و شێواوی و نائارامیی خواوەندەکان، یاری و گەمە دڵخۆشکەرەکانی ژیانی سادەی ڕۆژانە نیشان دەدەن. لە کەلەپووری نواندنی شانۆی نوودا، هەردوو شێوازەکە لەسەر یەک تەختەی شانۆ دێنە نمایشکردن، لە پرۆگرامەکەدا هەردوو شانۆی نوو و کایەجن پێکەوە یەک لە دوای یەک پێشکێش دەکرێن.

لە ڕابردوودا لە ماوەی یەک ساڵدا تەنیا یەک جار نمایش دەکران، نە وەرزی بوون و نە دووبارەش دەکرانەوە. پرۆگرامەکە بە شێوەیەکی ئاسایی پێک هاتبوو لە پێنج شانۆییی گرینگی نوو لەگەڵ چوار شانۆی کۆمیدی کایەجن و لە تاکە ڕۆژێکدا یەک لە دوای یەک پێکەوە نمایش دەکران. لە کاتێکا ئەو ڕۆژە پڕ لە جموجۆڵە لە ڕۆژگاری ئێستادا زۆر دەگمەنە و پێکهاتەکەی بڕیار لەسەر بابەتی شانۆییەکە دەدات.

وەک نەریت، یەکەم شانۆی نوو لەبارەی خواوەندەکانە، دووەم چیرۆکێک لەبارەی پاڵەوانەکان دەخاتە ڕوو، سێیەمیشیان باس لە ژن دەکات وەک کارەکتەرێکی سەرەکی، چوارەمین شانۆشیان کارەکتەرێک نیشان دەدات کە (زۆرجار ژنە) لەوپەڕی هەژانی دەروونیدایە و ڕۆڵی ئەم کارەکتەرەیان لە هەموو شانۆییەکانی تر دژوارترە، هەر لەبەر ئەو هۆیەش ئەم شانۆییانە زۆر جار ناوی پارچەی (ژنانی شێت)یان لێدەنرێن، لە کاتێکدا قووڵاییی هەقیقی ئەو کارەکتەرانەی کە لە خۆی دەگرێت زۆر لەو ناونیشانانەی کە بۆی دەستنیشان کراوە فرەوانترە؛ پێنجەم و دوایین شانۆش لەبارەی گیانە دڕندەکانەوە. لە شانۆی کایەجندا، تەنیا یەک جیاوازی نەبێت کە ئەویش گرووپی ژنانە کە لێرەدا بوونی نییە، دەنا هەمان زنجیرەی ڕێکخستن خۆی دووبارە دەکاتەوە. شانۆی خواوەندەکان لێرە تارادەیەک کەمێک خاوتر، بەڵام شکۆدارترە. ئەو شانۆییەش کە باس لە پاڵەوان دەکات لە ڕووی جەستەییەوە توندوتۆڵترە بەڵام لە ڕووی قووڵاییی درامییەوە ئەوەندە بەهێز نییە. کاتێکیش کە پەل دەهاوێت بۆ ئەو بەشانەی کە ژن یان ژنانی شێتیان لە خۆ گرتووە، ئەوا چ لە ڕووی دراماوە و چ لە ڕووی هەست و سۆزیشەوە، ڕواوڕووی دژواری و شێوانێک دەبنەوە. دوایین شانۆیی گیانە خراپ و بەدخووەکان، بەوپەڕی خێرایی و توندوتیژی و سەرسوڕمانەوە نیشان دەدرێت. بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پرۆگرامەکانی شانۆی نوو تەنیا یەک یان دوو شانۆی لە هەریەک لەو دوو بەشە لە خۆ گرتووە.

شانۆی کابووکی لە سەدەی حەڤدەدا دەرکەوتووە و بە هەمان شێوەی شانۆی نوو، سەما و گۆرانی و مۆسیقا و جلوبەرگی زۆر ناوازە بەکار دێنێت. بەڵام بە پێچەوانەی شانۆی نووەوە؛ شانۆی کابووکی، ئامانجی ئەوەیە دیمەنێکی ڕۆشن نیشان بدات کە بینەر تووشی سەرسوڕمان و سەراسیمەیی بکات. پیەسی شانۆی کابووکی زیاتر سەرنج دەخاتە سەر ڕووداوە درامی و ویژدانییەکان، وەک خۆکوشتنی ئەڤیندارەکان، ئەو

سـامـۆڕاییـیـە بەجـەرگ و ڕەشـوڕووتانەی کـە لەپێناوی بەدەسـتـهـێنانی ئازادییـەکانی خۆیاندا دەجەنگن، بابەتەکانی حەزلێکردن و خۆشـەویستی، ڕووداوە ترسناک و هەست هەژێنەکـان، ئیـرۆتیک، ترس و تۆقین، ئازار؛ کـە ئەوپەڕی گوڕ و تواناکانی ئەکتەری تیا بەکار دێت و بە شێوازێکی نواندنی باڵا نمایش دەکرێن. ئەو توانایانەش بەو ئامانجـە دەخـرێتـە ڕوو کە بینەر کـەمـەندکێش بکا و لە هـەمـان کـاتا ببنە جـێی ڕێز و ڕەزامـەندیی بینەر بۆ خۆی بەدەست بهێنێت. لەم ڕوانین و جیهانبینییەشـەوە بە تەواوی خـۆی لە شـانۆی نـوو جـیـا دەکـاتـەوە و زیاد لـەو هەست و سـۆز و گـوزارشـتـە نائاشکرایانەی کە شانۆی نوو دەیخاتە ڕوو، واوەتر پەل دەهاوێژێت. شانۆی کـابـوکی وا داڕێژراوە کـە ئەکتـەر لە ڕووی جـەسـتـە و دەنگ و هـەست و سۆزەوە ئەوپەڕی توانا بەرز و باڵاکانی خۆی تیا بنوێنێت و نمایش بکات.

کابووکی لە کۆتاییی مـانگەکانی هەر وەرزێکدا، لـەگـەڵ بەرنامـەیەکدا کـە ڕەنگدانەوەیـەکی ورد و بەپێـزی تایبـەتمەندی و چۆنێـتی ئەو کـاتانەی سـاڵە نمایش دەکـرێ، بۆ نموونـە لە هاویندا شـانۆی تارمـاییـیـەکـان ' چیـرۆکـە ترسناکەکان ' یان شـەڕە ئاو، کە زۆرجار لەبەر زاڵبوون بەسـەر گەرمـا و بۆ فێنککردنەوە پەنای بـۆ دەبەن. بەشـێـوەیەکی ئاسـایی نمایشـی کـابووکی لە بەیانییـەوە دەست پێ دەکا و تا ئێوارە درێژە دەکێشـێت و گـەلێک پارچەی جیاوازی تیـا نمایش دەکرێت. تۆ دەتوانی بە درێژاییی هـەموو ڕۆژەکە لەوێ ئامـادە بیت، یاوەخـود لەهـەر کـاتێک بۆ خـۆت ئارەزوو بکەیت بڕۆیتـە دەرێ و دەمـێکی تر بگـەڕێیتـەوە. تەنانەت دەتوانیت خـواردنی نیوەڕۆت لەگەڵ خـۆت بهێنیت و لە کاتی نمایشدا سـەرقاڵی نانخواردنیش بیت. لە بەرنامـەی ئەو ڕۆژەدا دووبارەکـردنەوە بەدی نـاکـرێت، واتـە بەرنامـەیەکی داڕێژراو نیـیـە ئەوەی کـە لە بەیانیـدا نمایش دەکـرێت لە ئێـوارەدا دووبارە بکرێتـەوە، بگرە کۆمـەڵێک پارچەی جیـاواز جیاوازە کە یەک لە دوای یەک، وەک زنجیـرەیەک بەردەوام دەبێت. زۆرجـار ڕەنگە شـانۆیەکی مـێـژوویی بـێ لەبارەی جـەنگە

دێرینەکانەوە کە بە سێ جووڵەی جیاواز نمایش دەکرێت، یان کۆمیدیا، یان چەند پارچەیەک لەو کێشە دەروونییانەی کە لە کێشمەکێشی ئەرکە نیشتمانییەکان دەدوێ، ئەڤینێکی ناکام، چیرۆکەکانی شۆڕش و خەبات و قوربانیدان. لە کۆتاییشدا سەمایەکی پڕ خۆشی نمایش دەکرێت، کە لە ڕووی تەکنیکەوە هاوشانە بە گەلێک کارلێکەری تر کە شانۆکە پڕ دەکات لە جۆش و خرۆشێکی بێهاوتا.

سەرباری شانۆی کابووکی و نوو، هونەرێکی کەلەپووری تر هەیە لە گێڕانەوەی حیکایەت کە پێی دەڵێن جەدایۆ و لە سەدەکانی شانزەمەوە دەستی پێ کردوە، ئەگەرچی وەک هونەرێکی ئازاد و سەربەخۆ هاتووەتە ئاراوە بەڵام وەک هاوتایەکیش لەگەڵ شانۆی بانرکووی بووکەڵە دەردەکەوێت. هەندێک جار نەک بەشێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ هەندێ شانۆی کابووکیش تێکەڵ دەکرێت. کاتێک کە لەگەڵ شانۆی کابووکیدا بەکار دێت، زیاتر بۆ بەهێزکردنی پێگە و ڕۆشنکردنەوەی جووڵە و فەرمانە دراماتیکییەکان هانای بۆ دەبرێت. لەو دۆخەشدا بەیتبێژ، لە ڕووکارێکی تەختەی شانۆدا دادەنیشێت و بەوپەڕی هەست و سۆزەوە و بەدەنگێکی سەرنجڕاکێش و ناوازەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. تەمبوور ژەنێکیش لە پاڵیەوە دادەنیشێت و بە ئاواز هاوڕێیەتی بەیتبێژ دەکات تا ڕووداوەکان زیاتر سەرنجڕاکێش و پڕ تام و چێژتر بکات.

لەم شێوازە جۆربەجۆرانەی شانۆی ژاپۆنیدا نواندن وەک هونەرێکی کارامەی سەربەخۆ تەنیا نابینرێتەوە، نمایش لە کۆمەڵێ یەکەی پێکەوە گرێدراو ئاوێتە بووە چ جای سەما، گۆرانی چڕین، یان قسەکردن بێ. کە ڕۆئاواییەکان بە کۆی ئەو هونەرانە دەڵێن نواندن، ئەوەش ڕەنگدانەوەی سروشتی کەلەپووری شانۆی ژاپۆنییە، کە جۆرێکە لە شانۆییەکی گشتگیر کە لە ڕێی جووڵە و نواندن و دەنگەوە دەخولقێ.

له شانۆی ڕۆئاواییدا دیاردەی پسپۆڕی دەبینرێت، ئەکتەر سەرقاڵی کاری نواندنە، سەماکار بە سەماکردن و گۆرانیبێژ هەموو سەرنج و کارامەیی خۆی دەخاتە سەر دەنگ. بەدەر لە شانۆی ئاواز ئامێز، زۆر کەمن ئەو ئەکتەرانەی کە داوایان لێ کرابێ لە شێوازە جیاوازەکانی تر شانۆدا کارامە و شارەزا بن. ئەگەرچی هەندێ ئەکتەر هەن کە لە هەموو بوارەکانی گۆرانی چڕین و سەماکردن و نواندنیشا وەک یەک توانامەندن، بەڵام ئەوانە دەرهاویشتەن و توانایان بەسەر هەمەڕەنگیدا دەشکێت. بە پێچەوانەوە ئەکتەری ژاپۆنی چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت کە لەو سێ بوارەدا کارامە بێت. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە هونەرمەندی ژاپۆنی بۆی دەکرێ لە ماڵی ئۆپێرای پاشاییی لەندەندا ڕۆڵ ببینێت.

بالێ و ئۆپێرای ڕۆئاوایی لەو کێڵگە تایبەتمەندییەی خۆیدا بۆ چەندین سەدەیە درێژەی بە گەشەکردنی خۆی داوە. شێوازی جووڵە و بەرهەمهێنانی دەنگی لە ژاپۆندا زۆر جیاوازە، گرینگترین خاڵێکیش کە دەبێ لێرەدا لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە هونەرمەندێکی میللی لە ژاپۆندا چاوەڕوانی ئەوەی لێ دەکرێت زیاتر لە ئەکتەرێکی ڕۆئاوایی ئاستێکی بەرفرەوانی گوزارشتی دەنگی و جەستەیی بەکار بهێنێت. سەما وشەیەکە بۆ پیشەی ئەکتەر بەکار دێت. لە شانۆی ژاپۆنیدا هەروەکو چۆن سەما جووڵەیەکی پاکژ و خاوێنە، لەگەڵ ئەوەشا گوزارشتێکی بەرجەستە و بینراوی کارەکتەر و بارودۆخ و پێوەندی و هەست و سۆزەکانە.

خەڵکانێک زۆرجار دەپرسن کە چۆن لەگەڵ یۆشی تێکەڵی کارکردن بووم. لە ڕاستیدا لەو کاتەوەی کە من لە هەمان زەمینە و کێڵگەدا پیشە و کاری شانۆییم هەڵبژاردووە، ئیدی لە هەندێ ڕووەوە یەکترناسینمان کارێکی مسۆگەرە و ڕوودانی جێی سەرسوڕمان نییە. چ لە ڕۆئاوا و چ لە ژاپۆنیش لەگەڵ گەلێک لە فێرکارە کارامە و شارەزاکان کارم کردووە و هەمان

پرسیارگەلێکیشم لەبارەی سروشتی نواندن، ڕواوڕووی خۆم کردووەتەوە. لە دواجاردا یەکترمان ناسی و لە دەرەنجامی گەلێک گفتوگۆوە لەبارەی نواندن، مەشق و ڕاهێنان، هەڵبژاردن، ژیانەوە، یۆشی داوای لێ کردم کە لە نووسینی یادەوەرییەکانیدا لەبارەی ئامادەکردن و پەروەردەکردنی ئەکتەرەوە هاوبەشی لەگەڵدا بکەم. ئیدی لە دواجاردا بڕیارمان دا ئەم کتێبەش پێکەوە بنووسین. لە ماوەی چەندین ساڵ هاوبەشیمان، من و یۆشی بۆ چەندەها سەعات پێکەوە قسە و گفتوگۆمان کردووە.

لەسەر ئاستی کەسایەتییەوە ئەو گفتوگۆیانە گەلێک بەنرخ بوون و شێوازگەلێکی تازەیان دەرهەق بە خۆم و کارەکەم خستووەتە بەردەستم. هەرچۆنێکیش بێ ئەو کارەش هێندە ئاسان نەبووە، چونکە یۆشی زۆر بەدەگمەن لە گفتوگۆکانیدا بیروڕاکانی خۆی دەخاتە ڕوو، بگرە لە جێی ئەوە زیاتر پرسیار دەکا و ورد دەبێتەوە، یاوەخود دوور لە بابەتەکەمان دەست دەکات بە گێڕانەوەی هەندێک حیکایەت لەبارەی شمشێربازی. لەگەڵ ئەوەشا تەنانەت لەو کاتانەشدا کە لەگەڵی ناگونجێم، یاوەخود بۆم ناکرێ لەو خاڵە تێ بگەم کە ئەو دەیەوێت راڤەی بکات، ئەو پرسیارەی کە ئەو دەیخوڵقێنێت وام لێ دەکات زۆر بە قووڵی بیر لەو کارە بکەمەوە کە پێی هەڵدەستم. ئەو وام لێ دەکات هەڵوێستەیەک بکەم و جارێکی تر بەخۆمدا بچمەوە و وەڵامەکان چەندو چوون پێ بکەم، تا لە دواجاردا وەڵامێکی شیاو بۆ ئەو بابەتانە بدۆزمەوە کە ئەو ورووژاندوونی. یۆشی بەو جۆرە کار دەکات، ئەو هەرگیز ناڵێت (ئەگەر تۆ بە جووڵەی "ب" هەستیت ئەوا ئەنجامەکەی دەگاتە جووڵەی "ج ") ئەو زۆر بەسادەیی پرسیار دەکات، یان مەشقێک دەورووژێنێت و ئەنجامەکەی بۆ خۆت بە جێ دەهێڵێت کە بیدۆزیتەوە.

لە ئیشکردنم لەسەر ئەم کتێبە هەوڵم داوە تامۆچێژی ئەو جۆرە گفتوگۆیانەت نیشان بدەم کە من لەگەڵ یۆشیدا تێیدا ژیاوم. لێرە هیچ

دەروازەیەک، ڕێنیشاندانێک نییە بۆ سەرکەوتن و بردنەوەیەکی بێ سێ و دوو، بگرە خستنە ڕووی پرسیار و تێڕامان و داواکاری و چیرۆک و مەشق و ڕاهێنانە. سەرکەوتوو بیت.

تێبینی: لەو جێگەیانەدا کە تێبینی من هەن بۆ سەرنجڕاکێشان و ڕوونکردنەوەی بابەتێک کە پۆشی دەری بڕیوە، تۆنی نووسینەکە تۆختر دەکەم و لە دامێنی خوارەوەشیدا هەردوو پیتی (ڵ. م) لە نێو دوو کەوانەدا جێ دەهێڵم.

لۆرنا مارشەل

# پێشگوتار

لەو سەردەم و قۆناغەی کە من لە ژاپۆن گەورە بووم، زنجیرە فیلمەکانی نینجا گەلێک بە شۆرەت و ناوبانگ بوون؛ بەتایبەتی بۆ منداڵان. هەر وەک زۆرێک لەو منداڵانەی هاورێم خۆشیم بەو فیلمانە دەهات و ئەوەندەی بۆم لوابێت بۆ تەماشاکردنیان چووم. یەکێک لەو هۆگەلەی کە وای کردبوو ئەو فیلمانە زۆر سەرنجڕاکێش بن بۆ منداڵان، ئەو هێزە ئەفسووناوییەی کارەکتەرە سەرەکییەکانی بوون. جەنگاوەرەکانی نینجا بۆیان دەکرا بەسەر ڕووی بەردا هەڵبگەڕێن و بە بنمیچی خانوودا لەسەر پشت خۆ بخشێن و بەسەر ڕووی ئاویشدا بڕۆن و هەرکاتێکیش بۆ خۆیان ئارەزوویان بکردایە ئەوا دیار نەدەمان. ئەو ڕاهێنان و مەشقە نهێنیانە ئەوەی بۆ ڕەخساندبوون کە سەدان کاری ترسناک ئەنجام بدەن، وەک ئەوەی دزە بکەنە ناو سەربازگەکانی دوژمنەوە و چۆنیان بوێ ئاوا زانیاری پەیدا بکەن، یاوەخود بەبێ ئەوەی ئێشکگرەکانی کۆشک پێ بزانن هاورێ زیندانییەکانیان لە دیلی و ئەسارەت ئازاد بکەن.

لە سەدەکانی ناوینی ژاپۆن، جەنگاوەرانی نینجا هەر بەڕاستی بوونیان هەبووە بەڵام خاوەنی ئەو هێزە ئەفسووناوییە نەبوون. ئەوانە جەنگاوەرانێک بوون بە کاری جاسووسی هەڵدەستان، دزەیان دەکردە شوێنەکانەوە، بە کاری وێرانکردن هەڵدەستان، ڕێگە و فێڵی وایان بەکار دەهێنا کە تاڕادەیەک وا دەکەوتنە ڕوو کە کاری نەکردە بن. بۆ نموونە کاتێک کە بە ڕووی دیوارێکدا هەڵدەگەڕان جۆرە قولاپێکیان بە دەستەوە دەگرت، کە بەسەر ڕووی ئاودا دەڕۆیشتن پێڵاوێکی فووتێکراوی بچکۆلەیان لە پێ

دەکرد، دەمێکیش گەرەکیان بوویێت دیارنەمانێکی خێرا ئەنجام بدەن ئەوا بەرگی رەشیان دەپۆشـی و بە نیازی بە هەڵەتە بردنی چاو، خۆڵیان دەخستە چاوی دوژمنەکانیانەوە. لێراهاتن و فێربوونی ئەو تەکنیکانە ساڵانێکی زۆری لە مەشق و ڕاهێنان لێ خواستوون. بێگومان هیچ کاتێکیش، هیچ یەکێک لەو ڕوونکارییە لۆجیکییانەی ڕووداوەکان، لە فلیمەکاندا بە دیار نەکەوتوون.

نینجا، بە هاوکاری تەکنیکی فیلم، ئەفسوونگەر بوون و لە سەرووی توانا مرۆیییەکانەوە بوون و بە هێز و دەسەڵاتێکی نائاسایی وا شەقڵ درابوون کە بۆیان بلوێ بۆ هەر کاتێک ئارەزوو بکەن؛ دەرکەون و خۆیان بشارنەوە. بە تایبەتی ئەوانە بەلای بینەری زۆر منداڵەوە بەو جۆرە ئەفسوونگەر بوون.

بەرلەوەی بگەمە تەمەنی قوتابخانە من بەو فیلمانە سەرسام بووم و بە دایکم ڕاگەیاند کە دەمەوێت ببم بە نینجا. بەتایبەتیش ئارەزووم لەوە بوو بە ئەفسوونەوە دیارنەمێنم. پێم لەسەر ئارەزووەکەی خۆم داگرت و درێژەم پێدا تاوەکو لە دواجاردا دایکم چارەسەرێکی بینییەوە. لە پارچە قوماشێکی ڕەش کیسێکی بۆ دووریم و پێمی ڕاگەیاند کە ئەوە نهێنیی تەواوی نینجایە. کتوپڕ خۆم هاویشتە ناو کیسە ڕەشەکە و لەسەر ئەرزەکە لێی ڕاکشام. دایکم هاواری کرد:

(ئەوە یۆشی چی لێ هات؟ لە کوێ خۆی شاردەوە؟)

بە دڵنیاییەوە زۆر ئاسوودە بووم بەو توانایەی کە هەمبوو لەوەی دیارنەمێنم، گەیشتبوومە ئەو بڕوایەش کە من بەڕاستی بووم بە نینجا. ئەمجا جلەکانم لەبەری خۆم دادەکەند و لە پڕێکا بەدەر دەکەوتمەوە. دایکم هاوارێکی لێ بەرز دەبووەوە و دەیگوت: " ئای، ئەوە خۆ یۆشی لێرەیە! بۆچی من بۆم نەدەکرا تۆ ببینم؟ "

ئیدی من و دایکم بۆ ماوەیەک لەسەر ئەو یارییە بەردەوام بووین. چەند

هەفتەیەک دواتر، هاوڕێیەکی دایکم سەردانی ماڵەوەمانی کرد. منیش کتوپڕ خۆم لەناو جلوبەرگە ئەفسووناوییەکانی نینجادا شاردەوە و دایکم هەر وەک جارەکانی تر، هاواری کرد: "پۆشی دیار نەما ! ئەوە چی لێ هات؟ "

هاوڕێکەی دایکم ئامـاژەی بۆ کیسـە ڕەشـەکـە کـرد و گـوتـی: " ئەوەتا چووەتە ناو ئەو کیسە ڕەشەوە ! "

ئیدی لەو دەمەدا من تێگەیشتم لەوەی کە چی قەوماوە، دەستم کرد بە گریان و هاوارم کرد:

" ئەم کیسە ڕەشە ئەفسووناوییە بێجگە لە درۆیەکی گەورە هیچی تر نییە! "

ئیدی من لە دواجاردا دەستبەرداری ئەو خەونە بووم کە ببم بە نینجا. هەنگاوی دواتر مەکیاج و بارۆکە بوو.

کاتێک کە لەسەر مەزاری شینتۆ ئاهەنگ و بۆنەی تایبەتی ڕێک دەخرا، دووکانەکان دەستیان دەکرد بە فرۆشتنی هەموو ئەو کەلوپەلانەی کە تایبەت بوون بەو یادانە، لەناو ئەو کەلوپەلانەدا دەمامک و بارۆکەی سادە هەبوون بۆ منداڵان. پێویست ناکات باسی ئەوە بکەم کە چەندێک بەوانە شاگەشکە بووم. لە دایکم پاڕامەوە بارۆکەی سامۆڕاییم بۆ بکڕێت کە لە کاغەز و مەرەکەبی ڕەش دروست کرابوون و لە بەشی سەرەوەی شاخیان بۆ کرابوو، کە وای لێ دەکردم سەیر بنوێنم. بۆ ئەوەی زیاتریش وەک پاڵەوانێکی نموونەیی دەربکەوم، ریش و سمێڵم بۆ خۆم دروست دەکرد. بۆ خۆشم بە یاریدەی کارتۆن و کەرەسەی جوانکارییەکانی دایکم بارۆکەی گیشام دروست دەکرد و دەمامکی جیاواز جیاوازم دەکردە دەموچاوم کە بە ڕەنگی سپی نەخشاندبوومن، ئیدی تەواوێک ئاستەم بوو بناسرێمەوە و کاریگەریی زیاتریشیان لەسەرم دانابوو.

دواتر، دایکم هێنایە پای ئەوەی کە هەندێک لەو دەمامکانەم بۆ بکڕێت کە

له کارتۆن یان له پلاستیک دروست کرابوون و له پەرستگەکاندا بۆ فرۆشتن دانرابوون. پەنام دەبردە بەر لەبەرکردنی جلوبەرگەکانی دایکم و باوکم و لەگەڵ دەمامک و بارۆکەکانی خۆما تاقیم دەکردنەوە و ڕۆڵی سەدان کەسایەتی جۆربەجۆرم یاری دەکرد، هەر له خواوەندەکانەوە تا دەگەیشتە جەنگاوەرانی سامۆرایی و گیشای قەشەنگ و خەمبار و چەندین کارەکتەری تر. بۆ چەندین سەعات من لە بەردەم ئاوێنەدا دەهات و دەچووم و خۆم بە ڕۆڵی ئەو کەسایەتییانەوە سەرقاڵ دەکرد.

ئێستا دەمبینی ئەو دەمامک و بارۆکانەی کە بۆ خۆم دروستم کردبوون و یاریم پێوە دەکردن، گەلێک جیاوازتر بوون لەو کارتۆنە ڕەسەن و ئەسڵییە ڕەشانەی کە دایکم بۆی دروست کردبووم. لەگەڵ ئەوەشا کە سەرگەرمی نواندن بووم، کەرەسەکانی خۆشاردنەوە و شێوازەکانی خۆحەشاردان و دیارنەمانیشم لە پێش چاوی خەڵکیدا بەکار دەهێنا.

بێگومان لە ڕاستیدا من نادیار نەبووم، ئەو منەی کە ئەوان دەیانبینی ئەو منە هەقیقییە نەبوو کە هەبووم، لە ڕێی دەمامک و بارۆکەوە وام لە خۆم کردبوو کە نادیار بم.

ئەوە ڕوون بکەمەوە بۆچی ئارەزووی ئەوەم بوو کە (نادیار بم) بۆچی لەم سەر رووی زەمینە ئەوەم هەڵبژارد کە ببمە ئەکتەر؛ کەسێک کە لە پێش دەمی خەڵکاندا خۆی دەنوێنێت؟ ساڵانێک بوو من ئەو پرسیارەم لە خۆم دەکرد، ئێستا وردە وردە خەریکە لەوە تێدەگەم.

نواندن بەلای منەوە خستنەڕووی حزووری خۆم نییە یان نیشاندانی کارامەیی و تەکنیکی خۆم، بگرە لە ڕێی نواندنەوە شتێکی تر دەخەیتە ڕوو، شتێک کە بینەر لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بەری ناکەوێت یان ڕێکەوتی ناکات. ئەکتەر نەک هەر بۆ خۆی ئەو شتە دانامەزرێنێت، بگرە وەک جەستەش بینراو نییە، بەڵام لەگەڵ تێکەڵاوبوونی بە ئەندێشەی تەماشاکار؛

شـتێکی تر خـۆی لە مـێشـکیاندا دەخـاتە ڕوو. بۆ ئەوەی ئەوەش بکەوێتـە ڕوو دەبێ بینەر بە هـیچ جـۆرێک لەوە ئاگـادار نەبێت کـە ئەکتـەرەکە چی دەکـات. دەبێ ئەوەیان لا بخـوڵقێت کـە ئەکتـەرەکە لە یاد بکەن، ئەکتەرەکە دەبێ دیار نەمێنێت.

لە شـانۆی کـابووکی ئامـاژەیەک هەیە پێی دەگـوترێت (ڕوانینە مـانگ) کـە ئەکتـەر لە ڕێی پەنجەکـانییـەوە ئاماژە بۆ ئاسـمـان دەکات. ئەکتـەرێک کە زۆر کـارامـە بـوو، ئەو ئامـاژەیەی بەوپەڕی سـەلیـقـە و نازکـیـیـەوە نمایش کـرد. بینەران پێیـان وا بوو، ئەو جـووڵەیـە زۆر جـوان بوو ! هەم چێژیان لە جـوانی نواندنـەکـەی بینـی و هـەم لە زیرەکی ئـەو تەکنیکە بەرزەش کـە نیـشـانـی دا . ئەکتـەرێکی تر هەمـان جـووڵەی ئامـاژەکـردن بۆ مـانگی نواند، بـینەر زۆر بە تەواوی ئەو دیمەنەیان لا ئاشکرا نەبوو، جووڵەکە نازکی پێوە نەبوو؛ مانگیان زۆر بە سـادەیی بینی. من ئەو ئـەکتـەرەیان بە باشـتـر دەزانم کـە بۆی دەکرێ مـانگ نیـشـانی بینەر بدات. ئەو ئەکتەرەی کـە دەتوانێ نادیار بێت. جلوبەرگ و بارۆکە و مەکیـاج و دەمامک بە تەنیا کیفایەت نین بۆ بەرجـەستەکردنی ئەو ئاستانەی نادیار بوون.

نینجاکان سـاڵانێکیان لەگەڵ مـەشق و ڕاهێنانی جەستـەدا گوزەراندووە بۆ ئەوەی فێـری ئەوە بن کە چۆن نادیار دەبن. هەر بەو شـێوەیەش ئەکتەر دەبێ زۆر ماندوو بێت بۆ ئـەوەی جەسـتـەی خۆی کارامـە و لێهاتوو ڕابهێنێت، نەک هـەر بە تەنـیـا ئەوەندە بـێ کـە بە سـادەیی ئاسـتـێکی باڵای نـواندن نیـشـانـی بینەر بدات بگرە توانای خۆشاردنەوە و نادیار بوونیشـی هەبێت.

جارێکیان ئۆکورای هونەرمەند، مامۆستای بەناوبانگی کایەجن، پێوەندیی نێوان جـەستە و تەختـەی نمایشی لێک دەدایەوە. لە زمانی ژاپۆنیدا تەختـەی شـانـۆ پێی دەگوترێت ' بـیوتەی '. بڕگـەی بیو؛ بە واتـای سـەمـا یان جـووڵە. بڕگـەی تـەی؛ بەواتای تەختــەی نمایش دێت. بـە شـێـوەیەکی ڕاڤـەیی واتا '

جێگە یان شوێنی سەما ' هەروەها وشەی تەی، بە مانای جەستەش دێت. لێرەوە خوێندنەوەیەکی تریشی بۆ دەکرێت بە واتای ' جەستەی سەما ' ئەگەر مانای وشەی بیوتەی وەربگرین، ئەی ئەوا هونەرمەند چییە؟ ئۆکورا دەڵێ، جەستەی مرۆڤ گیانی سەماکارە. بەبێ ئەو گیانە تەختەی شانۆ مردووە. هەرئەوەندەی هونەرمەند هاتە سەر تەختەی شانۆ، ئیدی ئەو بۆشاییە زیندوو بون بە خۆوە دەگرێت و جەستەی سەما دەکەوێتە سەما کردن. بە مانایەکی تر، ئەوە هونەرمەند نییە کە سەما دەکات، بگرە لە ڕێی جووڵەی ئەوەوە تەختەی نەمایش سەما دەکات. کاری تۆ وەک ئەکتەر خستنە ڕووی ئەوە نییە کە تۆ چۆن باش نمایش دەکەی، بگرە لە ڕێی نمایشی خۆتەوە کارێکی وا ئەنجام بدەی کە گیان بە تەختەی شانۆ ببەخشی. هەر کاتێکیش ئەوە ڕووی دا، ئیدی بینەر لەگەڵ خۆت هەڵدەگری و تێکەڵ بەو جیهانەی دەکەیت کە تەختەی شانۆ خوڵقاندوێتی، وا هەست دەکەن بە تەنیایی بە شاخێکدا هەڵدەگەڕێن، یاوەخود لەناو جەرگەی شەڕگەیەکدان، یان لە هەر شوێنێکی تر ئەم دنیایە. تەختەی شانۆ هەموو ئەو گریمانانە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت. ئەوەش دەکەوێتە سەر ئەکتەر چۆن کارێکی وا دەکات کە تەختەی شانۆ زیندوێتی خۆی بەدەست بهێنێت.

یۆشی ئۆدیا

پاریس ١٩٩٧

١

تێهەڵچوون

## خاوێنکردنەوە

بەرلەوەی دەست بە هیچ شتێک بکەین، زۆر گرینگە شوێنی کارەکەمان خاوێن بکەینەوە، هەرچی خۆڵ و پیسییەک هەیە هەڵی بگرینەوە و فڕێی بدەینە دەرەوە. هەرچی کورسی و کەلوپەل و کەرەسەیەک هەیە لە پاڵ دیوارێکی ژوورەکەدا بە ڕێکوپێکی ریزیان بکەین و ئەوجا دەست بکەین بە شوشتنی ئەرزەکە. ئەگەر ئەکتەرەکان کاتێک تەرخان بکەن و هەر لە سەرەتای ڕۆژی پرۆڤەوە بە خەمخۆرییەوە ئەو کارە ڕایی بکەن ئەوا کارەکە زۆر بە چاکی دەڕوات بەڕێوە. لە ژاپۆن هەموو ڕێورەسمێکی شانۆیی، ئاینی، کاری هونەری بەو پرۆسێسەدا تێ دەپەڕێت.

بەڵام ئەو خاوێنکردنەوەیە هەروا بە شێوازێکی هەرەمەکی ڕاناپەڕێنین، لە ڕێی بەکارهێنانی هەندێک داو و دەرمانی پاککەرەوە یان لە ڕێی هەندێک ئامرازەوە، کە بە سادەیی خۆمان لە خۆڵ و پیسی قوتار بکەین، بگرە بەوپەڕی ئاگایی و هوشیارییەوە و بە شێوازێکی جەستەیی دیاریکراو؛ هەموو ئەو کارە هاکەزاییانەی ڕۆژانە بە جۆرێکی تایبەتی شوشتنی

ئەرزەکە دەست پێ دەکەین و ئاوێکی سارد و پارچە کەتانێک بەکار دێنین. پارچە کەتانەکە لە ئاوەکە هەڵدەکێشین (هیچ دەرمانێکی پاککەرەوەی تیا نەبێت) و تەواو دەیگوشین، ئەمجا پارچە کەتانەکە لەسەر ئەرزەکە بڵاو بکەرەوە و هەردوو لەپی دەستتی لەسەر دانێ. نابێ ئەژنۆکانمان لەسەر ئەرزەکە بێ، تەنیا دەست و قاچمان، جەستەشمان وەک پیتی ' ڤی ' هەڵگەڕاوەی ئینگلیزی لێ دێت. ئەوجا بە هێواشی بەرەو پێشەوە دەست بە ڕۆیشتن بکە و پارچە کەتانەکە بەسەر ئەرزەکەدا ڕابکێشە. هەڵبەت بە شێوەیەکی ئاسایی تۆ لە لایەکی ژوورەکەوە دەست پێ دەکەیت و بەبێ وەستان بەرەو لاکەی تر دەچیت. کاتێ دەگەیتە لاکەی ئەوبەر، بەرزبەرەوە و پارچە کەتانەکە بگوشە و لە ئاوی هەڵبکێشەرەوە و جارێکی تر دەست پێ بکەرەوە. بەو شێوازی جەستەیەش لاکەلەکانت بەهێز دەبن و سەرباری خاوێنکردنەوەی ئەرزەکە، تۆ جەستەشت مەشق پێ دەکەیت. کاتێک کە ئەو ڕاهێنانە ئەنجام دەدەیت، بیر و ئەندێشەت تەنیا لای ڕاکێشانی پارچە کەتانەکە بێت و بە وریاییەوە کارەکە ئەنجام بدە، پەلە مەکە و مێشکی خۆت پەرەوازە مەکە، بیر لە شتێکی تر مەکەرەوە، لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆت قسە مەکە. ئەگەرچی ئەو کارە تا ڕادەیەک دژوارە، بەڵام مەشقێکی گەلێک کاریگەر و بەکارە بۆ لێخوردبوونەوەی ئەکتەر.

لە فەلسەفەی بوودایی کۆندا، بیرۆکەیەک هەیە پێی دەڵێن ' سەمادی ' کە پابەندە بە ئاستە قووڵەکانی لێخوردبوونەوەوە. لە ڕواڵەتدا کارێکی تەواو سادەیە. تۆ کاتێک دەخوێنیتەوە هەموو سەرنج و لێخوردبوونەوەت لەسەر خوێندنەوەی کتێبەکەیە. تۆ کاتێک دەڕۆیت بۆ ماسی گرتن، هەموو ئاگایی و سەرنجی خۆت لەسەر جووڵە و لەرینەوەی کەرەسەی ڕاوەکەتە. کاتێکیش کە ئەرزەکە خاوێن دەکەیتەوە، تەنیا سەرقاڵی ئەو کارە بە. لە ژیانی ڕۆژانەشدا کاتێک کە ئەرکێکی سادە دەگریتە ئەستۆی خۆت، هەوڵ بدە هەموو سەرنجت لەسەر ئەو کارە بێت کە ڕایدەپەڕێنیت. وا هەست بکە کە تۆ پڕاو

پڕیت لە هێز و توانا و هەرچی وزەی گەردوونی هەیە پاڵپشتیی تۆ دەکات. کارێکی سروشتییە کە هەموو بیرکردنەوە و ئەندێشەمان بە پانتاییی شوێنەکەدا پەرش و بڵاو بێتەوە. تۆ سەرقاڵیت بە خاوێنکردنەوەی ئەرزەکەوە، بەڵام ' لە یادت کردووە ' تۆ خەریکی چیت، بیرت بۆ دوێنێ دەڕوات کە بەچییەوە سەرگەرم بوویت، یان بۆ ئەو هەراو زەناو غەڵبە غەڵبەی کە دراوسێکانتان دروستیان کردووە، یاوەخود رەنگە نیگەرانی ئەوە بیت کە چۆن کرێی خانووی ئەم مانگە کۆبکەیتەوە. لەو بارودۆخەدا کارێکی دژوارە بتوانی وزەی گەردوونی لە خۆتا کۆبکەیتەوە، ئەوە کێشە نییە کە تۆ لە چی خورد دەبیتەوە، ئەوەندەی کە بۆت بکرێ سەرجەم لێخوردبوونەوەی خۆت بەکار بهێنیت. پەرەدان بە فرەوانکردنی سەرنج و لێخوردبوونەوەی خۆت یاریدەت دەدات بگەیتە ناو دەروازەکانی ' سەمادی '. کاتێک دەگەیتە ناو ئەو دەروازەیەوە، هەست بەوە دەکەیت کە ڕێگا لە بەردەم ئاگاییەکی زیاتر لە وزە و تواناکانی خۆتا ئاوەڵا دەکەیت. لەناو دوو ئاستا دەژیت. بۆ نموونە، ئێستا تۆ سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبێکیت؛ وەختێک کە تۆ وشەکان دەخوێنیتەوە، لە هەمان کاتدا بە ئاگاییت لە هەموو ئەوەی کە لە دەوروبەرت دەگوزەرێت، بەڵام ئەو بە ئاگاییەت لە دەوروبەری خۆت تووشی بێزاربوون یان دابڕانت ناکات.

من هەوڵ دەدەم ئەو ڕاهێنانە بهێنمە ناو ژیانی ڕۆژانەمەوە. کاتێک کە بەیانییان لە خەو ڕادەبم و دەم و ددانم دەشۆرم؛ هەوڵ دەدەم هەموو سەرنجی خۆم تەنیا لەسەر شوشتنی دەم و ددانم کۆ بکەمەوە. بۆ بەدبەختی، هەمیشە مێشکم دووچاری پەرەوازەیی دەبێت. هەوڵ دەدەم زۆر بەبایەخەوە سەرنجم بەتەواوی بگوازمەوە بۆ سەر شوشتنی ددانم، بەڵام بەردەوام دەبینم ئەندێشەم بەرەو دەرەوە پەل دەهاوێژێت (نابێت چوونە بانکم لە بیر بچێت... ئەوجا دەبێت لە یادم بێت تەلەفوون بکەم.. تۆ بڵێی ئەمڕۆ میترۆ قەرەباڵغ نەبێت).

بەڕاستی زۆر سەختە سەرنجم بەتەنیا لەسەر خاوێنکردنەوە بێت؛ زۆر ئاسانە کە دوچاری دابڕان بێم. سەرباری ئەوە، ئەکتەر دەبێت بۆیبکرێت بەتەواوی لێخوردبوونەوە و بوونی خۆیەوە سەد دەر سەد تێکەڵاوی هەر چالاکییەک بێت کە لە ئارادایە.

ئەگەر تۆ بەو جۆرە لێی بڕوانیت، ئەوا خاوێنکردنەوە هەروا بە سادەیی ' ئامادەبوون ' نییە بۆ کار. وشەی ئامادەبوون ئەو ئاماژەیە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت کە ئەو چالاکییەی بەدوای ئامادەبووندا دێت زۆر گرینگە. ئەوا لەو بارودۆخەدا تەواو بە پێچەوانەوە؛ کار و فەرمانی خاوێنکردنەوەش بۆ خۆی گەلێک بەکەڵکە. هەوڵ و تەقەڵلا بۆ خاوێنکردنەوە تەنیا خۆی لە خاوێنکردنەوەی شوێنی کارکردنماندا نابینێتەوە، بگرە دەبێت دڵنیا بیت لەوەی کە جەستەشت لە دۆخێکی ئامادەسازیدا بێت. لە ژاپۆن لە سەرەتای هەر پێشبڕکێیەکی سەرەکی بۆ فێربوونی هونەرەکانی پاڵەوانبازی و پارێزگاریکردن لە خود، یاوەخود بەر لە هەر نمایشێکی گرینگی نوێ؛ جەنگاوەران/ نمایشکاران سەریان دەخەنە بەر ئاوێکی سارد. ئەوەش هەر بۆ داماڵینی لەش نییە لە میکرۆب و پیسی، ئەوەندەی پاکژبوونەوەیەکی سیمبولییە. بەهەمان شێوە جێگەی بایەخە کە تێبینی ئەوە بکەین کە گەلێک لە کولتوورەکانی دنیا گرینگی و سەرنجی تەواو دەدەن بە ریتواڵی پاکژبوونەوە. لە ئاینی ئیسلامدا تۆ قاچت دەشۆریت بەرلەوەی کە بڕۆیتە نێو میحرابی مزگەوتەوە، لە ئاینزای شینتۆدا ئاو لە دەمت وەردەدەیت و دەستت دەشۆریت بەرلەوەی پێ بنێیتە نێو پەرستگاوە، لە ئاینی مەسیحیشدا لە ئاوهەڵکێشان بایەخێکی هەم سیمبولی و هەم تەشریفاتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. ڕەنگە ئەو ئاینزایانە هەر لە بنەڕەتەوە بۆ ئەوە هاتبنە گۆڕێ کە خەڵکی فێری پاکوخاوێنی بکەن، هەر هەموویان بەوپەڕی شێلگیرییەوە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە پاکوخاوێنی خاڵێکی سەرەکیی خواپەرستییە.

نرخ و بەهای خاوێنی و پاکژی لە کولتووری ژاپۆنیدا دەکەوێتە چەق یان سەنتەرەوە. بێگومان ئەرک و ڕۆڵی خۆشۆردن و خاوێنکردنەوە لە میکرۆب و پیسی لە هەموو دنیادا ناسراوە، بەڵام لە ژاپۆندا فاکتەرێکی زیاد لەوەشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. پرۆسەی خۆ پاککردنەوە لە لایەک و خاوێنکردنەوەی دەوروبەر لە لایەکی تر ڕەهەندێکی ڕۆحی هەیە، کە ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ ئەفسانەیەکی ئاینی شینتۆ دەگەڕێتەوە. بە پێی ئەو حیکاتیە ئەفسانەییە، خوای ' ئایسانەجی ' لە پاش ئەوەی کە لە سەردانی دنیای مردووان دەگەڕێتەوە خۆی دەشوات بۆ ئەوەی خۆی پاکژ بکاتەوە. جەستەی پیرۆزی لە هەموو میکرۆب و پیسییەکی دنیای مردووان کە لە ئافەریدە جۆربەجۆرەکانی نێو کۆمەڵ پێکهاتوون، لە خواکان و خەڵکی سادە؛ خاوێن دەکاتەوە. بەپێی ئەم کۆسمۆلۆجییە ' جیهانناسییە ' خاوێنکردنەوە پێوەندییەکە بە ئافەریدەوە بەستراوەتەوە و فەرمایشێکی چاکڕەو و بەهێزە، نەک هەروا بەسادەیی خۆ خاوێنکردنەوە بێت لە پیس و پۆخڵی. لە نێو هەندێک دەستە و تاقمی شینتۆ دا هەن کە ڕیتواڵی پاکژبوونەوەی جەستە خۆی لە مەلەکردن لەنێو دەریادا دەبینێتەوە، تەنانەت ئەگەر لە چلەی زستانیشدا بێت، ئەو ڕاهێنانەش پێی دەگوترێت ' میساجی '. ئەگەر لە دەریاشدا جێبەجێ نەکرا، ئەوا دەکرێ لە هەر ئاوێکی جووڵاو یان لەسەر لێڕۆیشتوودا ئەنجام بدرێ، وەک ڕووبار، کانی و تاڤگە، تەنانەت لە ژێر دۆشی گەرماویشدا.

خۆت لە ئاوەکەدا نقوم بکە، مەشقکەر دەتوانێ لە هەمان کاتدا هەندێ ڕاهێنانی تریش ڕایی بکات، کە گۆرانی گوتن و لێخوردبوونەوە هەندێکن لەوانە. لە نێو ژیانی ڕۆژانەدا، خۆ

خاوێنکردنەوە؛ نیشاندانی ئەوپەڕی ڕێز و نەوازشە بەرانبەر بە خود. هەروەها شێوازێکی گەرم و گوڕیشە بۆ ئامادەکردنی مێشک و جەستە بۆ کار. هونەرە جەنگییە جۆربەجۆرەکان و ڕاهێنانە ئاینیەکان هەر هەموویان پشت بە گرینگی و بایەخی خاوێنی دەبەستن، نەک هەر وەک سەرەتا و ئامادەکارییەک بۆ سات و دەمی چالاکی، بگرە وەک بنچینە و پێکهاتەیەکی جیانەکراوەش لە گیان و خودی ڕاهێنان. بۆیە ڕۆژی کارکردن و ڕاهێنان بە خاوێنکردنەوەیەکی سەرلەبەری شوێنکار و جەستەت دەست پێ دەکات. (ل. م)

## نۆ چاڵی سەر جەستە

ئامادەکردنی جەستە هەر بەتەنیا خۆی لە خاوێنکردنەوەدا قەتیس ناکا و پتر لەوە دەخوازێ و دەبێت بەردەوام چاوت لێ بێت و بایەخی پێ بدەیت. بە تایبەتی ئەو نۆ چاڵەی کە دەکەونە سەر جەستە. بە پێی داوونەریتی ژاپۆنی، جەستە نۆ چاڵ لە خۆ دەگرێت. هەردوو چاڵی چاو، هەردوو کونی لووت، هەردوو پەڕەی گوێ، دەم و دوو چاڵی تریش، کە یەکێکیان بۆ دەرهاویشتنی تەڕایی و ئەوی تریان بۆ دەرکردنی پیساییە. هەر هەموو ئەوانەش دەبێت هەمیشە چاوت لە دوویان بێت.

## چاو

لەو دەمەوەی کە بینەر زۆر بە ئاگاییەوە نیگای لەسەر چاوی ئەکتەرە، ئەوا دەبێت بەوپەڕی بایەخەوە پارێزگارییان لێ بکەیت. هەر بۆ نموونە، کارێکی شیاوە کە چاوت بە ئاوێکی شلەتێن بشۆریت. روخسارت لە نێو ئاوێکدا نقوم بکە و بۆ چەند جارێک پێلووی چاوت بکەرەوە و بڕوانە سەرەوە، خوارەوە، لای چەپ، لای ڕاست، دواتر لە شێوەی بازنەیەکدا نیگات

بسووڕێنەوە. دوای ئەوەی کە دەموچاوت شۆرد، دەتوانیت هەردوو پێڵووی چاوت زۆر بە ناسکی بشێلیت. بە دوو چاوی نووقاوەوە، هەردوو نەرمایی بەری دەستت بنێرە سەر چاوەکانت و زۆر بە خەمخۆرییەوە پاڵیان پێوە بنێ بۆ ناوەوە.

لە شانۆی کابووکیدا چاوی پڕ گوزارشت هەمیشە وەک سامانێکی گەورە تەماشا کراوە (تەنانەت بە چاوانی ملوێن دۆلاری ناسراوە). بەدرێژاییی هەموو ئەو داوونەریتانەی کە لە ڕۆژگارەکانی ڕابردووەوە هاتوون و گەشەیان کردووە، هەر هەموویان لەسەر ئەوە کۆک و هاوڕا بوون کە چاو هەست و سۆز و ئەفسوونی جیاوازی لێ دەڕژێت. هەر بۆ نموونە؛ بۆ گوزارشتکردن لە حەزێکی ئارەزووبازی، تۆ تیلەی چاو یاوەخود چاو برینە چاو بەکار دەهێنیت. لەبەرئەوەی ئەو دابوونەریتانە بەشێکی گرینگ و دانەبڕاوی کولتووری کابووکییە، دەبێت ئەکتەر لە توانایدا بێت هەموو تواناکانی چاوی لە نمایشدا بەکار بهێنێت. تەنانەت لە دەرەوەی کابووکیش، ئاگایی و هوشیاری چاو گەلێک پێویستە بۆ ئەنجامدانی نواندنێکی باش. بۆ نموونە تۆ دەبێت ئەوەت لە توانادا بێت کە بە تیلەی چاو پەیامی خۆت بگەیەنی. ئەوەش سەرنجدان لە خۆ دەگرێت (سەرنجنەدان، سەرنجدان یان ڕوانینێکی قووڵ، سەرنجدانی نزیک، سەرنجدانی دوور) خستنەڕووی ڕووکارەکان. هەروەها گەلێک حیلەی باوی تریش هەن، هەروەک تەرزی ' تەماشاکردنی مانگ'. لە ڕوانینی تەماشاکارەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە چاوانی تۆ سەرنجیان بریوەتە مانگ، لە ڕاستیدا تۆ بۆ تەماشاکردنی مانگ چەناگەت بەکار دەهێنیت. ئەوەش وا دەکات کە جووڵەکەت زیاتر هەقیقەت و گەورەییی پێوە دیار بێت.

توانای بەکارهێنانی چاوەکانت بەشێوەیەکی کارا پابەند نییە بە جیهانی سروشتییەوە. ئەو پەندەت لە بیر نەچێت کە دەڵێت کوێراییم دانەهاتووە.

چاو بۆی دەکرێ نەبینراوەکانیش ببینێت هەروەک چۆن تەنە بینراوەکان دەبینێت.

جارێکیان لەبارەی مامۆستا و قوتابییەک حیکایەتێک دەگێڕنەوە. ڕۆژێکیان قوتابییەکە لە مامۆستاکەی نزیک دەبێتەوە پێی دەڵێت: "تۆ مامۆستایەکی زۆر سەرکەوتوو بوویت و گەلێک زانیاری چاک و بەکەڵکت فێرکردم، منیش دەمەوێت بەرانبەر ئەو هەموو یارمەتییەی ئێوە پێزانینی خۆمتان نیشان بدەم. لە ماڵەکەماندا تابلۆیەکی بەنرخمان هەیە، سامانێکی گەورەی خێزانەکەمانە و بە میراتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر پشتاو پشت بە جێ ماوە. من وەک خۆم ئەوەندە ئارەزووی هونەری شێوەکاریم نییە، بیرم لەوە کردووەتەوە کە لە جێی ئەوەی ئەو وێنەیە بۆ خۆم بپارێزم؛ پێشکێشی ئێوەی بکەم. ئەگەر پێتان خۆش بێت دەتوانن ئەو تابلۆیە لە ماڵەکەی خۆتاندا هەڵبواسن."

مامۆستاکە تابلۆکەی قبووڵ کرد و لەسەر یەکێک لە دیواری ماڵەکەی خۆی هەڵی واسی، دانیشت و کەوتە تەماشاکردنی؛ پاشی ماوەیەک هاتەوە بۆ لای قوتابییەکە و پێی گوت:

" گەلێک سوپاس. تۆ سامانێکی بەنرخت پێشکێش کردووم. لە پاداشتی ئەوەدا؛ منیش پێم خۆشە دیارییەک یان هەندێک پارەتان پێ بدەم."

قوتابییەکە بە جۆرێک لە خەمساردییەوە دەڵێت:

" نا نا ! من ئەو تابلۆیەم لە بەرانبەر بڕێک پارەدا بە ئێوە نەبەخشیوە. هەر ئەوەندە بوو کە خۆشحاڵ بووم ئەو سامانە بەنرخە بە ئێوە ببەخشم."

مامۆستاکە هەرچۆنێک بێ بڕوا بە قوتابییەکە دەهێنێت و پێی دەڵێت:

" تکات لێ دەکەم، نائارام مەبە. هەروەها منیش دەمەوێت سوپاست بکەم و پێزانینی خۆمت نیشان بدەم. بۆیە ئاسوودە دەبم ئەگەر ئەو پارەیەم لێ وەربگرن."

قوتابییەکە کەمێک ڕادەمێنێت و دواتر پارەکەی لێ وەردەگرێت، بەر لەوەی کە مامۆستاکەی بە جێ بهێڵێت پێی دەڵێت:

" ئەوە جێی شادومانیی منە کە ئەو میراتییە بە نرخەی خێزانەکەمان بۆی بکرێ لەسەر یەکێک لە دیوارەکانی ماڵی ئێوە بمێنێتەوە. "

چەند ڕۆژێک دواتر تابلۆ فرۆشێک بەسەردان ڕێی دەکەوێتە ماڵی مامۆستاکەوە، دەڕوانێتە تابلۆکە و پێی دەڵێت:

" دەترسم هەڵیانخەڵەتاندبیت، ئەو تابلۆیە تەنیا لە بەرگیراوەیە و هیچی تر. "

مامۆستاکە، خەندەیەک دەکەوێتە سەر لێوەکانی و پێی دەڵێت:

" من بۆ خۆم ئەوە پێدەزانم. من تابلۆکەم بە خاتری ناوبانگی وێنەکێشەکەی هەڵنەواسیوە، بگرە بە خاتری دڵپاکیی قوتابییەکەم هەڵمواسیوە. ئەوەم بەلاوە گرینگ نییە کە ئەو دیارییەی بۆی هێناوم چییە و چی نییە، ئەوەی بەلای منەوە جێگەی بایەخە دڵی ئەوە. ئەگەر تۆ ' تەماشای ' تابلۆکە بکەیت لە بەرگیراوەیە، بەڵام ئەگەر بە ڕاستی ' لێی بڕوانیت '، ئەوە دڵی میهرەبانی قوتابییەکەیە. "

لێرەدا دوو ڕووکار هەیە، ڕووکارێکی بینراو و ڕووکارێکی نەبینراو. کاتێک کە مامەڵە لەگەڵ کەرەسەیەکدا دەکەیت، دەتوانی تەنیا وەک کەرەسەیەک لێی بڕوانیت، لەوەش بترازێ، دەتوانی وا مامەڵە لەگەڵ کەرەسەکەدا بکەی کە مانایەکی تر و ڕەهەندێکی تر لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە؛ هەر وەک ئەوەی لەودیو فۆرمی ئەو کەرەسەیەوە شتێکی دی خۆی حەشار دابێت.

## لووت

زۆر گرینگە کە هەوای تەواو هەڵبمژیت. ئەگەر کونە لووتەکانت گیرابوون، دەکرێ هەناسە هەر بەتەنیا لە ڕێی دەمەوە هەڵبمژی و دەربکەیتە دەرەوە؛ بەڵام باشتر وایە کە لە ڕێی لووتەوە هەناسە هەڵبمژیت. سەرباری ئەوەی کە بیرۆکەیەکی کۆنی ژاپۆنی هەیە کە لووت وەک 'چاوی سێیەم ' دەبینێتەوە. ئەگەر چی ئێمە زۆر بەباشی لە گرینگیی ئەو چاوی سێیەمە نازانین، بەڵام بە پێی ئەو بیرۆکەیە، لووتێکی داخراو؛ توانای بینین بە شێوەیەکی ڕۆشن و بیرکردنەوەیەکی هوشیارانە کەمتر دەکاتەوە. ئەگەر دەتەوێ دڵنیا بیت لەوەی کە لە هەموو ساتێکی خۆت بەئاگایت، لووتەکانت خاوێن بکەرەوە، ئیدی هەوا بە ئازادی هاتوچۆ دەکات. (لەوانەیە لەو کاتانەی کە سەرما دەگرین، گیرانی لووتەکانمان یەکێک بێ لەو هۆیانەی کە هەست بە گەلۆری دەکەین) بۆ ئەوەی بە چاکی لووتەکانت خاوێن بکەیتەوە (لووتت بە ئاو فم بکەرەوە) هەروەها هەردوو لای لووتت بشێلە. پەنجەکانت بخەرە ئەم لاو لای لووتت لە بەشی خوارەوە و ئەمجا زۆر بەناسکی بەرەو سەرەوە بیانجووڵێنە. بەردەوام بە لە جووڵاندنیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە و بەوجۆرە. جێگەی ئاماژە پێکردنە کاتێک کە ماندوو دەبین ڕاهاتووین لەسەر ئەوەی کە هەردوو لەپی دەستمان بخەینە ئەم لاو لای لووتمان و لەسەرەوە بۆ خوارەوە یان بە پێچەوانەوە دەموچاومان هەڵبگلۆفین.

## گوێ

لەو چاڵانەی دی کە دەکەونە سەر روخساری مرۆڤ، کونە گوێکانمانن؛ کە ئەوانیش پێویستییان بە شێلان هەیە. کاتێک کە دەست دەکەیت بە شێلانی گوێیەکانت، بگەڕێ بە دوای ئەو پارچە بچکۆلەیەی کرگراکەی گوێدا کە دەکەونە سەر ئەم لاو لای روخسارمان و بە هێواشی بیانگرە. دواتر نەرمایی

یان پەڕەی گوێکان بە پەنجە گەورەو هەر چوار پەنجەکانی ترت بگرە و بە شێوەیەکی بازنەیی بیانجوولێنە. دواتر هەوڵ بدە زۆر بە نازکی بەرەو دەرەوە ڕایانبکێشی و ئەمجا بەرەو ناوەوەی نەرماییی گوێت پاڵیان پێوە بنێیت، بەرەو سەرەوەی لای روخسارمان و ئەمجا بەرەو خوارەوەی لای روخسارمان. پاشان نەرماییەکانی گوێت بگرە و بە شێوەیەکی ئازادانە بیانجوولێنە. لە ژاپۆن بیرو باوەڕێک هەیە دەڵێ، ئەگەر تۆ پەڕەکانی گوێت گەورەبن ئەوا هەم تەندروست و هەم دەوڵەمەندیش دەبیت... کەواتە بەردەوام بە لە ڕاکێشانیان.

هەنگاوی دواتر هەردوو لەپی دەستت بنێرە سەر کونە گوێچکەکانت و بە هێواشی پاڵیان پێوە بنێ و بۆ ماوەی سێ چرکە بەردەوام بە و پاشان زۆر بە خێرایی دەستەکانت لاببە، ئەمجا گوێچکەکانت هەر یەکە بە جیا تاقی بکەرەوە. دوو جار ئەو راهێنانە دووبارە بکەرەوە.

بە لەپی دەستت گوێچگەکانت بەرەو ناوەوە بنوشتێنەرەوە و لەو کاتەی کە لەپەکانت گوێچگەکانتی داپۆشیوە، دەتوانی بە پەنجەکانت کە کەوتوونەتە سەر پشتەوەی کاسەی سەرت، زۆر بە هێواشی بکێشیت بە ڕەقاییی پشتی سەرتا.

## دەم

یەکێکی تر لە چاڵەکانی سەر جەستەمان دەمە، سەربارى ئەوەی دەبێت ددانەکانمان خاوێن ڕابگرین، دەبێ بە شێوەیەکی تایبەتیش بایەخ بە پووکەکانمان بدەین؛ چونکە پووکی تەندروست ددانەکان لە جێی خۆیان بە پتەوی ڕادەگرن. لێرەش جارێکی تر، شێلان باشترین ڕێگایە بۆ پاراستنیان. بە دەمی داخراوەوە، سەری پەنجەکانت بخەرە ژێر لووتت، ڕێک لەسەر بەشی سەرەوەی پووکەکانت. زۆر بە نەرمی بە سەری پەنجەکانت بکێشە بەو بەشەدا (بە ستوونی پووکەکاندا) و لە بەشێکی لای ڕوخسارتەوە

بەردەوام بە لەسەر ئەو جووڵەیە تا دەگەیتە ژێر چەناگەت و درێژەی پێ بدە بۆ سەر چەناگەت و لەوێوە لە بەشی خوارەوەی پووکەکانت بەردەوام بە تا دەگەڕێیتەوە هەمان خاڵی سەرەتا.

لە نێو دەمی مرۆڤدا سێ جۆری ددان هەن: کەڵبەکان، بڕەرەکان، خرێکان. کەڵبەکان تایبەتن بەو گیاندارانەی کە گۆشت خۆرن، بڕەرەکانیش بۆ خواردنی میوە و سەوزەمەنی، خرێکانیش بۆ ئەوە دانراون کە دانەوێڵەی پێ بشکێنرێت. ڕێژەی سەدی هەر جۆرێکی ددان لە نێو دەمدا ئەو ئاماژەیەمان پێ دەبەخشێت کە جەستە بە چ جۆرێکی خۆراک ڕاهاتووە. یەکێک لە مامۆستا بەناوبانگەکانی ئەیکیدۆ؛ تێبینی ئەوەی کردووە کە لە کۆی هەر سی و دوو ددانەکە، چواریان کەڵبەن، واتە لە هەر هەشت دانە یەکێک. ئیدی کە لە هەر هەشت ددان یەک ددان بۆ گۆشت خواردن دانرابێت، کەواتە دەبێت یەک بەش لە هەشت بەشی خواردنەکانمان گۆشت بێت.

## کۆم

لە ڕووی پاکوخاوێنییەوە، هیچ شتێکی ئەوتۆ نییە لەبارەی هەردوو ئەو کۆ ئەندامەی کە تایبەتن بە دەرهاویشتنی پیسایی لەشەوە بەتایبەتی بگوترێت. لەگەڵ ئەوەشا ئەو شوێنەی کە دەوروپشتی کۆمی تەنیوە لە هەندێ ڕووەوە گرینگە. لە ژاپۆندا هەموو هونەرە جەنگییەکان و داوونەریتە شانۆییەکانیش، بایەخێکی گەورە دەدەن بەوەی کە لە کاتی ئیشکردندا کۆمی خۆت بە توندوتۆڵی ڕابگریت. بێگومان لە ژیانی ڕۆژانەدا و تەنانەت لە کاتی نمایشکردنیشدا شل رایدەگریت و پێویستت بەوە نییە کە هەمیشە توند بێت. بەڵام لە زۆر ساتەوەختی گرینگدا، کاتێک کە دەتەوێت بەر بۆ تەقینەوەیەکی بەهێز و گەورە شل بکەیت، یان دەتەوێت دەنگت بە ئاستێکی زۆر باڵا هەڵبڕیت؛ ئەوا دەبێت کۆم تەواو داخراو بێت. ئەو داخرانە گوڕ و

تین دەبەخشێ بە دەنگ و جەستە، جۆش و خرۆش و لێوردبوونەوەی زیاتریش بۆ جووڵەکەت فەراهەم دەکات. لەسەر ئاستی کاری رۆژانەش، کاتێک کە هەوڵ دەدەیت تەنێکی قورس هەڵبگریت یان ڕابکێشیت؛ توند ڕاگرتنی کۆم؛ لەش لە ماندووبوون دەپارێزێت. کاتێک کە کۆم توندوتۆڵ ڕادەگریت، ئەوا سەرنج و لێوردبوونەوەیەکی زیاتر لەو بەشەوە ڕادەکێشیت. من بۆ خۆم کە سەرگەرمی ئەو ڕاهێنانە دەبم هەست دەکەم بەرەو ڕووی جۆرێک لە ڕاچڵەکین دەبمەوە. لەوە دەکات جۆرە کەناڵێک لە جەستەمدا کرابێتەوە و دەروازە بۆ ئەوە والاّ دەکات کە گوڕو تینێک لە دەرەوە بڕژێنە ناو جەستەمەوە. بە مانایەکی تر ئەو بەشەی لەش ئاماژەیەکیان بۆ گوڕ و تینی لەش لە خۆ گرتووە.

لە هەندێ تابلۆی پیرۆزی تیبتییەکاندا، زۆر جار لەو ناوچەیەی کۆمدا وێنەی مارێک دەکێشرێت. بیرۆکەیەکی هاوشێوەی ئەوەش لە وێنەی ' دانیشتنی کەسێک ' دەردەکەوێ کە وێنەیەکی تاوی کۆنی چینییە، لە تەنیشت بڕبڕەی پشتی کەسەکەوە وێنەی جەرجەرێکی ئاوهەڵکێشان هەیە، جەرجەرەکە لە چەرخوفەلەکێکێ یاری منداڵان دەچێت، سەتڵێکی خاڵی شۆڕدەکاتەوە ناو بیرە ئاوەکە و لەگەڵ سەرخستنەوەیدا پڕ دەبێت لە ئاو. لەو دۆخەدا ئاو نیشانەی وزەی سروشتییە کە لە بڕبڕەی پشتەوە هەڵدەکشێ و لەشساخی نیشان دەدات. بەهەمان شێوەش؛ یۆگای هندیش بیرۆکەی ' مارێکی پڕ وزە ' دەخاتە ڕوو. کە پێی دەگوترێت کۆندالینی. کە نیشاندانی بڕبڕەی پشتە و پەرەدانە بە وزەی رۆحی. بە هەمان شێوەش، لە سەمای ئەفریکیشدا ئەو ناوچەیەی دەوروپشتی کۆم زۆر چالاکە. سەماکارەکان بۆیان دەکرێ هەر بە شێوەی مار بڕبڕەی پشتیان بجووڵێنن. خاڵی دەستپێکی ئەو جووڵەیەش لە کلێنچەوە دەست پێ دەکات کە لە نێزیک کۆمەوەیە. کلێنچەش بەرەو پێش و بەرەو دوا دەجووڵێ و سەرجەم بڕبڕەی پشتیش لەو جووڵەیەدا دەکەوێتە شوێنی و هاوبەشی دەکات. سەرەڕای

ئەوەی کە ئەوە بە تەواوی کارێکی سروشتییە، وای دەبینم کە رەهەندێکی تریش لە خۆی بگرێت؛ کە بۆی دەکرێ ئەو وزە ناوەکییەی کە خەریکی هەڵقولانە رێک بخاتەوە.

هەر کاتێک کە بۆمان رەخسا ئاگامان لەو نۆ چاڵە بێ کە دەکەونە سەر جەستەمان، ئیدی بۆمان دەلوێ بەرەو ئەو ئەندامە گرینگانەی تری جەستەمان پەل بهاوین.

## ئەندامەکانی تری جەستە

### بڕبڕەی پشت

هەر جوولەیەکی مووڕەگەیی (لە نموونەی سەمای شەپۆل ئامێزی ئەفریکی) سەرجەم کۆئەندامەکانی دەمار لەگەڵ خۆیدا دەبزوێنێت. زۆربەی ژێ دەمارەکانی جەستەش لە رێی مووڕەگەی پشتەوە، لە مێشکەوە بەرەو پارچەکانی تری لەش تێدەپەڕن. ئەگەر مووڕەگەی پشت چالاک بێت و هەر بڕبرەیەک بەوپەڕی ئازادیی خۆیەوە جووڵە بکات، ئەوا دەمارەکان کاری خۆیان بەباشی ئەنجام دەدەن و تۆش دەبیتە کەسێکی هەستیار و بە ئاگا. جووڵەی مووڕەگەیی، بەشێوازێک رەفتار دەکات هەر وەک ئەوەی جۆرێک لە شێلان بێ بۆ سەرلەبەری کۆئەندامەکانی دەمار. لەبەر ئەو هۆیەش، زۆر گرینگە کار بە مووڕەگەی پشتمان بکەین، بۆ ئەوەی هەر بڕبڕەیەک بەسەربەخۆیی خۆیەوە ئامادە بێت و دەمارەکان لە لایەن ماسولکەوە بەداخراوی نەمێننەوە. تاڕادەیەکیش هەر مەشقێک بە وریاییەوە جووڵە بە مووڕەگەی پشت بکا و بیکشێنێت، ئەوا لێی ڕامەوەستە. هەر وەک چۆن منداڵ دادەنیشێت، بەوپەڕی ئاسوودەییەوە لەسەر ئەرزەکە دابنیشەو قاچاکانت بۆ پێشەوەی خۆت درێژ بکە، دواتر هەوڵ بدە کلێنچکەت بەتەواوی بەرز بکەیتەوە بۆ ژێر لەشی خۆت، بەو جۆرەی کە سێبەندەت

دەگەڕێتەوە بۆ دواوە. ئەوجا کلێنچکەت بە دیوەکەی تردا، بۆ دەرەوە ئاڵوگۆڕ پێ بکە و بەرەو ئاسمان بیجوولێنە، ئەو دەمە سێبەندەت بەرەو پێشەوە کەچ دەبێت و بۆ ماوەیەک بەرەو خوار و ژوور کلێنچکەت بجوولێنە. بیر لەوە بکەرەوە هەندێک جار (بەرەو پێشەوە.. بەرەو دواوە.. بەرەو پێشەوە.. بەرەو دواوە) بەکەڵکە. وردە وردە خۆت بۆ ئەو جوولەیە ش لبکە تا مووڕەگەی پشتت دەڕواتەوە بۆ ناو قەفەزەی سنگت. (بەرز بەرەوە.. نزم بەرەوە.. بەرز بەرەوە.. نزم بەرەوە).

گرینگترین خاڵێک لە کاتی ئەنجامدانی ئەو ڕاهێنانەدا ئەوەیە کە مووڕەگەی پشتت بەوپەڕی نەرمی و ئاسوودەییەوە ڕابگریت. ئەگەرچی ئەوە جوولەیەکی چالاکانەی زۆر گەورە نییە، بەڵام دەبێت لە دەستپێکی ڕاهێنانەکەدا، لەوکاتەی کە کلێنچکەت بەرز دەکەیتەوە زۆر وردبین بیت و درێژەی پێ بدەیت تا دەگەیتەوە ناو قەفەزەی سنگت، بەو جۆرەی کە سەرلەبەری مووڕەگەی پشتت بەو ڕاهێنانەوە سەرگەرم بکەیت.

لە سەگ بڕوانە، کاتێک کە دەترسێت، ئەوەندەی بۆی دەکرێت کلکی خۆی دەباتەوە ناو گەڵی خۆی. کاتێکیش لە حاڵەتی ئامادەباشیدایە ئەوا کلکی بەرز دەکاتەوە. بەمانایەکی تر، سەگ لە ڕێی جوولەی کلکیەوە هەست و سۆزی خۆی نیشان دەدات. کلێنچکەت بنوشتێنەرەوە و لە ڕێی شەپۆلە جوولەیەکەوە کە لە بڕبڕەی پشتەوە بەرەو مل و سەر تێپەڕێ، ئەو جوولەیە وات لێ دەکات کە زیاتر هەست (بەئاگایی) بکەیت.

کاتێک کە ئیش لەسەر بڕبڕەی پشتت دەکەیت، ئەوە بهێنە پێش چاوی خۆت کە تۆ مارێکی گەورەی پێچ خواردوویت، یاوەخود پێشبینی ئەوە بکە کاتێ کە دەجوولێیتەوە، بۆت دەکرێ هەست بەوە بکەیت کە وزە لە مووڕەگەی پشتتەوە هەڵدەقووڵێت. ساتەوەختێک کە زۆر بە سادەیی لە گۆشەیەکدا وەستاویت، پێشبینی ئەوە بکە کە لە ڕێی بەری پێتەوە هەست

بەوە دەکەیت کە گوڕ و توانای زەوی دەڕژێتە ناو جەستەتەوە. هەرچیت کردووە، ڕێگە مەدە هەرگیز ئەو نەخشەیە ببێتە کارێکی میکانیکی، تا بۆت دەکرێ دەروازە بۆ پێشبینی خۆت والا بکە.

### هارا

کاتێک خەڵکانی ژاپۆن لەبارەی ' هارا ' دەدوێن، ئاماژە بۆ ئەو جێگەیەی جەستە دەکەن کە چەند گرێیەک دەکەوێتە ژێر ناوکەوە. ئەوەش ناوەندی کێش و قورساییی جەستەی مرۆڤە و بە زاراوە ڕۆئاواییەکەشی پێی دەگوترێت ' سک ' بەڵام ڕوانینی ژاپۆنییەکان بۆ هارا، ئەو شوێنە زیاتر لە جێگەیەکی سروشتی هەڵدەگرێ و بە سەرتۆپی کۆی خود یان دەروون دەدرێتە قەڵەم. ئەوە سەرچاوەی هێز و توانا، تەندروستی و وزە، کەماڵی کەسایەتی ئینسان و زیندوویێتی پێوەندی گرتنێتی بە جیهان و گەردوونەوە. هارایەکی بەهێز هەر بە تەنیا بۆ ژیانێکی تەندروست کارا نییە، هەر پەروەردەکردنێکی رۆحی و فیزیکی (نموونەی هونەری شانۆ، ئەندێشە کردن و قووڵبینی، هونەرە جەنگییەکان) بەبێ بەکارهاوردنی ئەو ناوچەیە کارێکی مەحاڵ دەبێ. لەبەر ئەوە مەشقکاری لەو بوارەدا گەلێک ڕاهێنان لە خۆ دەگرێت بۆ برەودان و بەهێزکردنی هارا. (ل. م)

تاکە ڕێگایەک بۆ ئامادەکردن و بەهێزکردنی هارا شێلانە تا ئەو کاتەی، بە پێچەوانەوە، هارایەکی پتەو؛ نەرم و گونجاو و گوێڕایەڵە. ئەگەر کاتێک دەستت کرد بە شێلانی، هەست دەکەی دژوار و رەقە، یاوەخود هەندێک بەشی هەیە ناسکە بۆ دەستتێوەردان، زۆر بە نەرمی بەردەوام بە لە شێلانی تا نەرم دەبێت. پەنجەکانت دابخە و دەستێکت وەک مشتێکی داخراو لێ بکە

و بە هێـواشی لەســەر ناوکـتی دابنێ و پاڵەپەسـتـۆی بخـەرە سـەر و وەک خولانەوەی میلی کاتژمێر چۆن دەخولێتەوە (دەستت بەرەو لای چەپ ببە و بەرەو خوارەوەی ناوکت بیجوولێنە و دواتر بەرەو لای راستت بەردەوام بە تا دەگەیتەوە نزیک لاکەلەکەت) درێژە بە شێلانەکەت بدە تا بە تەواوی هەموو ناوچەی سک دەگرێتەوە و هەست بەوە دەکەی کە وەک گونکێکی هەویر تەڕ و نەرم و ناسک بووە. ئەگەر هەست دەکەیت هەندێک بەشی سکت هێشتا هەر ڕەقە و تەواو ئامادە نەبووە، ئەوا بەردەوام بە لەسـەر پاڵەپەسـتۆ بردن بۆی تا تەواوێک نەرم دەبێت.

## دەستەکان

شـارەزایانی بواری دەرزیئـاژنین، دەڵێن هەندێک جێگە هەیە دەکەونە سـەر نێوانی پەنجەکانی دەست و پێی مرۆڤ کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ناوەندی جەستەوە هەیە. ئەو جێگەیانە وەکو ' کەناڵێک ' وان کە سەرچاوەی وزە بە جیهانی دەرەوە گرێ دەدەنەوە. ئەگەر ئەو سەری گۆشانە بشێلیت یان پیاندابکێشیت ئەوا هەمان کار لەگەڵ سیستەمی وزەی ناوەکیدا دەکەیت. بەو ڕێگەیە کاتێک پەنچەکانی پێت دەشێلیت یاوەخود بۆ ماوەیەکی درێژ چەپڵە بە دەستەکانت لێ دەدەیت، ئەوا ئەو جێگەیانە چالاک دەبن و ئەو کەنالانە دەکرێنەوە و دەروازە بۆ هاتنە ناوەوەی وزەی تەڕ و تازە والا دەبێت. خەڵکانێک هەن لە ژاپۆن کە هەموو بەیانی و ئێوارانێک بۆ پتەوکردنی تەندروستییان بە درێژایی نیو کاتژمێر چەپڵە دەکوتن. بەهەمان شێوە چینییەکانیش پێیان وایە کە پێوەندییەک لە نێوان بەکارهێنانی پەنجەکان و تەندروستی سروشتیدا هەبێت. لە ڕاستیدا پێکگەیشتن و بەکارهێنانی جوولەی دەستەکان لە گەلێک لە داوونەریتە ئاینییەکاندا دەبینرێت. لە ئاینی شینتۆییدا دەستەکانت دەکێشیت بە یەکا بۆ ئەوەی ڕۆحەکان بانگهێشت بکەیت. بۆ نوێژکردن، لە ئاینی کریستیانەتی و لە بوداییزمیشدا هەردوو

بەری دەستت دەنووسێنیت بە یەکەوە. دەستەکانت لە دووری دە سەنتیمەتر دوور لەیەکەوە ڕابگرە و بە نەرمییەوە لێکیان نزیک بکەرەوە (بۆ دوورایی پێنج سەنتیمەتر) دواتر بە هێواشی بۆ هەمان شوێنی خۆیان بیانگەڕێنەرەوە. لەوانەیە لە نێوان هەردوو بەری دەستدا هەست بە جۆرێک لە پاڵەپەستۆ بکەیت، هەروەک ئەوەی بەرەو لای یەکتری بکشێن، یاوەخود جۆرێک لە هێزی ڕاکێشانی موگناتیسی؛ لەوە دەکات شتێک لەوێدا هەبێت.

لەوانەیە تێبینی ئەوەت کردبێت کاتێک کە ئازاری گەدە هەراسانت دەکات بەشێوەیەکی نائاگایانە دەستت دەنێیتە سەر سکت، یان کاتێک کە دوچاری ددان ئێشە دەبیت، ئەوا ڕوومەتت دەهێنیت بۆ سەر بەری دەستت. لێرەوە بەشێوەیەکی نائاگایانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە پێوەندییەک لە نێوان بەرکەوتنی دەست و کەمکردنەوەی ئازار و نارەحەتیدا هەیە. من بڕوام وایە کە جۆرە وزەیەک لە بەری دەستەوە هەڵدەقوڵێت کە ئازارشکێنە و نەخۆشییەکان دادەمرکێنێتەوە، لێرەوە پێکدا کێشانی دەستەکانمان بەیەکدیدا یان لێکخشاندنیان دەبێتە هۆی چالاککردن و نوێکردنەوەی ئەو وزەیە. هەرلەبەر ئەو هۆیەشە کە ئەو جۆرە مەشق و ڕاهێنانە ئاوێزانی داوونەریتە ئاینییەکان بووە.

کارکردن لەگەڵ دەستەکانمان لە ڕوویەکی تریشەوە گرینگە، هەر وەکو هەمووومان دەزانین پیری و چوونە تەمەنەوە پێوەندییەکی تەواوی لەگەڵ لەبیرچوونەوەدا هەیە. هەندێک لێکۆڵەرەوەی ژاپۆنی پێیان وایە کە بەشێکی گرینگی ئەو گرفتە پێوەندی بە نەبوونی مەشقی مێشکەوە هەیە، نەک بەو پرۆسە سروشتییەی بە ساڵاچوونەوە. بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو کێشەیەدا هەندێک مەشقی سروشتی ئاسانیان داهێناوە، یەکێک لەو مەشقانە بەکارهێنانی دەستە کە سەرنج خراوەتە سەر پەنجەکان، بەڵام هەر بە تەنیا جووڵانی پەنجەکان هیچ کەڵکێکی لێ نابینرێت؛ بگرە دەبێت ئەندێشەش لەگەڵیا تێکەڵ بکرێت. ئەندێشەی ئەوە بکە کە تۆ پاقلە دەچێنیت، یاوەخود

خەریکی ڕێکخستنی گوڵیت. ئەوە جووڵەیەکی سادەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە کار لە والاکردنی ئەندێشە دەکات و بە جەستەوەی گرێ دەداتەوە، جوولەیەکە بۆ چالاککردنی مێشک. ڕاییکردنی ئەو مەشقانە بەبێ ئەندێشە هیچ دەرەنجامێکی ئەوتۆ بەرهەم ناهێنێت.

## دوایین دەستتێوەردان

لە سەروەختی ڕاهێنانی ڕۆحی ژاپۆنیدا، جلوبەرگی تایبەتی هەیە کە تۆ لە کاتی مەشقکردنا لەبەری دەکەیت. لە شینتۆدا ئەو ڕۆبە ڕەنگی سپییە، لە کاتێکا زۆرجار لە بودایيدا ڕەنگی سووره یان زەردە. پێم وایە کاتێک دەکەویتە کارکردن ئەوا کارێکی زۆر باش دەکەیت ئەگەر جلوبەرگێکی تایبەتی بپۆشیت. ڕاهێنانی تۆ بەشێکی درێژکراوەی ژیانی ڕۆژانەی تۆ نییە، بگرە شتێکی تەواو جیاوازە.

لەبەرکردنی جلوبەرگێکی جیاواز یاریدەی ئەو جیاکارییە دەدات. بەهەمان شێوەش بیرۆکەیەکی شیاوە کە جێگەیەکی تایبەت بۆ ئەو مەشقە تایبەتییانەی خۆت تەرخان بکەیت. کاتێک کە دەست بە کار دەکەیت، خۆت لە جێگەیەکی تایبەت دانێ کە تەواو خاوێنت کردووەتەوە، جەستەی خۆت بە مەلەکردن لە ئاوێکی ساردا پاکژ بکەرەوە و ئەو جلوبەرگە تایبەتە لەبەر بکە. ئێستاش تۆ ئامادەی بەرەو چوونە دنیای کارکردنەوە.

# ٢

## جووله

یەکەمین شتێک کە ئەکتەر پێویستی بە فێربوونی هەیە جوگرافیای جەستەیەتی. تۆ بە زانینی مووڕەگەی پشتت دەست پێ دەکەیت و دواتر دۆزینەوە و ناسینی لاقەکان و لە کۆتاییشدا باڵەکانتە. لە ڕووی نواندنی چالاکییەوە، ئەوە مانای وایە کە تۆ کار لە جۆری وەستاندا دەکەیت و دواتر نوشتانەوە و جارێکی تر جوولەی بەرزبوونەوە. هەنگاوی دووەم نیشاندانی دانیشتن و بەدوایدا ڕۆیشتن، کە ڕێگەی ئەوەت بۆ دەرەخسێنێ کە بۆ هەر شوێنێک بتەوێت؛ بکەویتە ڕێ. فێربوونی جوگرافیای جەستە هەر وا بە سادەیی بابەتێک نییە بۆ ڕاییکردنی مەشق و ڕاهێنان یان داخوازی جۆری جووڵەی تازە و ئارەزوومەندانە؛ بگرە چالاکییەکی هوشیارییە. تەماشای ئەوە بکە کە بە شێوەیەکی سروشتی چۆن ڕادەوەستیت.

تەنانەت هەندێ ناوچەی نائارام و ناڕێک؛ نەک هەر کاریگەری لەسەر جوولەی ئاساییت و ئەو شێوازەی کە لە دەرەوە چۆن دەنوێنیت جێ دەهێڵێت، بگرە لەسەر شێوازی دەروونیشت. هەر وردەکارییەکی بچکۆلەی جەستە ڕەنگدانەوەی حەقیقەتە ناوەکییە جیاوازەکانە.

تاوەکو بۆت بکرێ هەست بەو ئاراستە سەرنجڕاکێشە بکەیت، دەکرێ بۆ هەر چرکە ساتێک بزانیت کە جەستەت بەتەواوی دەکەوێتە کوێوە. بۆ نموونە پێکانت دەکەونە کوێوە؟ ئەوە هیچ گومانێکی تێدا نییە کە پێیەکانت کەوتوونەتە پایینی لاقتەوە، بەڵام بە دروستی چ پێوەندییەکیان بە قووڵایی هەست و سۆز یان ئەناتۆمی جەستەتەوە هەیە؟ بۆ پێوانی ئەوەی کە جەستەت دەکەوێتە کوێوە، من چوار شێوازی بنچینەیی یان جۆری دانانی پێیەکان بەکار دەهێنم.

سەرەتا، بەجۆرێک ڕابوەستە کە پێیەکانت بلکێن بەیەکەوە، ئەوە چ هەستێکت پێ دەبەخشێت؟

دواتر، پێیەکانت بەتەواوی لەژێر سێبەندەتا دابنێ، لە بەشی سەرووی لاقتا هەست بەوە بکە کە ئێسقانی ڕانت لە کوێدا چەقیوەتە ناو سێبەندەتەوە، ئەوجا ئێسقانی رانت ڕێک بەرەو ئەرزەکە بنوشتێنەرەوە. کاتێ کە ئەو جوولەیە دەکەیت، ئەگەر تۆ نێر بیت، ئەوا دەبینیت پێیەکانت پێنج بۆ حەوت سەنتیمەتر لێک دوور ڕادەوەستن، ئەگەر تۆ مێ بیت ئەوا پێیەکانت شەش بۆ نۆ سەنتیمەتر لێک جیا ڕادەوەستن.

> لەوکاتەی کە مرۆڤ ئەندێشەی لاکەلەکەی خۆی دەکات، هەندێک جار بەهەڵەدا دەچێت؛ کە پێی وایە لاکەلەکەی لەوە پانوپۆڕترە کە هەیە، یاوەخود لە جێی ئەو شوێنەی کە ئێسقانی ڕانەکان دەچەقنە ناو سێبەندەوە؛ ئەو ئێسکە دەرپەڕیوانەی کە دەکەونە بەشی سەرەوەی سێبەندەوە؛ بە پێوانەیەک وەردەگرن. (ل. م)

هەر ئەوەندەی ئەو بارەت دۆزییەوە، لە هەستی خۆت وردبەرەوە. جۆرێکی تری دانانی پێیەکان ئەوەیە کە بەرێژەی پانایی شانەکانت، پێیەکانت دابنێی، ئەمە لە بۆشاییدا وەک چوارگۆشەیەکت لێ دەکات. دواترین جۆریش

دانانی پێیەکانتە کە فرەوانتر لە ڕێژەی پانایی شانەکانتە، تۆ هەمیشە ئەم بارەیان لە هونەرە جەنگییەکاندا دەبینیتەوە، لە کاتێکا ئەوە وەستانێکی چالاک و هاوسەنگە. هەرکاتێک شارەزای ئەو چوار شێوازە جیاوازەی وەستان بوویت، بڕیاری ئەوە بدە کە ئیدی لە بەرامبەر یەکتریان دابنێی، یاوەخود کتومت لە گۆشەی چل و پێنج ڕایان گریت.

لە ڕووی کردەییەوە هەر پرۆسەیەکی شانۆیی لە دنیادا گرینگی و بایەخێکی لەبنەهاتووی خۆی دەدات بە مووڕەگەی پشت تاوەکو بۆت بکرێ دوور لە هەر گرژی و دژوارییەک بۆ درێژترین ماوە ڕایبگریت، بۆ دەستەبەرکردنی ئەو تەرزەش گەلێک ڕێگای جیاواز هەیە. ڕێگایەک ئەوەیە وا ئەندێشە بکەیت کە ئاگاییت بەناو زەویتا شۆڕبووەتەوە خوارێ، لە هەمان کاتیشا هەست بەوە بکەیت کە گەردنت زۆر درێژە، بە ڕادەیەک کاسەی سەرت بەرەو ئاسمان کێش کراوە. سەرباری ئەوەی بەشی خوارەوەی قەفەزەی سنگ زۆر بەسادەیی بەرەو خوارەوە شۆڕ بووەتەوە، ئەگەرچی ئەمە وای نەکردووە کە دارمانێک یان شێوانێک ڕوو بدات.

ئەو کاتەی لەگەڵ بیتەر برۆک لە ئەفەریکا بووم، چەند ڕۆژێکمان بە گەڕان بە نێو بیاباندا بەسەر برد. لە ناوچەیەکدا، نە هیچ دارو درەختێک، شاخێک، ماڵێک، زیندەوارێک، یان نیشانێکی ئاوەدانی لێ بوو. لە هەر ڕووکارێکەوە تەماشات بکردایە تەنیا ئاسمان و زەمینێکی ڕووت و ڕەجاڵت دەبینی کە وەک دوو هێڵی ئاسۆیی درێژ بووبوونەوە. هەوڵم دا هەست بەوە بکەم کە لەم جیهانە گەورە و فرەوانەی چوار دەوری خۆما دابڕاوم. دەستم بە هەندێک ئەزموون کرد و هەوڵم دا شێوازێک بۆ جەستەم بدۆزمەوە و بە جۆرێکی وای دانێم کە لە نێو ئەو بەتاڵییە فرەوانەدا هەست بە بوونی خۆم بکەم. ڕاوەستان نەک هەر هیچ کەڵکێکی نەبوو، بگرە هەستم دەکرد شتێکی دروست نەبێت. ئەوجا هەوڵم دا لەسەر ڕووی زەمین ڕابکشێم، ئەو زەمینەی کە پڕی بوو لە وردە بەرد و لە ئاسمانیان دەڕوانی. ڕاکشانێک بەو جۆرە، کە

هەستم بەوە دەکرد بوومەتە گەردێک لە لمی بیابان و وەک پیاوێکی مردوو لەناو خاکا تواومەتەوە. وەک کەسێکی زیندوو بە هیچ جۆرێک بوونم نەمابوو. سەرەنجام هەوڵم دا ڕێکو ڕەوان لەسەر ئەرزەکە دابنیشم و هەموو وزەی خۆم لەسەر ' هارا ' ی خۆم کۆبکەمەوە. لەو چرکەساتەدا لە پڕێکا هەستم بەوە کرد کە هەر وەک ئەوەی چووبێتمە ناو بوونێکی تازەوە، لە نێوان زەمین و ئاسماندا شۆڕبووبێتمەوە و وەک پردێک زەمین و ئاسمان بگەیەنمە یەکدی.

لە ڕێی ئەزموون و دووبارەکردنەوەوە، گەیشتمە ئەوەی لەو بۆشاییيە دیاریکراوەدا ئەو بارە تەواوەی بوونی خۆم بدۆزمەوە.

بە دوو قاچی بڵاوەوە، بە ڕێژەی پانایيی شانەکانت، ڕابوەستە و ئەوجا هەوڵ بدە ئەندێشەی ئەوە بکەیت کە پێستت وەک زەرفێکی پلاستیکی لێ هاتووە و لەناو ئەو زەرفەشدا تەنیا ئاوی تیایە، نە مێشک، نە دڵ، نە گەروو، تەنیا ئاو؛ ئاوێکی ڕوون و پاکژ وەک کریستاڵ. بەبێ ئەوەی چاوەکانت بنووقێنیت، بڕوانە ئاوەکە. بێگومان دەست دەکات بە شەپۆلدان، بەرەو پێشەوە، بەرەو دواوە، بەرەو لای چەپ، بەرەو لای ڕاست؛ شەپۆلدانێکی نەرم و ناسک هەر وەکو ئاو. هەر لەو چرکەساتەدا کە چۆن ئەو ئەندێشەیەت دامەزراندووە کە جەستەت وەک ئاوە، هەوڵ بدە هەست بە هێزی ڕاکێشانی زەوی بکەیت. هێزێک لەناو جەرگەی زەمینەوە دێت و بەرەو خوارەوە بانگهێشتت دەکات، بەڵام لاشەی تۆ هەر وەک ئاو دەمێنێتەوە. بەهۆی هێزی ڕاکێشانی زەمینەوە، سەرت قورس دەبێت، شانەکانت قورس دەبن، باڵەکانت قورس دەبن. تا ئەو کاتەی خۆت لە بارێکی وادا دەبینیتەوە کە بە چوارمەشقی دانیشتوویت، زۆر بە شێنەیی بەرەو زەمین شۆڕ دەبیتەوە و سەر و باڵەکانت تەواو خاو بوونەتەوە.

دواتر ئەندێشەی ئەوە بکە کە بە سێ هەودا جەستەت بە ئاسمانەوە

هەڵواسـراوە. یەکـێک لەو هـەودایانە بـە کـاسـەی سـەرتەوە گـرێ دراوە و دووانەکەی تریش وان بە هەردوو مەچەکتەوە. هەر سێ هەوداکە تەواو توند دەکرێنەوە و بەرەو ئاسمان هەڵدەکێشن، تا ئەو کاتەی جارێکی تر خۆت بە ڕاوەستاوی دەبینیتەوە و هەردوو باڵت بە ئاسمانەوە شەتەک دراون. هەر وەک ئەوەی زەرفێک ئاو لە ئاسماندا هەڵواسرابێت. پاشان جارێکی تر هەست بە هێزی ڕاکێشانی زەمین دەکەیت و سێ هەوداکە دیار نامێنن و سەر و باڵەکانت شۆڕدەبنەوە خوارێ و دەچنەوە شوێنی سەرەکیی خۆیان. لە کاتێکا کە جەستەت وەک ئاو دەمێنێتەوە لە نێوان ئاسمان و زەمیندا بجووڵێ و بە شێوەیەکی بەردەوام درێژە بەو ڕاهێنانە بدە.

کە تۆ ئەو جووڵەیە دووبارە دەکەیتەوە، بۆ خۆی بە شێنەیی خێراییەکەی زیاتر دەبێت. لە دەمە دەمی کۆتاییدا تۆ ئەو هەودایانەت لە بیر دەچنەوە کە مەچەکەکانتی گرێداوە و تەنیا ئەو هەودایە دەمێنێتەوە کە وا بەسەر کاسەی سەرتەوە.

بەبێ هیچ زۆر لەخـۆ کـردنێک بۆ مـاوەیەک لەسـەر بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە بەردەوام بە و بە شێنەیی هێواش بەرەوە تا لە باری وەستاندا ڕابوەستیت، هەست بەوە دەکەیت کە تۆ لە نێوان هەر دوو هێزی کێشکردنی ئاسمان و زەویدا بە سەقامگیری ڕاوەستاویت.

## پراکتیک

جارێکیان زینی گەورە مامۆستا، مرۆڤی بە بووکەڵەیەک شوبهاند کە بە هەوداکانەوە گرێدرابێت. لە چرکەساتەکانی لەدایکبوون و مردنیدا ئەو هەودایانە توند شەتەک دەدرێن یاوەخود لە پڕێکا دادەپچڕێن. کاتێکیش کە خەڵکان دەمرن، ئیدی پەتەکان دەپچڕێن و لەگەڵ هاوارێکدا بووکەڵەکان بەر دەبنەوە خوارێ. بۆ ئەکتەریش بە هەمان جۆر کاتێک کە لەسەر تەختەی شانۆ سەرگەرمی نواندنە، ئەوا تۆ بووکەڵەیەکیت و بە هەوداکانی مێشکتەوە

گرێدراویت و جووڵەت پێ دەکرێت، ئەگەر بینەران ئەو هەودایانەیان دیت ئەوا نواندنەکەت سەرنجڕاکێش نابێت. سەرەڕای ئەوەی کە دەبێت لە هەموو کاتەکاندا، چ لە سەروەختی نواندندا یان لە سەروەختی خامۆشبووندا لێخوردبوونەوەیەکی لێبڕاوانە پیادە بکەیت و ئەوەش نابێت بینراو بێت. هەرگیز نابێت بینەران چاویان لە لێخوردبوونەوەی تۆ بێت. لە ڕوویەکی ترەوە ئەگەر لێخوردبوونەوەکەت دوودڵی پێوە دیار بێ، کتومت وەک ئەوە وایە کە هەوداکانی بووکەڵەکە شل بووبنەتەوە. ئەوا نواندنەکە چێژی خۆی لە دەست دەدات و بینەران لەوە بەرخوردار دەبنەوە کە ئەوەی ئەوان لێی دەڕوانن ژیانێکی ڕاستەقینە نییە؛ بگرە تەنیا تەماشاکردنی بووکەڵەیە. بە هەمان شێوە ئەگەر هەوداکانی لێخوردبوونەوەی ئەکتەر شل بوونەوە ئەوا نواندنەکە کاری خۆی مەیسەر ناکات. هەر کاتێک ئەو هەودایانە بە توندوتۆڵی و نەبینراوی مانەوە، نواندنەکە میکانیکی نابێ و بەوپەڕی ڕاستگۆیی و زیندوویییەوە دەکەوێتە ڕوو.

ئەو جۆرە لە 'پاپەندبوونی هەوداکان' نەک هەر تەنیا لەسەر تەختەی شانۆ، بگرە لەو کاتانەشدا کە ئێمە لەناو ژیانی ڕۆژانەماندایین کاری خۆی دەکات. هەر لەو دەمەی کە تۆ سەرگەرمی جموجۆڵ و چالاکی ئاساییی خۆتی، دەبێت هەوڵ بدەیت ئاگاییەکی قووڵ لە مێشکی خۆتا بنیاد بنێی، جۆرێک لە ' پاپەندبوونی گیانی '. هەر جموجۆڵێکی ژیانی ڕۆژانەمان دەبێت لەگەڵ ' شەتەکبوونی هەوداکان ' دا هاوپەیمان بێت، لە هەر چرکەساتێکدا بە ئاگابوونی تەواوت لە خۆت هەبێت. وەک ئەکتەرێک ئەوە کارێکی گەوهەرییە کە هەر کاتێک بۆت دەلوێ ڕاهێنان و پەروەردەکردنی ئەندێشەت پەرە پێ بدەیت. هەر مەشقێکی جەستەیی کە تۆ پێی هەڵدەستیت دەبێت مەشقێکیش بێت بۆ ئەندێشە نەک هەر تەنیا جووڵانی جەستە بێ و هیچی تر. ئەوەش کەڵکێکی تری دەبێت. تۆ کاتێک کە مەشقێکی سادە ڕایی دەکەیت، هەر بۆ نموونە وەک نوشتانەوەی ئەژنۆت و تەنیا بیر لە بەکارهێنانی ماسوولکەکانت

دەکـەیتـەوە، ئەوا زۆر بە خـێـرایی ڕانەکـانت قـورس دەبن و ئازاریـان تێ دەزێت و جـوولەکـە زۆر دژوار دەبێت. بەڵام ئـەگـەر تـۆ بێـیت و ئـەندێشـەی هـەوداکان و جووڵە لە نێوان ئاسمان و زەمیندا بەکار بهێنیت، ئەوا جوولەکە بەئاسـانی خۆی دەدات بە دەسـتـەوە و لەو کاتەشدا هـەموو سەرنجت لەسـەر لێخوردبوونەوەیەکی قووڵی دەروونی دەبێت.

کـاتێکیش کە سـەرگەرمی مـەشـقکردنیت، هـەوڵ بدە بیر لەوە بکەیتەوە کە (ئەمە تەنیا مەشقکردنە، ئەگەر هەڵەیەکیش بکەم بە راسـتی ئەوەندە گرینگ نییە) هەر چۆنێک بێت تۆ ئەگەر لەسەر تەختەی شانۆ هەڵەیەکت ئەنجام دا، دەبێت تێـیـپـەڕێنیت و هـەوڵ بـدەیت کـە هـەڵەکـە داپۆشـیت. بـۆت ناکـرێ ڕابوەسـتـیت و جـارێکی تر دووبارەی بکەیتـەوە. لە ڕاسـتـیـدا تۆ بە هـیچ جۆرێک بۆت ناکرێ خۆت لـەوە ببوێریت کە هیچ هەڵەیـەک نەکەیت. ئـەکتـەرە لێهاتووەکانیش کە بەشێوەیەکی هەمیشەیی کارەکانی خۆیان لە بەردەم بینەراندا تاقی دەکەنەوە کەوتوونەتە هەمان کێشەی لەو جۆرەوە، بێگومـان کارەکەشیـان بەوپەڕی سـەرنج و ڕاگوزارییەوە بووە، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە پراکتیکیـان کردووە. هەموو ئەکتـەرەکان کاتێک کە مەشق دەکەن دەبێت بەو جۆرە بیـر بکەنەوە. هەر کـاتێک کە پراکتـیک دەکەیت ئەوە بهـێنە پێش چاوی خـۆت کـە تۆ ڕاهێنان لە بەردەم بینەراندا ئەنجـام دەدەیت، لە پڕێکا ئەوە سەرنجت ڕادەکێشێت کە تۆ بەوپەڕی گەرمـوگوڕییەوە ئامـادەیت و خاو و خلیچکیت توورِ داوە. لـەو ڕێگەیەوە کـارەکـەت دەڕواتە پێشـەوە و ئەوپەڕی گـرینگی وەردەگرێ و بە هـەقیقی ڕاهێنانەکانیشت کـەڵکی دەبێت. ئەگـەر تۆ وا بیر بکەیتەوە کە (تـەنیا مـەشق دەکـەیت) سـەرباری ئەوەی کـە چەندە بە چاکیش ئەنجامی بدەیت ئەوا کارەکەت بایەخێکی ئەوتۆی نابێت.

تۆ تەنانەت دەتوانی ئەو تـەکنیکانە لە ژیانی ڕۆژانـەشـدا بەکـار بهـێنیت. پێـشـبـینی ئەوە بکە کـە تۆ لەسـەر تەختـەی شـانـۆیت و ئـەو خـەڵکەش لە تۆ دەڕوانن، بێگومـان پێویستت بـەوە نییە کە کارەکتەرێک بۆ خۆت هەڵبژێریت

یان هەر وێناندنێکی تر، تەنیا هەوڵ بدە کە خۆت بیت، سروشتی مامەڵە بکە. کە خۆت لەسەر ئەوە ڕادەهێنیت، ڕەنگە ئەوەت بۆ دەربکەوێت کە ئاگاییت گۆڕانکاری بەسەرا هاتووە و بەرانبەر بە دنیای دەرەوە وریا دەبیتەوە و بە هیچ جۆرێک جموجۆڵ و چالاکییەکانت کورت ناهێنن. کاتێک کە بەو چەشنە ' نواندن ' ئەنجام دەدەیت، ئەوا بە تەواوی خۆت دەدۆزیتەوە و لە هەمان کاتیشدا بەئاگایت لەوەی کە چاودێری خۆت بکەیت. بەتەواوی چاودێری دوو بارودۆخ دەکەیت: خۆت وەک هەست و نەست؛ خۆت وەک ئامانج یان بابەت. ئەندێشەی ئەوەش بکە تۆ لە لایەن بینەرێکەوە تەماشا دەکرێی کە بەهەمان شێوە خاوەن ئاگاییەکی لەو جۆرەیە. سەربارى ئەوە جەستە کاتێ بیر دەکاتەوە لەوەی کە تەماشا دەکرێ ئەوا لەو تەماشاکردنەوە شتێک فێر دەبێت. دەتوانرێ بگوترێت ئەوە جۆرێک نییە لە بەخۆنازین یان لە خۆباییبوون، بەڵکو زۆر بەسادەیی جەستەت لەسەر ئەوە ڕادێت کە ببێتە تەماشاکراوێک.

لەو ڕێگایەشەوە، کاتێک کە ڕووبەڕووی بینەرێکی هەقیقیش دەوەستیتەوە؛ ئەوا جەستەت لەسەر ئەوە ڕاهاتووە و وەک ئەوە نییە لە پڕێکا بەرەنگاری ئەزموونێکی تازە و ترسناک بیتەوە. ئەگەر تۆ لەسەر ئەوە ڕانەهاتبیت کە چاودێری بکرێیت ئەوا لەوکاتەی کە دەچیتە سەر تەختەی شانۆ هەست دەکەیت کە ڕوانینی بینەر دەتشڵەژێنێت. جەستەت بەجۆرێکی تر ڕەنگدانەوەی دەبێت و هەست و سۆزیشت بەجۆرێکی ئەوتۆ ئازاد نابێت. ئەگەر تۆ لە ژیانی ڕۆژانەتا یاوەخود لەوکاتەی کە سەرگەرمی مەشقکردنیت خۆت لەسەر ئەندێشەکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی بینەر ڕابهێنیت ئەوا لەگەڵ ئەو تەماشاکردنەدا ڕادێیت و بەلاتەوە ئاسایی دەبێت و کاتێک کە بە هەقیقی ڕواوڕووی ئەو ساتەوەختە دەبیتەوە ڕاتناچڵەکێنێت. ئەندێشەت لێرەدا ئەوپەڕی پشت و پەناتە.

## ئاراستەکانی جووڵە

ئێـمـە لە ژیانـی ڕۆژانەمـاندا هـەوڵ دەدەین هەمـوو سـەرنجـەکـانمان لەژێر پێستماندا کۆبکەینەوە، جەستەمان بە قەراخی کەرەستەکاندا دەجوولێنین، پارچەکان هەڵدەگرینەوە، خۆمان دەپارێزین لەوەی بەر کورسییەکان بکەوین، لە شەقامە پر حەشامەتەکاندا ڕێگاکانمان دەهێنین و دەبەین، بە درێژاییی هەمـوو ئەو چالاکیـیانەش تا ئەوپەڕی توانا بیر دەکەینەوە لەوەی کە لە ڕاستیدا جەستەمان دەکەوێتە کوێی ئەو بۆشاییەی چواردەوری خۆمانەوە. هەرچۆنێک بێت جەستەی ئەکتەر دەکەوێتە ناو بۆشاییەکی بێهاوتای شانۆوە کە پێویستی بەوەیە ' بکشێت ' بۆ ئەوەی پڕی بکاتەوە. سەرباری ئەوەی کە دەبێت بەئاگا بیت لە پێست و ئێسقانەکانت، هەروەها دەبێت زاڵ بیت لە هەستکردن بەسەر هەمـوو ئەو ڕووکارانەی کە چوار دەوری جەستەیان داویت. لە شوێنێکی بۆشاییی شانۆدا ڕابوەستە و ئەم پرسیارانە لە خۆت بکە.

پێشەوە دەکەوێتە کوێوە، ئەی پشتەوە، لاکان، سەرەوە، خوارەوە؟

لە پێوەند بە بینەرەوە ئایا تۆ بەتەواوی ڕووت کردووەتە ئەوان، یاوەخود لەسەر گۆشەی لار ڕاوەستاویت؟

ئەو هەستکردنەش بە بۆشایی دابەش دەبێت بەسەر هەشت ڕووکاردا. لە پێوەند بە بینەرەوە ئەوانیش:

ڕووکاری پێشەوە، ڕووکاری دواوە، هەردوو باڵی ڕاست و چەپ، چوار وەستانی گۆشەی لار لە نێوانەوە. ئەوەش جۆرێک لە ئەستێرەیەکی هەشت گۆشەیی دەخوڵقێنێت. کە شێوەی نەخشەیەکی ڕوون لە بۆشاییدا وەردەگرێت و قاڵبێکی بنچینەییە بۆ جووڵە. هەروەها گەلێک شێوەی ئەندازەییی تریش؛ هەروەکو بازنە کە دەکرێ بەکار بهێنرێت. سەرباری ئەوەی یاریدەی ئەکتەریش دەدات کە ئاگایی بەرانبەر بە جەستە لە

بۆشاییدا لا بخولّقێنێت، هەروەها لە ڕووی تەماشاکردنی بینەرانیشەوە وێنەی تەختەیەکی شانۆی ڕوون و ئاشکرا دەخولّقێنێت.

مەشقێک هەیە کە دەستگیرۆییت دەکات بۆ ئەوەی ئەزموونی ئەو هەشت ڕووکارە ئەستێرەییە تاقی بکەیتەوە. بەجۆرێک ڕابوەستە کە ڕووت بەرەو پێشەوە بێت ' ڕووەو بینەر ' بەڕێژەی پانایی سێبەندەت قاچەکانت لە بەرانبەر یەکدیدا دابنێ. چەند هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بجوولێ و هەموو جەستەت لەگەڵ خۆتا بەرە، کە ئەو هەنگاوە هەڵدەهێنیت باڵەکانت بەرەو پێشەوە دێن و لەگەڵ شانەکانت جووت دەبنەوە. کاتێک کە ئەو چەند هەنگاوە دەڕۆیتە پێشەوە قاچی ڕاستت دەنوشتێتەوە و قاچی چەپت تاڕادەیەک ڕێک وەستاوە. لە کاتێکدا کە مووڕەگەی پشتت ڕێک و ئاسۆیی ڕادەگریت، بەشێوەیەکی سەرەکی قورسایی جەستەت دەکەوێتە سەر قاچی ڕاستت. دواتر سەد و هەشتا پلە جەستەت بسووڕێنە و ڕووت بەرەو دواوە وەرچەرخێنە بەبێ ئەوەی شێوازی دانانی پێیەکانت بگۆڕی. تەنیا جەستەت لە شوێنی خۆت دەسووڕێنیت بەبێ ئەوەی هیچ یەکێک لە پێیەکانت بەرز بکەیتەوە. بەو جۆرە پشت دەکەیتە بینەران و ڕووت لە دیواری پشتەوەیە و قاچی چەپت بەرەو بەردەمی خۆت بردووەتە پێشەوە. لەو کاتەی کە وەردەچەرخێیت قورسایی جەستەت دەگوازیتەوە بۆ سەر پێی چەپت و بە کۆتایی ئەو جووڵەیەشت قاچی چەپت دەنوشتێتەوە. لە ماوەی ئەو سوڕانەوەیەتا باڵەکانت بەرەو دواوە دەجوولێن و جارێکی تر بەرەو پێشەوە دەگەڕێنەوە.

بۆ جارێکی تر لە شوێنی خۆتەوە هەمان پرۆسە سەرلەنوێ دەست پێ بکەرەوە: چەند هەنگاوێک بڕۆرە پێشەوە، ئەمجارە بەرەو باڵی ڕاستت خۆت وەربچەرخێنە. ئەو جوولەیەش لە پشتی قاچی چەپەوە، بەرەو ئاراستەی نوێ وەردەچەرخێیت. ئێستا ڕووت کردووەتە بەشی لای ڕاستی شانۆ. دواتر سەدو هەشتا پلە جەستەت بسووڕێنە و ڕووت بەرەو دواوە بەرەو لای چەپی

شانۆ وەرچەرخێنە. ئێستا تۆ هەردوو بەشی پێشەوە و پشتەوە و هەردوو باڵی ڕاست و چەپی ئەستێرەکەت تاقی کردەوە.

ئێستا مەشقەکەمان دەگوازینەوە بەرەو تاقیکردنەوەی هەر چوار گۆشە لارەکانی ئەستێرەکە. قاچی ڕاستت بەرەو ڕووکاری ڕاستی گۆشە لارەکە ببە و ڕووت لە بینەر وەرچەرخێنە (لە زمانی شانۆدا: ڕووکاری پشتەوەی ڕاستی شانۆ) دواتر سەدو هەشتا پلە جەستەت بەرەو ڕووکاری پێشەوەی چەپی شانۆ بسووڕێنە، ئێستا تۆ لە باڵی چەپی گۆشە لارەکە ڕووت کردووەتە بینەر. ئێستا لە ڕووکاری پێشەوەی ڕاستی شانۆدا قاچی ڕاستت بەرەو باڵی ڕاستی گۆشە لارەکە ڕووەو بینەر ڕابگرە و ئەمجا خۆت بەرەو باڵی چەپی گۆشە لارەکە لە ڕووکاری پشتەوەی چەپی شانۆدا وەرچەرخێنە و پشت بکەرە بینەر.

تۆ ئێستا ئامادەیت تەواوی گۆشەکانی ئەستێرەکە، بە هەنگاونان بە قاچی ڕاستت بەرەو ئاراستەی بینەر جارێکی تر دووپاتە بکەیتەوە. ئەو زنجیرە یەک لە دوای یەکە هەمیشە بە بردنە پێشەوەی قاچی ڕاست دەست پێ دەکات، ئەمجا وەرچەرخێ، قاچی ڕاستت ببەرە پێشێ، دواتر وەرچەرخێ. هەر کاتێک کە ئاراستەی خۆت بەرەو ڕووکارێکی تازە دەگۆڕیت، نەک هەر پێیەکانت بگرە سەرلەبەری جەستەت بەرەو ئەو ڕووکارە (پێشەوە) لەگەڵتا دەجوولێت. ئەوە یاریدەت دەدات کە هەستێکی هەقیقیت بە بۆشاییی تەختەی شانۆ هەبێت لە پێوەند بە بینەرەوە. لە شێوازی نواندندا، زەمینەی ئەو وێنە ئەستێرەیییە لەسەر تەختەی شانۆکە بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام کاتێ کە تۆ دەکەویتە دنیای ریالستیکی کارکردنەوە هیچ جۆرێک پێویست ناکات ئەوە بەتەواوی دیار و ئاشکرا بێت. دەکرێ تۆ بە ئاگابیت لەو هەشت ڕووکارە و دوور لە رۆحێکی میکانیکی نواندنی خۆتی لەسەر بنیات بنێیت و کارەکەت ئەوپەڕی سروشتی بوونی خۆی بپارێزێت و لە هەمان کاتیشدا پارێزگاری لە ڕوونی و بۆشایی خۆشی بکات. سەرباری

ئەوەی جووڵە لە نێو ئەو بۆشاییيەدا جەستە وابەستە دەکاتەوە بە هەموو ئاستە بەرزەکانی خۆیەوە، کە یاریدەت دەدەن هەستێکی قووڵت هەبێت بەرانبەر بەو پێوەندییە ئینسانییە بنچینەییيەی کە چواردەوری تۆی تەنیوە.

لە ڕووی پێوەندیمان بە زەمینەوە، ئەوە دەزانین کە گرفتاربوونی جەستە بە خاکەوە کاریگەرییەکی قووڵی هەیە، کە لە توانایدایە بتخاتە ناو دۆخێکی ئارام و سەقامگیرییەکی ناوەکییەوە. نازانم ئەوە چۆن ڕوو دەدات بەڵام گاریگەرییەکی لە بنەهاتووی هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە کە زۆربەی ئاینەکان بەکاری دەهێنن. تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەشدا زۆر گرینگە بیرلەوە بکەیتەوە کە چۆن و بەرەو کوێ جەستەت دەجووڵێنیت.

بەپێی بیر و ڕای ژاپۆنییەکان، کاتێک کە لاشەی مرۆڤ بۆ بەخاکسپاردن ئامادە دەکرێت؛ هەمیشە سەری مرۆڤەکە وا دادەنێن کە بەرەو باکور بێت. پەیکەری بودای ڕاکشاو هەمیشە جەستەی بەلای ڕاستا ڕاکشاوە، لە کاتێکا سەری ڕووی کردووەتە باکور. هەروەها بڕوایەکی تریش لە ژاپۆن هەیە، ئەگەر سەرت کردبێتە ڕۆئاوا؛ ناتوانی بەشێوەیەکی باش بنوویت. ئەو بڕوایەش پشتی بە لۆجیکی ئاراستەی سوڕانەوەی زەمین بەستووە.

ئەگەر تۆ بەو شێوازە بنوویت کە سەرت لەگەڵ ئاراستەی خولانەوەی زەمینا بسووڕێتەوە (بۆ نموونە بەرەو ڕۆهەڵات) ئەو هەستکردنە جیاوازە لەوەی کە سەرت بە ئاراستەی خۆرئاوا بێت. لەو دۆخەدا تۆ پێیەکانت لە پێشا دەسووڕێنەوە. ئەگەر تۆ بە جۆرێک دەنوویت کە تەختی نوستنەکەت هاوشانی هێڵی ئیستوا بێت، ئەوا سەرت بەرەو ڕۆهەڵات دابنێ. ئەگەر تۆ لە بەشی نیوەی باکوری زەمین دەژیت، لەگەڵ ئەوەشا باشترین داواکارییەک بۆ جۆری خەوتن ئەوەیە کە سەرت ڕووەو نێزیکترین جەمسەری زەمین دابنێی، بە مانایەکی تر بەرەو باکور. گریمانەی ئەوە دەکەم ئەگەر تۆ لە بەشی باشووری زەمین دەژیت، ئەوا دەکرێ سەرت ڕووەو باشوور دابنێیت.

من له ڕاستیدا نازانم ئایا هەموو ئەو بیرو باوەڕە نەریتییانە دروست و بەکەڵکن یان نا، بەڵام ئەوە ڕوونە کە ڕاکشان بە شێوازی جیاواز هەست و سۆزی ناوەکی جیاواز بەرهەم دێنێت. هەموومان دەزانین کە ڕاکشان لەسەر لای ڕاستمان بەتەواوی جیاوازە لە ڕاکشان بەسەر لای چەپماندا. بێگومان هەر یەکێکیش لە ئێمە ئارەزوویەکی تایبەتی خۆمان هەیە لە هەڵبژاردنی جۆری نوستنماندا. بەمانایەکی تر ئێمە بە تەونێکی جیاوازی کات و شوێن دەورە دراوین و جەستەی ئێمە دەکەوێتە چەقی باکورەوە، باشوورەوە، ڕۆژهەڵات، ڕۆئاوا، سەروو، خواروو، ڕاست، چەپ، ڕابردوو، داهاتوو، لەدایکبوون و مردنەوە.

**دانیشتن**

بارێکی تر کە دەبێت سەرنجی بدەینێ دانیشتنە، لە ڕۆئاوادا ئەکتەرەکان زیاتر پشت بە جوولەی ڕاوەستان دەبەستن، یان دانیشتن لەسەر کورسی، زۆر بەدەگمەن ڕێ دەکەوێت لەسەر ئەرز دابنیشن. بەڵام لە شانۆی ژاپۆنیدا دانیشتن لەسەر ئەرز ئەو باری دانیشتنەیە کە بەزۆری لە نواندندا بەکار دەهێنرێت. بەکارهێنانی ئەرز زەمینەیەکی فرەوان بۆ بینینی بینەر والا دەکات، لەگەڵ ئەوەشا جوولان لە نێوان دانیشتن و وەستاندا جێگەی بایەخە. کارێکی سادە کە دەبێت ئاگەداری بین ئەوەیە کە ئەگەر لەسەر ئەرزەکە دادەنیشیت؛ دەبێت جۆرێکی ئەوتۆی دانیشتن بەکار بهێنیت کە ئەوپەڕی تواناکانی جوولەت بۆ فەراهەم و سادە بکاتەوە، بەتایبەتی توانای بەرزبوونەوە و هەستان.

بارێکی دانیشتن کە زۆر باو و شیاو بێت نوشتانەوەی قاچەکانە لە شێوەی (دانیشتنی بەرگدروو) دا، بەڵام ئەوە بە تەواوی سنووردار و دیاریکراوە و گرانییەک کە بۆ هەنگاوی داهاتوو ڕواوڕوومان دەبێتەوە، ئامادەبوونە بۆ هەستان یان بۆ هەر جوولەیەکی تری نەرم و ئاسان.

ئەو باری دانیشتنە زۆر دامەزراوە، یاریدەت دەدات بۆ درێژترین ماوە دابنیشیت بەڵام هیچ نێوانێکی لەگەڵ جموجۆڵدا نییە.

باری دانیشتنەکانی تر، بۆ نموونە دانیشتن لەسەر پاژنەی پێ، چ جای پەنجەکانی پێت والابن (شێوازی ژاپۆنی) یان نوشتابنەوە ژێر خۆت (کە زۆر جار لە گۆزەگەری کۆنی یۆنانیدا دەبینرێت) ئازادی زۆرت پێ دەبەخشن.

لەو بارانەدا، جەستەت لەوپەڕی ئامادەباشیدایە بۆ کارکردن و دەتوانی بەوپەڕی خێرایی بجوڵێیت. ئەگەر دەتەوێت لەئەرزەوە چالاکی ئەنجام بدەیت و پارێزگاری بە ئازادی خۆتەوە بکەیت ئەوا زۆر ئاسانە کە لەو باری دانیشتنانەوە دەست پێبکەیت. مەشقێکی بەکەڵک ئەوەیە کە زۆر بەسادەیی هەندێک کات تەرخان بکە بۆ ئەوەی کە جەستەت چۆن لە نێوان دانیشتن و هەستانەوەدا کاری خۆی ئەنجام دەدات، بەشێوەیەکی تایبەتی هەوڵ بدە کە ئەو جوولەیە بەوپەڕی هێواشی ڕابپەڕێنیت؛ بۆ نموونە با پێنج خولەک لە ڕاوەستانەوە تا دانیشتن بخایەنێت. بەو ڕێگایە، باشترین شێوازی کردەیی پرۆسێسەکەت بۆ دەردەکەوێت لەوەی کە چۆن سەرت ڕادەگریت، جەستەت سەقامگیر دەکەیت، لە چ کاتێکا قورسایی خۆت دەگوازیتەوە و کام ڕانەت زۆرترینی کارەکان ئەنجام دەدات و بەو جۆرە.

هەروەها دەبێت لە کاتی ئەو مەشقەدا ئەندێشەت وەک بەشێکی توندوتۆڵی ئەو ڕاهێنانە بخەیتە جوولە.

کاتێک کە دەنوشتێیتەوە دەتوانی ئەو ئەندێشەیە بەکار بهێنیت کە لەوەبەر باسمان کرد سەبارەت بەوەی هێزی ڕاکێشانی زەوی، جەستەت بەرەو قووڵایی زەمین کێش دەکات و بۆ دەمی هەستانەوەش تۆ بووکەڵەیەکیت و هەوداکان بە ئاسمانەوە گرێیان داویت؛ یاوەخود هەندێک ئەندێشەی تر بەکار بهێنە.

وەک بەشێک لە تێگەیشتنی جەستەت، پێویستت بەوەیە کە جیاوازی لە نێوان گرژبوون و خاوبوونەوەدا درک پێ بکەیت و چۆنیش دەتوانی کۆنترۆڵی هەر یەک لەو دوو دۆخە بکەیت. لە کاتی پراکتیکا بەدەستهێنانی ئەوە زۆر سەختە، بەتایبەتی ئەگەر کەسێک داوات لێ بکات (خاوبەرەوە، ئێستا هەوڵ بدە تەنیا خاوبیتەوە) تۆ نازانی چۆن دەست بەخاوبوونەوە بکەیت. تەنیا ڕێگایەک بۆ گەیشتن بەو ئاستە، ئەوەیە کە هەموو ماسوولکەکانی جەستەت پەرژ بکەیتەوە و ئەوەندەی بۆت دەکرێ خۆت گرژ بکەیت، ئیدی تۆ دەزانیت کە گرژبوون چۆنە، ئەمجا لە پرێکا هەموو ماسوولکەکانت شل یان ئازاد بکە. لە هەمان کاتا بۆت ڕوون دەبێتەوە کە پێچەوانەی گرژبوون چۆنە. بیرۆکەی پێچەوانە بەکارهێنان لەگەڵێک جێگەی تردا زۆر بەکەڵکە. بۆ نموونە (ئەگەر بتەوێت بازێکی بەرز بدەی) ئەوا دەبێت ئەژنۆکانت تەواو بنوشتێنیتەوە. بۆ ئەوەی بە دەستەکانت بە تەپڵێکا بکێشیت ئەوا دەبێت لە سەرەتا دەستت لە ئامێرەکە دوور بخەیتەوە، چەندێک دەستەکانت دوورتر بخەیتەوە ئەوەندە بەهێزتر دەکێشیتەوە بە ڕووی تەپڵەکەدا و دەنگی زیاتریشی لێوە دێت.

جارێکیان پیاوێک هەبوو کە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ سەرقاڵی شانۆی نوو بوو، لە کۆتاییدا مامۆستاکەی پێی دەڵێت:

" تۆ ڕۆژگارێکی دوورو درێژە خۆت ماندوو کردووە، پێموایە ئەوەندە فێر بوویت کە ئیدی مافی خۆت بێت نهێنییەکانی کەلەپووری نواندنی شانۆی نوو وەربگریت. ئەوە کۆپییەکی ئەو پەرتووکە نهێنی ئامێزەمانە. "

قوتابییەکە زۆر بەوە شاگەشکە بوو کە ئەو بەخششەی پێ ڕەوا بینراوە، زۆر بە سادەیی سوپاسی مامۆستاکەی کردو زۆر بەخێرایی ڕایکرد بەدوای دۆزینەوەی شوێنێکی تایبەتدا بۆ ئەوەی ئەو کتێبە بەنرخەی تیا بخوێنێتەوە.

بەرگەکەی هەڵدایەوە و لاپەڕەی یەکەمی سپی بوو.

لاپەرەی داهاتووش هەروەها سپی بوو، لاپەڕە بە دوای لاپەڕەدا تا دوایین لاپەڕە، سپی بوو. لە دوایین لاپەڕەدا نوسرابوو؛ هەموو هێزی خۆت لە پەنجە تووتەدا کۆ بکەرەوە. قوتابییەکە بەتەواوی سەرسامی دایگرت. بۆی نەکرا لەوە تێ بگات کە ئەوە مانای چی دەدات. بەڵام هەمان ئامۆژگاری کە لە هونەرە جەنگییەکاندا دەدرێ، کاتێک کە سامۆرای شمشێرەکەی دەگرێت، شمشێرەکەی بە دەستی یان بە باڵی، یان تەنانەت بە کەڵەموستی، هەڵناگرێت. ئەو هەموو ئەندێشەی دەخاتە سەر پەنجەتووتەی. لەو ڕێگایەوە جوولەی هەم بەهێز و هەم ئازاد دەبێت.

ئەگەر لە ڕێی هەر چالاکییەکەوە کە تۆ ئارەزووی دەکەیت بۆ خۆت هەوڵ بدەیت، بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ئەوە چەندێک کاریگەرە. کوپێک هەڵبگرە هەر وەک چۆن بە شێوەیەکی سادە لە ژیانی ڕۆژانەدا کوپێک هەڵدەگریت، دەست و پەنجەکانت بەکار بهێنە، بەڵام هەوڵ بدە هەموو هێز و توانای خۆت لەسەر پەنجەتووتەت کۆ بکەرەوە. لە ڕاستیدا ئەوە پەنجە تووتەیە کە کوپەکەی ڕاگرتووە، زۆر بەسادەیی هەموو ئەوانی تر کاریان تەنیا هاوسەنگی و ڕێنیشاندانە. لەبەر چەند هۆیەک زۆر جیاواز دەنوێنێت، بەکارهێنانی ئەو پەنجەیە وادەکات کە وزە زۆر بەگەرموگوڕیەوە هاتوچۆ بکات. سەرباری ئەوە، ئەمجارە ئەگەر بتەوێ، کوپەکە هەڵبگرە و هەموو سەرنجت بخەرە سەر باڵت ئەو کاتە شانت بەرەو توندبوونەوە دەچێت و لەسەر شانۆ زۆر گرژ دەنوێنێت. تۆ ئەگەر هێزی خۆت لەسەر هەر شوێنێکی تر کۆبکەیتەوە، لە کاتی پرۆسەکەدا کەس نایبینێت و جوولانەوەکانیشت ئەوپەڕی سادەیی پێوە دیار دەبێت. مامۆستایەکی تری شانۆی نوو، گوزارشتێکی تەواو جیاوازی لەوە کردووە و دەڵێ:

" نهێنییەکە لە پەنجە تووتە و چەمانەوەی پێ دایە. هەموو هێزی خۆت لەوێ دادەنێیت. من ناتوانم هۆکەیت پێ بڵێم، بەڵام ئەوە نهێنییەکەیە. "

له ڕاستیدا گرژکردنی ماسوولکەکان بەتوندی لەو جێگەیانەدا کارێکی نەکردەیە، بەڵام، لە ڕێی بیرکردنەوەوە لەو جێگەیانە، ئەوا دەکرێ سەرنجت لەسەر سەرت، ملت، ڕانت (لەو جێگەیانەی کە گرژبوونی ماسوولکەکان گرفتی شاراوە بۆ ئەکتەر دەخوڵقێنن) دووربخەیتەوە.

## ڕۆیشتن

کاتێک تێبینی کەسێک دەکەیت کە بە شێوەیەکی سروشتی باش دەڕوات، لەوە ناکات کە لە کەمەرەوە بۆ سەری بەهیچ جۆرێک بجوولێت. پێتوایە تەنیا شوێنێک کە لە جوولەدایە ڕانەکانێتی، لە کاتێکا بەشی سەرەوەی بەتەواوی ' ئارامە '.

' ئارام ' نییە لە ڕەقی یاوەخود لە جوولەی ماسوولکەیی، بگرە ئارامە لە خاوبوونەوەیەکی تەواو. جەستە خامۆشە، تەنانەت ئەندامە ناوەکییەکان تەواوێک ئارامن. لەو ڕێگەیەوە بۆت دەکرێ بەبێ ئەوەی ماندوو بیت، زۆر بەئاسانی بۆ درێژترین ماوە بە ڕێڕۆیشتن بڕۆیت. تۆ دەتوانی لە شانۆی نوودا ئەو کردارە ببینیت. جەستەی ئەکتەر بۆ خۆی بەهیچ جۆرێک ناجوولێت، بگرە لەوە دەکات بەوپەڕی سادەییەوە بە قاچەکانییان لەسەر تەختەی شانۆ بجوولێتەوە. ئەکتەرەکان لەوە دەکەن بەجەستەی خۆیانەوە بەوپەڕی ئاسوودەییەوە (دانیشتبن) لە ئاکامیشدا جوولەکانیان تەواوێک هاوسەنگە. ماسوولکەکان بەوپەڕی خاوبوونەوەوە بەڵام بەتەواوی هێز و توانای خۆیانەوە کاری خۆیان ڕایی دەکەن، بەڵام بەشێک لە ئاسانیی کارەکە دەرەنجامی ئەوەیە کە لە ناوەوە ڕوو دەدات. سەروەختێک کە سەرگەرمی خوێندنی شانۆی نوویت، بەشێوەیەکی بەردەوام لەسەر گرینگیی هارا دەمێنیتەوە و ئەو ناوچەیەش بە کراوەیی دەهێڵدرێتەوە یان پارێزی لێ دەکرێت. لە دەرەنجامدا، وزەی ناوەکی دەکرێ گرد بێتەوە و بەو هۆیەشەوە لە ڕووی فیزیکییەوە ناوەند و سەقامگیریت ڕادەگرێت. ئەکتەری باش

بەوپەڕی ئاسوودەییيەوە مەحکەمە، وەک درەخت سەرسەخت و دژوار نییە، بگرە وەک ئاو نەرمە. هەوڵ بدە ئەم مەشقە ڕایی بکەیت. بەوپەڕی ئارامی ڕابوەستە و ڕوو بکەرە هاوڕێیەکت. تۆ ئارام و ئامادەیت. هاوڕێکەت هەوڵ دەدات بەوەی بە خێرایی لە شانی ڕاستت یان لە چەپتەوە، لە کەمەری چەپت یان ڕاستەوە؛ پاڵت پێوە بنێت و سەقامگیریت بشێوێنێت (هەر جارەی لە لایەکەوە، نەک هەموو لاکان پێکەوە) هاوڕێکەت هەوڵ دەدات زەفەرت لێ بهێنێت و تۆ دڵنیا نیت لە چ لایەکەوە لێ دەدرێیت. ئەگەر تۆ هاوسەنگیی خۆت ڕاگرتبێت ئەوا هاوڕێکەت بۆی ناکرێ بەهیچ جۆرێک سەنگینیت لێ بشێوێنێت. گرینگ نییە چەندێک بە هێزەوە پاڵت پێوە دەنێت، زۆر بەئاسانی بەرگەی ئەو کاریگەرییە دەگریت و بگەڕێرەوە بۆ سەر ئارامی و ڕاوەستاوییەکەی خۆت. تۆ بە ماسوولکەی گرژەوە بەرگەی ئەو پاڵپێوەنانە ناگریت، بگرە تۆ ئارام و ئامادە وەستاویت؛ بۆت دەکرێت بەرەنگاری هەر پاڵەپەستۆیەک بیتەوە کە لە ئارادایە یان کە دوچاری دێیت. کاتێک کە هارا کراوەیە، وزەی ناوەکی پەرە دەستێنێت و وات لێ دەکات زێدەتر هاوسەنگیی خۆت بپارێزیت. سەرباری ئەوەش، لەو دەمەوەی کە سەرنجدانی دەنگی دەکەوێتە ژێر ناوکەوە، هارایەکی کراوە لێرەدا ڕۆڵی خۆی دەگێرێت. لەبەرانبەر ئەوەدا ئەگەر تۆ سنگت والا بکەیت؛ ئەوا بە ناهاوسەنگی دەمێنیتەوە. تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەدا کاتێک تۆ سەرگەرمی هاتوچۆیت قورسایی وزەت خستبێتە سەر نیوەی بەشی سەرەوەی جەستەت ئەوا زۆر بەخێرایی دوچاری ماندووبوون دەبیتەوە.

ئەگەر تۆ وزەی خۆت بگوازیتەوە بۆ (هارا) ت، بۆت دەکرێ بۆ ماوەیەکی درێژتر بەردەوام بیت و کەمتریش هەست بە ماندووبوون بکەیت. هەوڵ بدە (سروشتی بڕۆیت) تەنیا بڕۆ بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی زیاد بخەیتە سەر ڕۆیشتنەکەت.

بۆت دەردەکەوێ ڕۆیشتنەکەت بێهاوتایە. بە دڵنیایی شایستەیە. هەر

کەسێک هەوڵ دەدات (سروشتی) بێت، بەڵام ڕۆیشتنی سروشتییان، زۆر ئاڵۆزە و ڕەنگدانەوەی کەسایەتیانە.

لەوانەیە کەسێک باڵی ڕاستی زێدەتر لە باڵی چەپی بجوولێنێت. کەسێکی تر شانی چەپی بەرزتر لە شانی ڕاستی ڕابگرێت، یاوەخود سەری بەلایەکدا زیاتر خوار بکاتەوە. ئەو جیاوازییە بچووکانەیە کە وادەکات هەر کەسێک تایبەتمەندیی خۆی هەبێت. ئەو تایبەتمەندییانە هەندێک جار ئەفسوونی خۆیان هەیە و سەرنجڕاکێشن، هەندێک جاری تریش وا دەکەونە ڕوو کە ناقۆڵابن. بەڵام ئەگەر سەرنجی ئاژەڵ بدەیت ئەو تایبەتمەندییە یان ئەو جیاوازییانە لە کەسایەتییاندا ناکەونە ڕوو. پشیلەیەکی ژاپۆنی بەهەمان شێوەی پشیلەیەکی ئەوروپی یان ئەفریکی دەڕواو دەجووڵێتەوە. هەر کەسێک دەگریت بەشێوەیەکی قووڵ کەوتووەتە ژێر کاریگەریی کولتووری (وڵات، کۆمەڵگا، چین...) کەی خۆیەوە. مێژووی تایبەتی کەسێتیش وێنەیەکی سروشتی پێ دەبەخشێت. ئەگەر چی جێی شادییە کە خاوەنی جەستەیەکی دەگمەن و ناوازە بیت، بەڵام ئەکتەر دەبێت لە توانایدا بێت کە تا مەودایەکی بەرفرەوان ڕۆڵی کەسایەتی و کارەکتەری جیاواز یاری بکا و لە پێناوی دۆزینەوە و بەرجەستەکردنی کارەکتەرە جیاوازەکاندا، دەبێ بۆیان ئاسان بلوێ کە بەرگی کەسایەتی خۆیان فڕێبدەن. هەر کارەکتەرێک کە تۆ ڕۆڵی دەبینیت تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەبێ بگەڕێی بە دوای ئەو جەستە تایبەت و دەگمەنەیدا. بۆ ئەوەی ئەو پرۆسێسەش ئاسان بێت، ئەوە ڕێگات بۆ خۆش دەکات کە بەدوای جەستەیەکی (بێلایەن)دا بگەڕێیت: جەستەیەک کە بەمانا سادەکەی (ئینسان) ی بێت و رەنگدانەوەی مێژووی کەسایەتیی خۆت نەبێت. ئەو جەستەیەی کە تۆ لەگەڵی لە دایک بوویت و هیچ شتێکی زیادی نەخراوەتە سەر، دەستکاری کردنیشی ئاسان نییە، بەڵام هەر ئەوەندەی تێگەیشتنت بۆ ئەو جەستەیە هەبوو، ئیدی دەکرێ دەروازەیەکی بۆ والا بکەیت و ئەوە بدۆزیتەوە کە چۆن بەشێوەیەکی

(سروشتی بڕۆیت). لەسەر ئاستێکی زۆر سادە، کاتێ کە دەڕۆیت هەوڵ بدە هەردوو پێت یەکسان دابنێیت، لە پێشا پێی ڕاستت بجووڵێنە و ئەمجا پێی چەپت، هەر پێیەکت قورسایی و کێشی هاوسەنگیی خۆی بدەرێ؛ دڵنیابە لەوەی کە جەستەت بەتەواوی ڕێک و هاوسەنگە. هەوڵ بدە کە گەوهەری ڕێ ڕۆیشتن بدۆزیتەوە. داوونەریتێکی تری ژاپۆنی، داوا دەکات کە باوکان بەرلەوەی کە ڕێگە بە شووکردنی کچەکانیان بدەن، پێڵاوی زاواکانیان تەماشا بکەن. ئەگەر پاژنەی پێی سوابێت، ئەوە نیشانەیەکی شووم و خراپە؛ ئەوە دەردەخات کە پیاوێکی تەمەڵ و تەوەزەلە. لە پێشهاتێکی ئاواشدا دەبێت دەرگای چوونە دەرەوە نیشانی گەنجی خوازبێنیکەر بدرێت. ئەگەر پێڵاوەکانی زاواش لە پێشەوە سوابێت، ئەوە بەختێکی باشە. لەوانەیە هەڵسەنگاندنێکی بەپەلە بێ، بەڵام جەستە تەندروست و پڕ هێز و توانایە و هەروەها هیوایەکی گەشی بۆ داهاتوویەکی پرشنگدار لێ چاوەڕوان دەکرێت. لەو دەمەشدا روخسەتی زەماوەند لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

ئەو بیرۆکەیە بەهەمان شێوە لە هونەرە جەنگییەکانیشدا ڕەنگ دەداتەوە، کاتێک کە قورسایی جەستە دەکەوێتە سەر پێشی پێ، لە شانۆی نووشدا بە هەمان شێوەیە. ئەوە مانای ئەوە نییە کە تۆ بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەسەر نووکی پەنجەکانی پێت سەما بکەیت، یان لەسەر شێوازی ڕێو ڕۆیشتنی بالێ (پەنجەکانی پێ، بەر لە پاژنەی پێ کەوتبنە سەر ئەرزەکە) ئەگەرچی لە ڕێوڕۆیشتنی ئاساییدا، لە سەرەتاوە پاژنەی پێ پابەند دەبێت بە زەوییەوە و پاشان قورسایی دەگوازرێتەوە بۆ بەشی پێشەوەی پێ. گرینگ ئەوەیە کە قورسایی جەستە بگوازرێتەوە بۆ سەر پەنجەکانی پێ، لە جیاتی ئەوەی هەر لەسەر پاژنەی پێ بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەی کە قورسایی جەستە لەسەر پەنجەکانی پێ ڕادەگیرێت، کرداری ڕێوڕۆیشتن لە هاراوە دەست پێ دەکات. تۆ لەسەر (سەنتەر) دەڕۆیت و پەنجەکانی پێت لە زەوییەکە توند دەبن تا بەوپەڕی هێزەوە بەرەو پێشەوەت بەرێ. ئەگەر لە کاتی ڕاوەستاندا ئەو

ڕێوشـوێنە هەڵبگریت ئـەوا بۆت دەکرێ زۆر بەخـێرایی کـاردانەوەت هەبێ و زۆر ئازادانەش بجـوولێـیت. ڕۆژێـک سـامـۆڕاییـیـەکی بەناوبـانگ دەڕوات بۆ بینینی نمایشێکی نوو کە لە لایەن ئەکتەرێکی بەئەزمـوونەوە نمایش دەکرێ. کـاتێ کە لـە نمایشـەکە دەگـەڕێتـەوە، هـاوڕێیەکـی لێی دەپرسێت کە بیـروڕای لەبارەی ئەکتەرەکە چۆن بوو. سامۆراییەکە دەڵێت:

" بەڕاسـتی زۆر کـارامـەیە و نواندنەکـەی زۆر سـەرنجـڕاکـێش بـوو؛ هیچ دەروازەیەکی بۆ ئەوە نەهێشتبووەوە کە لە هیچ شـوێنێکەوە بتوانـی هێرشـی بکەیتە سەر. "

هـەر کـاتێک کـە لە سـادەیی ڕۆیشتن تێگەیشـتـیت، ئەو کـاتە بیـر لە پێچکردنەوە بە ڕووکارەکاندا دەکەیتەوە.

پێت سەیرە، پێچکردنەوە بەلای ڕاستا و پێچکردنەوە بەلای چەپدا هەمان هەست بەرهـەم ناهێنێت. لـە ڕووی تیـئـۆرییـەوە دەبێت یەکـسـان بن، لەبەرئەوەی جوولەکان یەکسانن، بەڵام بەهەر شێوەیەک بێت هەست و سۆزە ناوەکییەکان جیاوازن.

(ئەوە جـێی سـەرسـوڕمـانە کـە تێبـینی ئەوە بکرێت کـە زۆرینەی خـەڵک کاتێک چاویان دەنووقێنن بەلای چەپدا خوار دەبنەوە) من نازانم بۆچی هەر ڕووکـارێک بۆ خـۆی هەست و سـۆزێکی ناوەکی جـیـاواز بەرهـەم دەهێنێت، بەڵام ئـەو دیاردەیە زۆر بەدڵنیـایی بوونی هـەیە. لە شـانۆی نوودا ئەوە هـیچ گومان هەڵناگرێ و گەیشـتونەتە ڕێکەوتنێکی تایبـەت لەبارەیەوە. کاتێک کە ئەکتـەر هەندێک چالاکی دەنوێنێت، وەک بیەوێت بچێت بۆ جەنگ؛ ئەوا بەرەو لای ڕاست هەنگاو دەنێت. ئەگەر بگەڕێتـەوە ماڵێ، یان هـەست بە خـەمگینی بکـات، بەرەو لای چـەپ وەردەگـەڕێت. بۆ تـۆش ڕەنگە هـەسـت و سـۆزە ناوەکییەکان جیاواز بنوێنن، تاقییان بکەرەوە و لێیان بڕوانە.

## چێژ

کاتێک کە ئەو مەشقانە جێبەجێ دەکەیت، زۆر گرینگە ئەوەت لە یاد بێت کە چێژ لە جوولەکانت وەربگریت. هەر بە شێوەیەکی ئامێرییانە ڕاییکردنی ئەو مەشقانە هیچ مانایەک نابەخشن. دەبێت هەوڵ بدەیت تێبینی جیاوازی ئەو کاریگەرییانە لەسەر جەستە بکەیت. جیاوازی تەواو لە نێوان ئەوەی کە باڵەکانت ستوونی ڕاگرتبن لەگەڵ ئەوەی کە ئاسۆیی بن چییە؟ ئەوەش تەنیا جوولەیەکی گەورە نییە کە بەو ڕێگایە لێی بکۆڵیتەوە. تەنیا یەک دەستت بەکار بهێنە و بە کراوەیی بیهێڵەوە و دواتر دایبخە: کاریگەرییەکەی یەک هەستت پێ نابەخشێ. دەستێکت بخولێنەوە، بەرەو خۆت بیهێنە پێشەوە، دواتر لە جەستەی خۆتی دوور بخەرەوە. دەستت لە شێوەی کۆڵە مستێک دابخە و دواتر دەستت واڵا بکە، واڵا کردنەوەی دەستت لە پەنجە تووتەوە، جیاوازییەکت پێ دەبەخشێت و لەگەڵ واڵاکردنەوەی دەستت لە پەنجە گەورەوە چوون یەک نییە.

ئەوانە جوولەی زۆر بچکۆلە و وردن، بەڵام ئەوانە بە شێوەی جیاواز کاریگەری لەسەر دەروونت جێ دەهێڵێت.

کاتێک سەرقاڵی کارکردنیت ئەوەت لە یاد بێت کە تۆ ئامێرێک نیت، بەتەواویش هەست بەوە بکەیت کە چۆن هەر جوولەیەکی جەستەت کاریگەری لەسەر دنیای ناوەوەشت جێ دەهێڵێت. کاتێک کە من لە بارەی ئەو گۆڕانگارییانە دەدوێم کە لەسەر هەست جێ دەمێنێت، هەر بەتەنیا ئاماژەیەک نییە بۆ لایەنی سۆز یان بۆ لایەنی دەروونی، بگرە شتگەلێکن زۆر لەوە واوەتر: بگرە تەواوی جەستە وەڵام دەداتەوە. زۆر گرینگە لەوە تێ بگەین کە نواندن هەر بەتەنیا جۆش و خرۆش نییە، یاوەخود جوولان نییە، یان ئەو فەرمان و کردارانەی کە بەشێوەیەکی گشتی وەک (نواندن) دەیناسینەوە. بگرە ئاستێکی بنەرەتی باڵاتر دەبڕێت: هەست و سۆزە بنچینەییەکانی

جەستە. یەکێک لە مامۆستاکانم دەیگوت:

" تۆ وەک ئەکتەرێک پێویست بەوە نییە تیئۆریستێک بیت. زۆر مەچۆ نێو قووڵایی لۆجیکەوە، یاوەخود زۆر خۆت بە تێگەیشتنە ڕۆشنبیرییەکاندا هەڵمەواسە. لە ڕێی جەستەوە فێر بە ".

لەو کاتەوەی کە ئەمانە کۆمەڵە مەشقێکی ڕۆشنگەریین، لەوە دەکات کە نووسینی ئەم کتێبەش بۆ خۆی بیرۆکەیەکی خراپ بێت. خاڵێکی سەرەکی کە دەبێت لە یادت بێت ئەوەیە کە دەبێ تۆ بەجەستەت نمایش بکەیت، نەک بە مێشکت. کردەی نواندن وەک هەمان تێگەی ڕۆشنگەری یان تیئۆری نییە.

هەموو ئەو بەشانەی کە یۆشی کاری لەسەر دەکات گرینگی لەسەر بایەخی جەستە دەکەنەوە. کاتێ کە تەواو سەرقاڵی فێرکردنە، ڕۆژەکەی بە کۆمەڵێ مەشقی فیزیکی بەهێز دەست پێ دەکات کە بۆ ماوەیەکی درێژ دەخایەنن، زۆر جار بۆ دوو یان سێ سەعات دەخایەنن. لە کاتێکا کە زۆرینەی ڕاهێنەرەکانی تر لەوە دەکات بەهەمان کار هەڵستن، بەڵام ڕوانینی یۆشی گەلێک جیاوازە. بەلای یۆشییەوە، مەبەست لە کاری جەستەیی بۆ گەرمبوون نییە، یان بۆ بەهێزبوون و ئامادەبوون نییە، یان بۆ ئەوەی بزانی چۆن بەشێوەیەکی (باشتر) بجوولێیت (ئەوانە کەڵکە لاوەکییەکانن). ئەوە ئامادەبوون نییە بۆ نمایش. بە ڕوانینی ئەو، کاری جەستەیی وا لە ئەکتەر دەکات کە تێگەیشتنێکی قووڵی بۆ سەرجەم پرۆسێسەکە هەبێت: لە ڕێگەی جەستەوە کۆمەڵە شتێک فێربیت کە دەکەونە ئەودیووی جەستەوە. بۆ بەدەستهێنانی ئەوەش دەبێت لە هەموو کات و ساتێکدا بەتەواوی گۆشت و خوێنەوە (ئامادە) بیت، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە سەرگەرمی کۆمەڵە مەشقێکیت کە بەهیچ جۆرێک پێوەندییان بە کاری یۆشی وە نییە. (ل. م)

# ٣

## نواندن

### جۆ ، ها ، کایۆ

من زۆرجـار داوا لە گـرووپێک ئەکتـەر دەکـەم کـە لە شـێـوەی بازنەیەکدا دابنیشن، چاوەکانیان بنووقێنن و بەهـاوئاهەنگی چەپڵە بکوتن، بەڵام هەوڵ بدەن کـە دەنگەکـە هارمـۆنی بێت. نە کـەسـێک ڕۆڵی پێشـڕەو ببینێت و نە ریتمـەکەشی بگۆڕدرێت. هەرجارێک، کە گرووپەکە پێکەوە بەردەوام دەبن، چەپڵــە لێـدانەکــە بەشـێـوەیەکی هەست پێ نەکـراو بەرەو بەرزبوونەوە هەڵدەکـشـێت تـا دەگـاتـە لووتکە؛ سـەرلەنوێ جـارێکی تر دەنگەکـە بەرەو نزمـبـوونەوە دادەکـشـێت (بەڵام ئەوەندەی سـەرەتای دەسـتـپـێکردن نزم نەبێـتـەوە) بەردەوام بە لەســەر ئەوەی دەنگی چەپڵــە کـوتانەکــە بەرەو بەرزبوونەوە هەڵبکشێت تا بۆ جاری دووەم دەگاتەوە لووتکە و ئیتر بەو جۆرە درێژەی پێ بدە.

شەشسەد ساڵ لەمەوبەر، زیمی گەورە فێرکاری نووی ژاپۆنی گوتی:

" هەر دیاردەیەک لە گــەردووندا بـۆ خــۆی بەناو زنجــیــرەیەک ڕووداوی پەرەسـەندووی یەک لە دوای یەکدا تێدەپەڕێت. تەنانـەت خوێندنی باڵندەیەک

یان گیزە گیزی مێشوولەیەکیش پەیڕەوی لەو پەرەسەندنە دەکات؛ کە پێی دەگوترێت جۆ، ها کایۆ "

مۆتۆکایۆ زیمی، سالّی (١٣٦٣ بۆ ١٤٤٣) بە دامەزرێنەری شانۆی نوو دادەنرێت. هەر دوو شێوازی ' ساروگاکو ' لەگەڵ 'دەنکاکو ' کە دوو شێوازی کۆنی نواندنن؛ پێکەوەی گرێدان. ساروگاکو (ئەگەر بە وشە وەربگێردرێت مانای مۆسیقای مەیموون دەبەخشێت) شێوازێکی سەرگەرمیکردنی ناسراو بووە، تێکەڵێک بووە لە کۆمیدیا و ئەکرۆبات.

(ساروگاکو، شێوازێکی کۆنی نواندن بووە لە سەدەکانی یازدە تا چواردە لە ژاپۆن، تێکەڵێک بووە لە ئەکرۆبات و سیحربازی و پانتۆمایم؛ کە ئەمڕۆ بە یاری سێرک بەناوبانگە. و. کوردی) دەنکاکو؛ بە واتای (کێڵگەی مۆسیقا) سەرچاوەی لە گۆرانی و سەما هەڵگرتووە و وەک بەشێک لە ریتواڵێکی کشتوکاڵی نمایش کراوە. (ئەم تەرزی نواندنە تایبەت بووە بە جووتیارەکان کە لە گوندەکاندا، لە ساڵی نوێدا یان لە سەرەتای هاویندا بە تایبەتی لە دەمی مەرەزەکردندا ئاهەنگیان گێڕاوە، دواتر ئەو تەرزی نواندنە براوەتە شارەکان و شانۆی نووی لێوە هاتووەتە دەرێ. و. کوردی)

کاتێک کە ئەم هونەرە تازە خولّقاوە، زیمی چ لە ڕووی بابەت و فۆرمەوە و چ لە ڕووی تەکنیکی نواندنەوە چاکسازی تیا کردووە. بۆ ئەوەی ڕوانینی خۆی بۆ ئەکتەرانی نەوەی داهاتوو جێ بهێڵێت، گەلێک نووسراوی لەو بارەیەوە نووسیوە. لە لای خێزانی شانۆی نوو، ئەم کتێبە بۆ ماوەیەکی زۆر بە نهێنی پارێزراوە و بە ڕێکەوتێک بۆ یەکەمین جار لەساڵی ١٩٠٨ کۆکراوەی ئەو نووسینانە وەک کتێبێکی تایبەت لە کتێبخانەیەکی دەستی دوودا بینراوە و ئەوەش وای کردووە کە

ئەو زانیارییانە بکەونە بەر دەستی خەڵکی.

سەرباری ئەوەی ئەو کتێبە سەدان ساڵ بەر لە ئەمڕۆ نووسراوە، بیرو باوەڕە سەرنجڕاکێشەکانی تا بە ڕۆژانی ئەمڕۆمان دەگات لە لایەن شانۆی هاوچەرخ و (شانۆی ڕۆژئاواشەوە) جێگەی سەرسوڕمان و تێڕامان بووە. ئەگەرچی شانۆی ژاپۆنی زۆر پێداگیری لەسەر مەرجەکانی نواندن دەکاتەوە، گەلێک لەو داوونەریتانەش پشتی بە تێبینیکردنی وردی تەرزە سروشتییەکان بەستووە. زیمی تێبینی یەکێک لەو تەرزانەی کردووە کە ساختومانێکی ریتمییە بە ناوی ' جۆ، ها، کایۆ '.

(وشەی جۆ؛ لە ڕووی واتاوە بە مانای ' دەروازە ' یان 'سەرەتا ' دێت. وشەی ها؛ بەمانای ' گەشەسەندن ' یان ' پشوو ' دێت. وشەی کایۆ؛ بە مانای 'خێرا ' یان ' لووتکە ' دێت. بەپێی ئەو ساختومانە تۆ بە هێواشی دەست پێ دەکەیت و دواتر زۆر بە نەرمی و بە شێنەیی ڕوەو لووتکە تا دێت بەرەو بەرزبوونەوە هەڵدەکشێیت. دوای گەیشتنە لووتکەش وچانێک دێت و دواتریش جارێکی تر هەمان بازنە لە خاوییەوە بەرەو خێرایی بە شێوەیەکی یەک لە دوای یەک دووبارەی دەکەیتەوە.

جۆ، ها، کایۆی تازەش ریتمێکی ئۆرگانییە کە زۆر بەسادەیی دەتوانی لەسەر جەستە تێبینی ئەوە بکرێت کە چۆن بەرەو ئۆرگانیزم ڕاپێچی دەکات. تاڕادەیەکیش هەر جووڵەیەکی ریتمداری سروشتی ئەگەر لێی بگەڕێی بۆ خۆی بەهەمان ڕێڕەودا تێدەپەڕێت.

ریتمی جۆ، ها، کایۆ بەتەواوی جیاوازە لەو بیروباوەڕە ڕۆژئاواییەی کە لە بارەی ' دەروازە، ناوەند، کۆتایی ' هەیە لە

کاتێکا ئەمەی دواییان سەرباری ئەو نەرمییەی لە بەرزبوونەوەدا دەیگرێتــە بەر زنجـــیـــرەیەک هەنگاوی تر بەرهەم دەهێنێت. ئەگەرچی بیرۆکەی ' دەروازە، ناوەند، کۆتایی ' بەشێوەیەکی گشتی ساختومانی درامی شانۆییەکە دەگرێتەوە، لە کاتێکا جۆ، ها، کایۆ سەرباری ساختومانی شانۆییەکە؛ بۆ ڕاگیرکردنی یان بەهێزکردنی سات بە ساتی نواندن بەکار دێت. لە شانۆی ژاپۆنیدا هەر شانۆگەرییەک جۆ، ها، کایۆی خۆی هەیە، هەر دیمەن و بینراوێکیش جۆ، ها، کایۆی خۆی هەیە؛ هەر ئاخاوتنێکی تایبەتیش بەهەمان شێوە جۆ، ها، کایۆی ناوەکی خۆی هەیە. تەنانەت هەر ئاماژەیەکیش؛ بۆ نموونە بەرزکردنەوەی باڵێک بەهەمان شێوە خێراییەکی تایبەت بە خۆی هەیە و کۆتاییشی بە ریتمێکی تاڕادەیەک خێرا دێت. پلەی خێرایی یان بەرزبوونەوەش هەمەڕەنگە و هەندێک جار لە لای بینەر زۆر بەڕوون و ئاشکرایی دەکەوێتە ڕوو، هەندێک جاریش گۆڕانگاری لە بەرزبوونەوەی ریتمدا زۆر لەوە سست و خاوترە کە ببینرێ، بەڵام هەمیشە ئامادەیە و لەوێدا بوونی هەیە. هەستی بەرەو پێشەوەچوون یان پەرەسەندن هەرگیز ون نابێت، هەندێک جار ڕێڕەوی شانۆییەکە بەرەو خاوبوونەوە دەڕوات، یاوەخود بەتەواوی ڕادەوەستێت و جۆ، ها، کۆیەکی بینراو لە ئارادا نییە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشا گەشەکردنی جۆ، ها، کۆ ڕوو دەدات، بەڵام لەو دەمەدا لەسەر ئاستێکی ناوەکی ڕوو دەدات.

لە ڕوانینی بینەرەوە، هەستێکی هەقیقی بوونی هەیە و لە ئارادایەو بەرەو داهاتوو پەل دەهاوێت و بەرەو پێشەوە دەڕوات.

دەشێ لەوێدا لەگەڵ هەر بەشێکی نواندندا گەلێک ڕووکاری جیاواز لە ریتمدا لە ئارادا بێت بەڵام هەرگیز بینەر هەست بەوە

ناکات که نواندن گەیشتووەتە چرکەساتێکی سستئامێز. ساتێک کە ئەکتەر ئەو ریتمە بەکار دەهێنێت، لێرەدا فاکتەرێکی تریش خۆی دەخاتە ڕوو، ئەویش ئەوەیە کە تەرزی جۆ، ها، کایۆ لەگەڵ جەستەی بینەریشدا بوونی هەیە، ئەوا بینەر ڕواوڕووی ئەزموونی هەستێکی ئۆرگانیکی دروست دەبێتەوە. جەستەی ئەکتەر و جەستەی تەماشاکار تێکەڵ بەیەک دەبن و هەست بەوە دەکرێت کە هەردوو لایان پێکەوە هاوبەشی گەشتێک دەکەن. گەلێک نمایشکاری ڕۆئاوایی بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن پەیڕەوی لە جۆ، ها، کایۆ دەکەن، هەست بەو چرکەساتانە دەکەن کە شانۆییەکە لە کوێدا دەگاتە ئاستی سستی و لە کوێدا پێویستی بەوەیە کە دەبێ بە فریای بکەویت و بیخەیتەوە سەر ڕێڕەوی خۆی. هەروەها ئەوەش دەزانن کە ئەو خستنەوە سەر ڕێڕەوەی خۆی کارێکی سروشتییە. ئەو کارەی شانۆی کلاسیکی ژاپۆنی پێی هەڵدەستێ ناساندن و پۆلێنکردنی ئەو تەرزی کارکردنەیە و بەشێوەیەکی ئاگاییانە دەیکات بە بەری هەموو جۆرەکانی نواندندا. ئەوەش دیاردەیەکی نامۆ نییە و بەتەنیاش تایبەت نییە بەشانۆی ژاپۆنی، بگرە کەرەسەگەلێکی بەکەڵکە بۆ هەموو ئەکتەرێک. (ل. م)

جۆ، ها، کایۆ بەتەنیا هەر تێگەیەکی شانۆیی ناوەکی نییە، بگرە ریتمێکە کە بینەر بەوپەڕی دڵ و گیان هەستی پێ دەکات. ئەگەر ئەکتەر و دەرهێنەر بێئاگابن لەو هەقیقەتە، ئەوا ڕواوڕووی بەرهەمێک دەبنەوە کە جیاوازییەکی تەواو ڕوو دەدات لە نێوان ریتمی ناوەکی بینەر و بەرهەمەکەدا. لە بارودۆخێکی ئاوادا بینەران هەست بە خاوبوونەوە ناکەن و ڕێگە بە خۆیان نادەن تێکەڵ بە نواندنەکە ببن. بێگومان، ئەوەش کارێکی شیاوە ئەگەر بێتو ئامانجت ئەوە بێ بە پێچەوانەی ریتمی ئۆرگانیکی بینەرەوە کار بکەیت.

دەتوانی سەرجەمی بەرهەمەکە وا لێ بکەیت کە بەهەمیشەیی زۆر سست و خاو بێت یان زۆر خێرا بێت. ئەوەش زۆر بەدڵنیایی وا لە بینەر دەکات کە لە ریتمی سروشتی خۆیان بێنە دەرێ، کە لەوانەشە تێبینی ئەوە بکەن کە بەرهەمەکە کارێکی زۆر هونەرییانەیە. لەو دەمەدا چێژبینینەکەشیان چێژبینینێکی هوشیارانە دەبێ زیاد لەوەی کە بە تەنیا چێژبینێکی غەریزییانە بێت. من بۆ خۆم شانۆییەکم پێ باشە کە نەک هەر بەتەنیا سەروکاری لەگەڵ رووبەری هوشیاریمدا هەبێت، بگرە وام لێ بکات کە لە هەردوو رووی فیزیکی و ئۆرگانیکەوە سەرحاڵم بکات. مەحاڵە لە رووی کردەییەوە هەموو کاتەکان بۆت بکرێ لەسەر شانۆ سروشتی بیت. لەگەڵ ئەوەشا (لە روانینی بینەرەوە) کارێکی گەوهەرییە کە لە هەر چرکەساتێکی نواندندا 'سروشتی' بنوێنیت'. لەو دەمەوەی کە جۆ، ها، کایۆ تەرزێکی بنچینەیی ئەوتۆیە کە بینەر بەبێئاگایانە وەک 'راستگۆیی' جوێی دەکاتەوە، هەوڵ بدە کەڵکی بۆ نواندنەکەت لێ وەربگریت تا ئەوپەڕی 'سروشتی' و ئۆرگانیک بکەوێتە روو.

سەرباری ئەوەش، کارکردن بە ریتمێکی 'هەقیقی' کە گونجاوە لەگەڵ ئەوەی تۆ دەیکەیت، بەهەر جۆرێک بووە وا دەکات کە هەست و سۆزە قووڵ و رەسەنەکانت بێ گرێوگۆڵ هەڵبقووڵێن. بەو جۆرە کارەکە یان نواندنەکە بۆ ئەکتەریش و بۆ بینەریش بەوپەڕی راستگۆییەوە دەکەونە روو.

## کات

یەکەم چرکەساتەکانی شانۆییەکە زۆر گرینگە. بۆ دەرهێنەر؛ گرفتەکە لەوەدایە کە چۆن نواندن دەست پێ بکات. بۆ ئەکتەریش گرفتەکە لەوێدا خۆی حەشار داوە کە چۆن بۆ یەکەم جار بگاتە پێش دەم بینەر. بەراستی ئەوە چرکەساتێکی پڕ دژواری و زەحمەتە. لە کاتێکا ئەوە راستە کە بەجێهێشتنی تەختەی شانۆش کەمێک کارامەیی دەوێت، بەڵام دەرکەوتنی

یەکەمین جار زۆر گرینگترە. کاتێک کە تۆ ماشین دەئاژۆیت، دەبێت ماشێنەکە بدەیت بە گێری یەک و دواجار پێت لەسەر پایدەری بەنزین توند بکەیت. بەهەمان شێوە تۆ بۆ دەسپێکردنی نمایشەکەت کارت بە گەلێک وزە هەیە. دۆزینەوەی دەستپێکێکی بەهێز وا دەکات کە جۆ، ها، کایۆی سەرلەبەری شانۆییەکە بە سەرەتایەکی بەهێز بێتە خولقان. (بە سەرسوڕمانێکی تەواوەوە، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە کۆتایی پێهێنانێکی باش یاریدەت دەدات کە دەستپێکێکی باش بدۆزیتەوە.)

هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی لە بۆشاییدا گوزارشتی خۆیان ئەنجام دەدەن، لە کاتێکا هونەری شانۆ کات و بۆشاییش بەکار دێنێت. نواندن (هەرگیز لەگەڵ سکرپێتدا جووت نایەتەوە) بگرە تەنیا لەو دەمەدا بوونی هەیە کە تۆ تەماشای دەکەیت. سروشتی تەواوی ئەو چرکەساتەش بە دڵنیایی جێگیر نییە و دەگۆڕدرێت، شانۆییەکەش چرکە لە دوای چرکە خۆی دەکاتەوە یان خۆی دەخاتە ڕوو. هەتا ئەگەر جارێکی تریش بچیتەوە بۆ تەماشاکردنی ئەو شانۆییە، بە هیچ جۆرێک هیچ یەکێک لەو نمایشانە لەیەک ناچن. (چرکەساتەکانی نمایش وەک چرکەساتەکانی تێپەڕینی ئاو وایە، کە هەرگیز جارێکی تر بۆت ناکرێ دەست بخەیتەوە ناو هەمان ئەو ئاوەی کە پێشتر دەستت بەری کەوتووە. و. کوردی) ئەو چرکەساتە هەنووکەییەی کە تۆ تەماشات کردووە بە هیچ جۆرێک بۆ جارێکی تر دووبارە نابێتەوە. لەبەرئەوەی ڕەهەندی کات لە کاری شانۆییدا سەنتراڵە، زۆر گرینگە بە ئاگا بیت لە ' بزواندنی ' (وشەی بزواندن لێرەدا بە مانای بەردەوامی و نەوەستان دێت یاوەخود جووله لە پنتێکەوە بەرەو پنتێکی تر. و. کوردی) بۆ نموونە، تۆ جوولەیەک دەکەیت، وەک خولانەوەی پەنجە تووتەت. ئەوە جوولەیەکە، بەڵام چۆن درێژە بە کاتی ئەو جوولەیە دەدەیت؟

تاکە ڕێگایەک بۆ ' درێژکردنەوەی ' (درێژکردنەوە لێرەدا بە مانای گەشەکردنی جووڵە بەکار هێنراوە. و. کوردی) ئەو جووڵەیە

دووبارەکـردنـەوەیەتی. بەڵام ئـایا ئەو دووبارەکـردنـەوەیە ' درێژەپێـدانە ' یان زۆر بەسادەیی بەردەوامی پێدانە؟

تاکە ڕێگایەک کە لە پێش دەمدایە ئەوەیە کە لە جەستـەت بپرسی چۆن ئارەزووی ئەوە دەکـات کـە درێژە بـەو جـوولـەیە بدات. لەوانەیە بزواندنەکـەی وردە وردە گـەورەتـر بێت، یـان بگوازرێتـەوە بۆ بـەشـێکی تری جـەسـتـە. مـەسـەلەیەکی گرینگتر لێرەدا ئەوەیە کـە لە جەسـتـە بپرسـیت دوای ئەوە دەیەوێت بـەرەو کـوێ بڕوات. بەهیچ جـۆرێک ئـەوە بڕیاردانێکی هوشـیـارانە نییە کـە مێشک بە جەسـتە بڵێ چی بکات، بگرە ئەوە گرفتی گوێڕایەڵیکردنە بۆ ئەو هـەسـتـەی کـە لەو کاتـەدا جـەسـتـە هـەیەتی. کـاتێک کـە ئەو مـەشـقـە دەکەیت، دەتوانی هـەر بەشێکی جەستە بەکار بهێنیت (پەنجە، کەمەر، سەر، ئـەژنۆ، یـان هـەر شـــوێنێکی تـر) بـەڵام لە دەســـپـــێکێکی بچکۆلەوە و بە جـوولـەیەکی بچکۆلە، لە بەشـێکی دابڕاوی جـەسـتـەوە دەسـت پـێ بکە. لەوەوە دەست پـێ بکە کـە جـوولـەکـە چـەند جـارێک دووبـارە بکـەیتـەوە. لەســەر دووبارەکردنەوەکـە بەردەوام بە و دواتر لە جـەسـتـەت بپرسـە چۆن دەیەوێت درێژە بەو تـەرزی جـوولـەیە بدات. لەوانـەیە هـەمـوو پـەنجـەکـان هـاوبـەشی ئەو ریتمـە بکەن و دواتر باڵیش بێتە نێو جوولەکەوە. لەوانـەیە دەستێکیش خۆی تێکهـەڵکێشـی ئەو جـوولەیە بکاو بەدوای ئەویشـا قـاچ بکـەوێتـە نێو شـەپۆلی جوولـەکانەوە. بەردەوام بە لەسـەر هەمان چالاکی بنچینەیی خۆت و چۆنێتی بزواندنی، بەڵام جوولەکە بۆ خۆی درێژە وەردەگرێ و تـا بێت گەورەتر دەبێت و بڵاو دەبێتـەوە بۆ ئەندامەکانی تری جەستـە. لەم حاڵەتەدا، درێژە پێدانەکە لە ڕێی فرەوانبوونەوەکەیدایە. یاوەخـود تۆ دەتوانی لە جوولەیـەکی فرەوانەوە دەست پێ بکەیت و ' درێژەی بدەیتێ ' بەوەی کە تا بێت بەرتەسکتر بێتەوە و زیـاتر لێـــخــــوردبوونـەوە لە خـــۆی بگرێت. ئـەوەش درێژە پێـــدانـە لە ڕێی بچـووکبـوونـەوەوە. ڕێگایەکی تر بۆ درێژبوونەوەی کارەکـە لە نێو کـاتدا، لە ڕێگـەی گـواسـتنەوەوەیە. سـەرلەبەری کـرداره سـروشـتـیـیـەکـە لەخـۆوە

دەگۆڕدرێت بۆ تەرزێکی تازە. جارێکی تر دەمەوێ ئەوە دووبارەی بکەمەوە کە ئەوە هەرگیز بڕیاردانێکی هوشیارانە نییە و ناشبێت، کە مێشک ئەو گۆڕانە دیاری بکاو بەخۆی بڵێ:

" ئێستا شەپۆل بە دەستم دەدەم و دواتر دەمەوێ جووڵە بە لاقم بکەم " .

بەئەندازەیەک تۆ خۆت لە ئاستێکی جوولەی جەستەییدا دەبینیتەوە، یان کردارێک ئەنجام دەدەیت و دواتر لە جەستە دەپرسیت:

" ئاخۆ دەتەوێت بەرەو جوولەیەکی تری جەستە یان بەرەو کردارێکی تر بگوازیتەوە؟

ئایا بۆ خۆت کوێ هەڵدەبژێریت؟ "

ئەوە بڕیاری جەستەیە. دەبێ وەڵامی جەستە وەربگریتەوە. ئەگەر بەو جۆرە نەچێتە پێشەوە ئەوا کارەکە زۆر دروستکراو و ناسازگار دەکەوێتە ڕوو. لە هەموو دیمەن و چرکەساتەکانی نمایشدا تۆ سەروکارت لەگەڵ ئەو بەرەو پێشەوە چوونە هەیە لە نێو کاتدا. تۆ بە کارێکی تایبەت دەست پێ دەکەیت و دواتر پێویستت بەوەیە ڕێگایەک بدۆزیتەوە کە چرکە بە چرکە بەرەو گەشەکردنت ڕابپێچێت. لەوانەیە پرۆسەی درێژەپێدان شێوازی فرەوانکردن، بچووککردنەوە، یان گواستنەوە وەربگرێت؛ بەڵام هەمیشە درێژەپێدان لە ئارادایە نەک هەر بەتەنیا گۆڕان. کاتێک کە تۆ " گۆڕانکاریی " بەسەر دیمەنێکدا دەسەپێنیت، ئەوە کردارێکە لە مێشکەوە هاتووە، نەک لە ئۆرگانیکی هەستکردن بە کات و بۆشاییيەوە هاتبێت، بینەریش دەتوانێ هەست بەو جیاوازییە بکات.

هەر وەکو ئەوەی لەگەڵ جۆ، ها، کایۆ تێبینیمان کرد، جەستە دەیەوێت درێژە بە کردارێک بدات (بۆ نموونە چەپڵەلێدان) لە ڕێی بە شێنەیی بەرزبوونەوەوە. ئەمجا هەر کاتێک، کە دەنگەکە دەگاتە خاڵێکی دیارکراو (کاتێک چەپڵەلێدانەکە زۆر خێرا دەبێت) جەستە دەیەوێت بۆ کەمێک خاوی

بکاتەوە و پاش ئەوەش جارێکی تر بەرەو بەرزبوونەوە بڕوات، بەو جۆرە بەردەوام دەبێت. جۆ، ها، کایۆ ریتمێکە جەستە پێی ئاشنایە و خۆشی دەوێت، ئەوەش تەرزێکی سەپێنراو نییە.

هەر کاتێک کە خۆت لە ئاستێکی تایبەتیدا یان تەرزێکی پەرەسەندوودا دەبینیتەوە، جەستە ئارەزووی ئەوە دەکات کە وەڵام بداتەوە. دەبێت فێری ئەوە بیت گوێ لە جەستە بگریت کە ئارەزووی چی دەکات، یاوەخود چۆن وەڵام دەداتەوە.

' گوێگرتن لە جەستە ' پێویستی بە مەشق و ڕاهێنان هەیە و هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا یەکسان و چوونیەک نایەتەوە ' هەرچییەک ئارەزووی دەکەیت ' فەرموو بیکە. لێرەشەوە گەلێک تایبەتمەند و زیرەکانەیە کە ئەو جەستەیەی گوێی لێ دەگریت دەبێت جەستەیەکی زیندوو بێت. ئەگەر جەستەیەک زیندوو نەبێت ناتوانێ ئەوەت پێ بڵێت کە ئارەزووی چی دەکات، تۆ پرسیار دەکەیت بەڵام هیچ وەڵامێک بەدوای خۆیدا ناهێنێت و نازانێ ئارەزووی چی دەکات، ئیدی تۆ لە بەردەم جەستەیەکی مردوودایت. وەک ئەکتەر، هەموو ژیانمان کەوتووەتە شوێن جۆ، ها، کایۆ. ئێمە شەوانە دەنووین، بەیانییانیش لە خەو ڕادەبین و پاش نیوەڕوان و ئێوارانیش پڕ دەبین لە هێز و توانا و دواتر جارێکی تر دەنووینەوە. بە هێڵێکی بازنەیی بەهار و هاوین و پایز و زستاندا تێدەپەڕین. وەک کەسێکی تازە دەستپێکردوو دەست دەدەینە پیشەکەمان و دواتر لە کارەکەماندا قاڵ دەبین و دەچینە پێشێ تاوەکو دەبینە پیرێکی شارەزا و لێهاتوو. ئێمە لە دایک دەبین، دەژین، دواتر دەمرین.

## بۆشایی

کاتێک سەرگەرمی کارکردنیت، لەبارەی جەستەتەوە ئاگایی تەواو بەدەست دەهێنیت، ئەوەش بەرەو پێشچوونێکە، فێر دەبیت تێبینیی ئەوە بکەیت کە

چۆن تەنانەت بچووکترین گۆڕانگاریی جەستەیی کاریگەری لەسەر دنیای ناوەوەت بەجێ دەهێڵێت. تۆ ئیدی بە هەقیقی لە نێو دنیای جەستەدا نیشتەجێ دەبیت و بۆت دەردەکەوێ کە چۆن بچکۆلەترین گۆڕانکاری کە بەسەر جەستەتدا دێت کاریگەری لەسەر دیمەنی سروشتی ناوەکیت جێ دەهێڵێت. هەستکردن، پێوەندیەکی نهێنیئامێزە، چرکە بە چرکەی کە سەرگەرمی نواندنین؛ تەواو سەرنجڕاکێشە. ئەو چرکەسات بە چرکەسات پەیپێبردنەی شەیداییبوونە، بەڵام وەک ئەکتەر دەمانەوێت لەوە زیاتر تێپەڕێنین. دەمانەوێت هەستێکی وا بە بینەر ببەخشین کە لە پشتی هەر چرکەساتێک لەو چرکەساتانەوە دنیایەکی گەلێک لەوە زیاتر خۆی حەشارداوە؛ ئەوەی دەیکەین و ئەوەی دەیڵێین بە جۆرێکی تر پوختەی سەردەمێکی لەوە درێژتر یان باڵاترین ئەزموونی ئینسانییە. لە ڕۆژگارە دێرینەکاندا، شۆگن هێدەیۆشی؛ کە ئارەزوومەند و لایەنگری چایچییەکی گەورە و بەناوبانگ دەبێت بەناوی ریکایۆ. ڕۆژێکیان شۆگن بە ریکایۆ دەڵێت:

" بیستوومە گوایە دەڵێن ئەم بەهارە گەلێک گوڵی جوانت لە باخچەکەتاندا ڕواندووە، پێم خۆش دەبێت بیانبینم "

ریکایۆ ڕەزامەندی دەنوێنێ و داوەتی شۆگن دەکات کە ڕۆژی دواتر بێت و تەماشای گوڵەکان بکات. شۆگن بەوپەڕی چاوەڕوانییەوە خۆی دەگەیەنێتە دەروازەی باخچەکە. بەڵام کاتێک کە دەڕواتە ناو باخچەکەوە تووشی شۆک دەبێت کە دەبینێت تاقە گوڵێک چییە لەناو باخچەکەدا نییە. ریکایۆ هەموو گوڵەکانی لێکردبۆوە. شۆگن دەپرسێت:

" بۆچی ئەو کارەت کردووە؟ لە کاتێکا کە دەزانیت من هاتووم بۆ تەماشاکردنی گوڵەکان ! "

ریکایۆ دەڵێت: " نیگەران مەبە و بابچینە باخچەکەی ناوەوە. "

هەردوو پیاوەکە پێکەوە بەرەو باخچەکەی ناوەوە دەکەونە ڕێ، کە هەرچی گوڵ هەیە لەوێش لێکراوەتەوە. ئیدی شۆگن تا دێت تووڕەیی زیاتر شاڵاوی بۆ دێنێ و وا تێ دەگات کە لە ڕقی داواکەی ئەم، ئەو کارەساتەی ئەنجام داوە. بەرەو لای ریکایۆ دەڕوا و پێی دەڵێت: " بۆچی ئەم کارەت بەرانبەر بە من نواندووە. "

ریکایۆش بەوپەڕی ئارامییەوە وەڵامی دەداتەوە: " تکات لێ دەکەم نیگەران مەبە و فەرموو با بڕۆینە دیوەخانی چا خواردنەوەکەمەوە. "

شۆگن و چایچییە مەزنەکە پێکەوە بەرەو کووخێکی بچکۆلانە دەڕۆن کە دەکەوێتە ناوەندی باخچەکەوە. لە گۆشەیەکی ئەو کووخە بچکۆلەیەدا تاقە گوڵێک هەبوو، بەڵام بەڕاستی تا بڵێی گوڵێکی جوان و گەشاوە بوو کە ریکایۆ تەواو شەیدای بوو.

شۆگن لە مەبەستەکەی ریکایۆ تێگەیشت، لێرەوە ئەو تاقە گوڵە نازدارە لەو هەزاران گوڵە جوانتر بوو کە لەناو باخچەکەدا ڕوابوون، ئەگەرچی ئەو تاقە گوڵێک بوو بەڵام لەسەرێکی ترەوە لەتاقە گوڵێکی زیاتر دەنواند، ئەو نەک هەر نوێنەری هەموو گوڵەکان بوو، بگرە ئەو گەوهەری هەموو گوڵەکان بوو، نەک هەر ئەو گوڵانەی کە ئەو بەهارە لە باخچەکەی ریکایۆدا ڕوابوون، بگرە هەموو گوڵەکانی دنیا؛ لە هەر کوێیەک گوڵ هەیە.

کاتێک کە لە دێری زین بووم، ڕۆحانییەکە داوای لێ کردم کاتێک کە دەفرێک یان کوپێک چا دەگرم بەدەستەوە، دەبێت پێشبینی ئەوە بکەم کێشی چوار یان پێنج کیلۆگرامە. نازانم بۆچی، بەڵام ئەگەر تۆ پێشبینی ئەوە بکەیت کە ئەو بابەتەی وا بەدەستەوەیە گەلێک کێشی قورسە، ئەوا لە ڕوانینی بینەرەوە، پێوەندیی تۆ و ئەو بابەتەی وا بەدەستەوە گەلێک بایەخی دەبێت. لە ژیانی ڕۆژانەدا تۆ زۆر بەخەمی ئەو شتگەلەوە نیت کە لێرەو لەوێ دەوریان داویت، تۆ بەتەنیا بەخەمی خۆتەوەیت. پێوەندیت بە دەفرەکەوە یان

کوپەکەوە پێوەندییەکی زۆر ئاساییە. بەڵام ئەگەر بێتو تۆ ئەو بابەتە وا بگریت بەدەستەوە کە لە ڕاستیدا گەلێک کێشی هەیە و قورسە، ئەوا تۆ بەئاگا دەبیت لەو پێوەندییە تایبەتییەی کە پێوەی پابەندیت. ئیدی ئەو پێوەندییە وای لێ دێت ' ڕۆژانە ' بەرەو ئەوە دەچێت کە ' داوای زیاتر ' دەکات.

هەندێک تەکنیک هەیە دەستگیرۆییت دەکات بۆ ئەوەی ئەو توانایە بەدەست بهێنیت بەبێ ئەوەی بخلیسکێیتە ناو ئەوەوەی کە لە نواندندا هیچ زیادەڕۆییەک بنوێنیت. بۆ نموونە، دیمەنێک داوات لێ دەکات بۆ دوو مەتر بڕۆیت: باشە، تۆ ئەو کارە ڕادەپەڕێنیت؛ بەڵام وەک ئەکتەرێک ئاگاییت بەرەو ئاسۆ هەنگاو دەنێ. کاتێک کە دەتەوێت دانیشیت، وا هەست دەکەیت کە جەستەت بەرەو چەقی زەوی شۆڕ دەبێتەوە، کاتێکیش کە هەڵدەستیت، وای دەهێنیتە پێش چاو کە بەرەو ناوجەرگەی گەردوون بەرز دەبیتەوە. لە ژیانی ڕۆژانەدا تۆ مامەڵە لەگەڵ ڕەهەندە هەقیقییەکاندا دەکەیت. کورسییەک دوو مەتر لە تۆوە دوورە، بۆیە ئەندێشەت زۆر بەسادەیی تەنیا ئەو دوو مەترە دەبڕێت. کاتێکیش دادەنیشیت ئاسانترین شێوە دەگریتە بەر.

بەڵام لەسەر شانۆ، دەبێ پانتایی هەقیقی ئەو ژیانە نیشان بدەیت، جوولەی تۆ گەلێک زیاتر لەوەت لێ دەخوازێ کە هەر تەنیا ' دوو مەتر بڕۆیت ' یان ' دابنیشیت '. تۆ خۆت وا نیشان نادەیت یان هەوڵ بدەیت وا لە بینەر بکەی کە ئەوە ببینێت. ئەو جوولەیە بە جۆرێک ' مانایەکی قووڵی هەیە '. زۆر بەسادەیی وای ئەندێشە دەکەیت کە ئەو بۆشاییەی مامەڵەی لەگەڵا دەکەیت زۆر گەورەیە. کاتێک کە لەسەر تەختەی شانۆ دەڕۆیت، وای دەهێنیتە پێش چاو کە تۆ بەرەو ئاسۆ هەنگاو دەنێیت.

هەروەها ئەگەر تۆ لە بارەی هەر تەنێک یان بابەتێک بەو جۆرە بیرت کردەوە، ئەوا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سەرلەبەر جەستەی خۆت ئامادە

دەکەیت بۆ بەرزکردنەوەی. لەسەر تەختەی شانۆ زۆر گرینگە کە سەرلەبەری جەستەت سەرگەرم بێ بە هەر کارێکەوە کە تۆ پێوەی سەرقاڵیت؛ هەتا ئەگەر ئەو جووڵە بینراوە گەلێک بچووکیش بێت. تۆ پێویستت بەوە نییە وای نیشان بدەیت کە ئەو تەنە زۆر قورسە ' وەک لە پانتۆمایم ' دا، وای نیشان دەدەیت، بەڵام لە ئەندێشەی خۆتا قورسایی زۆرە. بەهەمان شێوە جەستەی ئەکتەر ' بابەتێکە ' کە دەبێت زۆر مانادار و جێی بایەخ بێت. تۆ جەستەیەکی ڕۆژانەت هەیە کە بەیانییان دەڕوات بۆ بازاڕ و لە دوای هەر ژەمە نان خواردنێکیش خۆی پاکژ دەکاتەوە. هەروەها تۆ چەند بابەتێک نمایش دەکەیت کە لە بارەی ئاستە جیاوازەکانی ئەزموونی ئینسانی دەدوێت. کاتێک کە مەشق بە جەستەت دەکەیت، زۆر گرینگە کە ئەوەت لە یاد بێت کە مەشق پێکردنی جەستەی ئەکتەر زۆر لە جەستەی ڕۆژانە گەورەتر و مانادارترە.

چایچییەکی مەزن لە لایەن خاوەنەکەیەوە بۆ سەردانی شۆگن، ڕەوانەی تۆکیۆ دەکرێت. بۆ ئەوەی کە سەردانەکەی تەواو سەلامەت بێت خاوەنەکەی داوای لێ دەکات کە شمشێرێک لە خۆی ببەستێت. زۆر بە سادەیی تەنیا جەنگاوەرە سامۆڕاییەکان ڕێگە پێدراون کە شمشێر هەڵبگرن، بەڵام لەو دەمەوەی کە دابوونەریتی سامۆڕایی و چایچییەکان لەیەکەوە نزیکن، ئەوا خاوەنەکەی پێی باش بووە کە شمشێرێکی بداتێ بۆ ئەوەی خۆی لە هەموو تەنگەتاوییەک پێ بپارێزێت. ئەگەرچی هیچ شارەزایی ئەوەی نییە کە چۆن شەڕ بکات، بەڵام خاوەنەکەی پێی وا بوو کە ئەو دەرکەوتنەی وەک جەنگاوەرێک لە گیروگرفتی دوور دەخاتەوە.

وەستاکە شمشێرەکە لە خۆی دەبەستێت و بەرەو تۆکیۆ دەکەوێتە ڕێ. لە ڕێگا بە ڕێکەوت تووشی دەبێت بە جەنگاوەرێکی ' هەقیقیی ' سامۆڕایەوە. سامۆڕاییەکە هەست بە سووکایەتی دەکات و کتوپڕ داوای لێ دەکات پێکەوە بجەنگێن. وەستاکە داوای لێبووردنی لێ دەکات و بۆی روون

دەکاتەوە کە ئەم سامۆڕایی نییە و لەسەر داوای خاوەنەکەی ئەو شمشێرەی هەڵگرتووە.

سامۆڕاییەکە مل بۆ ئەو چیرۆکە نادات و بە هیچ جۆرێک بڕوای پێ ناکات و پێی دەڵێت تۆ شمشێرت لە خۆت بەستووە و دەبێت خاوەنی ئەو ئەرکە مۆراڵەی خۆت بیت و هاتنە مەیدان قبووڵ بکەیت.

چایچییەکە هەست بەوە دەکات کە هیچ ڕێگایەکی دەربازبوونی لە بەردەمدا نییە و دەبێ ڕوو بەڕووی مەرگی خۆی بێتەوە.

بە سامۆڕاییەکە دەڵێت:

" من نازانم چۆن بجەنگێم، ئەگەر دەتەوێت بمکوژیت؛ ئەوا سێ و دووی لێ مەکە. "

سامۆڕاییەکە ڕەتی دەکاتەوە و ئەوە بە نەنگی دەداتە قەڵەم پیاوێک بکوژێت کە تا ئێستا نازانێت چۆن شمشێر لە کالان دەربهێنێت. لە بارەی کێشەکە دەدوێن و هەردوو لایان لەسەر ئەوە کۆک دەبن کە بۆ ماوەی سەعاتێک جەنگەکەیان دوا بخەن و ئەوەش ڕوخسەتێک بۆ چایچییەکە دەڕەخسێنێت کە لەو ماوەیەدا خۆی ئامادە بکات. دەیەوێت کەمێک بە ڕووسووری و کەرامەتێکەوە بمرێ کە شمشێری بەدەستەوە بێت. دەیەوێت بەلایەنی کەمەوە هەندێک تەکنیکی شمشێر بەدەستەوەگرتن فێر بێت.

وەستاکە بەرەو قوتابخانەیەکی هونەرە جەنگییەکان دەکەوێتە ڕێ کە لەو ناوەوە نزیکە و چیرۆکەکەی بۆ مامۆستاکە دەگێڕێتەوە. بەڵام لە جیاتی ئەوەی وانەی لە بارەی ئەوە فێربکات کە چۆن شمشێر دەگرێت بە دەستییەوە، مامۆستاکە داوای لێ دەکات کە ریتواڵی چا تێکردنی نیشان بدات. ئەویش ڕەزامەندی نیشان دەدات و بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەوە بۆ دواین جارێتی لە ژیانیا کە ڕیتواڵی چایی تێکردنی تیا نمایش بکات. کاتێک کە ریتواڵەکە تەواو دەبێت، مامۆستای قوتابخانەکە پێی دەڵێت:

" زۆر باشـه، تۆ زۆر بە باشی ریتواڵەکەت ڕاپەڕاند. تۆ هیـچ پێویستییـەکت بەوە نییە کە هونەری جەنگ فێر ببیت. "

لەو دەمـــەوەی کــە تۆ بەتـەواوی ئامــادەی بـۆ جــەنگین، ڕەفــتــارت وەک سـامۆڕاییـیـەک هیچ کەموکوڕییـەکی تیا نییـە. هەمـوو ئەوەی کە پێویسـتـە بیکەیت ئەوەیە کـە شــمـشـێـرەکـە وا بگریت بە دەسـتـەوە هـەر وەکـو چۆن پیاڵەیەکی چا دەگریت بە دەستەوە.

لە ڕاستیا ئەو دوو کردارە هەردووکیان وەکو یەک وان. چایچییەکە گەڕایەوە بۆ ئەوەی کە بەرەنگاری دوژمنەکەی بێتەوە. بەدەم هەڵکێشانی شمشێرەکەی و خۆ ئامادەکردنی بۆ بەرەنگاربوونەوە بە سامۆڕاییەکە دەڵێت:

" ئێستا من دەزانم چۆن شمشێر بگرم بە دەستـەوە و ئێستا ئامـادەم بۆ ئەوەی کە بمرم. ئێستا دەتوانی شمشێرەکەت هەڵبکێشیت و بمکوژیت "

جـەنگاوەرەکـە تێبـینی هـەڵوێسـتی بەرانبـەرەکەی کـرد و لە جـێی ئەوەی شـمشـێرەکەی بەرز بکاتەوە و بۆ کوشتنی بڕواتە پێشـەوە، شـمشـێرەکەی دادەنەوێنێ و پێی دەڵێت:

" من لە جەنگەکە پەشیمان بوومەوە. شارەزاییەکەت ڕوون و ئاشکرایە و هیچ ڕێگایەک نییە بۆ ئەوەی من بتکوژم. من لەو خراپ جووڵانەوەیەم داوای لێبووردنت لێ دەکەم. "

ئەگـەر تۆ هەمـوو رۆژێک کـار بە جـەسـتـەت بکەیت و بـەوپەڕی ڕوونی و بەردەوامییەوە سەرنج بخـەیتە سـەر هـەموو ئاستـەکانی ئاگـاییت، لە کۆتاییدا ' جەسـتـەی ئەکـتـەر ' دەبێتـە جەسـتـەی سروشتیی خۆت. هەتا ئەگەر داوات لێ بکرێت جووڵەیەکی تازە و ناوازە ڕابپـەڕێنیت ئەوا جـەسـتـەت بەبێ هیچ دامـانێک وەڵامی خـۆی دەداتەوە. بەو پەڕی ئاسـانی و دروسـتییـەوە ئامـادەیە هەر کارێک ڕابپەڕێنێت. (ل. م)

## ناوەکی و دەرەکی

تا بۆت بلوێ بە شێوەیەکی هەمیشەیی دەروازەی تازە بدۆزیتەوە و بۆ ئەوەی نواندنەکەت زیندوو بێت، ئەوا پێویستیت بە کارامەیی و ئاگاییەکی لەبننەهاتوو هەیە. بە مانایەکی تر بۆ نواندنێکی باش دوو توخمی سەرەکی لە ئارادان: تەکنیکی کارزانی، جوولەی ئاسان و سەربەخۆی هۆش. کە لە ڕێی مەشقکردنەوە، بە درێژایی ژیانت هەوڵی بەرەو پێشبردن و قووڵکردنەوەی ئەو دوو توخمە دەدەیت.

> کاتێک یۆشی وشەی "هۆش" بەکار دەهێنێت مەبەستی لە مێشک یان زیرەکی نییە. تاکە وشەیەکی ژاپۆنی هەیە، کە پێی دەگوترێت "کۆکۆرۆ" کە دەتوانرێ بەهەردوو مانای 'مێشک ' یان ' دڵ ' وەربگیردرێت. ڕەنگە باشتر بێت وەک قووڵایی ناخ یان کانگای دەروون بیری لێ بکرێتەوە. (ل. م)

هەروەها تۆ هەموو ڕۆژێک ئەو دوو سیمایە لە بوونی ئەکتەر وەک بەشێک لە پیشەی کارەکەت ڕوویان لێ دەنێیت و بەکاریان دەهێنیت. هەردووکیان؛ جوولەی ئاسان و سەربەخۆیی هۆش، تەکنیکی کارزانی جەستە، دەبێ لە کاتی نواندندا بەتەواوی ئامادەییان هەبێت. لەو بارودۆخەدا، خۆیان وەک هەردوو گوزارشتی ناوەکی و دەرەکی دەخەنە ڕوو. هاوسەنگیی جووڵەی ناوەکی لەگەڵ چالاکیی دەرەکی کارێکی ناسک و هەستیارە، بەڵام ئەگەر بەوپەڕی کارامەییەوە ئەنجام درا ئەوا بەرگێکی یان ڕوویەکی ناوازە و سەرسامکەر دەبەخشنە کارەکەت. بۆ نموونە، جوولەیەکی بینراو لەسەر تەختەی شانۆ زۆر توند و تیژ و ڕەق دەکەوێتە ڕوو، ئەگەر قولایی ناخیشت لە هەمان ئاستا بێت، ئەوا نواندنەکە زۆر گرژ و ئاڵۆز دەردەچێت. بۆیە هەوڵ بدە کە ناخی دەروونت تەواو ئارام بێت. ئەگەر تۆ بە پێچەوانەوە، بتەوێ وێنایەکی ئارامی یان نائارامی نیشان بدەیت و قووڵایی ناخیشت بەو

ئاراسـتـەیە بڕواتە پێـشـەوە، ئەوا ریسکێکی گـەورە ئەنجـام دەدەیت و نواندنەکەشت ئەوپەڕی بێزاری لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت. لە ساتەوەختێکی ئاوادا، قووڵایی ناخ دەبێت بەوپەڕی هێز و تواناوە و بە لێخوردبوونەوەیەکی تـەواوەوە ئەرکی خـۆی ڕایی بکات. ئەوەش هەم پشـتگیـریی ئارامی کارەکتەرەکە یان بارودۆخەکە دەکات و هەم ڕێگری لەوەش دەکات کە ببێتە مـایەی بێزاری بۆ بینـەر. بە شـێوەیەکی ئایدیالی، ناوەکی و دەرەکی دەبێت پێچەوانە بن. بڕوانە ئەون چنین: کاتێک کە پانتایی شوێنەکە دیاری دەکرێت زۆر بە هـێـواشی دەچنرێت، ئەو دەمـەشی کـە دەبێت قـووڵاییـیـەکـەی پڕ بکرێتەوە یاوەخود شـوێنێکی تایبـەتی ڕێک بخـرێتـەوە، ئەوا زۆر بە خـێرایی کارەکە ئەنجام دەدرێت. لـەسەر تەختـەی شانۆش، کاری تۆ بەهەمان جۆرە: کـاتێک کـە داوات لێ دەکـرێ ئارام یان بێـجـووڵە بیت، لە ناوەوە هـێـز و توانایـەکی لەبننەهاتوو لە ئارادایـە. لە ناوەوە زۆر بە خـێـرایی سـەرگـەرمی کـاری چنینیت. ئـەگـەر ئەو کـانگای هـێزە ناوەکـیـە ئـامـادەیی نـەبێت، ئەوا تەواوی ئەو جووڵەیە یان ئەو چرکەساتە پڕ ئارامییە هیچ کاریگەرییەک جێ ناهێڵێت. ئەو پێچـەوانەییـە یان ئەو دژە ئاراسـتـەییـە ڕاست و دروسـتـە، کاتێک کە تۆ جـوولەیەکی بە هێز یـاوەخود جـوولەیەکی جەسـتەیی توندو تیژ ڕایی دەکـەیت؛ دەبێت تا بۆت دەکـرێت ئارامی لەناو خـۆتا بەرقـەرار بکەیت. وەک ئەو نموونەیەی لـەسـەرەوە باسـمـان کـرد، ئەگـەر تۆ بەو جـۆرە خـەریکی چنین بیت، ئەوا سەقامگیریی خۆت لە دەست دەدەیت و بۆت ناکرێ بەردەوام بیت لە چنین. ئەگـەر تـۆ بتـەوێت لەسـەر تەخـتـەی شـانـۆ هەنگامـەیەک بەرپا بکەیت، ئەوا دەبێت تایبەتمەندیی نەبزۆکیت لەگەڵ خۆتا هەڵگرتبێت. ئەوە بۆ خـۆی پارادۆکـسـێکە؛ ڕوویەکی نواندن ئارامـیـیـە و ڕووەکـەی دیشـیـان جـمـوجـوولـە؛ ئەکتـەر دەبێت بتـوانێت ئەو دووانەییـیـە، هەردووکی ئـەزمـوون بکات. دەمێک کە پەی بە نەبزۆکیی جەسـتە دەبەیت، دەبینیت تەواو نەبزۆک نییـە؛ بگرە جـوولەیەکی ناوەکی لە ئارادایە. کاتێکیش کە پەی بە جـووڵەی

جەستە دەبەیت، دەبێت لەگەڵ ئەو ئارامییەی ناخدا یان ناوەوەدا سەقامگیری بۆ بڕەخسێنیت. بەتەواوی مەبەستمان لە 'ئارامیی ناوەوە' چییە؟ مەبەست ئەوەیە کە تۆ زیندانی هەست و سۆزە ورووژاو و هەڵچووەکان نیت. ناوەوە خاڵییە، هیچ شتێک نییە بێزارت بکات. هەرچۆنێک بێت، ئەو ئارامییە بە مانای ' مەرگی ' هەستکردن نایەت یان مانەوە لە بارودۆخێکی وشک و برنگی نەبزۆکیدا، بگرە ئاگاییەکی شلە کە کۆک و تەیارت دەکات بۆ بەدەنگەوە هاتنی هەر گۆڕانکارییەک کە لەو جیهانەی چواردەوری خۆتدا ڕوو دەدات. تۆ کاتێک ئامبازی هەست و سۆزێکی ورووژاو دەبیت، کتومت وەک ئەوە وایە کە ناوەوەت لێوانڕێژ بێت، ئیدی ' بۆشاییەک ' نامێنێتەوە بۆ هەست و سۆزێکی تر کە بێتە ژوورەوە و دەبیتە زیندانی ئەو هەست و سۆزە.

بۆ نموونە، تۆ ئەگەر تووڕەیی دایپۆشیت، ئیدی ئەوە مەحاڵە کە هەست و سۆزێکی تر لەخۆوە تێکەڵاوت بێ؛ هیچ شتێک ناگۆڕێت. پێویستت بەوە دەبێت کە ئەو تووڕەییە تووڕ بدەیتە دەرەوە بۆ ئەوەی کە شوێنێکی خاڵی لە مێشکتا بخولقێنیت. هەر کاتێکیش دەروازەت بۆ ئەو بۆشاییە کردەوە، ئەوا ئازادیی تەواو بەدەست دەهێنیت بۆ بەرپەچدانەوە و وەڵامدانەوەی هەر کاریگەرییەک کە لە ئێستادا و لە هەنووکەدا ڕواوڕووت دەبێتەوە.

به مانایەکی تر، ئەوە هەستی تووڕەبوون نییە کە بۆ خۆی گرفتێکە، بگرە ئەو هەقیقەتەیە کە بەدەست هەستی تووڕەبوونەوە گیرۆدە بیت. هەر ئەوەندەی چرکەساتی کاردانەوەی تووڕەییەکە لەسەرت تێپەڕی، ڕێگەی بدە بڕوات و لە کۆڵت بێتەوە. شوێنەواری دەرەکی بەشێوەیەکی هەمیشەیی دەگۆڕدرێت و تۆش دەبێ تەیار و ئامادە بیت بۆ ئەوەی ڕواوڕووی هەر چرکەساتێک بیتەوە کە دێتە ڕێگەت. ئەکتەر بۆ خۆی دەزانێت کە لە هەر چرکەساتێکدا لە ڕووی سۆزدارییەوە بە

جـۆره دەربڕینێکەوە لکایت، ئیـدی نـواندنەکـەت لە چـوارچێـوەی خـۆی دەچـێتـە دەرەوە. هـەر وەکـو چۆن هـەندێک جـار کـەسـانێک هەن کە لە ڕووی سۆزدارییەوە بە جۆرە دەربڕینێک یان وتنێکەوە ڕادێن و ئیدی بەردەوام لێیـان نابێتەوە. هـەست و سـۆز بۆ خـۆی لە خـۆشـیـیـەوە، بۆ خـەمگینی، بۆ تـووڕەبوون دەگـۆڕێ و هـیچ چرکەساتێکی خاڵی یان ئارامی ناکەوێتە نێوانیانەوە. لە بارێکی ئاوادا ئیـدی بە کـەشـێکی ' زیادەڕۆیـی سـۆزداری ' سـەرمـەست دەبن کە جێگیر و سنووردارە. (ل. م)

لـە هـاوســـــەنگیی نێـــوان نـاوەوە و دەرەوەدا، دەبزوێـت بـەبـێ ئـەوەی بجـوولێـیت. خـامـۆشـیت بەڵام بێـدەنگ نیت. وەک سـواربوونی ئـەسپ وایە. سـوارێکی چاپوک زۆر بـەخێـرایی درێژترین مـاوە دەبڕێت بەبێ ئـەوەی هیچ کاریگەری و سـەراسیـمـەییـیەکی پێوە دیار بێت، لەوانەیە ئەسـپـەکە دەیان کێڵگە و چاڵ و چۆڵ ببڕێت و بـەناو کۆمـەڵێک باخ و دارسـتـاندا بڕوات و لە ڕووباریش بپـەڕێتـەوە، بەڵام سـوارەکـە هێـمن و لەسـەرخـۆ و تاڕادەیەکـیش بێجووڵەیە. هۆشی ئەکتـەرەکە وەک سوارەکە وایە و جـەستـەشی لە شـوێنی ئەسپەکەدایە.

سـواری چاپوک زۆر بە ئاگایانە خـۆی لەگـەڵ ڕەوتی ئەسپـەکـەیدا دەگـونجێنێت. لە کـاتێکا فـەرمـانداری هـەمـوو شـتـەکان بەدەست خـۆیەوە بێت، جڵـەو بۆ ئەسپـەکەی شل دەکات و چی بوێ داوای لێ دەکـات. بگرە تۆ بـۆ خـۆت لـەوێدا سـەرداریت و ئەسپ شـوێن ویست و ئارەزووەکـانی تۆ دەکـەوێت. ئەگـەر تۆ سـوارچاک بیت، ئەسـپـەکـە تۆی لە بیـر دەچێـتـەوە و تۆش ئەسـپـەکـەت لە یاد نامـێنێت. تا ئەوکـاتەی کە دابڕانێک لە نێوان تـۆ و ئەسپـەکەدا نیـیە، ئەوا ڕەوتی تـۆ و ئەسپـەکە دەبێـتـە یەک ڕەوت. لە هـەمـان کـــاتدا ئـەگـــەر تـۆ نەزانـی چۆن ســـواری ئـەسپ بیت ئەوا تـۆ

پێچەوانەی سروشتی ئەسپەکە دەجوولێیتەوە و دەمارگیر و لەوانەشە کەمێک ترس داتبگرێت. لە ئان و ساتێکی وادا بەهیچ جۆرێک ئارامی بوونی نابێت و ئەسپەکەش شێتگیر دەبێ. تا ئەو دەمەی هەردووکتان، چ تۆش و چ ئەسپەکە ماندوو دەبن، تێنەگەیشتن لە نێوانتان ڕوو دەدات و بۆت ناکرێ گەشتێک بە ئارەزووی خۆت بکەیت. هەر ئەوەندە کیفایەت نییە کە جەستەیەکی چوست و چالاک ' ئەسپ ' هەروەها ئارامی و هۆشێکی ئامادە و تەیار ' سوار ' بەدەست بهێنیت، هەروەها دەبێت دەروازەیەکیش پەیدا بکەیت کە ئەو دووانە پێکەوە بسازێنیت؛ بۆ ئەوەی ئەو دوو دژە پێکەوە هەڵبکەن، دەبێت بەوپەڕی هارمۆنییەوە تێکەڵاوی یەکتری بن. (ل. م)

زیمی دەڵێت:

'' جەستە حەوت بە دە، دەجوولێت لە کاتێکا دڵ دە بە دە، دەجوولێت. ''

(کاتێک زیمی سەرگەرمی دامەزراندنی شانۆی نوو دەبێت، لە سروشتی نواندن دەکۆڵێتەوە، یەکێک لەو کلیلانەی کە بەکاری هێناوە بیرۆکەیەکە بەناوی؛ یاسای حەوت بە دە. ئەو وتەیەی ئەو بەمانای ئەوە دێت کە حەقیقەتی دنیای ناوەوە زۆر لەو پێکهاتە دەرەکییەی نواندن فرەوانترە. ئەگەرچی ئەوە بەمانای ئەوە نایەت کە گرینگی نەدەرێ بە دەربڕین یاوەخود بە گوزارشتی دەرەکی نواندن، بگرە دڵنیابوون لە جیهانی ناوەوە گرینگە تا ئەوپەڕی لە توانادایە. و. کوردی)

کاتێک کە ڕۆڵێک فێر دەبیت، هەوڵ بدە لە سەدا سەد جێبەجێی بکەیت، تا ئەوپەڕی توانا ژیانی ناوەوە و گوزارشتی جەستەیش، هەردووکیان بەکار بهێنە. هەر کاتێک سەرگەرمی نواندنیت و دەتەوێت تا ئەوپەڕی بۆت دەلوێ درێژە بە دەربڕینی جەستەییت بدەیت، ڕێگە مەدە بینەر بۆی بکرێ بەئاسانی بگاتە جیهانی ناوەوەت. ئەگەر لە گوزارشتی جەستەیشت کەم

دەکـەیتـەوە و بەرەو نـەبزۆکی دەڕۆیت، ئەوەی کـە لە جـیـهـانـی ناوەوەدا دەگوزەرێت با بینەر بتوانێ پەی پێ ببات. هەست بەوە دەکەن کە لە شتێک دەڕوانن شایەنی لێوردبوونەوە و چاودێریکردنە. بەهەرحاڵ، دەبێت بەوپەڕی وریاییـیەوە ئەو بیـرۆکەیەی زیمی بەکار بهێنین، لەوانەیە ئەگەر بە خراپی جێبەجێ بکرێ؛ نواندنێکی ناچالاکمان پێ ببەخشێت. ئەوە بەمانای ئەوە نایەت کـە پێکهـاتـەی دەرەکی نواندن پشـتگوێ بخـرێ و لە بایەخی کـەم بکرێتەوە، تەنیا ئەوەندەیە کە لە نواندندا کەمێک زیاتر لەسەر گوزارشتی ناوەکی دەوەسـتی و لێی دڵنیا دەبیتەوە. سـەربـاری ئەوە، کـاتێک لە پێش نواندندا تا ئەوپەڕی توانات سەرقاڵی مەشقکردنی لەسەر سیمای دەرەکیی ڕۆڵێک، بە دڵنیایی تەکنیک دەبێت قورسایی خۆی بخاتە سەر جەستە.

لە بارودۆخـێکی ئاوادا، خـاوبوونەوەی دەرەکی دەبێت زۆر ئاسـان بێت، لەگـەڵ ئەوەشـا نواندن بەوپەڕی ناسکی و بەرزیی خـۆیەوە دەمـێنێـتـەوە و سروشتی تەکنیکیش زیاد لەوەی کۆشش و تەقەلای پێوە بێ، ئاسانتر خۆی دەدات بەدەستـەوە و ڕێگە بۆ بینەر خۆش دەکات کە سەرنج بدەنە جیهانی ناوەوە. تەنانەت، کـاتێکیش هەر بەتـەنیـا لە نواندنی دەرەکی ورد دەبینەوە دەبینین کە لە ڕووی گوزارشتکردنەوە هێشتا پێویستی بە بەراوردکردنی زیاتر هەیە. زیمی پێشنیازی ئەوەی کردووە ئەگەر هاتوو جـەستـە زۆر بە لێبڕاوی سـەرگەرمی جموجووڵێکی سەخت و دژوار بوو، ئەوا لاقی ئەکتەر دەبێ بەوپـەڕی نەرم و ناسکی بمێنێتـەوە. ئەگەر تۆ لاقت بـەوپەڕی هێـزەوە بەکار هێنا ئەوا دەبێت پاژنەی پێت بەوپـەڕی هێمنی و ئارامی بهـێڵـیتـەوە. ئەگەر هەموو بەشەکانی جەستە پێکەوە بەسەختی بجووڵێنەوە، نواندن زۆر ڕەق و کاڵ و کرچ دەکـەوێتە ڕوو. نمایشـێکی بـەهێز نابێت نواندنێکی کاڵ وکرچ بەرهەم بهێنێت. هەردوو کردەی کۆنترۆڵکردن و بەراوردکردن لە سات و دەمی بەکـارهێنانی جـەسـتـەدا ڕێگە خـۆش دەکـەن بۆ نواندنێکی سەرنجڕاکێش و ئەفسووناوێز.

## دووپاتەکردنەوە

لە ژاپۆن بۆ ماوەی هەفتەیەک نەریتێکی شینتۆیی بۆ ڕێوڕۆیشتن بەناو شاخەکاندا هەیە، کە تەنیا کەمێک خواردن بۆ مان و نەمان لەگەڵ خۆتا دەبەیت. نەریتێکی تریش ئەوەیە کە سەد جار بە دەوری گۆڕی پیاوچاکێکدا دەخولێیتەوە، ئەمە لەو بڕوایەوە هاتووە، ئەگەر ئەو کردەیە بەتەواوی رایی بکەیت، ئەوا نوێژ و پاڕانەوەکەت دەگاتە شوێنی خۆی و وەڵامی خۆت وەردەگریتەوە. ئەو مەراسیمانە سەرچاوەیان لە دووپاتەکردنەوەوە بەدەست هێناوە. ئەوە دووپاتەکردنەوەیە کە وات لێ دەکات بگۆڕێیت. سەرباری ئەوەی کە ئێمە زۆرجار وا هەست دەکەین ژیانی ڕۆژانەمان دووبارەیە و زۆر بەکەمی هەمەڕەنگی تیا ڕوو دەدات. لە ڕاستیدا ئێمە هەرگیز لە ژیانی ڕۆژانەماندا شتێک دووبارە ناکەینەوە. جلوبەرگی جیاواز دەپۆشین و تا ڕادەیەکیش خواردنی هەمەڕەنگ دەخۆین و ئەزموونی جیاوازیش دەگوزەرێنین. من ئەوە ناڵێم کە ژیانێکی ڕاوەستاو و نەگۆڕ شتێکی باش بێت، بەڵام هەندێک کرداری دووبارەبوونەوە؛ کاریگەری بەهێزت تیا دەخوڵقێنێت و لە توانایدا هەیە کە بتگۆڕێت.

کاتێک سەرگەرمی ئەندێشەکردنیت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ؛ درێژە بەهەمان باری دانیشتنی خۆت دەدەیت. لە سەمای ئەفریکیدا سێبەندەت (یان قەفەزەی سنگت) دەهێنیت و دەبەیت، هەمان جوولەی بڕبڕەی پشت دووبارە دەکەیتەوە. بڕبڕەی پشت شەپۆلێک دەخوڵقێنێت، ئەگەر درێژە بەهەمان جوولە بدەیت ئەوا باری دەروونیت گۆڕانی بەسەرا دێت و وەک خۆی نامێنێتەوە. بەهەمان شێوە دەرویشەکان لە ڕۆهەڵاتی ناوین، لە ڕێی دووبارەکردنەوەوە حاڵ لە خۆیان دەهێنن. هەر کولتوورێکیش جۆرە مەشق و ڕاهێنانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام هەر هەموویان دووپاتەکردنەوە بەکار دەهێنن، بۆچی؟

تاکە ڕێگایەک بۆ بیرکردنەوە لەو بابەتە، ئەندێشەکردنی ئەوەیە کە مرۆڤ خاوەنی جۆرە وزەیەکی ناوەکییە کە شان بە شانی وزە سروشتییەکانمان بوونی هەیە. ئێمە لە ڕێی چاودێریکردنی خۆراکەوە، خواردنی ڤیتامینات و کاتی شیاو بۆ خەو؛ هێز و توانا دەدەینە ئەو سیما و پەیکەرە جەستەیییەی کە هەمانە. بەهەمان شێوەش ئەوە گرینگە کە ئەو وزە ناوەکییەی هەمانە پەروەردەی بکەین. هەستەوەری و ئاگایی ناوەکیشمان وەک باری سروشتیمان بۆ ژیان گرینگە. لەوە دەکات کە جوولە مەشقگەلێک بێ بە دووپاتەکردنەوەی ئەو ئەرکە بێتە دی. هەر کولتوورێکیش بۆ دووپاتەکردنەوەی ئەو چالاکییە سروشتییانە نموونەی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەو مەشقانەش بە هەموو جۆرە جیاوازەکانی داوونەریتەوە، بەزۆری خۆی لە وەرزشە ڕۆحییەکاندا دەبینێتەوە، کە من پێم وایە ئەم وەرزشە ڕۆحییانە زۆر لەو ئاینانە کۆنتر و بەتەمەنتر بن کە تا ئێستا هەن.

لەوە دەکات ئەو مەشقانەش لە ڕێی هەڵە و ئەزموونەوە، بۆ پاراستن و پەروەردەکردنی ئەو وزە ناوەکیە بەدەست هێنرابن.

بە هۆی ئەو کاریگەرییەشەوە کە هەستی پێ دەکرێت، داوونەریتە ڕۆحییە جیاوازەکان بڕیاریان داوە کە ئەو کردەوانە تێکەڵ بە پرۆسێسە ئاینییەکانی خۆیان بکەن. هەر بەهەمان شێوەش، ئەو مەشقانەی کە دووپاتەکردنەوەی دەنگیان لە خۆ گرتووە لە گەلێک لە ئاینەکاندا بەدی دەکرێت، کە خۆیان لە شێوەی وشە و سروودە ئەفسووناوییەکاندا دەبیننەوە.

چەند سەدەیەک دەبێت، گرینگیی پەروەردەکردنی هەست و سۆزە ناوەکییەکانمان لە یاد کردووە، لێرەشەوە ئەو پێوەندییەمان ون کردووە کە بەو چالاکییە جەستەییانەوە گرێمان دەدەنەوە کە لە بنەڕەتەوە ئەوان ئەو ئەرکە ڕایی دەکەن. وەک بەرئەنجامێک، ئێمە دەتوانین ئەو ڕاهێنانە ناوەکییانە تەنیا لەناو داوونەریتە ڕۆحییەکاندا بدۆزینەوە، کە ئەو زانستە دەپارێزی و دەگوازێتەوە. لەگەڵ ئەوەشا، دەبێ هەر کەسێک ئەو وزە

ناوەکییانەی خۆی پەروەردە بکات، چ جای شوێنکەوتەی ئاینێک بێت یان نەبێت. دووبارەکردنەوەی جووڵە کاریگەری لەسەر چالاککردنی وزەی ناوەکیت هەیە، کە وات لێ دەکات وەک مرۆڤێک هەستەوەر و بە ئاگا بیت. لە ڕابردوودا، هەر وەک چۆن لە ژاپۆن شینتۆییەکان بە دەوری گۆڕی پیاوچاکاندا دەخولانەوە، قەشە کرستیانەکانیش بەشێکیان لە ڕۆژەکانی خۆیان بە ڕێوڕۆیشتن لە نێو داڵانەکانی کڵێسادا بەسەر دەبرد.

وەک کەناڵێک بۆ وزەی ناوەکی من پێشتر ئاماژەم بە گرینگیی بڕبڕەی پشت دا، دووبارەکردنەوەی ئەو جووڵانەش کە بڕبڕەی پشت دەبزوێنێت جێی بایەخە. تەنانەت کە کاتێکیش مەبەست لە کردارەکە بڕبڕەی پشتیش نەبێت، کاریگەریی دووپاتەکردنەوە زۆر بە هێزە. ئەو هێزە لە گەلێک لەو جێگەیانەش کە ڕۆحی نین بینراوەتەوە، ئاماژە بەو تەرزە جەستەییانە دەکەم کە لە بزووتنەوە سیاسییە ڕێکخراوەکاندا بەکار هێنراوە، وەک ڕیکخراوە فاشییەکان. شوێنکەوتووانی ئەو فەلسەفە سیاسییانە شێوازی ڕێوڕۆیشتنی ' تایبەتمەند ' بە خۆیان هەیە لە نموونەی (ڕێوڕۆیشتن یان مارشی سەربازی) کە جۆرێک لە دووپاتکردنەوەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. ئەو جووڵانەوانە بە شێوەیەکی ئاسایی پیادە دەکرێ و لە لای خۆشیەوە جۆرێکە لە پەیوەستبوونی تاک بە گرووپەکەی خۆیەوە. بەمانایەکی تر، ئەو چالاکییە جەستەییە گەلێک زیانبەخشە کاتێک کە مەبەست لێی یەکخستنی شوێنکەوتووانە لە قەبارەیەکدا کە سەرنج بەتەنیا لەسەر تاکە ئامانجێک چڕ کراوەتەوە. (لێرەدا مەبەست لەباربردنی کەسایەتی تاکەکانە و تواندنەوەیانە لە بۆتەیەکدا، کوشتنی هەمەڕەنگی، یاوەخود بە جەماوەریکردنی خەڵک و ئاراستەکردنیان بەرەو ئەو شوێنەی کە سەرۆک یان گرووپ ئارەزووی دەکات. و. کوردی)

لەو چرکەساتەوەی کە هۆش و جەستە بەیەکەوە پەیوەستگیر دەبن، هەر کردارێکی جەستەیی سەخت و دژوار کارێکی وا دەخوڵقێنێت کە بیرکردنەوە

هیچ نەرمییەک لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگریت. ئێمە نابێت گریمانەی ئەوە بکەین کە داوونەریت یان هەر فەلسەفەیەک کە جوولەیەک دووبارە دەکاتەوە، ئیتر ئەوە بۆ خۆی کارێکی مەزنە. لە ڕاستیدا جیاوازییەکە لەوێدا خۆی حەشار داوە، کە داوونەریتە پیرۆزەکان هەوڵ دەدات دووپاتەکردنەوە بە مەبەستی ئازادبوونی هۆش بەکار بهێنێت. لە کاتێکدا بزووتنەوە سیاسییەکان، لە نموونەی فاشیزم، پەنا دەبەنە بەر ئەوەی کە هۆش ئاراستەی ئامانجێکی هەڵبژێردراو بکەن.

دەمێک کە تۆ ئامانجت ئازادکردنی هۆشە، بەئاگابە لەوەی کە خۆت لەو مەشقانە بەدوور بگریت کە مەشقی جەستەیی توندوتیژن. تێبینی ئەو هەڵوێستە کلاسیکییەی فاشیزم بکە کە چۆن مامەڵەیەکی ڕەق و وشک لەگەڵ جەستەدا دەکەن، هەر وەک چۆن لە مارشی سەربازیدا دەیبینین.

تەنانەت لە هونەرە جەنگییەکانیشدا، لە کاتێکا کە مەشقەکان زۆر بەهێزن، دەبێ زۆر بەئاگا بیت لەوەی کە فێرکارێکی باش هەڵبژێریت. ئەگەر ئەو مەشقانە بە خراپی جێبەجێ کران، ئەوا دەشێ جەستەیەکی وشک و ڕەق بەرهەم بهێنێ، یاوەخود چوارچێوەی هەر بەرنامەڕێژییەک تێپەڕێنێ و بەرەو ئەوە پەلکێشت بکات کە بە هیچ جۆرێک هۆشێکی نەرم و ناسک پەروەردە نەکات. بەهەمان شێوە، کاتێک کە مەشق دەکەیت دەبێت کار بۆ ئەوە بکەیت کە لە جیاتی ئەوەی سەرنج و لێخوردبوونەوەت بە تەسک و ترووسکی بهێڵیتەوە، بەرەو کراوەیی و شلی بەریت. ئامانج لە هەموو ئەو مەشق و ڕاهێنانەش دەبێت بۆ ئازادکردنی هەردوو مێشک و جەستە بن پێکەوە، هەر جوولە و کردارێک پێچەوانەی ئەوە بوەستنەوە دەبێت خۆتی لێ بەدوور بگریت.

دووپاتەکردنەوە تەکنیکێکی بەکەڵکە، بەڵام لە ژیانی ڕاستەقینەدا پێویستمان بە ' گەشەکردن ' هەیە. تۆ ناتوانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەمان شت دووبارە بکەیتەوە: بۆ ئەوەی حەز و ئارەزووت بهێڵیتەوە و ' گەشە ' بە خۆت

بدەیت دەبێت بەهەمان شێوە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت. لە دێری زیندا، تۆ ڕۆژانە لە هەمان کاتدا هەمان شت دووبارە دەکەیتەوە. لەناو ئەندێشەدا دەمێنیتەوە، کار دەکەیت، نان دەخۆیت، دەنوویت. لە کاتێکا لەوانەیە ئەوە شێوازێکی کاریگەریی ڕاهێنانێکی ڕۆحی بێت، بەڵام خۆ ئەکتەر قەشەیەک نییە، ئێمە پێویستمان بەوەیە کە بە ڕێگایەکی جیاواز کارەکانمان ڕاپەڕێنین بە مەبەستی گۆڕان و گەشە سەندن. تاکە ڕێگایەک بۆ ئەوەی خۆت لەوە بەدوور بگریت کە دووپاتەکردنەوە وشک و برنگت هەڵبێنێت، ئەوەیە کە هەردوو کارکردی بەراورد و هەمەڕەنگی تێکەڵ بەکارەکەت بکەیت. لە شینتۆیزما لە دەمی گواستنەوە لەنێوان دوو قۆناخی بەهێزدا ئەو بیرۆکەیە بەکار دەهێنن، لە جوولەیەکی چالاکەوە بەرەو چرکەساتێکی هێمن. لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی هەر ڕاهێنانێکی جەستەیی کەڵک و بایەخی خۆی هەبێت، دەبێت بەراورد بەکار بهێنیت. کاتێک کە لە ڕاهێنانێکی چالاکەوە بەرەو نەرمی دەگوازیتەوە، فاکتەری گرینگ ماوەیە: بۆ ماوەی چەند لە بارێکا دەمێنیتەوە بەرلەوەی بۆ بارێکی تر بگوازیتەوە.

فێرکارێکی چاک دەتوانێت کە بەرلەوەی بەرەو ڕاهێنانێکی ناسکتر بگوازێتەوە، ڕێنوێنی ئەوەت بکات کە ڕاهێنانێکی قورس و دژوار دەبێت بۆ چەند بخایەنێت. ناکرێ پێشبینی ماوەدانان بکرێت، ناتوانی بڵێیت کارێکی قورس دەبێت بۆ ماوەی بیست خولەک درێژ بێتەوە و چرکەساتێکی ناسکیش بۆ ماوەی دە خولەک. ماوەی دروستی هەر ڕاهێنانێک پشت بە کۆمەڵێک فاکتەر دەبەستێت، بۆ نموونە، ڕۆژ، ژمارەی کەسەکان، ئەندازەی ڕاهێنان. ڕاهێنەر کاتێک کە ڕێنوێنی یان دادوەری کات یان ماوە دەکات دەبێت زۆر بەناسکییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو فاکتەرانەدا بکات. ئەگەر ڕاهێنەرەکە بەباشی ماوەکەی دیاری کرد و هەڵبژارد، ئەوا قوتابییەکان بەباشترین شێوە هەست بەکاریگەریی ڕاهێنانەکان دەکەن، لەوانەیە هەست بەماندوویی بکەن، بەڵام لە هەمان کاتیشا هەست بە خۆشییەکی

لەبنەهاتووش دایاندەگرێت. دەمێکیش کە هەر بەتەنیا بۆ خۆت مەشق دەکەیت، ئەگەر هەستت کرد کە شتێک زیاد لە کاتی خۆی خایاندووە یاوەخود بووەتە ئەوەی کە بێزاربوونت تیا بخوڵقێنێت، ئەوا بەرەو ڕاهێنانێکی تر بگوازەرەوە.

لەگەڵ ئەوەشا، هەندێک جار کەڵکی زیاتری هەیە ئەگەر لەسەر ڕاهێنانێک بەردەوام بیت و بەبێ ڕاوەستان جار لە دوای جار دووبارەی بکەیتەوە. لەوانەیە لەسەری تووشی بێزاربوون بیت، بەڵام لە خاڵێکی دیاریکراویشدا ڕەنگە سنووری بێزاربوون تێپەڕێنیت و بگەیتە دنیایەکی تر و شتێکی زۆر نوێ بدۆزیتەوە، شتێک کە تاوەکو ئێستا لە ژیانی ئاسایی خۆتا ڕێکەوتیت نەکردووە. ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا، هەرگیز لە سنوور و ڕێگرییەکانی بەردەم بێزاربوون ئاودیو نەبووین، ئەگەر لە هەمبەر کارێکدا هەستمان بە دژواری و بێزاربوونێک کردبێت ئەوا زۆر بەسادەیی دەستمان لێ کێشاوەتەوە. کاتێک کە ناچار دەبیت تا دوا ڕادەی بێزاربوون بە ڕاهێنانێکەوە بنووسێیت ئەوا هەلێکت لە پێش دەمایە کە ڕواوڕووی بۆشاییەکی نوێ بیتەوە، ئەوەش زەمینەی گەشەکردنت بۆ دەرەخسێنێت.

لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکانی سادەی ژاپۆندا ڕێژەیەکی زۆر دووبارەبوونەوە دەبینرێت. زۆر دەنوشتێیتەوە، هەست و سۆز و خۆشەویستت لە هەمبەر کەسانی تر دا بە کۆمەڵێک جوولەی پڕ لە حیشمەت دەخەیتە ڕوو: تا زێدەتر خۆشەویستیت نیشانی کەسێک بدەی زێدەتر بۆی دەنوشتێیتەوە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش بێت کە گەلێک لە داوونەریتەکان نوشتانەوەیان وەک نیشانەیەک بۆ ڕێزلێنان بەکار هێنابێت، کە ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ پێک گەیاندن و لێک نزیککردنەوەی جۆش و خرۆش و کردار بەیەکدی. لە چرکەساتی ڕاییکردنی ئەو جووڵە و ئاماژانەدا، لە شتێک دڵنیا دەبیت کە بۆت ناکرێ بە شێوازێکی لۆجیکی هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان لەسەر بدەیت. ئەوە جۆرێکە لە تێگەیشتن کە تەنیا لە ڕێی جەستەوە نەبێت، بۆت ناکرێت لە

هیچ کتێبێکا یان گفتوگۆیەکدا بیاندۆزیتەوە. ڕەنگە ئەوەش تێگەیشتنێک بێ لە خودی خۆت وەک بنیاتێکی مرۆیی.

لە زۆرێک لە ئاینەکانی ئەم دنیایەدا، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ خەڵوەت دەکێشیت، یان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ڕێگا دەبڕیت، بەڵام لە کۆتاییدا دەروونبینی یان بیناییەکی باڵا بەدەست دەهێنیت. ئەوەی کە لێرەدا جێگەی لەسەر ڕاوەستانە ئەو دەروونبینییە کە لە ڕێگای هەندێک چالاکی جەستەییەوە بەدەست دەهێنرێت. کاری جەستەیی باش یەکێکە لەو کارکردانەی کە وات لێ دەکات بگۆڕێیت یان تێگەیشتنت باشتر بێت. کاتێکیش کە تۆ مەشقی جووڵە و جەستەیی بە جۆرێکی تەندروست ڕادەپەڕێنیت، لەوانەیە لە ژیانتا هەست بە بەختەوەری بکەیت، یان هەست بە کرانەوە و خاوێنی مێشکت بکەیت یاوەخود ئاگاییت زێدەتر هەستەوەرتر دەبێت. بە شێوازێکی تر هەست بە پتەوبوون و بەهێزی دەکەیت.

## وزەی مرۆیی

منداڵ لەسەر پارچە کاغەزێک ڕەنگ بڵاو دەکاتەوە و نیگارێکی ڕەنگا و ڕەنگ و زیندوو بەرهەم دەهێنێت، بەڵام تەنیا هەر ئەوەندەیە کە جوانە. هونەرمەندانی شێوەکاریش لەوانەیە هەروا بەسەرپێی هەمان ڕەنگ بەهەمان شێوە بەکار بهێنن، بەڵام هەرچۆنێکیش بێت کاتێک لە کارەکانیان دەڕوانیت هەستێکی جیاواز دادەگرێت، هەستێکی بەهێزی ئەوتۆ کە بەرەو قووڵایی ناوەوە پەلکێشت دەکات، تەنیا هەر ئەوەندەی کاری منداڵەکە جوانە، بەڵام هەڵگری مانا و قووڵاییەکی زیاترە؛ بەڵام بۆچی ئەوە ڕوو دەدات؟

من وا هەست دەکەم بەهەر جۆرێک بووە لە ڕێی ڕەنگ و شێوە و تانوپۆوە، وزەی هونەرمەندە شێوەکارەکە بۆ بینەر دەگوازرێتەوە. بۆ ئەکتەریش بەهەمان شێوە، کاتێک کە ڕواوڕووی بینەر دەبێتەوە؛ گرفتێک لە ئارادایە کە بەدەستهێنانی ' ئامادەیی ' تەواوە، ئەگەر چی بینەر بۆی ناکرێ بە وشە

گوزارشت لەوە بکات، بەڵام بۆی دەکرێ هەست بە وزەی ئەکتەرەکە بکات، بۆ ئەوان چوونیان بۆ شانۆ یەکێکە لەو چێژە سەرەکییانە. هەر شتێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی وەکو ئەکتەرێک پەرە بە وزەت بدات، یاریدەی نواندنیشت دەدات. کاتێک کە تۆ دەبینیت یان هەست دەکەیت ئەکتەرێک لەسەر تەختەی شانۆ گەورە دەنوێنێت، گەورەتر لەو جەستە فیزیکییەی کە بە ڕواڵەت دەینوێنێت. ئەوە لە ڕێی سەرنجڕاکێشانەوە ڕوو دەدات. سەردەمێک کە من گەنج بووم، تەماشای کچە ئەکتەرێکم دەکرد کە لەسەر شانۆ گەلێک شۆخ و شەنگی دەنواند، کاتێک کە شانۆییەکە تەواو بوو بەرەو دەرگای ژووری خۆگۆڕینی ئەکتەرەکان چووم و لەوێدا چاوەڕێم کرد و وەستام تا کچە ئەکتەرەکە هاتە دەرەوە. بەڵام کاتێک کە کچە ئەکتەرەکە دەرکەوت، وەک هەر ئافرەتێکی تر ئافرەتێکی گەلێک سادە و ئاسایی دەینواند، نەک ئەو ئافەریدە زۆر نازدارەی کاتێک کە لەسەر تەختەی شانۆ سەرگەرمی نواندن بوو.

بەوپەڕی گەرم و گوڕییەوە کە قاچەکانت هێندەی پانایی شانەکانت والا بن، لەسەر ئەرزەکە ڕابوەستە و بەو شێوەیەی کە ڕووت بەرەو ئاسمان بێت، سەرت بەرەو پشتەوە بسووڕێنە. تا ئەوەندەی کە لە توانادایە و بۆت دەکرێت دەمت، گوێچکەت، لووتت، چاوت بکەرەوە. باڵەکانت بەرەو سەرەوە هەڵبڕە و دەستەکانت والا بکە، بەو شێوەیەی کە بەری دەستت ڕووەو ئاسمان کرابنەوە. زمانت درێژ بکە و لە دەمتی ببەرە دەرەوە. لەو بارەدا کە وەستاویت و هەموو ئەندامەکانی جەستەت ڕووەو ئاسمان کراونەتەوە، دەنگی " ئـــا " یەکی درێژ دەربهێنە و تا ئەوەندەی بۆت دەکرێت درێژەی پێ بدە و بەردەوام بە، دواتر زۆر بەنەرمی باڵەکانت بەرەو خوارەوە شۆڕ بکەرەوە و سەرت بۆ باری ئاسایی خۆی بگەڕێنەرەوە و چاو و دەمت دابخە و بە هێمنی هەناسە بدە. گەلێک مەشقی هاوشێوەی تر هەن کە یاریدەی ئەوەت دەدەن وزەی مرۆیینەی خۆتیان پێ فرەوانتر بکەیت. کاتێک کە لەسەر ئەوە ڕادێیت بەو شێوەیە درێژە بە کارکردنی خۆت بدەیت، بە تەواویش بۆت

دەکرێ سەرنجی ئەوە بدەیت کە لە چ سەرچاوەیەکەوە ئەو وزەیەت بۆ دێت. ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئاسوودەیی بە تەنیا لەوەوە نییە کە ' وزەت تێ دەرژێت ' بگرە سەرباری ئەوە لەو بە شێنەیی تێگەیشتنەشتەوەیە، کە لە سەرچاوەی ئەو وزەیە و لەو پێوەندییەش کە لەگەڵیت هەیە، دێت. هەر کە هەستت بە سەرچاوەی ئەو وزەیە کرد، ئیتر کەمترین خەمت لەگەڵ ' وەرگرتنی وزە ' دا دەبێت و زۆرترین خەمت لەگەڵ ' یەکانگیربوون ' لەگەڵ ئەو سەرچاوەیەدا دەبێت. ئاسوودەییەکی لە بنەهاتوو لە پرۆسەی ئەو ' یەکانگیرییە ' دا دەدۆزیتەوە و لە ئەنجامیشدا وزەیەکی زۆرت تێ دەرژێت. لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتنت تا بێت قووڵتر دەبێتەوە.

دەق، لە شانۆی نووی ژاپۆنیدا گەلێک کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارەکانی سەدەی سیازدە و چواردە؛ کە زۆرجار شێوازی هونەریی خۆی لە ئەندێشە سروشتییەکانەوە خواستووە. ئەگەر کەسایەتییەکە غەمگین بووبێت، باسی ئەوەی نەکردووە کە بۆچی غەمگینە، لەوانەیە گوتبێتی: " هاوین بەسەرچوو. بەم زووانە زستان دەگاتە جێ. گەڵاکانی پایز دەوەرن "

هەست و سۆزەکان لە ڕێی دیاردەکانی سروشتەوە خراونەتە ڕوو. بەهۆی ئەو نەریتەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە مرۆ بەشێک بووە لە سروشت. هەستکردن بە شادی یان غەمگینی لە جیهانی سروشتیدا هاوتا و بەرابەری هەبووە و وزەی مرۆیی پەیوەست بووە بە وزەی ژینگەی سروشتییەوە. ئەمرۆ خەڵکان وا پێشبینی دەکەن کە لە بەرانبەر سروشتدا ئازادن و ئەوەی لە دنیای سروشتیدا ڕوو دەدات، دوور و نزیک هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەوان نییە. لەو دەرەنجامەشدا، کاتێک کە لەسەر تەختەی شانۆ وێنای مرۆڤ دەکێشیت، هیچ پەیوەستگیرییەکی بە سروشتەوە نییە. بەڵام هەر کەسێک کە لە نزیک هێڵی بوومەلەرزەوە گوزەران دەکات، دڵنیایە لەوەی کە ئێمە بەتەواوی بەشێکین لە جیهانی سروشتی و هەر کاتێک زەمین بڕیاری لەرزینی دا ئەوا هیچ تەکنەلۆجیایەکی باڵا لە دنیادا بۆی ناکرێ قوتارت بکات.

له ڕاستیدا، مرۆڤ بەتەواوی وابەستە و پەیوەستگیرە بە سروشتەوە. ئاو و هەوا و ئاگر و تەنانەت زەمینیش، بەبەردەوامی دەجووڵێن و ئێمەش بەشێکین لەو جوولەیە. کاتێک کە ئێمە لە شانۆ کار دەکەین دەبێت دان بەو پێوەندییەدا بنێین. کاتێک کە لەسەر تەختەی شانۆ سەرقاڵی بیناسازی مرۆیین دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە ئەو، وابەستەیە بە هەموو دیاردەکانی سروشتەوە. ئەگەر ئەوەمان لە یاد کرد، هەموو ئەو ڕەهەندانەی کە دەبێ مرۆیی بن لەناو دەچن.

بۆ نموونە کاتێک ئەم دێرە دەڵێم (من تووڕەم !). ئەگەر هاتوو وەک یەکەیەکی دابڕاو هەر بەتەنیا بیرم لە خۆم کردەوە و سەرنجم خستە سەر ئەزموونی تاکە کەسیی خۆم، ئەوا تووڕەبوونەکەم زۆر بێنموود دەبێت. بەڵام ئەگەر بیرم لەو ئاگرە کردەوە کە لە جێگەیەک کەوتووەتەوە، تووڕەبوونەکەم گەلێک ئەستوورتر و لە بەرچاوتر دەبێت. بێگومان، ئایا ئاگر بۆ خۆی ' تووڕە ' نییە، ئیدی هەست و سۆزیشم بۆ خۆی لەگەڵ جیهانی سروشتیشا بەرابەری هەیە. بەهەمان شێوە ئەگەر بمەوێ بەرجەستەی ' ئاسوودەیی ' بکەم، دەتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کە من بەشێکم لەو ئاڵوگۆڕە سروشتییەی دەوروبەری خۆم. ئیدی بەو شێوەیە، سۆزەکەم هەر بەتەنیا شتێک نییە کە زۆر بەسادەیی لە ناوەوەی مندا ڕوو بدات، بگرە بۆ خۆی دەبێتە ڕەنگدانەوەیەکی سروشتی.

کاتێک کە دەستمان کرد بە ئیشکردن لە دەقی (ئەو پیاوەی کە) پیتەر برۆک هەموومانی کۆکردەوە تا ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە ئەو دەیەوێ شانۆ بکاتە بەشێک لە کتێبەکەی ' ئۆلیڤەر ساکس ' بە ناوی (ئەو پیاوەی ژنەکەی خۆی لێ دەبێتە شەبقەیەک) ئیدی دەستمان کرد بە مەشقی ڕاگوزاری هەندێک دیمەن لە کتێبەکە.

(لێرەدا یۆشی بۆ نمایشی '' ئەو پیاوەی کە ژنەکەی لێ دەبێتە شەبقەیەک '' کە بەرهەمێکی پیتەر برۆکە و ناوەکەی لە کتێبێکی ئۆلیڤەر ساکسەوە

وەرگیراوە، بۆ کورتکردنەوەی ناوەکەی لەگەڵێک جێگەی تری ئەم کتێبەدا تەنیا ئاماژە دەکات بە " ئەو پیاوەی کە " و. کوردی)

تا ئێرە، من هەمیشە پێم وا بووە کە بابەتی گەڕانی شانۆیی، دەبێت بابەتێک بێت کە بێ کەم و زیاد وابەستە بێت بە ئەزموونی بینەرەوە. ڕەنگە بابەتێک بێ لەبارەی خۆشەویستی، کاروباری خێزان، مردن، ڕامیاری، بەڵام دەبێت ڕووداوێک بێ کە بینەر لە ژیانی خۆیدا بەری کەوتبێ و بۆی ئاسان بێت بیناسێتەوە. بەڵام لەبارەی نەخۆشییەکانی مێشک؟ ئەگەر بابەتێکی دەروونناسی بوایە تاڕادەیەک دەکرا دەست و پەنجەی خۆتی لەگەڵا نەرم بکەیت و پێی ئاشنا بیت، چونکە لەوانەیە دوور و نزیک ئەزموونێکم لەگەڵ گرفتارییە دەروونییەکاندا هەبووبێت. بەڵام گرفتاری هەستەوەری دیاردەیەکی گەلێک تایبەت و سنووردارە و شتگەلێک نییە کە لە ژیانی زۆربەی خەڵکاندا ئەزموون کرابێت. لێرەوە ئەو بابەتەی کە پیتەر برۆک هەڵی بژاردبوو بۆ من گرفتێک بوو. بۆم نەدەکرا خۆمی لەگەڵدا بسازێنم، زۆر بەڕاشکاویش بەلامەوە سەیر بوو، بۆچی لەم دنیایەدا لەسەر بابەتێکی ئاوها بنشینەوە. ئەکتەرەکان دەستیان کرد بە مەشقی ڕاگوزاری و منیش کەوتمە تەماشاکردنیان. لە پڕێکا هەستم بەوە کرد کە ' من ئەو کەسەم '. زۆر بەتەواوی کارێکی نالۆجیکی بوو، بەڵام هەستم کرد من ئەو کەسەم کە دووچاری گرفتاری هەستەوەری هاتووم. گەلێک ترسام. لە ئاستێکی تریشا، دیمەنەکە بۆ خۆی پێکەنینهێنەریش بوو. پیاوێک کە هەست بەلای چەپی خۆی نەکات، لەوە دەچێ کەمێک پێکەنینهێنەر بێت بۆ تەماشاکردن. بەڵام من تۆقیم، بە هیچ جۆرێک پێکەنینهێنەر نەبوو. ڕێی تێ دەچێت کە ئەو کەسە من بم کە لەوێ گرفتار بووم و هەست بە گرفتارییەکەی خۆم نەکەم. ڕێگایەک لە ئارادا نییە بۆ زانین.

ئیدی لەو ساتەدا ئەوە بووە جێی سەرسوڕمانم کە بێ سێ و دوو، پەیم بەوە برد کە بۆم دەکرێ لەو پڕۆژەیەدا کار بکەم.

له ڕاستیدا لەو دەمەوەی کە لەگەڵ پیتەر برۆکدا کار دەکەم، لە نزیکەی سی ساڵێک لەمەوبەرەوە، ئەم کارە بووە باشترین پرۆژەی من. لەو ڕۆژگارەدا، من لە یەکبینە بیرم لە وێنە دەکردەوە، بە تایبەتی وێناکردن یان نمایشکردنی مرۆڤ. بەر لە داهێنانی ئامێری کامێرا، یەکێک لە ئەرکە بنچینەییەکانی پۆرترێت ئەوە بووە کە تۆماری تایبەتمەندیی کەسایەتی و ڕووداوەکان بکات. ئیدی لەو دەمەوەی کە وێنەی فۆتۆگرافی ئەو ئەرکە ڕایی دەکات، چ کارێکمان بە پۆرترێت نەماوە. لە جیاتی ئەو ئەرکە، هەنووکە هونەرمەندانی هاوچەرخ شێوەی مرۆڤ دەکێشن بۆ ئەوەی شتێک لە بارەی ئەوە بڵێن کە چۆن خەڵکی دەبینن. ئیدی ئەوە ڕوانینی مرۆڤە کە دەگوازرێتەوە. هەوڵم دا هەمان کار لەگەڵ نواندنی خۆما بکەم. ئەو شێوازەی خۆم بەکار بهێنم کە چۆن دەڕوانمە خەڵکی، هەرچۆنێک بێ دڵنیا نەبووم لەوەی کە چۆن ئەو کارە ڕایی بکەم.

کاتێک کە دەستمان کرد بە ڕاهێنان، دڵنیا نەبووین لەوەی کە چ شێوازێک بۆ نمایشی ئەو بەشە هەڵبژێرین. بڕیارمان دا هەنگاوی یەکەم ئەوە بێت تا ئەوەندەی بۆمان دەکرێت زانین و شارەزایی لە بارەی خودی گرفتە هەستە دەمارییەکان کۆ بکەینەوە، بۆ ئەو مەبەستە بۆ ماوەی چوار مانگ سەردانی نەخۆشخانەی عەسابی سالپیتەمان لە پاریس کرد و لە نزیکەوە نەخۆشەکانمان بینی و قسەمان لەگەڵا کردن. هەموو ئەو ڕاپۆرت و سەرگوزشتانەمان خوێندەوە کە لە ئینگلتەرەوە ڕەوانە کرابوون. گەلێک زانیاریشمان لە خودی ئۆلیڤەر ساکسەوە پێگەیشتبوو. گەلێک دۆکۆمێنتی تەلەفیزۆنیمان تەماشا کرد.

کاتێک کە لە نەخۆشخانە کەوتینە تێبینیکردنی نەخۆشەکان، هەندێ مەسەلە زۆر بە خراپی تووشی شۆکیان کردم. نەخۆشێک هەبوو کە تێدەکۆشا لە بێهۆشی بێتە دەرەوە. نەخۆشێکی تریش تەنیا دوو هەفتەی لە ژیاندا مابوو. ئەوەی من لەو نەخۆشانە بەدیم کرد ئەوە بوو کە وزە

بنچینەییـیـەکـانی مـرۆڤ چەندە بەهێـزن. جـۆرێک لە وزە کـە پاڵیـان بە جەستـەوە دەنا لە بێهۆشی بێتە دەرەوە، وزەیەک کە دەیەوێت درێژە بە ژیانی خۆی بدات لە کاتێکا جەستە لە مردنـەوە نزیکترە. ئەو نەخۆشەی کە بێهۆش بوو، دیار بـوو کە سـەرباری ئـەوەی بێـئـاگـا بوو، بـەڵام شـتـێک لـە ناوەوەیدا دەجووڵا و هەوڵی دەدا کە جەستە بە ئاگا بهێنێتەوە. ئەو وزە مرۆڤانەیە زۆر بە تـین و تاوە، گـرینگ نیـیـە بەلایەوە کـەسـەکـە بێـجـوولـەیە یان لە سەرەمەرگدایە، شتێکە کە بۆ مـانەوەی ژیان تێدەکۆشێت. بۆم دەرکەوت بە بەراورد بەو وزەیە، لای چەپت ئیـفـلیج بێت هەر بە تەنیـا وردەکـارییـەکی ڕووکارییە. بێگومان، ئیفلیجبوون بۆ خۆی گرفتارییە، بەڵام بە بەراورد بەو پاڵنەرە سـەرشێتـەی بەردەوامیی ژیان، تەنیا وردەکارییەکە. تەماشاکردنی ئەو وزەیە جـێگەی سـەرسـوڕمـانە، لەگـەڵ ئەوەشـا شـتـێکی جـوانیـشـە. نەخۆشێکی تر لـەوێ بوو کە بە هیچ جۆرێک بۆی نەدەکرا بـجـووڵێت، تەنیا ئەو کاتانە نەبێت کە کەسێک مۆسیقای لێدەدا، ئەویش دەکەوتە سەماکردن.

ئەوەم بۆ دەرکەوت کە مرۆڤ بۆ خۆی مەتەڵێکە. پزیشکانی هەستە دەمار بۆیان دەکرێ گەلێک ڕاڤەکاری لەسەر ئێرە و ئەوێی دیاردەکان بدەن، بەڵام من هەست دەکەم لە بارەی مرۆڤ هێشتا شتگەلێکی نهێنیئامێز لە ئارادان. تەنانەت جەستە بۆ خۆی رازێکە و بۆت ناکرێ بەتەواوی ڕاڤەی بکەیت.

ساتەوەختـێکیش کە سـەرقـاڵی نمایشی ' ئەو پیـاوەی کـە ' بووم، بڕیاری ئەوەم دا کە هەوڵی گەیاندنی ئەو پەیامە بدەم کە مرۆڤ چەندێک قەشەنگە و چەندێکیش پڕ ڕاز و نـهـێنیـیـە. وەک دەرەنجـامـێکیش، کـاتێک کـە لە شانۆیییەکەدا لە ڕۆڵە جیاوازەکاندا کار دەکەم، نیگەرانی ئەوە نیم کە وێنەی کـارەکـتـەرگـەلێکی دیاریکراو بکێشم. گـرفـتـارە عـەسـابیـیـەکـان و وزە بنچینەییـەکانی مـرۆڤ وابەستە نین بەهیچ دۆخێکی کەسێتییەوە. من زۆر بەسـادەیی لـەوە ڕادەمێنم کە پارچە پارچە و جووڵە جووڵە دیمەنەکـان بینا بکەم. وردە وردەش گیـانی مرۆیی هەڵدەقووڵێت. بۆم دەرکەوت ئەو پرۆسـەیە

زۆر سەرنجڕاکێشە. لە هەمان کاتیشا هەوڵم دا کەمترین ژمارەی ئەو جوولانە بەکار بهێنم کە پێویستییان بە خستنە ڕووی هەقیقەتی دۆخی کەسایەتییەکانە. وردەکاری زیاد لە پێویستیش هەقیقەتە ناوەکییەکان دادەپۆشێت. ئێمە بەتەواوی ئەوەمان بۆ نەدەکرا ئەو جوانییە سەرنجڕاکێشەی گەوهەری مرۆیی ببینین.

## تێبینیکردنی خود

سەروەختێک کە لە جوولەیەک ورد دەبیتەوە، هەوڵ بدە گەڕان و لێپێچینەوەت هەموو ئەو کردارانە لە خۆ بگرێت کە سەرلەبەر هاوتا و هاوچەشنن، ئەوەش ڕاپێچت دەکات بۆ ئەوەی بەتەواوی بیر لەوە بکەیتەوە کە دەتەوێت چی لە جەستەت بکەیت. پەیکەری مرۆڤ چەق یان هێڵێکی ستوونی لە خۆ گرتووە کە تا نیوەی لەش دێتە خوارێ و چاوێک، کونێکی لووت، گوێیەک، باڵێک، لاقێک کەوتووەتە هەر لایەکی جەستەوە. هەر لەوە دەکات کە لای ڕاست ئاوێنەیەک یان وێنەیەکی دووبارەی لای چەپ بێت. هەرچۆنێک بێت ئێمە هوشیاری و ئاگاییەکی ئەوتۆمان لەبارەی ئەو ساختومانە بنچینەییە هەیە و کردارەکانمان بە ئەندازەیەکی دروست هاوچەشنی یەکن. بۆ ئەزموونکردنی هەر جۆرێک لەو جوولانە، هەوڵ بدە کە هەردوو لای ڕاست و چەپی جەستە لە هەمان کات و بەیەک ئەندازەی یەکسان بجوولێنیت. بۆ نموونە هەردوو باڵت بەرزبکەرەوە، تا ئەوەندەی بۆت دەکرێ هەردوو چاوت بکەرەوە، قولە پێکانت بەرەو لایەک وەربگێڕە. ئەوە گرینگ نییە کە چی دەکەیت یان چۆن دەکەویتە ڕوو، بگرە ئەوەی گرینگە دۆزینەوەی هەموو ئاستەکانی هاوچەشنییە، تاوەکو پەی بەوە بەری کە لە ناوەوە هەست بە چی دەکەیت.

گەلێک گرانە بۆت بکرێ لە کارەکەی خۆت دڵنیا بیت. کاتێک کە ئەو مەشقانە ڕادەپەڕێنیت لە کەسێکی تر داوا بکە سەرپەرشتی یان تێبینی

جووڵەکانت بکات. بۆ نموونە کە هەوڵ دەدەیت جەستەت بۆ بارێکی تایبەت بجووڵێنیت.

(بەتایبەتی ئەو مەشقانەی کە دەستەکانت بۆ خوارەوە لەسەر زەوییەکە داناوە) لەو چرکەساتانەدا ئاسان نییە لە خۆت بڕوانیت. بۆ ئەوەی بۆت بکرێ بە شێوەیەکی دروست و وردبین کارەکانی خۆت ڕایی بکەیت، لە کەسێکی تر بخوازە کە ئەو جووڵانەی دەیکەیت بۆت ڕاست بکاتەوە. هەر ئەوەندەش کە لێی ڕاهاتیت ئاستی هەقیقی دەستەکانت دەکەونە کوێوە ئیدی بەردەوام بە لەسەر دووبارەکردنەوەی تا لە دواجاردا جەستەت بۆی بکرێ زۆر بە ئاسانی و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو بارودۆخە. بەڵام بەرلەوەی کە بەوپەڕی دڵنیاییەوە بگەڕێیتەوە بۆ هەمان ئەو باری جەستەیەی پێشووترت، پێویستت بەوەیە کە بەتەواوی و سەد دەر سەد ئەو ئاست و بارە بەباشی فێر ببیت. بەهەمان شێوە، ڕێگە بە کەسێک بدە گوێ لە دەنگ و ئاخاوتنت ڕابگرێت تاوەکو لە وردبینییان ڕابمێنێت یان دڵنیا بێت. ئەگەر هەر لە سەرەتای پرۆڤە کردنتەوە کەسێکت هێنا کە دەستگیرۆیی و یاریدەت بدات، ئیدی بەبێ ئەوەی پێویستت بەوە بێت کە بۆ هەر جارێک و تاوێک ڕابوەستیت و لە خۆت وردبیتەوە، ئەوا لێی ڕادێیت بێ کەموکوڕی مەشقەکانی خۆت ڕایی بکەیت. لە کاتێکا ئەگەر چی ئاوێنە یان تۆماری ڤیدیۆیی یاوەخود هەر جۆرە تۆمارێکی تر بۆی ناکرێ سەد دەر سەد ڕەنگدانەوەی بێ زیاد و کەمی کارەکەت بۆ بخاتە ڕوو، ئەوا لە یادت بێ، کارێکی شیاوە؛ بەتایبەتی بۆ ئەو جێگە تایبەتییانەی جەستە داوای یاریدە لە کەسێکی تر بخوازیت. ئەو جۆرە دەستگیرۆییاینەی تر تەنیا بۆ سەرەتاکانی فێربوونی کاری شانۆیی بەکار دێت. لە کاتی نمایشدا، بۆت ناکرێ بە هیچ جۆرێک ' بە خۆتا بچیتەوە ' ئەگەر چی جووڵەکەشت بەوپەڕی دروستی یان نادروستییەوە ڕایی کردبێت، بگرە تەنیا دەبێت بار و دۆخەکانی جەستە لە ڕێی هەستکردنەوە ڕێک سبخەیت. وەک ئەکتەرێک

دەبێت لە هەموو کاتەکاندا تەواو دڵنیا بیت لەوەی کە جەستەت چۆن داناوە، هەر جوولەیەکیش دەبێت هەڵبژێردراو بێت نەک هەر لە خۆوە یان بە ڕێکەوت ڕوو بدات. زۆرێک لە ئەکتەر، پێیان خۆش نییە ڕەخنەیان لێ بگیرێت. کاتێک کە لە پرۆژەیەکدا کار دەکەم، ڕەنگە شتێک بە ئەکتەرێک بڵێم کە ببێتە مایەی تووڕەبوونی. من لە گەلێک بۆنەدا تێبینی ئەو تەرزەم کردووە، ئەگەر وا بێت یان وا نەبێت من ئەو کەسەم کە تێبینی دەدەم. لەوانەیە ئەکتەرەکە هەقی خۆی بێت کە نائارامی دایبگرێت. لەوانەیە هەڵە بێت ڕەخنە بگریت، ئەگەر بێتو گەلێک زۆر بڵێیی بکەیت ئەوا ئەنجامەکەی ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەکتەرەکە تووشی شڵەژان بێت.

بەپێی ڕوانینی من، من زۆرم پێ خۆشە گوێ لە هەر جۆرە ڕەخنەیەک بگرم کە لە ئارادایە. بەلای منەوە، گرفتێکی سەرەکی لێرەدا خۆی حەشار داوە کە بۆم ناکرێ تەماشای جوولەکانی خۆم بکەم. تەنانەت تۆماری ڤیدیۆیش، بۆی ناکرێ ئەو هەموو وردبینی و وردەکارییەی کە لە نمایشێکی زیندوودا هەیە ڕەنگ پێ بداتەوە. نواندنیش لە بەرانبەر ئاوێنەیەکدا کارێکی کردە نییە و ڕەنگدانەوەکەشی ڕاستگۆیانە نییە. لێرەوە تێبینی خەڵکانی تر زۆر بەکەڵکە و ئەرک و جێی ئاوێنەت بۆ دەگرێتەوە.

بەڵام ڕەخنەگر (بەهەموو جۆرەکانی ڕەخنەگرەوە، تەنانەت بە ئەوانەشەوە کە هاوڕێ ئەکتەرەکانی خۆتن) وەک ئاوێنەیەکی کەچ و خوار وان کە هەڵگری ڕووگە و شێوەی تایبەتیی خۆیانن. ئەگەر بڕوات وابێ ئەوەی کە ' ڕەنگ دەداتەوە ' دەقاودەق بێ کەم و زیاد بگوازرێتەوە بۆ گوتن، ئەوا دوور نییە کە بە ڕوانینێکی هەڵەوە بێینە دەرەوە. وشەکانی ڕەخنەگر ڕەنگدانەوەیەکی حەقیقی ئەو کارانە نین کە تۆ پێیان هەڵدەستیت. دەبێت ڕێگاش بدرێ بۆ بەهەڵەداچوون. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو زانیارییەکان جێبایەخن، ئەوەش گرفتێک نییە کە تۆ گوێ بۆ هیچ یەکێکیان شل ناکەیت، یان کتومت شوێن پێی هەموویان هەڵدەگریت. من پێم وایە ڕوانینی کەسانی

تر زۆر بەنرخ بن و تا ئەوەندەی بۆم دەکرێ بە سنگفرەوانییەوە لێیان وەردەگرم. زۆرجار هاوڕێیان گلەیی ئەوەم لێ دەکەن کە من زیاد لە پێویست گوێ بۆ کەسانی تر شل دەکەم.

ئەوان پێیان وایە کە ئەوە ببێتە هۆی ئەوەی کە لە توانای باوەڕبەخۆبوونم کەم بکاتەوە. ڕەنگە ئەوە تا ڕادەیەک ڕاستی تیا بێت، بەڵام ئەوە هۆیەک نییە کە من پێم خۆشە گوێ بۆ رەخنە شل بکەم. من پێم وانییە ناچار بم شوێن وردو درشتی هەر سەرنجێک بکەوم، بەڵام لە ڕێی ئەوەوە کە خەڵکان دەیڵێن، بۆم دەکرێ زانیاری لەمەڕ کارەکەی خۆم وەربگرم و ئەوەش دەروازەیەکم بۆ والا دەکات کە بزانم لە ڕاستیدا چی دەگوزەرێت. تەنانەت بوونی ئاوێنەیەکی کەچ و خوار باشترە لەوەی کە ئاوێنەیەک نەبێت، دەشێ سەرنجەکان " ڕاستگۆ " نەبن بەڵام بەکەڵکن.

ئەکتەرێکی کابووکی جارێکیان گوتی:

''ئەگەر پێت وا بوو کەسێک ئاستی نواندنی لە تۆ بالاترە، ئەوا ئەو گەلێک کارامەیە. ئەگەر پێت وا بوو هەردووکتان تا ڕادەیەک لەیەک ئاستدان، ئەوا بێگومان ئەو زۆر لە تۆ لە پێشترە. ئەگەر وات هەست کرد کە ئەو لە ئاستێکدایە لە تۆ نزمتر بێ، ئەوا لە ڕاستیدا هەردووکتان لە یەک ئاستان.''

لە ڕاستیدا، بینەر ئاوێنەیەکی هەقیقییە. من بەتەواوی نازانم چۆن ئەو ڕۆڵەی خۆم یاری بکەم هەتا وەکو ڕواوڕووی بینەر ڕانەوەستمەوە. لەو چرکەساتەدا کە ڕۆڵی خۆم دەدۆزمەوە، ژووری پرۆڤە تەنیا ئامادەکارییەکە کە هەلی ئەو دۆزینەوەیەم بۆ دەڕەخسێنێت. بینەر پێم دەڵێ چۆن ڕۆڵی خۆم یاریبکەم. بڕوام وایە کاری ئەکتەر نیشاندانی ئەوە نییە کە دەتوانێت چ کارێک ئەنجام بدات، بگرە دەبێ بۆی بکرێ بینەر بگوازێتەوە بۆ شوێنکاتێکی تر؛ شوێنکاتێک کە بۆی ناکرێ لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕێکەوتی بکات. کاری ئەکتەر لەسەرێکەوە بەکاری شوفێری ماشێنێک دەچێت کە خەڵکی هەڵدەگرێت و دەیانگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر، شوێنێکی تەواو

ناوازە. من دەمەوێت بەو شێوازە خزمەتی بینەر بکەم. کاتێک کە سەرقاڵی نواندنیت، تۆ بەتەواوی دەرگیریت لەگەڵ ئەو کارەکتەرەدا کە ڕۆڵەکەی دەگێڕیت. ئەگەر کارەکتەرەکە غەمگین بێت، ئەوا هەست و سۆز و جەستەشت بەگوێرەی ئەوە دەجوولێتەوە، لە هەمان کاتیشدا ' تۆ ' یەکی تریش لە ئارادایە کە نمایش دەباتە ڕێوە، تۆیەک کە تەواوێک غەمگین نیت. دەتوانی هەست بە ڕایەڵی ئەو پێوەندییە بکەیت کە دەکەوێتە نێوان ئەو ' تۆ ' یەی کە سەرگەرمی چرکەساتەکانە و ئەو ' تۆ ' یەی کە لەدەرەوە ڕاوەستاوە و چاودێری دەکات.

' چاودێریکەر ' فەرمان دەدات؛ بۆ نموونە، بڕیاری ئەوە دەدات شێوەی جەستە بگۆڕێت کە لەبەرانبەر ئەوەشدا هەست و سۆز بە دوای خۆیدا ڕێک دەخاتەوە. ئەو پرۆسەیە زۆر سەرنجڕاکێشە بۆ تێبینیکردن و تۆش بە ئاگایت لە ' خۆت ' کە سەرقاڵی چاودێریکردنی ' خۆت ' ـەکەی ترە. لە هەمان کاتیشدا تۆ لە ڕاستیدا نازانیت پێوەندی نێوان جەستە و هەست و سۆز چۆن کاری خۆی دەباتە ڕێوە. بە ڕێکخستنەوەی جەستە، هەست و سۆزت گۆڕان لە خۆ دەگرێت، شتێک دەگۆڕێت و تۆش ئاگات لێیە کە ڕوو دەدات، بەڵام تێ ناگەیت بۆچی وا دەکات. بەدوای ئەوەدا بە شوێن ' تۆ ' کەی تردا دەگەڕێیت کە وا دەکات ئەو گۆڕانگارییانە ڕوو بدات.

وەک ڕاهێنانێک، هەوڵ بدە ڕۆڵی کارەکتەرێک یاری بکەیت کە تەنیا بەشێکی جەستە بەکار دەهێنێت. بۆ نموونە تۆ ڕۆڵی هاملێت یاری دەکەیت؛ بە هەموو ئاڵۆزییەکانی خۆیەوە و تەنیا دەستێکت بەکار دەهێنیت. ئەمجا هەوڵ بدە دەستەکەی تریشت بەکار بهێنیت و ژیان بە کارەکتەری ئۆڤیلیا ببەخشیت. هەر وەکو شانۆی بووکەڵە وایە، بەڵام بە جیاوازییەکەوە کە ئەویش ئەوەیە بووکەڵەکە پارچەیەکە لە جەستەی خۆت. کاتێک ئەو کارە جێبەجێ دەکەیت، لە ڕێی دەستەوە بە کاری نواندن هەڵدەستیت. هەمان کار دووبارە بکەرەوە و ئەمجارە لە جیاتی ئەوەی تەنیا دەستێکت بەکار بهێنیت،

سەرجەم جەستەت بەکار بهێنە. زۆر بەسادەیی هەر وەکو چۆن مامەڵەت لەگەڵ دەستتدا دەکرد، بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ هەموو جەستەدا دەکەیت. وەک ئەکتەرێک، چاودێری و مامەڵەش لەگەڵ جەستەدا دەکەیت، لە دەرەنجامی ئەو مامەڵەیەشەوە شتێک دەگۆڕێت و هەست و سۆزێکی نوێت تێ دەڕژێت. هەر لەو چرکەساتەشدا کە چاودێری هاتنە ئارا و دەرکەوتن یان هەڵقوولینی ئەو هەست و سۆزە دەکەیت، تا ڕادەیەک وەک شتێکی نامۆ و لەناکاو وایە. بەڵام ئەو کەسە کێیە کە چاودێری دەکات؟

چیرۆکێکمان هەیە کە لە وڵاتی چین ڕووی داوە. هەبوو نەبوو، پیاوێکی دەوڵەمەندمان هەبوو. ئەم پیاوە چوار ژنی هەبوو. ژنی یەکەمیان هەتا بڵێی جوان و نازدار بوو. بۆ هەر کوێیەک بڕۆیشتایە لەگەڵ خۆی دەیبرد و بە شانازییەوە نیشانی هەر کەسێکی دەدا کە ڕێکەوتی بکردایە. ئەم ژنەی دڵی هەر شتێکی لە دنیادا بخواستایە؛ لە زێڕ و زیو، لە ئاوریشمی جوان و گرانبەها، بێ سێ و دوو بۆی دەکڕی. هەمیشە پێکەوە دەچوونە گەرماو و زۆر بەسادەییش ئەم پیاوە لە سەرییەوە تا پای ژنەی بە دەستی خۆی دەشوشت. ئیدی ئەم ژنە لە خۆی گۆڕا و هەتا بڵێی لووتبەرز و لە خۆبایی بوو، بە ئارەزووی خۆی ئەم مێردەی دەهێنا و دەبرد. پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر ژنی دووەمی هێنا. تا ئەم بووکەی بۆ دابەزی، هەوڵی زۆری دا، مامە حەمەیی زۆری کرد و لە هەمان کاتدا بێنە و بەردەیەکی زۆریشی هاتە ڕێ. بۆ ئەم ژنهێنانەی پایە و پلەی کۆمەڵایەتی خۆی لە ناو کۆمەڵدا قۆزتەوە. ئەم ژنەی زۆر خۆش دەویست. بە ژنهێنانی دووەمی گەلێک ئاسوودە بوو و هەر لەبەر ئەوەش هەستی بە دڵنیایی تەواو دەکرد. ئەگەر چی بەرانبەر ئەم ژنە تازەیەی کەمتر هەستی بە خۆشەویستی ڕاستەقینە دەکرد (لەبەر ئەوەی ناچار بوو هەوڵێکی زۆر بدات بۆ بەدەستهێنانی ئەم ژنەی) بەڵام سوێندی خواردبوو هەرچی لە توانادا بێت بۆی بکات. بە ژنەکەی گوتبوو کە حەز دەکات ببێتە فێڵباز، پیاوکوژ، یان هەر شتێکی تر

بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لەوەی کە لەگەڵیا دەمێنێتەوە.

ژنی سێیەمی تا ڕادەیەک ئەوەندەی بەلاوە گرینگ نەبوو، هەر ئەوەندە بوو کە هەستێکی ناسکی بەرانبەری هەبوو. بەڵام کاتێک کە مارەی کردبوو، ژنێکی جوان و سەرنجڕاکێش بوو. ناو بە ناو لە گەشتو گوزارەکانیدا لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، تاوەکو لەو کاتانەش کە لەماڵ نییە؛ هەست بە خۆشی و سەفا بکات. بەڵام بەپێی تێپەڕینی کات هەستی بە کەموکوڕی و خەوشەکانی ئەو ژنەی کرد. ئەگەرچی لە سەرەتای ژیانی هاوسەرێتییاندا بەوجۆرە نەبوو، بەڵام وردە وردە گرفت و ناخۆشی کەوتە نێوانیانەوە. گەلێک پلار و توانجی دەگرتە ئەم ژنەی وەک ئەوەی پێی دەگوت:

" گەمژە، بێ هەست و سۆز، نەخوێندەوار. "

ئەوەندەی نەمابوو کە لێک جوێ ببنەوە، تا لە ناکاوێک منداڵێک چارەنووسەکەی گۆڕی و ئیدی مێردەکەی بڕیاری دا کە ژیانیان هەر وا بە سادەیی بمێنێتەوە.

ژنی چوارەمی هەر وەکو خزمەتکارێک مامەڵەی دەکرد. بە ئارەزووی خۆی دەیهێنا و دەیبرد و دەیڕەتاند. هەر کاتێکیش ئارەزووی بکردایە لێی دەدا، قەتیش نەبوو دیارییەک یان ڕوویەکی خۆشی لێ بنێت. لەو دەمەوەش کە خۆشەویستی مێردەکەی ڕووی لە کەمی کردبوو، ئەم ژنە بەستەزمانە لە حاڵێکی خراپدا گوزەرانی دەکرد. ئیدی وای لێ هاتبوو ئەوپەڕی داماو و بێدەرەتان ژیانی دەبردە سەر. هەمیشەش ئاگای لە هەڵسوکەوتی خۆی بوو تا کارێکی وا نەکات کە دڵی مێردەکەی بڕەنجێنێت.

ڕۆژێکیان لە لایەن دەوڵەتەوە داوای لێ کرا کە خۆی بۆ گەشتێکی دوور و درێژ بۆ ئەودیوی سنووری ئیمپراتۆرییەتەکەیان ئامادە بکات. لەبەرئەوەی هێز و گوڕی جارانی نەمابوو، بۆی نەدەکرا بە تەنیا ئەم گەشتە بکات. بڕیاری دا داوا لە یەکێک لە ژنەکانی بکات کە لەو گەشتەیدا هاوڕێ و

هاوسەفەری بکەن. ئەو زیاتر حەزی بەوە بوو کە ژنی یەکەمیان هاوڕێ و هاوسەفەری بێت. بەڵام هەر کە ئەو داوایەی لە ژنی یەکەمی کرد، ئەو زۆر بە ساردییەوە وەڵامی دایەوە و گوتی:

" نەخێر، بە هیچ جۆرێک ". ئیدی پشتی کردە مێردەکەی و دوور کەوتەوە. مێردەکەی زۆر تووڕە بوو، بەڵام بۆی نەدەکرا هیچی لەگەڵ بکات. لە دوای ئەوە ڕووی کردە ژنی دووەمی و هەمان داوای لێ کرد. ژنی دووەمی بەبێ ئەوەی خۆی بشڵەژێنێت، بەدەم شانەکردنی قژییەوە بەیەک وشە پێی گوت: "نەخێر". دڵڕەقی ژنەکەی تووشی شۆکی کرد.

ئیدی ڕووی کردە ژنی سێیەمی. هەموو قورساییی ڕۆژانەیماڵەکە بەسەر ژنی سێیەمییەوە بوو، سەرباری ئەوەش هەر کاتێک ناساخ بوایە، ئەو شەونخوونی بەدیارییەوە دەکێشا. پێی وا بوو لەویان باشتر تیا نەبێت بۆ ئەوەی لەو گەشتە دوور و درێژ و سەختەیدا هاوسەفەری بکات و خەمی هەڵبگرێت. کاتێک کە ئەو داوایەی ئاراستە کرد، ژنە هەردوو چاوی پڕ بوو لە فرمێسک و گوتی:

" لە ڕاستیدا من پێم خۆشە لەگەڵتا بێم، بەڵام دەبێ من لێرە بمێنمەوە و ئاگام لە منداڵەکەمان بێت. لەگەڵ ئەوەشدا من دەترسێم سەردانی ئەو شوێنانە بکەم کە بەلامەوە ئاشنا نین. لە ڕاستیدا من دەتۆقێم. من تا ئەوپەڕی سنوور لە دووت دێم، بەڵام لەوە دوورتر، داوای بەخشینت لێ دەکەم، لەوە دوورتر ناتوانم بڕۆم. "

مێردە سەری ڕەزامەندی بۆ پۆزشی ژنەکەی لەقاند و بە دوای ژنی چوارەمیدا ڕۆیی. ئەگەرچی بە گومان بوو، لەبەرئەوەی مامەڵەیەکی ئەوتۆی لەگەڵ نەکردبوو کە چاوەڕێی وەڵامێکی دڵخۆشکەرەی لێ بکات. بەڵام ژنە پێی گوت کە کاری ئەم ئەوەیە کە لە تەنیشت مێردەکەیەوە بێت و بۆ هەر کوێیەک داوای لێ بکات، شوێنی بکەوێت؛ ئەگەر بۆ دۆزەخیش بێت. کابرا بە وەڵامەکەی هەم سەرسوڕمان و هەم خۆشحاڵی دایگرت. کاتێ کە ڕۆژی

سەفەر هات. ژنی یەکەمی نەک هەر لە نێو پێخەفەکەی بەرز نەبووەوە، تەنانەت ڕوویەکی گەشاوەشی لێ نەنا و درێژەی بە هەمان ساردوسڕی خۆی دا و ئامادە نەبوو خواحافیزیشی لێ بکات. ژنەی دووەمیشی بە هەمان شێوە ڕەفتاری کرد و هیچی نەگوت، تەنانەت ئامادە نەبوو هیوای سەفەرێکی خۆش و سەلامەتیشی بۆ بخوازێت. ژنی سێیەمی سەرقاڵ بوو بە ئامادەکردنی پێویستییەکانی گەشتەکەیەوە و وەفای خۆی نیشان دا و لە دەم دەرگا بە دوو چاوی پڕ لە گریانەوە باوەشی بە مێردەکەیدا کرد و تێر تێر ماچی کرد و گەڕایەوە ماڵی خۆی. کابرا تەنیا بە هاوسەفەری ژنی چوارەمی بەرەو گەشتێکی دوور و درێژ و وڵاتانێکی بێگانە ملی ڕێگای گرتە بەر.

کەواتە ئەو چوار ژنە کێن؟ ژنی یەکەم جەستەیە. ژنی دووەم ماڵ و موڵک و داراییتە. ژنی سێیەم خێزانتە یان پێوەندییەکانتە بە خەڵکییەوە، ژنی چوارەمیش خودی خۆتە. ئەودیوی سنووریش مردنە. جەستە و ماڵ و موڵکت هەنگاوێک لەگەڵت نایەن. مێرد یان ژن، ئەوەندەی بۆیان بکرێ لە دوات دێن. ئەوەی بە تەنیا لەگەڵت دەمێنێتەوە، ئەو کەسەیە کە تا دوا ڕادە لەگەڵی خراپ جووڵاویتەوە؛ کە خودی خۆتە. ئێمە وا بیر لە جەستەمان دەکەینەوە هەر وەکو ئەوەی کە موڵکی ' خودی ' خۆمان بێت. ئەوە ڕاستە کە تۆ بۆت دەکرێ جەستەت بە کار بهێنیت، بەڵام ئەوە ماڵی خۆت نییە. ئەوەی کە تۆ بەڕاستی ' خاوەنیت ' تەنیا مێشک و ناخی دەروونتە.

تۆ لە گوڵ بڕوانە، یەکەمین شتێک کە سەرنجت ڕادەکێشێت پەڕەی ناسکی گوڵەکەیە. بەڵام ئەگەر تۆ بڕوانیتە ئەودیوی گوڵەکە، ئەوکات دەتوانی لاسکی گوڵەکە ببینیت. نازکی؛ جوانییەکە کە هەقیقییە، بەڵام شتێکی تر کە نادیارە، لەو دیوەوە پشتیوانی لێ دەکات. ئەوەش سەنگی مەحەکی هەموو شتێکە. دەریاچە ڕووکارێکە کە تۆ بۆت دەکرێ بیبینیت، بەڵام دەریاچە هەمیشە ' شتێکی تر ' لەو دیوەوەی هەیە. تەنانەت شاخێکی گەورە و

زەبەلاح گەلێک جۆگەلە لە ناخیدا هەڵدەقووڵێن.

مرۆڤیش هەمیشە ڕووکارێکی بینراوی هەیە و لە ناوەوەش دنیایەک نهێنیی خۆی حەشار داوە. ئەوەی تۆ بۆت دەکرێ بیبینیت لە لایەن ئەوەوە کە تۆ بۆت ناکرێ بیبینیت پشتیوانی لێ دەکرێت. لەبەرئەوە نابێت لە ساتەوەختی پرۆڤەدا بکەویتە هەڵەوە بەخاتری ئەوەی هەر بەتەنیا ڕووکاری شتەکان دەبینیت. بەوپەڕی سادەیی ئەوە هیچ کەڵکێک ناگرێت.

تۆ ئەگەر دەتەوێت گوڵێکی جوان بەرهەم بهێنیت، ئەوا دەبێت بایەخ بە ئاودانی گوڵەگە و بە لاسکەکەی بدەیت تا تەواو گەشە بکا و گەورە بێت. بەهەمان شێوە گەر بتەوێ خاوەنی جەستەیەکی جوان و قەشەنگ بیت و ئامادەبوونێکی شیاوت لەسەر شانۆ هەبێت، دەبێت بایەخ بە ناخی دەروونی خۆت بدەیت. ئەگەر ناوەوەت بە هەژاری پەروەردە کرد، ئەوا بە هیچ جۆرێک ئەندازەی جوانی ئاماژە، تەکنیکی دەنگی ناوازە، جلوبەرگی ناسک و جوان، مەکیاج و خۆ جوانکردن بە فریات ناکەوێت. بەبێ دنیای ناوەوە هیچ کەڵکێک ناگرێت.

دەتوانم پرسیارێک بکەم، ئاو چییە؟

تۆ دەتوانی بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک وەڵام بدەیتەوە، وەک ئەوەی (دەریاچەیە، ڕووبارە، زەریایە، یان ئەو مادە شلەی کە لە بۆڕی ماڵەکانمانەوە دێتە دەرەوە) بەڵام ئەوانە هیچی ' ئاو ' نین. بگرە ئەوانە ئەو فۆڕمانەن کە ئاو لێیانەوە دەردەکەوێ. بەمانایەکی تر شتێک لە ئارادا نییە وەک ' ئاو ' بۆ خۆی. شێوەیەکی بنەڕەتیی ئاو وەک خۆی بوونی نییە.

کاتێک کە ئاو دەبینین، تەنیا ناوەڕۆکێکە و لە ' وێنەیەک ' دا دەیبینین، لە مەنجەڵێک، لە زەریایەک، لە دڵۆپێک باراندا. ئەگەر ئاو بکەینە دەفرێکی خڕەوە، ئەوا کتومت شێوەی دەفرەکە وەردەگرێت و هەموو جوولەیەکی ئاوەکەش هەر لەو شێوەیەدا

گیر دەخوات. ئەگەر لە شێوەی ڕووبارێکدا بکەوێتە ڕوو ئەوا مل بۆ ڕێڕەوی ڕووبارەکە شل دەکا و دیمەنە سروشتییەکەشی بەپێی بەرزی و نزمی و پانی و پۆڕی و تەسک بوونەوە و خوڕە و هاژەی ڕووبارەکە دەگۆڕێت. لە دەریاچەشدا دەروازە و دوورگە و شێوەیەکی ئاڵۆز بە خۆیەوە دەگرێ و لە ژێر گەرمایی و تیشکی خۆردا دەبێتە هەڵم.

ئاو سەدان شێوەی جیاوازی هەیە و هەمیشە ئێمە ' ئاو ' بەپێی شێوەکەیدا دەناسینەوە. (ل. م)

مرۆڤیش بەهەمان جۆر. ئێمە دەزانین کە ' ئاو ' بوونی هەیە، ئەگەر چی تەنیا ئەو کاتانە دەتوانین ببینین کە شێوەی ئەو قەوارەیە وەردەگرێت کە هەیە. بوونی مرۆیش لەو دیوی ئەو ' شێوە ' یەوە بوونی هەیە کە ئێمە دەیبینین.

تەنانەت تاقە کەسێک بۆ خۆی چەندین "شێوە"ی هەیە. هەندێک جار شێوەکانمان لەو کارەوە دێت کە ڕایدەپەڕێنین.

ئێمە قوتابین، فەیلەسووفین، یان کرێکار. ئەوە داوونەریتمانە. یاوەخود ئێمە بەپێی تەمەن شێوە وەردەگرین و هەر بەو پێیەش بەرپرسیارێتیمان دەگۆڕێت: منداڵی، دایک و باوکێتی، پیرێتی. ڕەنگە تاکە کەسێک لە ماوەی ئێوارەیەکدا لە چەندین شێوەدا دەربکەوێت، لەوانەیە لە سەرۆکێکی وشک و برنگەوە بۆ هاوڕێیەکی هاوسۆز و بۆ باوکێکی بەرپرسیار و بۆ عاشقێکی ساویلکەی ڕۆمانتیکی بگۆڕێت. هەموو ئەو ڕۆڵانە هەقیقەتن بەڵام کامڵ نین. زۆر بە سادەیی ئەوانە ئەو شێوانەن کە دەشێ مرۆڤ پێوەیانەوە بکەوێتە ڕوو. (ل. م)

جارێکیان مامۆستایەکی زین، جەستەی بە کوتە گۆشتێکی سوور شوبهاند

کـە مـرۆڤی هـەقـیـقی ڕۆژانە بـەردەوام دەڕواتە ناوی و لێـوەی دێتـە دەرێ. کەسانێکی زۆر گریمانەی ئەوە دەکەن کە ئەو جەستەیەی دەیبینین کتومت لە خۆیان دەکات. لە کاتێکا کە ئەو کوتە گۆشتە بە دڵنیایی خودی مرۆڤە، لەناو ئەو جـەسـتـەیەدا جـۆرێکی تـر لە مـرۆڤ بوونی هەیە؛ شـتـێکی تر کـە تەواو جیاوازە لەو خوێن و گۆشتەی کە هەیە. ئەوی تر کەسێکی ئازادە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، ئەو کەسە؛ تەواو خودی خۆتە.

کاتێک کە سـەرگەرمی نواندنیت، ئامـانج نیشاندانی ئەو کارەکتـەرە نییـە کـە تۆ ڕۆڵەکەی یاری دەکەیت. لەو دیوی ئەو کـارەکتـەرەوە مـرۆڤـێکی زیندوو بوونی هەیە و هـەر ئەو کەسە زیندووەشە کە کارێکی وا دەکات کە ئەو تەختە ساردوسڕەی شـانۆ گیانێکی زیندووی بەبەردا بکرێ. داڕشتنی ' کـارەکتەر ' هـەروا بەسـادەیی بە هیچ جۆرێک کیفایەت نییە.

**جەستە و هەست و سۆز**

ئەکتـەر هـەوڵ دەدات لەسـەر تەختـەی شـانۆ ' سـروشـتـی ' بنوێنێت. بێگومـان ئەوەش لە هـەمـوو شـێـوازەکانی تری شـانۆدا بـەتەواوی ڕاسـتـە. تەنانەت ئەو دەمــەش کــە ئەکـتـەر هـەوڵ دەدات شـێـوازێک بـۆ بەرهـەمــەکەی هـەڵبـژێرێت، ئامــانج لەو کـارەی ئەوەیە کـە لەسـەر تەخـتـەی شـانۆ سـروشـتی بنوێنێت. مەبەست لە سروشتی لای من ' مرۆڤانەیە ':

شتێک کە 'هەقیقییە' ئەکتەر گیان بەبەریا دەکات و بینەریش هەستی پێ دەکـات. نواندنی سـروشـتـی شـتـێکە کـە تۆ لە ڕێگەی گـەڕانێکی دەروونیی قـووڵەوە پەی پێ دەبەیت. لەوانەیە تۆ کـارێک بەرهـەم بهێنیت کە تا دوا ڕادە سـروشـتـی و هەڵگری گـیـانێکی مـرۆڤـانـە بێت. بەڵام ئەمـە هـەمـوو کـاتێک مـەیسـەر نابێت، لەبەرئەوەی دەروازە و ڕێی هەست و سـۆز بۆ ئەو گـەڕانە کـارێکی هـەروا سـادە نیـیـە و هەندێک جـار پڕە لە گـرێ و گـۆڵ. ئەوەش پێویستی بە کۆمەڵێک تەرز و شێواز هەیە لە لای ئەکتەر بەچاوپۆشی لەوەی

کە لە ڕاستیدا هەست بە چی دەکات، بەردەوام هەموو شەوێک نواندنێکی مرۆڤانەی ڕاستگۆیانە بەرهەم بهێنێت.

ئێمە دەزانین کە هۆش، جەستە، هەست و سۆز؛ زۆر بەئاڵۆزی پێکەوە ڕایەڵ کراون. کاتێک کە تۆ خەمباری داتدەگرێت، شانەکانت هەرەس دێنێ و سەرت شۆڕ دەبێتەوە و ڕەشبینی داتدەگرێ و پێت وایە سەرتاپای ژیانت بە هەڵەدا تێدەپەڕێت. کاتێکیش ئاسوودەیت، جەستەت ڕێک و ڕەوان بەرەو کرانەوە دەڕوات و سەرت قیت و قۆز ڕادەوەستێت؛ بە هەر جۆرێکیش بووە وا هەست دەکەیت کە هەر چی هیوا بخوازیت بۆت دێتە دی. بەردەوام باری جەستە و بیرکردنەوە و هەست و سۆزەکانت پێکەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت.

وەک ئەکتەر ئێمە هەمیشە کارەکانمان لە مێشک یان لە هەست و سۆزەوە لە دایک دەبن و دواتر خۆیانمان بەسەرا دەسەپێنن و لە جیهانی ناوەوە بەرەو دنیای دەرەوە پەل دەهاوێژن و دێنە دەرێ و لەسەر جەستەمان دەکەونە ڕوو. شێوازەکەی تریش هەر ڕاستە و کاری خۆی دەکات: لە دەرەوە دەخوڵقێ و دواتر بەرەو ناوەوە گەشتی خۆی دەست پێ دەکات.

بۆ بەرجەستەکردنی ئەو بیرۆکەیە دەتوانی پێکەنین بەکار بهێنیت. بەوپەڕی بەرزییەوە دەنگی ' هەها هەها هەها ' دەربهێنە.

گوێ مەدەرە ئەوەی کە خۆشیت پێ دەبەخشێت یان نا، بە شێوازێکی ئاسایی جێبەجێی بکە. ئەگەر هەر کاتێک ئەو ڕاهێنانە بە گرووپ جێبەجێ بکرێ، هەر کەس لە شوێنی خۆیەوە بەڕاستگۆیی پێ دەکەنێ و سروشتی دەکەوێتەوە.

وەک ئەکتەر کارێکی زۆر دژوارە بۆت بکرێ لە خۆتەوە پێ بکەنیت، هەتا ئەگەر هەوڵیش بدەیت لە ئەزموونی خۆتەوە چرکەساتێکی پڕ لە خۆشی بەیاد بهێنیتەوە، هێشتا کارێکی هەروا ئاسان نییە. لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی گشتی زۆر گرانە بۆت بکرێ باری دەروونی خۆت بە تەنیا لە ڕێی

هێزی ئیرادەوە بگۆڕیت. دەتوانیت هەوڵ بدەیت بە خۆت بڵێی کە هەست بە شادی یان ناشادی بکەیت، بەڵام بە زۆری خود گوێت لێ ناگرێت. بەڵام ئەگەر هەوڵی گۆڕینی جەستەت بدەیت، بەرەو ئەوە دەڕۆی کە کاریگەری لەسەر هەست و سۆزت جێ بهێڵیت و تا ڕادەیەک ڕێگەت بۆ والا دەکات بەرەو نواندنیکی ڕاستگۆیانە هەنگاو بنێیت. هەروەها لە ژیانی ڕۆژانەی خۆشتا تۆ هەرگیز بڕیاری ئەوە نادەیت کە پێبکەنیت، بگرە زۆر بەسادەیی خۆی دروست دەبێت. تۆ هەرگیز بیر لەوە ناکەیتەوە: " ئەو شتە چییە کە لە ژیانما پێکەنینهێنەرە؟ " بگرە بۆ خۆت پێ دەکەنیت.

ئەگەر بیر لەوە بکەیتەوە، ئەوا زۆر درەنگە بۆ پێڕاگەیشتن بەو ساتە وەختە و چرکەساتەکەت زۆر بەخێرایی وەکو برووسکە لە دەست دەڕوات. پێکەنین کارێکی خۆکردە و بەجۆرێکی سەرپێیی دەخولقێت، ئاسان نییە لە کاتی داواکراودا خۆتی بۆ ئامادە بکەیت و ئەو ڕاگوزارییە بسازێنیت.

هەرچۆنێک بێت، ئەگەر نواندن لە دیوی دەرەوە دادەمەزرێنیت، ئەوا دوو خاڵ هەیە کە دەبێت لە یاددا بێت. یەکەمیان:

هەر وەک لە پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، نواندن هەمیشە لێخوردبوونەوە و پێوە خەریکبوون یان سەرگەرمیبوونی بەردەوامت لێ دەخوازێت. ئەکتەر دەتوانێ لێخوردبوونەوەی خۆی بخاتە سەر هەستی ناوەکی (ئەگەر لە ڕووکاری ناوەوە بەرەو ڕووکاری دەرەوە کار بکات) یان بیخاتە سەر جووڵەی دەرەکی (ئەگەر لە ڕووکاری دەرەوە بەرەو ڕووکاری ناوەوە کار بکات) بەڵام دەبێت لێخوردبوونەوە ئامادەیی هەبێت. هەمیشە شتێک لە ناوەوە ڕوو دەدات. بۆت ناکرێ تەنیا دەرەوە دابمەزرێنی و دواتر پشتگوێی بخەیت.

دووەمیان: شێوازی دەرەکی کە ئەکتەر بەکاری دەهێنێت، دەبێت پشت بە هەقیقەتی مرۆیی ببەستێت. ناکرێت تەنیا تەرزێکی جووڵە بەکار بهێنیت و ئیدی هیوا بخوازیت کە جێگەی خۆی بگرێت، بگرە دەبێت تەرزێک بەکار بهێنیت کە سروشتی و وردبین بێت.

جارێکیان لە شانۆی نوودا، نواندنێکی شانۆییم بینی بە ناوی فۆجیتۆ کە زۆر بە قووڵی خستمیە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

لە نواندنەکەدا ئەکتەرەکە دەبوو ڕۆڵی پیرێژنێک بگێڕێت کە دڵی پڕ لە داخ و کەسەری مەرگی کوڕەکەیەتی.

ئەو ئەکتەرەی کە ڕۆڵی پیرێژنەکەی دەبینی، پیاو بوو. لە نەریتی هەردوو شانۆی کابووکی و نووشدا، ڕۆڵی هەموو کارەکتەرەکان لە لایەن پیاوەوە یاری دەکرێن. ژن لەسەر تەختەی شانۆ وەک بوویێکی هەقیقی بوونی نییە. لە شانۆی نوودا ئەکتەرەکە ماسکی ئافرەت دەکاتە سەر روخساری و گیان و ڕۆڵی ئافرەت بەرجەستە دەکات. لە شانۆی کابووکیشدا ئەکتەرەکە ماکیاج و بارۆکە و جلوبەرگی ئافرەت دەپۆشێت تا دیمەنێکی بەرز و بالا نمایش بکات و ڕۆحی مێیینە بە قووڵی بەرجەستە بکات. (ل. م)

پیرێژنەکە بڕیار دەدات ڕووبەڕووی بکوژی کوڕەکەی ڕابوەستێتەوە. لەو تەنیشتەوە کە بە درێژایی ' پردێک ' بەرەو ناوجەرگەی شانۆ دێت، لەوێدا پیاوکوژەکە چاوەڕێ دەکات. بە ڕێ و ڕۆیشتنی ئەکتەرەکەدا هەستم بە پەیکەری پیرێژنێک کرد کە خەم و پەژارەیەکی قووڵ، تووڕەیی و بێزارییەکی تەواو چۆکی پێدا داوە.

لەدوای تەواوبوونی شانۆییەکە بەرەو پشتەوەی شانۆ کشام و دەمویست لەوە تێ بگەم کە چۆن ئەو ئەکتەرە بۆی کراوە گیان بە بەری ئەو کارەکتەرە دژوار و پڕ لە ئاڵۆزییەدا بکات. پرسیاری ئەوەم لێ کرد کە بەرلەوەی بڕواتە سەر شانۆ هەستی بە چی کردووە و بیری لە چی کردووەتەوە. ئەکتەرەکە وا وەڵامی دامەوە:

''من ڕۆڵی پیرێژنێک دەبینم، بۆیە کاتێک کە دەکەومە ڕێ، دەبێت لێخوردبوونەوە و سەرنجی تەواوی خۆم ئاراستەی هەنگاوەکانم بکەم و لە

هەنگاوی سروشتی کورتتر بن و لە لای یەکەم سنەوبەریشەوە کە دێتە ڕێگەم دەبێت پشوویەک بدەم"

لە شانۆی نوودا، ئەو پردەی کە ئەودیوی کەوالیس بە تەختەی شانۆوە دەبەستێتەوە بە تەواوی لە بینەرەوە دیارە و درێژاییی پردەکەش سێ ستوونی سنەوبەری لە خۆ گرتووە. (ل. م)

لە شانۆی ڕۆئاواییدا، ئەکتەرەکە بەرلەوەی پێ بخاتە سەر تەختەی شانۆ، لەوانەیە خۆی لە هەست و سۆزێکی پڕ لە خەمناکی، تووڕەیی یان هەر هەستێکی تر بار بکات. بەڵام لە پێوەند بەم ئەکتەرەی شانۆی نوو، هیچ هەوڵدانێکی ئەوتۆ بۆ خوڵقاندنی بارێکی دەروونی لە ئارادا نییە، کەچی لەگەڵ ئەوەشا وێنەی پیرێژنەکەی بەتەواوی بەرجەستە کردووە. ئەگەر چی خۆی پێی وا بوو زۆر بەسادەیی کەڵکی لە هونەری سەما دیوە بۆ ئەو کارەی، بەڵام من پێموایە زۆر ناخودئاگایانە تێکەڵبوونێک بە هەست و سۆز ڕۆڵی لەو دیمەنەدا گێڕاوە. ئەوەی جێی بایەخە ئەوەیە کە تێنەکۆشا هەوڵدانەکەی بکاتە کارێکی خۆیی. زۆر شۆڕ نەبووەوە بۆ ناو وردەکارییەکان. شانۆی نوو؛ وەڵامدانەوەیەکی خۆیی نییە بگرە ئەزموونێکی جیهانگیرە. ئەزموونی ئەو پیرێژنە بەتەنیا کێشەی تاکە کەسێک نییە ئەوەندەی ڕەنگدانەوەی پەرێشانی و تەنیاییەکانی کۆی مرۆڤایەتییە. هەر لەبەر ئەو هۆیەش، شانۆی نوو زیاد لە شانۆی ڕۆئاوایی ئاستێکی جیاوازتر لە وابەستەییبوون یان سەرگەرمیبوون دەخوازێ. لە نواندندا ئەکتەر بەوپەڕی وردەکارییەوە لەهەر شتێک خورد دەبێتەوە کە دەستگیرۆیی دەکات بۆ ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ جەستەی بکات. بەتەواوی خۆی تەرخان دەکات بۆ کارەکەی و لەناو ئەو چرکەساتەدا دەتوێتەوە.

ئەوە ڕاهێنانێکە، کە دوو دیالۆگی کورتی تیا بەکار دەهێنین:

" برسیمە، هیچ سەروەت و سامانێک شک نابەم، ئەوەی خواردن بێ لە ماڵما نییە "

یاوەخود:

" لەوانەیە سبەینێ پارەیەکم بێتە دەست. دەتوانم ئەوەی حەزم لێیەتی پێی بکڕم و بیخۆم "

بە گشتی، ئەگەر دیالۆگێکی لەو جۆرەت کەوتە بەر دەست؛ بیر لەوە دەکەیتەوە کە چۆن بیڵێی. لەوانەیە ڕستەی یەکەم بە شێوازێکی ڕەشبین و بە تۆنێکی نزمەوە بڵێی و زۆر بە هێواشی وشەکان لە زارت بێنە دەرەوە. ڕستەی دووەمیش بە گوڕ و توانایەکەوە، یان بە دەنگێکی بەرزەوە بڵێی. ئەوە شێوازێکی سروشتییە، بەڵام شتێکی سەرنجڕاکێش دەبێت کە ڕێگەیەکی تریش تاقی بکەیتەوە کە وابەستەبوون یان ڕایەڵێک لە نێوان جەستە و هەست و سۆزا بەکار بهێنیت.

کاتێک کە دیالۆگی یەکەم دەڵێی، هەوڵ بدە بارێکی جەستەیی گونجاو بدۆزیتەوە؛ بۆ نموونە بنوشتێیتەوە یان هەرەس بهێنی.

وێنەیەکی جەستەیی وا هەڵبژێریت کە لەگەڵ ئەوەی دەیڵێیت گونجاو بێتەوە. دواجار ئەو شێوازی جەستەیە لە مێشکی خۆتا هەڵبگرە. ئەمجا وێنەیەکی جەستەیی تر بۆ دیالۆگی دووەم دیاری بکە، بۆ نموونە بە ڕێکی ڕابوەستە؛ یان بە هەر شێوازێکی تری کراوەی ڕەوان. ئەو وێنەیەش لە یادی خۆتا بپارێزە.

ئێستا بۆ جارێکی تر باری جەستەیی یەکەم وەربگرە و هەوڵ بدە چێژ لەو وێنەیە وەربگریت و لەگەڵیا دیالۆگی یەکەم بڵێی. لە کاتێکا کە تێبینی شێوازی ئەو گواستنەوەیە بکەیت، خۆت بۆ باری جەستەیی دووەم بگوازەرەوە. نەک هەر بە تەنیا ئەوەندە بێت کە لە باری جەستەیی (ب) وە بچیتە باری جەستەیی (ج). هەوڵ بدە هەست بەوە بکەی کە جەستە پێویستی بە چییە بۆ ئەوەی لە شێوازی وێنەی (ب) وە بگوازیتەوە بۆ شێوازی وێنەی (ج) و هەروەها چۆن لە هەمان کاتیشا وزەی ناوەکیش

گۆڕانی بەسەردا دێت. کاتێکیش دەچیتە باری جەستەی (ج) دیالۆگی دووەم بڵێ.

هەنگاوی دووەم ڕاییکردنی چەند ڕاهێنانێکە کە نیاز لێی تەنیا جوولانێکی بچکۆلەی جەستەیە، جوولانێکی ئەوتۆ کە تەماشاکەر بەهیچ جۆرێک تێبینی ناکات: بۆ نموونە؛ تەنیا ڕێگە بە قەفەزەی سنگت لە (ب) وە بگوازیتەوە بۆ (ج).

تۆ بۆ خۆت تێبینی ئەوەت کردووە کە لە کاتێکا جەستە بارەکانی خۆی دەگۆڕێت چۆن ڕەهەندی ناوەکیش گۆڕانی بەسەرا دێت. ئەوەت لە یاد بێت کە چۆن گواستنەوەی ناوەکی ڕوو دەدات. ئێستا دیالۆگەکان لەو کاتەدا بڵێ کە بەردەوامی لە جوولانەوەی ناوەکی لە خاڵی (ب) وە بۆ خاڵی (ج). تەنیا دیالۆگەکان نەبێت، هیچ شتێکی تر لە دەرەوە ڕوو نادات.

ناوەوە بە هۆی دیالۆگەکانەوە ناگۆڕێت. جەستە ئەو گۆڕانی وزە ناوەکییە و گەشتە سروشتییەی لە یادە و دیالۆگەکان گوێڕایەڵی دەکەن.

لە شانۆیی ئەو پیاوەی کە، من ڕۆڵی نەخۆشێکم یاری دەکرد کە توانای هەستکردن بە لای چەپی خۆی لەدەست دابوو.

لە دیمەنێکدا کە لە لایەن پزیشکەکانەوە داوای لێ دەکرێت کە زۆر بە ئاگاییەوە لە بەردەم ئاوێنەدا ریشی خۆی بتاشێت. ئەویش ریشی خۆی دەتاشێت . بەڵام لەبەرئەوەی کە هیچ ئاگاییەکی لەسەر لای چەپی خۆی نییە، تەنیا لای ڕاستی خۆی، نیوەی روخساری دەتاشێت. ئەو گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە هەردوو لای روخساری خۆی بە تەواوی تاشیوە. لەو کاتەدا بە ئامێری ڤیدیۆ وێنەی گیرابوو. پزیشکەکان داوایان لێ کرد کە بڕوات لەسەر شاشەی تیڤییەکە لە خۆی بڕوانێت. لەو کاتەدا کە لای چەپی نەخۆشەکە لە ئاوێنەکەدا وەک لای چەپی پێچەوانە دەبێتەوە و لە تۆمارە ڤیدیۆکەدا وەک لای راستی خۆی دەکەوێتە پێش چاوی، ئیدی لایەکی

روخسـاری خـۆی بە کـەفی سـابوونی ریش تراشـینەکـەیەوە دەبینێت. لەو ساتەدا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە مێشکی داغان بووە.

لە دەمی نواندندا، دەبوو بۆ سێ جار تەماشای شاشەی ڤیدیۆکە بکەم و دواتر بچـمەوە بەر ئاوێنەکە بۆ ئەوەی ئەو دوو شێـوەیەی روخسـاری خـۆم بەراورد پێ بکەم. هەر دووبارەکردنەوەیەکی ڕوانینە سـەری خۆی کاریگەری لەسـەر بردنە پێشـەوەی ڕەوتـی بارودۆخـەکە جێ دەهێـڵێت. بۆ یەکـەم جار پیاوەکە لە کاتێکدا ئاوڕ دەداتەوە کە پزیشکەکان داوای لێ دەکەن تەماشای شاشـەی ڤیـدیۆکە بکات. زۆر بە سـادەیی سـەری خـۆم وەردەسـووڕێنم. بۆ جاری دووەم کابرا ناتوانـێ بڕوا بەوە بهێنێ کە بە چاوی خـۆی بینیویەتی، بۆیە دەبێ بڕوانێتەوە شاشـەکە تا لە دیمـەنەکە دڵنیا بێت. جـاری سێیـەم نائومێدی دایدەگرێت.

سێ هەنگاو لە ئارادایە. بۆ ئەوەی بەرەو پێشـەوەچوونی تەواو ڕوو بدات، هەر کـاتێک کـە سـەرم جـوولاندبێت ئەوا تیـمـپـۆی جـووڵەکـەم گـۆڕیوە. وا دەکەوێتە ڕوو کە کارێکی میکانیکی بێت، بەڵام لە هەقیقەتا بۆ هەر کاتێک کە ئەو دیمەنەم نواندبێ بەوپەڕی ڕاستگۆییـیەوە بۆم دەرکەوتووە کـە هەست بە غـەمگینیی تـەواو دەکـەم. تـێ ناگـەم بۆچی، من لـە دوای هەسـت و سـۆز نەگەڕاوم، بەڵام بە هۆی بەرزبوونەوەی تیمـپۆ و وابەسـتـەیی ناوەکییـەوە بۆم دەرکەوتووە کە فرمێسک بە چاوانما دێنە خوارەوە.

لە ڕاسـتیدا هەمـوو نواندنی من خۆی لـەسـەر هەندێک جووڵەی جەستـەیی ورد دامەزرانـدبوو. ' بەو ' تیمپۆیە ئاوڕ لە شـاشـەی ڤیدیۆکە بـدەرەوە. جاری دووەم کـەمـێک لـە ڕێگەدا بۆی ڕابـوەسـتــە. زۆر بە هێـواشی ئاوڕێک بەلای ڕاستدا بدەرەوە. ئیدی بۆ خۆی هەست و سۆز جۆش دەسەنێت.

وەک ئەکتـەرێک، ئەگەر لە سـەرەتاوە بەدوای هەسـت و سـۆزا وێڵ بم؛ ئەوا دووچاری کارەسات دێم. پێم وایە:

" دوێنێ، بەتەواوی خەمبار بووم. ئیدی دەبێ ئەمڕۆش جارێکی تر هەمان خەمباری بخولقێنمەوە "

بەڵام هەر کاتێک هەوڵ بدەم بیر لەوە بکەمەوە خەمبار بنوێنم ئەوا خەمباری بە هیچ جۆرێک ڕوو نادات. زۆر ئاستەمە بۆت بکرێ هەروا بە سادەیی هەمان هەست و سۆزت بۆ دووبارە و سێبارە بکرێتەوە. کاتێک کە لە بەردەم بەرهەمێکدایت و بۆ بەرهەمهێنانەوەی هەمان دیمەن پشت بە سەرچاوەی هەست و سۆزی خۆت دەبەستیت ئەوا خۆت دەخەیتە ناو ختوورەیەکی زۆر گەورەوە. بە جۆرێکی تر، بۆت دەکرێ ڕۆژانە وردەکارییەکانی جەستە بە هەمان شێوەی خۆی دووبارە بکەیتەوە. بۆ ئەکتەر کارکردن بە شێوازەکانی جەستە گەلێک ئاسان و لەبارترە.

لە شانۆی کلاسیکیی ژاپۆنیدا، نواندن بە تەواوی لەسەر ئاستی دەرەوە بنیاد دەنرێت. ئەکتەر هەر وەکو پارچەیەک لە هونەری سەما فێری جوولەی شانۆیی دەکرێت. هەر هەنگاوێک، جووڵانێکی سەر، ئاماژەیەکی هەست و سۆزاوی لە داوونەریتەکانەوە وەردەگیرێت. تەنانەت تۆنە دەنگییەکان سکرێپت یان خشتەی بۆ دانراوە و دەبێت وەک بەشێکی ئەو سکرێپتە فێری ببیت. ئەو فۆرمە جەستەیی و دەنگیانە پێیان دەگوترێت کاتا. بە هیچ جۆرێکیش هیچ جۆرە مەشقێکی ڕاگوزاری لە ئارادا نییە ' ئیرتیجال ' و ئەکتەرێکی تازە دەستپێکردوو بۆ ئەوەی فێری کاتا بێت بۆ هەر ڕۆڵێک کە وەری دەگرێت، دەبێت کتومت لاسایی مامۆستاکەی خۆی بکاتەوە. هەر کاتێکیش کتومت ئەو هونەرە بە کارامەیی فێر بوویت (ئەمجا دوای ئەوە بە تەنیا) ڕێگە بە ئەکتەر دەدرێت کە دوایین پەرەموو‌چەی خۆی لەسەر کارەکەی جێ بهێڵێت یان (تام و بۆیەکی تایبەتی) بە کارەکەی بدات. ئەویش دەبێت بە شێوەیەکی

زیرەکانە و هەست پێنەکراو بێت و لەسەر هەمان کاتا بێت، نەک ڕاڤەیەکی نوێ دابهێنێت. (ل. م)

بە شێوەیەکی هەمیشەیی شانۆی نوو دابەش دەبێت بۆ دوو بەش. لە نێوانی ئەو دوو بەشەدا ' دابڕانێک ' هەیە کە پشوویەک دەدات بە ئەکتەری سەرەکی تا بچێتەوە ئەو دیوی شانۆ و جلوبەرگەکانی بگۆڕێت. لە ماوەی ئەو دابڕانەشدا ئەکتەرێکی کۆمیدی کایەجن دێتە سەر شانۆ و سەرلەبەری چیرۆکەکە بۆ بینەر ئاشکرا دەکات. ڕۆژێکیان ئەکتەرێکی زۆر کارامەی شانۆی نوو، کاتێک کە لە ژوورەکەی خۆی سەرگەرمی خۆگۆڕین دەبێت، گوێ ڕادەگرێت و بە خۆی دەڵێت:

" ئای ! خۆ کەواتە ئەم شانۆییە لەبارەی ئەوە دەدوێت ".

ئەوە بۆ یەکەم جاری دەبێت کە ئەکتەرەکە سەرجەم چیرۆکەکە ببیستێت. ئەگەر چی بەوپەڕی سەرکەوتوویی بەشەکەی خۆی ڕاپی کردووە و بە باشترین شێوەش ڕۆڵەکەی خۆی یاری کردووە. بەڵام هیچ زانیارییەکی لەبارەی ڕووداوەکانی دواتری لە لا نەبووە. ڕۆڵەکەی خۆی لەسەر ڕووکاری دەرەوە دامەزراندووە و شوێن کۆمەڵێک کاتا کەوتووە کە وەک نەریتێک لە بەردەمیا ئامادەیە. سەرەڕای ئەوەش، بینەر تام و چێژی لە نواندنەکە وەرگرتووە و لەوانەشە بەتەواوی هەستی بە حەقیقەتی چیرۆکەکە کردبێت.

لەو بەرهەمەی پیتەر برۆک " مەهابەهاراتا " من ڕۆڵی کارەکتەرێکم هەبوو بە ناوی " درۆنا " کە جەنگاوەرێکی لێهاتووی ئەوتۆیە لە هیچ شەڕێکدا زەفەر ناخوات. لە شانۆییەکەدا دوژمنەکانی درۆنا بەر لە دوایین وادەی جەنگ، زۆر بەلێبڕاوانە هەوڵ دەدەن کە لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە؛ چونکە ئەگەر ئەو هاوبەشی ئەو شەڕە بکات ئەوا بێ سێ و دوو ئەوان هیچ ئومێدێکی بردنەوەیان لە بەردەمدا نامێنێت. بەو هیوایەی کە درۆنا توانای بەرەنگاربوونەوەی نەمێنێت، بڕیاری ئەوە دەدەن کە فێڵی لێ بکەن. درۆی

لەگەڵ دەکەن و پێی دەڵێن؛ کوڕەکەت کوژراوە. لە ئەنجامدا ئەو فێڵە کاری خۆی دەکا و لە داخ و کەسەری مەرگی کوڕەکەی، درۆنا خۆی دەکوژێت. لە دیمەنی خۆکوشتنەکەیدا، درۆنا پۆشاکەکەی دادەکەنێ و وەک جۆرێک لە پاکژبوونەوە، جامێک ئاوی سوور بەسەر خۆیا دەڕژێنێت. ئاوەکە بە هەموو گیانیا دێتە خوارێ و بەرەو ئەرزەکە چۆڕاوگە دەبەستێت. بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە بینەر هەست بە خۆشەویستی و خەمگینی و نائومێدی باوکێک دەکەن.

بەڵام من وەک خۆم، بیرم لەوە نەکردبووەوە کە لەو چرکەساتەدا دەبێت چی بکەوێتە ڕوو؟

یاوەخود دەبێت چ بارێکی دەروونی بەکار بهێنم؟

کە دیمەنەکە دەستی پێ کرد، تووشی ساچەتۆری (مۆسیکژەنێکی ژاپۆنییە کە لەو بەرهەمەدا کاری کردووە) بەشێوەیەکی بەردەوام دەستی کرد بە تەپڵ کوتان. من سەرنجی خۆم هاویشتە سەر تەپڵ کوتانەکەی ئەو و زۆر بە سادەیی هەوڵم دا پێوەندییەک لە نێوان جووڵەی خۆم و تەپڵ کوتانەکەی ئەودا دابمەزرێنم. بۆ من هیچ شتێکی تر لە ئارادا نەبوو، تەنیا ئەو پێوەندییە نەبێت کە لە نێوان ئەو دەنگە و جووڵەی جەستەی مندا هەبوو. بێگومان من هۆشداری خۆم هەبوو لەبارەی جۆ، ها کایۆ و بە ئاگا بووم لە سروشتی ئەو بارودۆخە کە چرکەساتێکی دڵتەزێنە نەک شادیهێن. ئیدی من بە تەنگ ئاگایی قووڵی و گەوهەری ئەو چرکەساتەوە هاتم. من ' خەمگینیم ' یاری نەکرد بگرە زۆر بە سادەیی خۆی لەو سات و وەختەدا هاتە ئارا و تێکەڵ بە من بوو. کاری من تەنیا ئەوەندە بوو کە لەو کاتەدا گەشە بە جۆ، ها کایۆ دەدەم، پێوەندییەک لەگەڵ تەپڵەکەدا بخوڵقێنم. دوای ئەوە، پێم وابێت ئەو چرکەساتە کاریگەریی خۆی جێ هێشت لەبەرئەوەی من زۆر بە گەرمی سەرنجی خۆم لەسەر تەنیا شتێک جێ هێشتبوو. لە دەرەنجامی ئەوەشدا، بۆشاییەکی زۆر ' لەناو ' مندا هەبوو؛ بۆشاییەک کە ڕێگای بۆ

ئەندێشــەی بینەر خــۆش کــردبوو کــە بێنە ژوورەوە. مـن ناوەوەی خــۆمم بە گــەلێک بـابەتـی دەروونی بـار نەکــردبـوو. زۆر بەســـادەیی نـەوازشم بـۆ ئەو بارودۆخە هەبوو و لەگەڵ ئەوەشا سەرنجم بـۆ مۆسیک شل کرد. لە پاداشتی ئەوەشا ئەو سەرنج شلکردنە جۆرێک لە بۆشایی دەروونی خوڵقاند. کە بینەر بۆی دەکــرێ لە نێــو ئەو بەتاڵاییــیــەدا پرۆژەی ئەندێشـــەی خــۆی تیــا دابمەزرێنێت. دەتوانن هەموو جۆرە چیرۆکێک لەبارەی ئەوە بخوڵقێنن کە من هەست بە چی دەکەم.

بۆشـایی خـاڵی؛ شـانۆ کەوتـووەتە نێـو دەروونی ئەکـتـەرەوە، هەروەک چۆن لەسـەر خـودی تەختـەی شـانۆشـە. جارێکیـان مامـۆسـتـای شـانۆی نووەکەم؛ گوتی نابێت تۆ ' بەو شێوازە تایبـەتەی خۆت ' نواندن ئەنجام بدەیت. بگرە لە جێی ئـەوە دەبێت کتومت ئەوە دووبارە بکەیتەوە کە مامـۆسـتـاکەت نیشـانتی دەدات. ئەو جـۆرەی کـە دەسـتـی پێ بەرز دەکـەیتـەوە، شـێـوازی ئـاخـاوتنی دیالۆگەکان، هەر هەمـوو شـتێک دەبێت کتومت بەو جـۆرە بێ کـە ئەو پێتی دەڵێت؛ هەتا ئەگەر واش بیر بکەیتەوە کە ئەوانە هیچیان ڕاست نەبن. تۆ تا ئەو دەمـەی دەگەیتـە تـەمـەنی شـەست سـاڵی بۆت نییـە هیـچ شـتێک لەوانەی فێری بوویت بگۆڕیت یان ڕاڤەیان بکەیت؛ دوای ئەوە ئیدی تۆ ئازادیت. بەڵام لەو دەمەوەی کە لە تەمەنی پێنج شەش ساڵانەوە دەست بە ڕاهێنانی شانۆی نوو دەکەیت؛ ئەوا ئیتر ئێمە دەبێت لە ڕاستیا لەبارەی زێدەتر لە پەنجا ساڵ خـوێندن لە شـانـۆی نوودا قـسـە بکـەین. ئیـدی لێـرەوە، بـەتەواوی دەست و پەنجەت لەگەڵ شێوازی خۆتا نەرم کردووە و هەر کاتێکیش کەوتیـتە مەشقی ڕاگـوزاری یان کـارێکی نواندنت گـرتە ئـەسـتـۆ، ئەوا زۆر بە سـادەیی لە بەردەمتـا وەک ئاو خواردنەوەی لێ دێت و هەموو ئـەو تێبینی و زانیـارییانەی کە لـە مـاوەی ئەو پەنچـا سـاڵەی ڕابردوودا فـێری بوویت بە هـاناتەوە دێن و دەبنە زەمـینەیەکی لە بننەهاتووی ئەوتۆ کـە وات لێ دەکـەن لە مـانـای ئازادی ڕاستەقینەی خۆت تێ بگەیت.

ساڵانێک بە دوای ئەوەدا کە مامۆستاکەم ئەوەی پێ گوتم، بۆ جارێکی تر بینیمەوە، ئەوکات تەمەنی گەیشتبووە هەفتا و پێنج ساڵان. لێم پرسی ئایا ئێستاکە گەیشتوویتەتە ' تەمەنی ئازادی ' خۆت و هەمان هەستت هەیە. ئەو وەڵامی دامەوە:

" نەخێر، ئەوەی کە پێم گوتی تەنیا بۆ داهێنەران دەگونجێ، من ئەکتەرێکی سادەم و بۆم ناکرێ ئازادی بە دەست بهێنم.

لە ڕاستیدا تەواو پێچەوانەیە، من ئێستا هیچ ئازادییەکم نییە. من تەواو پیر بووم و هەندێک جار هەست دەکەم کە مێشکم ڕادەوەستێت یان ڕستە و ئاخاوتنەکانم لە بیر دەچنەوە. من زۆر نیگەرانم لەبارەی ئەوەی کە ڕستەکانم لە یاد نامێنێت و کاتێکم بۆ نامێنێتەوە بۆ ئەوەی بۆ دۆزینەوەی ئازادی تەرخانی بکەم. هەموو خەمی سەرەکی من ئەوەیە کە کارەکەم بە شێوەیەکی باش ڕابپەڕێنم و هیچی تر. "

چەند ساڵێک لەمەوبەر چووم بۆ بینینی کارێک کە لە لایەن ئەکتەرێکی درەوشاوەی ژاپۆنییەوە بە ناوی (هسیۆ کانز) نمایش دەکرا. لەو دەمەوەی کە ئەو کۆچی دوایی کردووە، گەلێک لە ڕەخنەگران پێیان وایە کە گەورەیی نواندنی ئەو، نەوەی نوێی هان داوە کە ڕوو بکەنە شانۆی نوو. شتێک کە لە بارەی نمایشەکەی ئەوەوە تێبینیم کرد ئەوە بوو کە بابەتی چیرۆکەکەی زۆر ڕوون بوو. ڕەنگە ئەوەش هۆیەک بووبێت کە وای کردبێت لە لایەن گەنجانەوە ناوبانگ پەیدا بکات. بەداخەوە، ئەوە بەلای منەوە کەمێک تووشی نائومێدی کردم. نواندنەکەی گەلێک سەرکەوتوو بوو، بەڵام کاتێک سەرلەبەری چیرۆکەکەی زۆر بە ڕوونی دا بەدەستەوە، وام هەست کرد کە لەسەر شاشەی تیڤی تەماشای میلۆدرامایەک دەکەم. کاتێک کە هاتە پاریس و هەمان شانۆی لەگەڵ خۆی هێنابوو، زۆر ناسک و سەرکەوتوو بوو. من دواتر چوومە ئەودیوی شانۆوە بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵا بکەم. ئەو ئەوەی بۆ ڕوون کردمەوە کە کاتێک کە ئەم کارەی لە ژاپۆن نمایش کردووە، سەرنجی تەواوی

خستووەتە سەر هێڵی درامی چیرۆکەکە، چونکە ئەو زمانەی کە لە شانۆی نوودا بەکار دێت زۆر کۆنە و گەلێک لە ژاپۆنییەکان کێشەیان لە تێگەیشتنی مانای تەواوی پیەسدا هەیە. ئیدی لێرەوە هەستی بەوە کردووە کە خاڵی گرینگ بەلای ئەوەوە، لێرەدایە کە هەوڵ بدات ڕوونی بە کارەکەیەوە هەبێت. لە ئەوروپا، مەسەلەکە جیاوازە و هیچ هۆکارێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە کە وا لە بینەر بکات شوێن ڕستەکانی بکەون؛ بۆیە بەرەو ئامانجێکی تر هەنگاوی ناوە. لە جێی ئەوەی کە هەوڵ بدات چیرۆکەکە زۆر بە ڕوونی بگێڕێتەوە، ئەو سەرنجی تەواوی خۆی خستووەتە سەر ئاماژە و دەنگ و وردەکارییەکانی تری چرکەساتەکانی نمایشەکە. ئەوەش وای کردووە کە سەرباری ئاڵۆزی زمان و تەمومژی چیرۆکەکە، سەرنجی بینەر ڕابکێشێت و سەرسوڕمان و کاریگەریی دەروونیان لەسەر جێ بهێڵێت.

ژنە ڕەخنەگرێکی فەرەنسایی ئەو نمایشە دەبینێ و تێبینی ئەو کاریگەرییەی کردووە کە لەسەری جێ ماوە. ئەو لەسەرەتاوە تەنیا دانیشتووە و بە شێوەیەکی ئارام تەماشای کردووە، بەڵام دواتر وردە وردە باری خۆی گۆڕیوە و بڕبڕەی پشتی بە جۆرێک ڕاگرتووە کە تەواو کەوتووەتە باری ڕامانێکی قووڵەوە و سەرباری ئەوەی کە بۆشی نەکراوە لە کارەکە تێ بگات بەڵام هێشتا هەستی کردووە کە شتێکی زۆر گرینگ لەسەر تەختەی شانۆوە تێکەڵاوی دەبێت.

پێم وایە ئەو هەقیقەتەی کە کانز چی تر بەخەمی ئەوەوە نەبووە کە چ لە ڕووی هەست و سۆز، چ لە ڕووی ماناوە یاوەخود دەروونییەوە چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە، ئەو کەشەی بۆ خوڵقاندووە کە بگاتە ئاستێکی تر لە نواندن. ئەو لێکدابڕانەی کە وای لێ کردووە بەتەواوی بوونی خۆیەوە لە چرکەساتەکانی نمایش خوردبێتەوە، لەجێی ئەوەی نیگەرانی ئەوە بێت کە مەبەستی چیرۆکەکەی بگەیەنێت، ناچاری کردووە لەو شێوازە باوەی گێڕانەوەی شانۆیی دووری بخاتەوە. ئیدی لێرەوە ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە ئاستێکی

گەردوونی بەرفرەوان لە پێوەندی، مرۆڤ بە مرۆڤەوە؛ بدۆزێتەوە کە تەنانەت رەخنەگرە ژاپۆنییەکانیش بۆیان نەکراوە هەست بەوە بکەن. بەهەرحاڵ، رەنگە ئەو ڕوانینە کەلەپوورییەش بۆ خۆی هەڵگری گرفت بێت، ئەگەر تۆ هەر لە ڕووکاری دەرەوە بتەوێ کاری خۆت بکەیت، ئەوا دەشێ لە بەرانبەر ئەو ڕوانینە کەلەپوورییەدا گرفت بێتە ئاراوە و زۆر دەستکرد و لاسایی بکەوێتە ڕوو. نواندنەکەت هیچ بەرهەم نەهێنێ و زۆر خاڵی و بێ مانا بێت. ئەگەر تەنیا بایەخ بدەیت بە ڕواڵەتی دەرەکی نمایش؛ ئاماژەکانت، ماکیاج و جلوبەرگ و گوزارشتەکانت، رەهەندی ناوەکیت هەر وا سارد و سڕ یان بە سادە و ساکاری دەمێنێتەوە. هەر وەک ئەوەیە کە تۆ ' تەلارێکی ' زۆر جوان دروست بکەیت، بەڵام ناوەوەی تەلارەکە هەر رووت و رەجاڵ بێت و وەک کەلاوەیەک بمێنێتەوە. تەلارێک ناوەخنەکەی ڕووت و رەجاڵ بێت ئەوا بە هیچ جۆرێک کار لە بینەر ناکات. لە هەمان کاتا ئەگەر هەر بەتەنیا بایەخ بە ڕووکاری ناوەکیی نمایشیش بدرێ، ئەوەش بۆ خۆی گرفتێکی ترە. کاتێک کە تەکنیک بۆ ساختومانی تەلارەکە لە ئارادا نەبێت کە هەڵگری قووڵایی و دنیای من بێت، ئەوا ناتوانی هیچ ببینیت. ئەوا تەنیا بێسەروبەرییەکە و سەرنجڕاکێش نابێت. پێویستت بەوەیە کە تەلارێکی جوان بنیاد بنێیت و دڵنیاش بیت لەوەی کە ناوەوەش هەمان نرخ و بەهای هەیە.

> ئەو "خاڵیبوونەی"یەی کە یۆشی لێرەدا مەبەستێتی نائامادەیی دنیای ناوەوەیە. دەنا ئەو " خاڵیبوونە گەشەی " کە چەند لاپەڕەیەک لەسەرەوە باسی لێوە کرد بۆ خۆی جیاوازە و کەشێکی پڕ لە جووڵەی ناوەکییە، جۆرێکە لە خاڵیبوون کە بینەر هەست بەوە دەکات کە ئەکتەر بەتەواوی بوونی هەیە و شیاوە کە هەر شتێک ڕوو بدات و بقەومێت. ئەوە ئەو جۆرەیە لە خاڵیبوون کە پێویستمانە تەلارەکەی پێ پڕ بکەینەوە. (ل. م)

لە ژیانی ڕۆژانەدا، کارێکی نەکردەیە کە هەڵسوکەوت و رەفتارە

ئەقڵییەکانت هەڵپەسێریت، لە کاتێکا کە هۆش هەقیقەتێکی هەستپێکراوی نییە و بۆت ناکرێ شێوازی بیرکردنەوەت یان ڕوانینت بۆ دنیا بگۆڕیت. بە هەمان شێوە، هەوڵ بدە هەست و سۆزی توندی خۆت پشگوێ بخەیت (بۆ نموونە تووڕەیی یان بێزاری) یاوەخود دان بە خۆتا بگریت، دەبینیت زۆر گرانە. ئەوانە شتگەلێکن کە بە ئاسانی ناگۆڕێن. بەڵام بۆمان دەکرێ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ جەستە بهێنین و بەرین، بیبینین و دەستی تێوە بدەین، جەستە هەقیقەتێکی هەستپێکراوی هەیە کە هۆش و هەست و سۆز ئەو هەقیقەتەیان نییە. لە کاتێکا کە جەستە وابەستە بێت بە دیاردەکانی تری ناو خۆمانەوە، ئەوا بە گۆڕینی جەستەمان بۆمان دەکرێت ئەوانیش بگۆڕین.

هەر کاتێک کە دەبینی بێزاری دایگرتوویت، دەست بکە بە جووڵانی جەستەت، هەوڵ بدە بڕبڕەی پشتت ڕاست بکەیتەوە و سنگت دەرپەڕێنی و شانەکانت بکشێنیت. تا بۆت دەکرێ بجووڵێ و بڕوانە ئاسمان و تەماشای ئەم لاو لای خۆت بکە و بە قووڵی هەناسە هەڵبکێشە، ملت خاو بکەرەوە و هەوڵ بدە تا دەتوانی گەشە بە جووڵەکانت بدەیت. دواتر دەبینیت کە بێزارییەکەت نامێنێت و بیرکردنەوەت لەو بازنە بەر تەسک و داخراوەی خۆیدا خول ناخوا و پەل بۆ دەرەوە دەهاوێژێت. کارکردن لەگەڵ جەستەدا شتێک نییە کە زۆر بەسادەیی ئەکتەر هەر بەتەنیا بەنیازی تەندروستی یان بۆ نواندنێکی سەرکەوتوو پەنای بۆ بەرێت. ئەگەر تۆ ئەوە بکەیتە نەریتێک کە بەردەوام بە دوای دۆزینەوەی جەستەتەوە بیت ئەوا سەرباری ئەوەی کە دنیای هەست و سۆزت فرەوان دەکەیت، دەبیتە خاوەنی جەستەیەکی ئازاد و ئامادەش.

## وردەکاری

لەگەڵ چەند قوتابییەکدا سەرقاڵی کارکردن بووم لە شانۆیی چاوەڕوانی گۆدۆی بیکێت دا، لەو کاتەدا کە کارەکتەری لەکی مۆنۆلۆگێکی دوور و درێژ و وەڕسکەر دەڵێ. کاتێک قوتابییەکە بەو مۆنۆلۆگەوە خەریک بوو، من ڕاموەستاند و لێم پرسی:

" بەدوای چیدا وێڵیت؟ "

قوتابییەکە وەڵامی دامەوە: " من بە دوای وەڕسیدا وێڵم "

وەک ئەکتەرێک بۆت ناکرێ، فەلسەفەیەک یان بیرۆکەیەک، تەنانەت دۆخێک بنوێنی، ئەوە مەحاڵە. لەوانەیە دەرهێنەر پێت بڵێ: " لەم چرکەساتەدا جووڵە لە خۆت ببڕە، هیچ وزە و توانایەکت نەبێت، لە کۆمەڵگە داببڕێ، دەی ئەوە بڵێ "

بەڵام تۆ بۆت ناکرێ هیچ یەکێک لەو بار و دۆخانە کایە بکەیت. ئەکتەر دەتوانێت هەندێک مەسەلەی تەواو بەرجەستە بئاخفێت، لەوانەیە بچرپێنێت، وشە لە دوای وشە پەی دەرپەی بکات. لە دوای ئەوەش ڕەنگە بینەر ڕاڤەی تایبەتی خۆی هەبێت، بۆ نموونە " ئەو پیاوە خۆی ون کردووە ". لەوە بگەڕێ، بەڵام ئەکتەر نابێت یاری ' خۆ ونکردن ' بکات.

سەرباری ئەوە، ئەگەر تۆ هەوڵ بدەیت ' وەرسی ' بگەیەنیت، دەبێت سەرنجراکێشترین جۆری وەرسی گەمە بکەیت. ئەگەر بینەر هەست بکات تۆ دەیانخەیتە باوێشکدان، ئەوە وەڕسی نییە لە شانۆدا، بگرە ئەوە بۆ خۆی وەرسی نێو ژیانی هەقیقییە. وەک ئەکتەرێک ناکرێت دیالۆگەکانت بە شێوەیەکی وەڕسکەرانە بڵێی، بەوە بینەر دەخەیتە پرخەی خەو.

لە جیاتی ئەوەی بار و دۆخێک گەمە بکەیت، بگەڕێ بەدوای وردەکارییە بەرجەستە کراوەکاندا، هەر کاتێکیش ئەوانەت لا کۆبوونەوە؛ بینەر ئەو هەستەی لە لا دەرسکێت ' کە تۆ کێیت '.

له ژیانی ڕۆژانەدا، تۆ ڕۆڵی کارەکتەری خۆت گەمە ناکەیت. هەنووکە جووڵەیەک دەکەیت، زۆر نابات جووڵەیەکی تری و ئیدی جووڵە بە دوای جووڵەدا دێت و دەچێت. لە پاشاندا دەتوانیت بڕوانیتە جووڵەکانی خۆت و ئەوە جوێ بکەیتەوە کە تۆ چ کارەکتەرێکت هەیە، بەڵام ناتوانیت بڕیاڕی ئەوە بدەیت کە بەو جوولەیە هەستیت لەبەرئەوەی کارەکتەرەکەت ' داخوازی ' ئەوەت لێ دەکات. لەوانەیە سبەینێ شتێک بکەیت کە بە تەواوی جیاواز بێت. مەسەلەکە بەو جۆرە نییە:

" لەبەرئەوەی کارەکتەرەکەم وام لێ دەخوازێت، دەبێت لە دوای ئەوە بەو جۆرە بکەم. "

بە هیچ جۆرێک وا نییە. لە هەر چرکەساتێکدا تۆ جووڵەیەک، وشەیەک، دەستەواژەیەک هەڵدەبژێریت.

کاتێک کە ڕۆڵێک ئامادە دەکەیت، زۆر ئاسانە بەشێوەیەکی بەرفرەوان کەسایەتی ئەو کارەکتەرە جوێ بکەیتەوە کە کایەی دەکەیت و بڵێی ' ئەم کارەکتەرە پیاوە قۆشمەیە ' یاوەخود ' ئەم خاتوونە گەشبینە ' بەڵام چۆن لەو ڕێیەوە ڕۆڵی کەسێک کایە دەکەیت؟ تۆ بۆت ناکرێ بەهیچ جۆرێک وەسفکردن کایە بکەیت. ئەوەی کە بۆت دەکرێ بیکەیت دۆزینەوەی گەلێک وردەکارییە. لەم کاتەدا سەری بڵند دەکاتەوە. لەم چرکەساتەدا خانمەکە دەنگی بەرز و زوڵاڵ دەبێت. کاتێکیش ئەو وردەکارییانە کەڵکە دەبن، بینەر باری سەرنجی خۆی لە لا گەڵاڵە دەبێت و لە کۆتاییشدا هەر بۆ خۆی بڕیاری ئەوە دەدات کە ئایا ئەو کارەکتەرە قۆشمەیە یان گەشبینە. هەوڵ بدە ئەو وردەکارییە بچووکانە گەشە پێ بدەیت. هەرچۆنێک بێت لێرەدا لەبارەی ئەو جۆرە کارکردنە دوو تێبینی گرینگ لە ئارادان. یەکەمیان، دڵنیا بیت لەوەی کە ئەو وردەکارییانەی پەیت پێ بردوون تەواو ڕاست و دروستن. دووەمیان، جوولەی جەستە و وزەی دەروونی دەبێت شێلگیرانە وابەستە بن پێکەوە. دەبێ بۆ هەر چرکەساتێکی دراماتیکی کاتێکی زۆر بۆ گەڕان بە دوای

وردەکـاری تەواو ڕاسـت و دروسـتـا تەرخـان بکەیت. ئەوەشـت بەتەنیـا لە کـاتێکا بۆ مەیسـەر دەبێ کە هەسـتێکی تەواو توند و تۆڵت بە واستەبوون لە نێوان جەستە و ڕەهەندی ناوەکیدا دامەزراندبێ. کاتێک کە جەستەت زۆر بە توندوتۆڵی بە دنیـای ناوەوەت پەیوەست دەبێت، بچووکترین گۆڕانکارییـەکی جەستەیی، جۆش و خرۆشێکی ناوەکی جیاواز دەخوڵقێنێت.

دەتوانیت پەی بەو جیـاوازییـە بەری کـە دەکەوێتـە نێوان ئەوەی بە جۆرێک ڕابوەسـتـی کـە پەنجـەکـانی دەسـتـت نوشـتـابنەوە یـاوەخـود والآت کـردبن. هـەروەهـا ئەوەشت بـەلاوە ڕوون و ئاشکرایە کــە هەر یەک لـەو وردەکـارییـە جـیـاوازانە چ جـۆش و خـرۆشـێکت تیـا دەخـوڵقـێنێت. کـاتێک پـەنجـەکـانت نوشـتـاندووەتـەوە هـەست بەوە دەکەیت کـە جۆش و خرۆشـێکت لە سـووربوون لەسـەر شـتێک لە لا دەڕسکێ و لە بارودۆخـێکی لەو چەشنەدا خـۆڕاگـرتووتر دەکەویتە ڕوو.

بۆ ئەوەی لەو ڕوانگەیەوە، ڕۆڵێک ئامـادە بکەیت پێویسـتت بەوەیە کـاتێکی زۆر لەگەڵ هەموو ئاستە شیاوەکانی جەستەدا ئەزموون بکەیت و بەتەواویش وردبین و ڕاسـتگۆ بیت بەرانبـەر بە هـەر جـۆش و خـرۆشـێک کــە لە لات دەخـوڵقێت. ئەوە باش نییـە بارێکی جـەسـتـەیی وا بدۆزیتـەوە کە وا هـەست بکەیت ' تاڕادەیەک ' لەبار و دروستە، بگرە دەبێت وردەکاری جەستەیی سەد دەر سـەد پوخت و ڕوون بدۆزیتەوە کە بەو پەڕی دڵنیـاییـەوە وابەسـتـە بێ بە هـەست و سۆزی ئەو چرکەسـاتەوە. هـەر کاتێک کە هـەموو شـێوە بنچینەیی و گەوهەرییـەکانت دۆزییـەوە، ئەودەم دەکرێ هـەر هـەموویان گرێ بدەیتـەوە بە فۆرمـێکەوە؛ وەک جۆرێک لە ' نەخشـە ' ی گەشتێکی ئەندێشاوی یان هـەست و سـۆزاوی. ئیدی هـەر کـاتێک کە نمایش دەکـەیت زۆر بە سـادەیی بکەوەرە شــوێن ئەو نەخـشــە سـروشـتـیـیــە. بەڵام بۆ ئەوەی نـەخـشــەیەکی پـوخت دابڕێژیت، پێویسـتت بە کاتی تەواو هەیە تاوەکو وردەکاری پوخت و دروست بدۆزیتـەوە. کـاتێک کـە سـەرگـەرمی گـەڕانیت بە دوای دۆزینەوەی وردەکاریی

سـروشـتـیـدا، هـەندێک جـار دەتوانیت تاقـیکردنەوەکـانت بەشـێـوەیـەکی بچـووککراوە ' میـناتۆر ' ئەزمـوون بکەیت. بۆ نموونە، ئـەو جـووڵەیەی کـە تۆ دەتەوێ بیـدۆزیـتـەوە بازدانێکە، بـەڵام ئەو جـووڵەیە تا ئـەندازەیەک گـران و ' تاقـەتپـرووکێنە ' بۆ ئـەوەی بەرجەسـتـە بێت. دەکرێ لەوەوە دەست پێ بکەیت کە سەرنجت بخـەیتـە سـەر جووڵانەوەی دەستێکت. تۆ پێشـتر لە بەشـی ' چێژ ' دا تێبینی ئەوەت کرد کـە دەسـتـەکانت گـەلێک ئیمکانیـاتی لە بەردەمدایە: پێنج پەنجـە، لەپی دەستت، نێوانی پەنجـەکان، گـرژ کردن، شلکردن. دەکرێ بە ئارەزووی خـۆت یاری پێ بکەیت. لە چرکـەسـاتێکی تایبـەتا کـە هـەست بە ئاسوودەیی دەکـەیت دەستەکانت لە خـۆوە واڵا دەبن. ئەوە هـەست و سـۆزێکی ڕاسـتگۆیە و ئەو هـەست و سـۆزەیە کـە تۆ لێی دەگـەڕێیت و ئەو جـوولەیەش زۆر بە لێـبـڕاوانـە وابەسـتـەیە پێـوەی. هـەرچۆنێک بێت مـن لەسـەر شـانۆ سـەروکارم لەگەڵ وەسفێکی لەوە گەورەتردایە، ئیدی جوولەی ' لە خـۆوە واڵا بوونی دەسـتـم ' گـەورەتر دەکـەم بۆ بازدان. بەڵام گـەیشـتـنە سـاتی بازدان پرۆسـەیەکی هـەسـتیـارە. من لـە دەسـتێکەوە کارەکـەم دەست پێ دەکەم، لەو هـەسـت و سـۆزە دروسـتـەوە کـە لـەوێدایە. دواتـر هـەوڵ دەدەم سـەرجـەمی جـەسـتـەم تەواوێک وەک ئەو دەسـتـەمی لێ بێت. (لـە هـەقـیـقـەتـا بەکارهێنانی دەست کتومت میـناتۆرێکی تەواو نییـە، ئەوەیە کە کۆی هـەست و سـۆزەکان لەوێدان. تەنیـا ئەوەیە هـەندێک جار تەواوی جـەسـتە دەبێتـە دەستێک). وەک ئەکتـەرێک تۆ بڕیار دەدەیت کە دەتەوێت ئەو ' دەسـتـە ' چەندێک گـەورە بێت، دەکرێ بچـکۆلە بمێنێتـەوە، یاوەخـود سـەرجـەم بنیـاتی جـەسـتـە بگرێتـەوە. بەمانایەکی تر، لە ڕاسـتیدا ئەوە گرینگ نییە کە جووڵەکە چەندێک گەورەیە. ئەوەی گـرینگە دۆزینـەوەی ئەو جـووڵەیەی جـەسـتـەیە کـە هـاوپاڵی جـووڵەی ناوەکی بێت. هـەر کاتێکیش پەیت بەوە برد، ئەوا ئیدی ڕێژە یاوەخود ئەندازە بۆ هـەڵبـژاردن جێ دەمـێنێت. دەتوانیت لە دەروازەیەکی بچـکۆلەوە دەست پێ بکەیت و تا دێ ئەندازەکەی گەورەتر بکەیت، یاوەخـود لە ئاسـتێکی گـەورەوە

دەست پێ بکەیت و تا دێ ئەندازەکەی بچووک بکەیتەوە.

دەتوانین لە هەندێک لەو ڕاهێنانە جەستەییە گشتییانەی نواندن ورد بینەوە:

یەکەم: روخسارت بە جۆرێک هێمن بکەرەوە کە هیچ گوزارشتێکی پێوە دەرنەکەوێت. هەموو ماسوولکەکان ئارام بن (دەموچاویش) بەجۆرێک ئارام بنوێنێ کە هیچ هەست و سۆزێک نەنوێنێت. هەوڵ بدە لەسەر ئەو دۆخە بەردەوام بیت تا تەواوی جەستەت بەو جۆرەی لێ دێت. هەوڵ بدە پەی بە هەموو توانا سروشتییەکانی هەر یەک لە ماسوولکەکانت ببەیت. کاتێکیش بەو کارە هەڵدەستی چێژی هەموو ئەوانە بکە کە ڕوو دەدەن. (بڕوانە بەشی چێژ) لەو ڕێگەیەوە، بۆت دەکرێت بە هەقیقی هەست بە ئەرکەکانی جەستە بکەیت و لە کاریگەرییان ورد بیتەوە. ئەمجارە تەواو پێچەوانەی ئەوە وەربگرە. روخسارت تا بۆت دەکرێ ڕەق، وەک جۆرێک لە ماسکێکی بەردین لێ بکە و جەستەت بەوپەڕی ئارامییەوە بهێڵەوە. ئیدی بۆت دەردەکەوێت کە جەستەت دەیەوێت لەوەڵام بەو گوزارشتەی لەسەر روخسارتە بێتە وەڵام. هەنگاوێک واوەتر بچۆ و ڕێگە بدە جەستە خۆی لەگەڵ روخساردا هاوسۆز بنوێنێت. دڵنیابە لەوەی کە ئەوە بەشێوەیەکی لەخۆوەیی یان سروشتی ڕوودەدات نەوەک لەوە بێت کە مێشک بڕیاڕی بۆ بدات:

" ئۆی من گوزارشتێکی تووڕەم بە ڕوخسارەوە دیارە، بۆیە دەبێت دەستم بەرز بکەمەوە و مستەکۆڵەم ئامادە بێت "

لە جێی ئەوە دەبێت جەستە خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکات کە چ گوازرشتێک وەربگرێ تا خۆی لەگەڵ روخساردا بگونجێنێت.

هەر کاتێکیش ئەو یەکگرتنە ڕووی دا ئیدی هەوڵ بدە بە دوای ئەوەدا بگەڕێی کە چ دەنگێک لەگەڵ ئەو هاوکێشەیەدا جووت و تەبا دێتەوە. لە جێی ئەوەی هانا بۆ ' وشە ' بەریت هەوڵ بدە دەنگ بەکار بهێنیت. تۆ دەرهەق بە

ئێستا پەیکەرێکی زیندووت خوڵقاندووە، روخسارت بەکارهێنا و جەستەش شوێن پێی هەڵگرت و بە دوای ئەوانیشدا دەنگ. ئێستا با ئەو پەیکەرە بەردینە بجووڵێ و تێکەڵ بە کارەکتەرەکانی تر بێت. ئەمجارە با ڕووکاری کارەکەمان بە جۆرێکی تر بگۆڕین، بەرلەوەی دەست بە جووڵە بکەین و هەوڵ بدەین پێوەندی ناوەکی بۆ پەیدا بکەین؛ دەتوانیت ئەندێشەیەکی دیاریکراو لە مێشکدا بخوڵقێنی و بواری پێ بدەیت کە جەستەت بەرەو جووڵە پەلکێش بکات. بوارت بۆ جەستە خۆش کرد کە لە ڕێگەی ئەندێشەوە بەوپەڕی ئازادی خۆی بکەوێتە جووڵە. بەهەرحاڵ، بۆ ئەوەی ئەو ڕاهێنانە بۆی بکرێت بە تەواوی کاریگەری خۆی بەجێ بهێڵێت؛ ئەوا دەبێت تۆ توانایەکی بەرفرەوان و لەبننەهاتووت هەبێت لە بواری ئەندێشەدا بۆ ئەوەی کە بۆت بلوێ زۆر بە سروشتی جەستەت بە هەموو جۆرێک بجووڵێنیت و لەسەر یەک تەرز و جۆر دەق نەگرێت. جێگەی سەرنجیشە لە جێی ئەوەی لەسەر بیرۆکە سادە و ساکارەکان هەڵوێستە بگریت؛ بتوانیت ئەندێشەگەلێک بورووژێنیت کە پێوەندی بە گەوهەری ئەزموونی مرۆڤایەتییەوە هەبێت. بۆ نموونە ئەندێشەی ئەوە بکە کە تۆ لەناو رەحمی دایکتایت و خەریکی ئەوەی کە بەرەو دنیای دەرەوە بەڕێ دەکەویت. بۆ ئەوە، دەبێت بە شوێن ئەوەدا بگەڕێی کە تۆ بەرلەوەی بێیتە نێو ئەم دنیایەوە کێ بوویت یاوەخود لە ڕێی جووڵەوە، کارێکی وا بکە کە سیما ترسناکەکانی کەسایەتی خۆت بخەیتە ڕوو. بەمانایەکی تر، خستنە ڕووی ئەو دیمەنە کاریگەرانە بۆ خۆی جۆرێکیشە لە چارەسەری دەروونی و یاریدەت دەدات کە دنیای ناوەوەت خاوێن بکاتەوە. ئەندێشەت بۆی دەکرێ زۆر زیرەکانە کار بکاتە سەر جەستەت تەنانەت بەبێ ئەوەی هیچ جووڵەیەک یان وابەستەبوونێکی سروشتیش لە ئارادا بێ. بیر لە ڕەنگێک بکەرەوە، بۆ نموونە سوور یان زەرد، تەواوی لێخوردبوونەوەی خۆت بخەرە کار و بەبێ ئەوەی ئەو ڕەنگە لە ڕووکاری دەرەوەت بەکار بهێنیت، تەواوی بوونی خۆت لەگەڵ ئەو ڕەنگەدا یەک بخە. هەموو بوونی تۆ ڕەنگی

سوور دەگرێت. ئەمجا لە بینەر بپرسە با پێشبینی ئەوە بکات کە تۆ چ ڕەنگێکت بەکار هێناوە. بێگومان ئەوە لە هەموو کاتەکاندا کاری خۆی ناکات، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر باڵا بینەر ڕەنگە ڕاستەکە یان بەکارهاتووەکە هەڵبژێرێت. ئەوە مانای ئەوە دەدات ئەگەر تۆ خاوەنی ئەندێشەیەکی قووڵ و بەهێز بیت، ئەوا بینەر دەتوانی هەست بەوە بکات کە چی ڕوو دەدات. هیچ پێویست بەوە ناکات ئەوە نیشان بدەیت، ئەگەر تۆ خۆت لەگەڵ تەواوی بوونی خۆتا تەبا کردبێت، ئەوا ئەو پێوەندییە بۆ خۆی دەرسکێت. ئەندێشەت بۆ خۆی جووڵە و بوونی تۆ ڕێک دەخاتەوە و بینەریش بۆی دەکرێ هەست بەوە بکات. بە دڵنیاییەوە بینەر لەوە تێدەگات.

### تای و یۆ

کاتێک کە یوشی لە ڕێی کەڵەکەبوونی ڕووکەشی وردەکارییەکانەوە وەسفی ساختومانی نواندن دەکات، پێ لەسەر ئەوە داناگرێت کە ئەوە تەنیا ڕێگەیەک بێ. بگرە هەندێک جار لە ڕووکاری درەوەوە بەرەو ناوەوە کار دەکەیت، هەندێک جاریش پێچەوانەکەی. (ل. م)

یەکێک لە زۆر قورسترین بەڵام بەکەڵکترین بیرۆکەکانی زیم ئەو بەشەیە کە تایبەتە بە فێربوونی ' دیاردە ' و ' ساختومانی بنچینەیی ' کە لە شانۆی نوودا پێی دەگوترێت تای و یۆ. بە تێرمێکی شاعیرانە، تای گوڵە و یۆ بۆنەکەیەتی؛ تای مانگە و یۆ درەوشانەوەکەیەتی. کاتێک کە سەرقاڵی خوێندنی نواندن دەبیت، لە ڕووکاری ناوەوەی ـ دیاردەکاندا ـ لە ساختومانی بنچینەیی خورد دەبیتەوە.. ئیدی ' گوزارشتی دەرەکی ' بۆ خۆی بە ئۆتۆماتیکی دەکەوێتە ڕوو. لە زۆربەی جارەکاندا، ئەکتەر دەکەوێتە ژێر ' کاریگەرییەوە ' و ئەوجا بڕیار دەدات کە لاسایی بکاتەوە، بەڵام ئەوە نواندنێکی زۆر باش بەرهەم ناهێنێت. لەجیاتی ئەوە پێویست دەکات لەوە

تێ بگەیت کە ئەو "کاریگەرییە" لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت و ئەو هۆکارەش چییە کەوا لە پشت دروستبوونیەوە خۆی حەشار داوە. ئەگەر تۆ بەبێ ئەوەی لە ساختومانی بنچینەیی تێی بگەیت، لاسایی ڕووکاری دەرەوەی هەر شتێک بکەیتەوە ئەوا کارەکەت هیچ مانایەکی نابێت.

بۆ نموونە، ئەگەر تۆ ڕۆڵی پیرێژنێک یان پیرەمێردێک یاری دەکەیت، لە ڕاستییا دەبێت لەوە تێ بگەیت کە پیری چ کاریگەرییەک لەسەر جەستە و مێشک جێ دەهێڵێت، هەروەها چۆن تەمەنی هەر کارەکتەرێک بە شێوەیەکی ناوازە پابەندە بە ئەزموونی ژیان و کەسایەتیی ئەو تاکە کەسەوە. زۆر جار لە جیاتی وێنەیەکی تەواو هەقیقی و ڕاستگۆی کەسێکی دیاریکراو لە تەمەنێکی دیاریکراودا، لەرزینێکی سەرتاسەری دەبینیت. ئەگەر تۆ لە جیاتی تێگەیشتن لە بنیات یان ساختومانی بنچینەیی ئەو هەست و سۆزەی کە لە جەستەیەکی لاوازەوە سەرچاوە دەگرێت، هەوڵ بدەیت پیری بە لاساییکردنەوەی ڕواڵەتی دەرەکی نیشان بدەی، با بۆ نموونە ئاماژە بە لەرزینی دەست بدەین، ئەوا تۆ بێجگە لە بەرهەمهێنانی کلێشەیەک چی ترت نەکردووە. (ل. م)

لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ تێگەی تای و یۆ، زۆر گرینگە ئەوەت لەیاد بێت کە لە سەروو وەختی نواندندا هەردووکیان وەک یەک گرینگن، ئەگەر لەو دیوی جووڵەکەتەوە بنیاتێکی بچینەیی لە ئارادا نەبێت ئەوا وردەکارییەکانی گوزارشت بە هیچ جۆرێک بە تەرزێکی ڕاستگۆیانە خۆی ناخاتە ڕوو. بە هەمان شێوە ئەگەر تۆ نەزانیت ئەو بنیاتە بنچینەییە قووڵە چۆن خۆی بۆ بینەر دەخاتە ڕوو، ئەوا بەریەککەوتن بە هیچ جۆرێک ڕوو نادات.

بە گەڕانەوەیەک بۆ نموونەی کێشانی پۆرترێتی کەسێکی پیر، بەلایەنی کەمەوە دەتوانین ئەوە ببینین کە ئەکتەر تەکنیک و

لێهاتوویی بەرجەستەکردنی هەموو کاریگەرییەکانی پیری هەیە (لەسەر هەر چوار پەل، هەناسەدان، تەماشاکردن، گرژبوونی ماسوولکەکان و ئەوانی تریش) تێگەیشتنی تەواو لە هەقیقەتە سروشتییەکانی پیری لە لایەن بینەرەوە هەستی پێ ناکرێت. بگرە ئەوە ' یۆ ' یە کە کارێکی وا دەکات ' تای ' ببینرێت و بکەوێتە ڕوو. هەردووکیان وابەستەن بەیەکەوە. (ل. م)

کاتێک کە سەرقاڵی پرۆڤەکردنی، دەبێت هەوڵ بدەی زۆر وریای ئەو وتووێژە هەمیشەییە بیت کە دەکەوێتە نێوان ئەو دوو شێوازەوە. ڕەنگە لەو دەم و ساتەدا بێت کە بە شێوەیەکی خۆڕسکی لەبارەی کەسایەتییەک یان بارودۆخێک دەرک بە شتێکی بنچینەیی دەکەیت. دەبێت دڵنیا بیت لەوەی کە ئەو تێگەیشتنە وەک کاریگەرییەکی ڕاستگۆیانەی ئەو کارەت خۆی بخاتە ڕوو کە چرکە بە چرکە ڕایدەپەڕێنیت. هەرگیز نابێت ئەوە دژوار بێت، هەر هیچ نەبێت لەو دەمەوەی کە تۆ وەک ئەکتەرێک، هەمیشە بە ئاگای لە ڕووکەشی جووڵەکانت و کردەی دەربڕینەکانیشت دەبێت بەوپەڕی ئاسانییەوە بەرهەم بهێنیت. بەهەمان شێوە، ئەگەر بتەوێ گەڕانەکانت بە لاساییکردنەوەی دیاردە دەرەکییەکان دەست پێ بکەیت، ئەوا دەبێت بڕوانیتە ناوەوەی ڕواڵەتەکان بۆ پەیبردن بەو ساختومانە قووڵەی کە وا دەکات کارێکی دیاریکراو ڕوو بدات.

زیم لەسەر گرینگیی ئەوە ڕادەوەستێت کە ئەکتەر لە ' تای ' ڕۆڵەکەی تێ بگات، دواجار ڕێگا بدات ' یۆ ' خۆی بخاتە ڕوو.

ئیدی لە کەلەپووری شانۆی ژاپۆنیدا، لە لای مامۆستای گوزارشتی دەرەکی، ئەوە بووەتە تێگەیەک کە فێربوونی ڕێباز یەکێکە لەو پەیڕەوانەی کە چەندو چوونی لەسەر ناکرێ و بەبێ ئەوەی قوتابی ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە چی لە پشتی ئەو بڕیارەوە خۆی حەشارداوە. بۆ ئەو دۆزەش، ئامۆژگارییەکانی زیم دەستگیرۆیی ئەوەمان دەکات کە شێوازی دەرەکی

نمایش چۆن بەرجەستە دەبێت.

لە ڕۆئاوادا دۆزێکی تەواو جیاواز لە ئارادایە، زۆرجار ئەکتەر بە تەنیا سەرنجی خۆی ئاراستەی بنیاتی قوولی دۆزێک یان کارەکتەرێک دەکات، لە کاتێکا بێئاگا دەمێنێتەوە لەوەی کە لە چرکەساتێکی دیاریکراودا جەستەی چی دەکات. دەرهەق بەو مەسەلەیەش، پێویست بەوە دەکات کە زۆر بە باشی کار لەسەر تێگەیشتن لە ماناکانی گوزارشتکردن بکەیت. لەگەڵ ئەوەشا، هەردوو شێوازی شانۆی ژاپۆنی و ڕۆئاوایش دڵنیایی خۆیان دەرهەق بەو وتووێژە گەرموگوڕەی کە دەکەوێتە نێوان تای و یۆوە دووبارە دەکەنەوە. (ل. م)

### پێوەندی بە ئەکتەرەکانی ترەوە

هەنگاوی داهاتوو کارکردنە لەگەڵ کەسانی تر بۆ دامەزراندنی پێوەندی و وەڵام. بۆ ئەوەش دەکرێ هەر ڕاهێنانێکی سۆلۆ یان تاکە کەسی وەربگریت، بۆ نموونە ڕاهێنانێکی لێکچوو کە لەگەڵ کەسێکی تردا ئاڵوگۆڕی پێ بکەن. جووڵەی هونەرە جەنگییەکانیش بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵە مەشقێکی گونجاون، لە کاتێکا هەموو هونەرە جەنگییەکان وەڵامدانەوەن بە کەسی بەرانبەر، بە تەنیا یەک جیاوازی نەبێت: ئەویش هونەرە جەنگییەکان پشتیان بەستووە بە پێویستی کوشتنی بەرانبەر یان بە پارێزگاریکردن لە خودی خۆت، لە کاتێکدا پێوەندی لە نێوان ئەکتەراندا پشت بە کێشە نابەستێت، بگرە بە پێچەوانەوە: پێوەندی لە نێوان ئەکتەراندا ئاڵوگۆڕێکی تەبایی و بەرابەریی پڕ هەستیارییە.

لە کاتێکا کارکردن لەگەڵ کەسێکی تر باشترین ڕێگایە بۆ گەشەکردنی پێوەندییەکی قووڵی مرۆیانە لەسەر تەختەی شانۆ و لەگەڵ ئەوەشا هەڵگری گەلێک کەڵک و بایەخی تریشە. ئەگەر تۆ هەر بە تەنیا بۆ خۆت پرۆڤە بکەیت،

کارێکی سەختە بۆت بکرێ لە چەند خولەکێک واوەتر داهێنانی خۆت درێژە پێ بدەیت، بەلام لەگەڵ کەسێکی تر دا ئەو مەرامە زۆر بە ئاسانی مەیسەر دەبێت. کچە ئەکتەرەکەی هاوڕێم ' شتێک ' دەکات، لەبەرئەوەی ئەو بە کارێک هەستاوە، ئەوە من هان دەدات دەرهەق بەوە لەبەرابەردا 'شتێکی تر بکەم '. ئیدی بەوجۆرە، لەبەرئەوەی من کارێکم ئەنجام داوە، هەڵبەت کچە ئەکتەرەکەی هاوڕێشم کاردانەوەی دەبێت. کارکردنی تۆ لە دەرەنجامی کاری بەرانبەرەکەتەوە گیانی بەبەردا کرا، بەردەوامبوون لەسەر ئەو شێوازی کارکردنە ڕێگە خۆش دەکات مەشقی ڕاگوزاری لەو ڕێگەیەوە درێژە بکێشێت. ئەگەر تۆ سەرگەرمی مەشقێکی ڕاگوزاری فرە ئەکتەر بیت (مەشقێکی سادە بۆ نموونە پیاسەکردن لە هەمان پانتاییدا) و ئاگات لە بەرانبەرەکەت نەبێ، ئەوا بەلای بینەرەوە دیمەنێکی زۆر نامۆ دەنوێنێت، وەک دوو فیلمی ڤیدیۆیی تەواو لێکجیاواز کە لە هەمان کاتدا هەردووکیان پێکەوە نیشان بدرێن. هیچ پێوەندیەک لە نێوان ئەو دوو کەسەدا ڕوو نادات، بەلام لە کاتێکدا کە بەوپەڕی ئاگاییەوە تەماشای بەرانبەرەکەت دەکەیت؛ ئەوا ئاڵوگۆڕێکی قووڵی مرۆڤدۆستانە ڕوو دەدات.

توانا و لێوەشاوەیی بە وەلامدانەوەی ئەکتەری بەرانبەر و بینەر دەکەوێتە سەر تۆپی کارکردنی پۆشییەوە، نەک هەر بە تەنیا چاوەڕوانی ئەکتەر بێ لەوەی کە بۆی بکرێ دەرهەق بە پاڵنەرە ناوەکییەکانی و گرێدانەوەیان بە جەستەوە ' وەلام ' ی هەبێت؛ بگرە دەبێت بەتەواوی ئاگادار و وریا بێ لەوەی کە ئەوانی تر چی دەکەن. نەک هەر بۆ دامەزراندنی پێوەندییەکی توندو تۆڵ و ناسک، بگرە ئامادە بیت کە چرکە بە چرکە و بە کوڕاڵ؛ بەردەوام بی لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە. دەرەنجام بەوەش کاتێک کە پۆشی سەرگەرمی فێرکردنە، گەلێک لە ڕاهێنانەکانی پشت بە فرە ئەکتەری دەبەستێت. ڕاهێنانەکانیشی داهێنراو و

> نەخشە بۆ کێشراو نین، مەشقی ڕاگوزاری ئازادن، کە هیچ یەکێک لە ئەکتەرەکان پێشڕەوی ناکات؛ بگرە هەر یەکێکیان ' شوێن پێی ' وەڵامدانەوەی ئەوی تر هەڵدەگرێت. هەمیشە ئەم کارە بە وتووێژێک دەچێت کە هەریەکێکیان چاوەڕوانی نۆبەی خۆی دەکات بۆ ' ئاخاوتن '. دەکرێت ئەو وتووێژەش جەستەیی یان زارەکی یان هەردوو جۆرەکە بێت. (ل. م)

بە جۆرێک هەست بە جەستەی خۆت بکەیت کە وابەستەیە بە ئاسمان و زەوییەوە، دەست بکە بە ڕۆیشتن و بە چوار دەوری ژوورەکەدا بخولێرەوە. کاتێ کە سەرقاڵی ڕێ و ڕۆیشتنیت هەوڵ بدە کە هەست بە کەسانی دەورو‌پشتی خۆت بکەیت.

لە ڕاستییا تۆ هاوکات دوو کار پێکەوە ڕادەپەڕێنیت: بە ئاگابوون لە جەستەی خۆت لەنێو پانتاییدا و هەروەها دامەزراندنی پێوەندی بە ئەکتەرەکانی ترەوە. تۆ لە هەمان کاتدا سێ ئاراستە بەکار دەهێنیت: سەرەوە، خوارەوە، دەرەوە. دواتر ئەندێشەی ئەوە بکە کە ' تۆ ' یەکی تر لەم دنیایەدا بوونی هەیە و ئەو ' تۆ ' یەش زۆر بە سادەیی چاودێریی ئەوە دەکات کە چی دەگوزەرێت؛ هەم چاودێری بارودۆخی سروشتیت دەکات و هەم چاودێری ئەوەش کە چۆن پێوەندی بە کەسانی ترەوە دەکەیت. ئێستا تۆ خاوەنی سێ ئاستی جیاوازیت لە چالاکی و ئاگایی: جەستەی سروشتیت لە پانتاییدا، پێوەندیت بە کەسانی ترەوە، هەروەها ئەو چاودێریکەرە بێدەنگەش. دوو کەس وتووێژ دەکەن، کە هەر یەکێکیان تەنیا یەک دەستی بەکار دەهێنێت. وەکو هەر وتووێژێکی هەقیقی هەر یەکەیان گوێ دەگرێ و وەڵامی ئەوەکەی تریش دەداتەوە کە چی دەڵێت. ئەوە وەکو ئاماژەی زمان، یاوەخود گەمەی پیت و هێما نییە، کە تۆ هەوڵ دەدەیت وشەکان پەیدا بکەیت.

لە جیاتی ئەوە هەوڵ دەدەیت بە هەموو بوونی خۆتەوە لەو تاکە دەستە ورد ببیتەوە. هەر لە ئاژەڵێکی سەیرو سەمەرە دەچێت، کە لەگەڵ ئاژەڵێکی سەیروسەمەرەی تری وەک خۆیدا وتووێژ بکات. کاتێک کە لە ژیانی ڕەسەنی ئەو مەخلوقە تێدەگەیت کە چۆن بۆی دەکرێ لەگەڵ ئاژەڵێکی تردا گەشە بەو پێوەندییە جیاواز و هەقیقییەی خۆی بدات، جێگەی سەرسوڕمان و لێخوردبوونەوەیە. ئەگەر بڕوانینە ئەوەی کە لێرەدا چی ڕوو دەدات، لە ڕاستییا هیچ شتێک لە ئارادا نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە دوو دەست لەبەرانبەر یەکتریدا سەرقاڵی هەڵگڵۆفین و لوولخواردن و گوشینی پەنجەکانی یەکترین. ئەوە چییە کە سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی لە پێوەندی نێوان دوو نمایشکاری بچکۆلە بڕوانین. دەستی یەکەم بەدەم جووڵەیەکی ناسکەوە خۆی دەخزێنێتە کەنارێکەوە، دەستی دووەم بە نەرمە گوشینێک وەڵامی دەداتەوە، ئەوەش بۆ تاوێک موچوڕکەیەکی خۆشی دەداتە دەستی یەکەم. ئیدی ئەو پێوەندییە بەو جۆرە درێژە دەکێشێت و بەردەوام دەبێت. ئەوەی کە لێرەدا سەرنجڕاکێشە ئەو ئاڵوگۆڕەیە کە دەخوڵقێت. نواندن لە نێو دەستی هەر یەکێک لەو ئەکتەرەکاندا جێنشین نابێت، بگرە دەکەوێتە میانەی ئەو بۆشاییەوە کە لە نێوان ئەو دوو دەستەدا دەخوڵقێت. ئەو جۆرە نواندنەش نە گێڕانەوەیە، نە دەروونییە، نە هەستبزوێنە، بگرە شتێکی ترە، شتێک کە گەلێک لە بنچینەکانی نواندن واوەترە و زۆریش لەوە دژوارترە کە بتوانرێت چوارچێوەبەند بکرێت. بەڵام کاتێک کە دەڕوانیتە ئەو ئاڵوگۆڕەی کە لە نێوان ئەو دوو دەستەدا دەخوڵقێت، شتێکی سەیر ڕوو دەدات، شتێکی زیندوو کە گیانی تێدایە. ئەوەش ئاستێکی بناغەیی بەرز و باڵای نواندنە، کە ئاڵوگۆڕێکی زیندووی نێوان دوو مرۆڤە. لە دەم و ساتی پرۆڤەدا، زۆرجار ئەکتەرەکان بە یاریکردنی ئەو ' کەشوهەوا ' تایبەتییەی کارەکتەرەکانی خۆیانەوە سەرقاڵ دەبن و ئەکتەرەکانی تریان لە بیر دەچێتەوە. کاتێکیش ئەوە ڕوو دەدات زۆر گرانە ئەوە بدۆزینەوە کە چۆن بە

شـێوەیەکی سـروشـتـی گۆڕانگاری و گـەشـە بـە دیمەنێک بدەین. ئەوەی کـە لێـرەدا ونە و نابینرێت ئـەو ئاڵوگـۆڕە گـەوهـەرییـەیە کـە دەکـەوێتـە نێـوان کـارەکتـەری تۆ و کـارەکـتـەرەکـانی ترەوە. لـە ژیانی ڕۆژانەمـاندا ئـێمـە بەشـێوەیەکی بـەردەوام گەلێک جووڵە و ئاخـاوتن لەگـەڵ کەسـانی دەوروبەری خـۆمـاندا ئاڵوگـۆڕ دەکـەین، کـە ئەوەش هەقـیـقـەتێکی مـرۆییـیـە و تـەنیـا ئەوەندەمـان دەوێ کـە بیگوازینەوە بۆ نـێـو دنیـای نواندن. هـەر لە ڕێگەی ئەو ئاڵوگۆڕە زیندووەی دەنگ و جووڵەشـەوەیە کـە دەکرێ چیرۆک یان هەست و سۆز بگاتە ئاسـتی بینین. بە شێوەیـەکی ئاسایی، کاتێک کە دۆزێکی تایبەت یاری دەکەیت، هـەوڵ دەدەیت کە تـەواوی کەسێتی خۆت بە(جـەسـتە و هۆش و هەست و سـۆز)ەوە لەو چرکـەیەدا بتـوێنیـتـەوە، بەڵام هەندێک جـار جـێی لێـرامـانە کـە ئـەو یاریکردنە تـەنیـا لە دەورو خـولی ئەم سـێ دۆخـەدا بێت و بچـێت: لە سـەرەتاوە؛ لەگـەڵ هاوڕێکـەت لە ڕێی بەکـارهێنـانی ئاخـاوتن و وەڵامـدانەوەی سـروشـتـییـەوە ئـەو دۆزە تایبـەتە یاری بکە و هـەوڵ بدە لە هـەر دەربڕینێک بە جـەسـتـە و روخسـار دووربکەویتەوە، کتومت بەو شـێوازەی کە هەیە ئەو دیمەنـە درێژە پێ بدەیت. بەشـێـوەیەکی سـەرەتایی هـەست دەکـەیت کـە لە کـاتێکدا جـەسـتـەت لەو دیمەنەدا ئـامـادەیی نیـیـە، زۆر بـە سـادەیی ئاڵوگۆڕێکی دەروونی لە نێوان تـۆ و هاوڕێکەتدا ڕوو دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا، مـاسـوولکەکانت یـادەوەری ئەو پێوەندییـە سـروشـتـییـەی خـۆی دەپارێزێ و جەسـتەشت هەست بە وریایی زیندوێتی خۆی دەکات. بۆ ئێمە زۆر گرینگە کە وەک ئەکتـەرێک درێژە بە ئەزموونی خـۆمان بـدەین. تەنانەت کاتێکیش کە ناجـووڵێیت، یاوەخـود جەسـتـەمـان بە دەربڕینی شـانۆییـیـەوە سـەرقاڵ نییـە، ئەوە مـانای ئـەوە نیـیـە کـە بنوین. لـە ڕووی ڕاهێنـانەوە، دەبێ هـەوڵی ئەوە بدەیت کە وا هـەست بکەیت ئەوەندە بە گـوڕ و چالاکییـەوە دەجـووڵێیت هـەر وەک ئـەوەی دیمـەنێکی وا نمایش دەکـەیت ئەوپەڕی کـۆشش و مـاندووبوونی ماسوولکەیی دەوێت.

لەوانەیە کە ' هیچ شتێک ' لە جەستەدا ڕوو نەدات. ' هیچ شتێک ' لە دەنگدا ڕوو نەدات. بگرە جموجووڵێکی بێشومار لەسەر ئاستی ناوەوەدا ڕوو بدات. ئەوە بەهەمان ئەو شێوەیەی بیرکردنەوەی تۆ نییە لەبارەی دیمەنەکە. لەو پێشهاتەدا، هەر بە تەنیا گومان و پرۆسە دەروونییەکان کاری خۆیان دەکەن، لە کاتێکدا کە جەستە وەک مردوویەک دەمێنێتەوە. ئەو ڕاهێنانەی سەرەوە وامان لێ دەکات کە ئەزموونی جۆرێک لە پێوەندی سروشتی نادیار بکەین؛ لە کاتێکا کە جەستە لە ناوەوە دەجووڵێت. لە دۆزێکی ئاوادا، جەستە بەتەواوی لەو دیمەنەدا بەکار دێت کە نمایش دەکرێت. هەوڵ بدە کار لەسەر دیالۆگی یەکێک لە دیمەنی پیەسە کلاسیکییەکان بکەیت. زۆر بەسروشتی، لەوانەیە ئەکتەرەکان بەر لەهەموو شتێک بەدوای ئەو ئەگەرانەدا بگەڕێن کە " دەشێت " لە دیمەنەکەدا ڕوو بدات و دوای ئەوەش لە ڕێی دەقەکەوە دەروازەی دەروونیی گونجاو و لەبار بدۆزنەوە. لە جێی ئەوە، هەوڵ بدە ئەو ' مانا ' و بارودۆخە هەست و سۆزاوییە لەبیر بکە و تەنیا لە دوو مەسەلە وردببەرەوە. سەرەتا، پیەسەکە بکە بە ' گۆرانی ' و ئاوازێک بۆ وشەکانی بدۆزەرەوە، ئەوجا لەگەڵ ئەکتەرێکی تری ئەو دیمەنەدا چێژ لە ئاڵوگۆڕی ئاوازەکە ببینن. گرینگ ئەوە نییە کە ئاوازەکە چۆنە، هەندێک جار خێرایە و هەندێک جار خاوە، گرینگ ئەوەیە کە چێژ لەو ئاڵوگۆڕە ببینن. گرینگ ئەوە نییە کە کەشوهەوایەکی دەنگی لەبار و گونجاو دابهێنی و ئاوازەکە خۆش بێت. ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە بەڕاستی ئەو دوو ئەکتەرە خۆشی لەو ئاڵوگۆڕە ' مرۆییە ' ببینن. ئەو خۆشییەی کە دڵ و دەروونی ئەکتەرەکان دادەگرێت زۆر نابات دەگوازرێتەوە بۆ دڵ و دەروونی بینەرانیش. ئەکتەر هەمیشە لەسەر تەختەی شانۆ چێژ بەخۆیان دەبەخشن. تەنانەت ئەو کاتانەش کە خەریکی کوشتنی یەکترن، یاوەخود لە خەمێکی قووڵدان، ئەکتەر چێژ لەو بارودۆخانە وەردەگرن. ئەوەش بەهەمان جۆر وا لە بینەر دەکەن کە ' چێژ ' لە نمایش وەربگرن، سەرباری هەموو ئەو شیمانە و

ئەگەرانەش کە ڕەنگە قورگیان پڕ لە قوڵپی گریان و چاویان پڕ لە بارانی فرمێسک بێت. ئەکتەر خۆشی لەو پێوەندییە وەردەگرێت کە بە ئەکتەرەکانی ترەوەی وابەستە دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو ئەکتەرانە ڕۆڵی کەسانێکیش یاری بکەن کە ڕق و کینە لە یەکدی بکێشن. لەبەرئەوەی ئەکتەر بە ڕاستی چێژ لەو ئاڵوگۆڕە دەبینێ کە بەیەکترییەوەیان گرێ دەداتەوە. بینەریش بە گوێگرتن و تەماشاکردنیان هەمان چێژ و خۆشی دەدۆزێتەوە.

ئەکتەرەکان دەبێ لە پێش دەمی بینەردا ئەو شێوازانە بدۆزنەوە کە وا دەکات ' ئاڵوگۆڕ کردنی وشەکان ' وا بکەونە ڕوو کە لە ڕووی دۆزی شانۆییەوە بڕواپێهێنەر و سروشتییە. وشەکان دەبێت مانایان هەبن، چ وەک لۆجیک و چ وەک هەست و سۆزیش. ئەگەرچی ئەوەندە ئاسان نییە کە وا بکەی وشەکانی پیەسێک تەواو سروشتی و حەتمی بکەونە ڕوو. ئەکتەر دەبێ کاتێکی زۆر تەرخان بکات بۆ تێگەیشتن لە ڕەگ و ریشەکانی ڕەوانشوناسی کارەکتەر و دیمەنەکان. بەڵام ئەگەر ئەکتەرەکان زۆر بە سادەیی تەماشای سیمای کارەکەیان کرد و ئەوەیان پشتگوێ خست کە چێژی خۆیان ئاوێزانی کارەکەیان بکەن، ئەوا چێژێکی ئەوتۆش بۆ بینەر فەراهەم ناکەن. ئەگەر بمانەوێت یەکە یەکەی بینەران لەسەر ئاستێکی بنچینەیی مرۆیی و هەروەها لە ڕووی ڕووناکبیریشەوە چێژی لێ ببینن، ئەوا ئەکتەرەکان دەبێت ڕێگاکانی چێژی پێوەندی و ئاڵوگۆڕ بە هاوڕێ ئەکتەرەکانی تریانەوە بدۆزنەوە. هەردوو ئاستەکەی نمایشیش پێویستی بەوەیە کە ئاوێزانی یەکدی بن:

وردبینی رەوانشوناسی و چێژی ئەکتەرەکان. ئەو کارەش دەبێت لە ڕێگای پیەس یاوەخود بنیاتی شانۆییەکەوە بێتە دی.

بەشێوەیەکی سروشتی، نابێت لەسەر تەختەی شانۆ هەستت بە چی کرد بەو جۆرە هەڵسوکەوت بکەیت، دەبێ تەواو ڕوون و ئاشکرا بیت لەگەڵ ئەو جۆری چیرۆکەی کە بۆ بینەری دەگێڕیتەوە و ڕێزی مەتنی چیرۆکەکە و

دنیای دەقەکە بگریت.

نابێت بە هیچ جۆرێک سروشتی گەوهەری کارەکتەرەکەت ون بکەیت، یاوەخود هەقیقەتی دۆزی کارەکتەرەکە پشتگوێ بخەیت. سەرباری ئەوەش، هێشتا دەتوانی چێژ لەو ئازادی ئاڵوگۆڕە لەگەڵ هاوڕێ ئەکتەرەکاندا ببینیت. ژیانی هەقیقی پڕە لە پێشهاتی چاوەڕواننەکراو و بەردەوام بەرەو گەلێک ڕووکار و ئاراستەی نائاساییت پەلکێش دەکەن. نمایشی تۆش دەبێت بە هەمان شێوە تەڕ و پاراو بکەوێتە ڕوو. کاتێک کە لەبارەی ' ئاڵوگۆڕ ' دەدوێم، لە ڕاستیدا تەواوێک دڵنیا نیم لەوەی کە لە نێوان ئەکتەرەکاندا چی ئاڵوگۆڕی کردووە، یاوەخود لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. من دڵنیام لەوەی کە بە هەمان شێوەی تێگەیشتنی ڕەوانشوناسی یان هەست و سۆز نییە. بۆ نموونە کاتێک کە دەنگ ئاڵوگۆڕ دەکەیت، ئەوە ڕوونە کە شتێک زێدەتر لە ژاوە ژاو ئاڵوگۆڕی کردووە. ئیدی لەو دەمەوە کە ئەو ڕاهێنانەی سەرەوە داوات لێ دەکات کە بە ڕاستەوخۆیی لە بەرانبەر داواکاریی هاوڕێکەتدا بەبێ هیچ وتووێژێکی پێش وەخت وەڵام بدەیتەوە ( ئەو شێوازەی ـ ئەگەر من ئەوە بکەم، ئەوجا تۆ دەتوانیت ئەوە بکەیت ـ). دەبێت لەسەر ئاستێکی قووڵتر لەو بیرکردنەوەیە کار بکەیت. وەک دەرەنجامێکیش، هەر کاتێک کە تۆ شتێک ئاڵوگۆڕ پێدەکەیت، لەبەرانبەر ئەوەدا شتێک لە ناوەوەی تۆدا دەگۆڕێت. چرکە لە دوای چرکە، تۆ دەگۆڕێیت و وەڵام دەدەیتەوە. بەو شێوەیە، هەر وەکو دەنگ و جووڵە ئاڵوگۆڕ پێکراوەکان دنیای ناوەوەت بە شێوەیەکی بەردەوام جێگۆڕکێ دەکات.

چیرۆکێک دەگێڕنەوە لەبارەی دوو سامۆڕایی کە چەند سەدەیەک لەمەوبەر ژیاون. هەردووکیان دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی یەک بوون، بەڵام سەرۆکەکەیان فەرمانیان پێ دەکات کە هەر یەکەیان بەرەو هەرێمێکی جیاواز بڕوات. پێیان وایە کە ئیدی جارێکی تر یەک ناگرنەوە و بەو دابڕانەش گەلێک دڵپەشێو دەبن. بۆ ئەوەی هاوڕێیەتییەکەیان بپارێزن لەسەر

پەیمانێک ڕێک دەکەون. بەرلەوەی لەیەک دابڕێن ڕازێک دەگۆڕنەوە کە لە پاشی ساڵێک کتومت لە هەمان جێگە و لە هەمان چرکەساتدا یەکدی ببیننەوە. ئیدی هەر یەکەیان بەلای کاری خۆیەوە دەڕوات و زۆر بەخێرایی ساڵێک تێدەپەڕی. یەکێک لە سامۆڕاییەکان لە هەمان کاتدا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو جێگەیەی کە دەبێ چاوپێکەوتنەکەی تێدا ڕوو بدات. بۆ قەدەرێک چاوەڕێی دەکا و دواتر دوودڵی دایدەگرێت. دەبێ چی ڕووی دابێت؟ تۆ بڵێی هاوڕێکەی پەیمانەکەی لەبیر کردبێت؟

بەڵام پاش تێپەڕبوونی چەند خولەکێک دەنگی دەرگە دێ. کە هەڵدەستێ و دەرگاکە دەکاتەوە، دەبینێت هاوڕێکەی لەو دیو دەرگاکەوە روخساری زەرد هەڵگەڕاوە و شەرم تەواو تەنگی پێ هەڵچنیوە. پەیتا پەیتا دەست دەکات بە پۆزش هێنانەوە و دەیەوێت ئەوەی بۆ ڕوون بکاتەوە کە زۆر سەرقاڵبووە و بۆی نەکراوە لە شوێن و کاتی دیاریکراودا بگاتە شوێنی خۆی. لەسەر پۆزش هێنانەوەی خۆی بەردەوام دەبێ و دەڵێت کە ئێستاش کارێکی زۆر گرینگی لە پێشە و ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ لێرە بمێنێتەوە. زۆر پەشێو دەنوێنێ و بۆشی ناکرێ بە هاوڕێکەی بڵێ کە بۆچی دەبێت بەو خێراییە بڕوات. بەڵام سوور دەبێت لەسەر ئەوەی کە هەر دەبێت هەرچی زووترە بڕوات. ئەوەی بۆ ڕوون دەکاتەوە کە سەرباری هەموو شتێک نەیویستووە پەیمانەکەی بشکێنێ و زۆری لە خۆی کردووە کە هەر چۆنێک بووە هەر دەبێت ئامادە بێت، ئەگەر بۆ کورتترین ماوەش بووە. ئیدی بۆ دواین جار دواین پۆزشی خۆی بۆ دەهێنێتەوە و دەڕوات. سامۆڕایی یەکەم هەست بە بەدبەختییەکی زۆر دەکا و بە دڵتەنگییەوە دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی. پاش هەفتەیەک نامەیەکی لە هاوڕێ سامۆڕاییەکەیەوە پێ دەگات کە بۆی نووسیوە:

" من دەبێ پۆزش بۆ تۆ بهێنمەوە. ئەوەندە لێبڕاوانە سەرقاڵی کارکردن بووم کە بەتەواوی ڕۆژگارم لە بیر چووبووەوە و لە پڕێکا بەبیرم هاتەوە کە

بۆ ئەوەی سەرلەنوێ هاوڕێیەتییەکەمان نوێ بکەینەوە، دەبێ ئەمڕۆ من و تۆ یەکدی ببینینەوە. هەرچیم هێنا و برد، بینیم گەشتی سێ ڕۆژ کەوتبووە نێوان شوێن کارەکەم و شوێنی ژوانەکەمانەوە. ئیدی بۆم ڕوون بووەوە کە زۆر دوا دەکەوم. دەمزانی کە رۆحەکان خێراتر لە جەستە گەشت دەکەن، بۆیە بڕیارم دا خۆم بکوژم. بەو ڕێگەیە هیوا دەخوازم کە هەر وەکو پەیمانم پێت دابوو، لەکاتی خۆیدا بگەمە جێ و لە سات و شوێنی خۆیدا ئامادەی دیدارت بم "

دواجار سامۆراییەکە بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەوە رۆحیانەتی هاوڕێکەی بووە لەوێدا ئامادە بووە و وا بە خێرایی لێی دوور کەوتووەتەوە. ئەوە ڕۆحیانەتی هاوڕێکەی بووە کە توانیویەتی ئەو ڕێگایە ببڕێت کە مەحاڵ بووە جەستە بتوانێ ئەوە بکات.

کاتێک کە لێرە و لەوێ پرۆڤەی فرە ئەکتەری یان مەشقی ڕاگوزاری ئەنجام دەدرێت، ئەکتەرێک هاواری لێ هەڵدەستێ و ئەکتەرێکی تر بە پچڕان و دواکەوتنی کارەکەیان تاوانبار دەکات و دەڵێت ئەگەر کارەکەمان ناچێتە پێشێ و گۆڕانکاری بە خۆیەوە نابینێت، ئەوە گوناهی فلان و فیسار ئەکتەرە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هەرگیزا و هەرگیز یاریدەدەر نەبووە و یاریدەدەریش نابێت.

کاتێک کە کارەکە تووشی تەنگو چەڵەمەیەک دێت، ئەوە گوناهی فلانە ئەکتەر نییە؛ بگرە ئەوە گوناهی هەردوو لایە، چونکە هەمیشە سەخت و گرانە کە بۆت بکرێ خاڵە لاوازەکانی خۆت ببینیت. کارێکی باشە کە بتوانی بە جۆرێکی تر بڕوانیت. دەبێت بە تەواوی ئەوە لە بیر خۆت بەریتەوە کە دادوەریی ئەوە بدەی کە ئەکتەرێکی تر لە تۆ باشترە یان خراپتر. لەوەدا دەکەویتە هەڵەوە و ئەوەش هەرگیز دەستگیرۆیی ئەو پرۆسەیە ناکات. وەک چۆن بیر لە خۆت دەکەیتەوە، ئاواش دەبێت بیر لەوانی تر بکەیتەوە و هەوڵ بدەیت لەگەڵیاندا هاوکار بیت. ئەگەر هەر شتێکیش ڕووی دا، بەبێ ئەوەی

خۆت بە دادوەرییەوە سەرقاڵ بکەیت، تێکڕا پێکەوە تێبکۆشن کە گەشەی پێ بدەن.

زیمی، پێ لەسەر گرینگیی لێخوردبوونەوە لە کاری خۆت بەشێوەیەکی بابەتییانە و فێربوون لە ئەکتەرەکانی ترەوە، دادەگرێ. تەنانەت باشترین ئەکتەریش خاڵی لاوازی لە خۆ گرتووە، بەڵام دەبێ ئەو ئەکتەرە چ کوڕ بێت یان کچ؛ وریا بێ و ئەو خاڵانە بناسێت. دەبێ هەوڵ بدەیت وریا و ئاگەداری خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خۆت بیت. ئەگەر تۆ بۆت نەکرێ تێبینی خاڵە لاوازەکانی خۆت بکەیت ئەوا دەبیتە ڕێگر لە بەردەم ئەوەی کە وەک ئەکتەرێک گەشە بکەیت. سەرباری ئەوە، هەمیشە دەبێت بڕوانیتە ئەکتەرەکانی تر، تەنانەت ئەوانەش کە لەخۆت کەم تواناترن. لەبەرئەوەی کەم تواناترین ئەکتەریش هەندێک خاڵی بەهێزیان تیایە. لەو ڕێگەیەوە فێربوون لە ئەکتەرەکانی ترەوە، دەستگیرۆییت دەکات کە توانا و دیاردەی نوێ لە خۆتا گەشە پێ بدەیت.

ڕۆژێکیان بە مامۆستای کایەجنەکەمم گوت کە من هاوڕێیەکم هەیە ئارەزوو دەکات لەگەڵما بێ و پێکەوە بخوێنین. منیش ئەوەم بۆ ڕوون کردووەتەوە کە وا باشترە دەستبەرداری ئەو ئارەزووەی بێت. مامۆستاکەم لە پڕێکا لێمی پرسی بۆچی؟

" لەبەرئەوەی تەمەڵە، دڵنیاشم لەوەی کە نایەوێت بەردەوام بێت " من گوتم.

مامۆستاکەم تووڕە بوو، گوتی: " تۆ کەسێکی لەخۆباییت ! هەتا ئەگەر هاوڕێکەت بۆ تەنیا جارێکیش بێت، دەتوانێ شتێکی بەکەڵک لەو ئەزموونەی فێر بێت. تۆ دەتەوێت لە شوێنی ئەو بیر بکەیتەوە ! تۆ کەسێکی لە خۆباییت، هەر لەبەرئەوەشە کە تۆ ئەکتەرێکی باش نیت ! "

من درکم بەوە نەکردبوو کە کەسێکی لەخۆباییم، یاوەخود ئەو هەڵسوکەوتەی من پێوەندی بەو حەقیقەتەوە هەیە. من پێم وا بوو ئەگەر

بەردەوام بم لەسـەر مەشـقکردن، لە کۆتاییدا دەبمە ئەکتـەرێکی سەرکەوتوو. ئێستا ئەوەم بیست کە ئەوە کەسایەتییە خۆپەرستەکەمە کە وەک ڕێگرێک لە بەردەم پێشکەوتن لەبواری پیشـەکەمدا ڕاوەسـتاوە. دەسـتم کرد بەوەی کە خــۆم بگۆڕم. هـەوڵم دا تا دەتوانم بەئاگــا بم لەوەی کــە دەیڵــێم و دەیکەم. تێکۆشــام خــۆم لە هەر کــارێک بەدوور بگرم کــە دورو نزیک پێــوەندی بە لەخـۆباییبـوونـەوە هـەبێ. بەڵام تێبینی ئەوەم کرد کە لێرەدا گـەلێک ئەکتـەر هـەن تابڵـێی لەخـۆبایین و لەگـەڵ ئەوەشـا ئەکتـەری زۆر باشن. ئەگـەر چی، گەلێک خەڵکان هەن کە هەر بە سروشتییان کەسـانێکی زۆر شیرین و باشن و کـەچی بۆشـیـان ناکرێ بە هیچ جۆرێک کاری نواندن بکەن. بۆم دەرکـەوت کـە ئەو مـەسـەلەیە گـەلێک سـەرلێشـێـوێنەرە، دەسـتم کرد بە بیـرکـردنەوە لەبارەی ئەو گرفتـە. خـەڵکانێک هەن وادەردەکەون کە لە خۆبایی بن بەڵام لە ڕاسـتیدا وانین. لەوانـەیە ئەو کـەسـە زۆر بەسـادەیی بەنێو کارەکـەی خـۆیدا ڕۆچوو بێت و بـەتەواوی بێئـاگا بێت لە دنیـای دەرەوە و گرینـگی نەدات بەو شـتـە سـادانەی کە لە دەوروپشـتی ڕوو دەدەن، ئەو ڕیتـواڵەی ژیانی ڕۆژانەی بەلاوە هیچ بێ. لەوانەیە بۆ تەماشاکار ئەوە وەک لەخۆباییبوون بکەوێتە ڕوو. بەڵام لەبەرئەوەی ئەو خـەڵکانە ئەوەندە بە قووڵی بەنێو نمایشـەکانی خۆیاندا ڕۆچوون وا دەردەکەون کە ئەکتـەری باشـبن. لە لایەنێکی ترەوە، دەشـێت ئەو خــەڵکانەی کــە وا دەکـەونـە ڕوو مـیــهـرەبـانن و بەخــەمی هەست و ســۆزی کـەسـانی ترەوەن، بە پێچـەوانە زۆر خـۆویسـتـبن. تا دوا ڕادە بە دوای ئەوەوە بن کـە سـوپاس بکرێن و زۆر گرینگی بە بیـروڕا و ڕەخنەی بەرانبـەر بدەن. پێـیـان خـۆش نەبێ وەک کـەسـایەتییـەکی دژوار بکەونە ڕوو. بە شـێـوەیەکی بەردەوام بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن دەربکەون. هەر لەبەرئەوەی کە هـەمیشـە سـەرنجـیـان خـسـتـووەتە سـەر ئەو کاریگـەرییـەی کـە لەسـەر خـەڵکانی تری دادەنێن و بەتەواوی بۆیان ناکرێ ئاگایان لەوە بێت کە لە چواردەوری خۆیان چی دەگـوزەرێت. لە ڕووی نواندنەوە ئـەو جـۆرە کـەسـانە ناتوانـن سـەرنجی

ئەوە بدەن کە لە چرکەساتەکانی نمایشدا دەبێ چی ڕوو بدات. لە جیاتی ئەوە هەموو ئاگایی خۆیان ئاراستەی دەرەوە دەکەن. ئەوەش کاریگەری لەسەر جۆری نواندنەکەیان بەجێ دەهێڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا، من گومانم هەیە لەوەی جۆری یەکەم لە ئەکتەر (جۆری لەخۆباییەکە) بۆی بکرێ بە ڕاستی ببێتە ئەکتەرێکی باش. ئەوە تەواوێک ڕوونە کە دەبێت لە شوێنێکی دیاریکراودا شتێک بگۆڕێت. هەرچۆنێک بێت، بۆ ئەوەی ببیتە ئەکتەرێکی سەرکەوتوو دەبێت گەشە بەو هاوسەنگییە بدەیت کە دەکەوێتە نێوان خۆت و دنیای دەرەوە. پێویستت بەوەیە کە سەد دەر سەد لە خۆت وردبیتەوە و لەو کارەی کە جێبەجێی دەکەیت، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ بێئاگا بیت لەو دنیایەی کە چواردەوری تەنیویت. دەبێت گەشە بەو هوشیارییە بدەیت کە بەرەو دەرەوەی خۆت درێژ دەبێتەوە. بەڵام ئەو هوشیارییەت بەرانبەر بە خەڵکانی تر وەک ئەوە نییە کە پشت بە بیروڕا باشەکانیان ببەستی. بەرانبەر بە رەخنەکانیان خۆت ناشڵەژێنیت و هەوڵیش نادەی کارێکی وا بکەیت هەر بەتەنیا بۆ ئەوەی کە خەڵکی خۆشی بوێیت. لەجێی ئەوە هەوڵ بدە هارمۆنییەتێک بدۆزیتەوە لە نێوان سەرنجی ناوەکیی خۆت و ئاگاییت لە دنیای دەرەوە. ئەوە بکە کە پێویستە بۆ خۆتی بکەیت، لە هەمان کاتیشا خۆت یەک بخە لەگەڵ کەسانی تردا. ئەو پرۆسێسە نائاگاییە گەلێک سادەیە و پێویستت بەوە نییە کە بیری لێ بکەیتەوە. لەکاتێکا کە بە تەواوی لە ئەرکەکەی خۆت ورد دەبیتەوە، بەشێوەیەکی ناخودئاگایانەش وەڵام بەو کەسانە بدەرەوە کە لە چواردەورتا هەن. هاوسەنگییەک هەیە لە نێوان تۆ و کەسانی تردا.

لە هونەرە جەنگییەکاندا، ئامانجی سەرەکی پاراستنی خودە. ئەگەر تۆ لە جەنگدا بیت، تەنیا ڕێگەیەک بۆ ئەوەی خۆت بپارێزی، بەزاندنی بەرانبەرەکەتە. لە هەندێ وەختی تایبەتیشدا، تەنیا ڕێگەیەک بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەت شکست پێ بهێنیت ئەوا دەبێت بیکوژیت. ئەگەر لەکاتی

پەلامـارداندا تۆ بە تەنیـا بیـر لە دەربازبوون بکەیتـەوە، لـەو دەمـەوەی کـە تۆ هەموو سـەرنج و لێخـوردبوونەوەی خۆتت ئـاراستەی جێگەیەک کردبـێ کە چ پێوەندییـەکی بـە هەڵکشـان و داکشـانی جـەنگەکـەوە نەبێت، لەوە ناچێت کـە بەهیچ جۆرێک جەنگەگە ببەیتەوە. لەجیاتی ئـەوە دەبێت بەناو پێوەندی خۆت و بەرانبـەرەکـەتدا شـۆڕببیتـەوە خـواریێ و بیـر لـەو جـووڵە و وەڵامـە سـادانە بکەیتەوە، بۆ نموونە (ئـەگەر ئەو لەسـەرەوە هێرشـی بۆ کردم، ئەوا من دەبێت ڕوو بکەمـە ئەو لایە. ئەگەر لێرەوە هێرشـی بۆ هێنام، ئەوسـا دەبێت من چی بکەم) ئەگەر تۆ بیـر لەوە بکەیتـەوە (چۆن لـەو جـەنگە خـۆم دەرباز بکەم) ئەوا هەرگیـز بۆت ناکریێ ئەو جـۆرە لێخـوردبوونەوەیە بە دەست بهێنیت. تۆ بۆت ناکریێ هیچ ڕۆڵێکت لە ئاڵوگۆڕکردنـی جەنگەکەدا هەبێت. نهێنی ئەوەش زۆر ئاسـانە: تۆ تەنیا کاتێک دەتوانی سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنیت کـە بێ سـێ و دوو کردن ئامادەبیت بۆ مـردن. لە شـانۆشدا بەهـەمان شێوە. زۆرێک لە ئێمە دەبین بـە ئەکـتـەر لەبەرئـەوەی چاوەڕوانی سـەرکـەوتن دەکـەین، یاوەخـود پێویستـمـان بە چەپڵـەی بینەرانە. بەڵام ئەگەر بتـەویێ چەپڵـەت بۆ لێبدرێت، دەبێ ئەو بیرۆکەیە بەتەواوی لەبیر خۆت بەریتەوە. ئەوەش زۆر گرانە، چونکە چەپڵە لێدان بۆ خۆی بەشێکە لە بوونی ئەکتەر.

### پێوەندیمان بە بینەرەوە

ئاڵوگۆڕێکی مرۆیی گرینگی تر لە ئارادایە کە ئەویش دەکەوێتە نێوان ئەکتەر و بینەرەوە. ئەوەش لەکاتێکدا بە ڕوون و ئاشکرایی دیارە کە کارێکی سـۆلۆ ئەنجـام دەدەیت. لە ئامـادەنەبوونی ئەکتـەری بـەرانبـەریشـدا، ئەو ئاڵوگـۆڕە ڕاسـتـەوخـۆ لە نێـوان ئەکتـەر و بینەردا ڕوو دەدات. وەکـو حـیکایەتخـوان، ئەکتـەری سـۆلۆ چێژی زیاتر لەو پێوەندییـە بە تەمـاشـاکارەوە دەبینێت و لە دەرەنجـامی هەست و سـۆزی ئەوانیـشـدا کـاردانـەوەی دەبێت. بۆ نمـوونە، ئەگەر بینەر هەسـتی بە غەمگینی کرد، ئەوا ئەکتـەر دەتوانیێ بەرەو غەمگینی

زیاتر یاوەخود بە پێچەوانەوە بەرەو مەزاجێکی تەواو جیاواز پەلکێشیان بکات. زیمی سەبارەت بەچۆنێتی کاردانەوە دەرهەق بە بینەر هەندێک ئامۆژگاری بۆ ئەکتەر فەراهەم دەکات. پێشنیازی ئەوە دەکات کە هەموو ڕۆژێک ئەکتەر بەرلەوەی بچێتە سەر تەختەی شانۆ، دەبێت هەوڵی ئەوە بدات کە ' هەست ' بەبوونی بینەر بکات، بەو جیاوازییانەشەوە کە ڕۆژانە بە خۆیەوە دەبینێت. بەهۆی نەخشەسازی تازەی شانۆ و ئەو ژمارە بێشومارەی بینەری هاوچەرخەوە، ئەو دادوەرییەش بۆ ئەم ڕۆژگارە گەلێک ئاسانتر بووە، بەڵام سەرباری ئەوەش هێشتا هەر دەبێت هەوڵ بدەی کە ئەو دەرک پێبردنە بە دەست بهێنێ کە لە بەردەم کێدا ڕاوەستاویت و بۆ کێ کایە دەکەیت. هەندێک ڕۆژ پێتوایە کە کاری ئەمڕۆت زۆر دژوار دەبێت، لە کاتێکا هەندێ ڕۆژی تر بۆ خۆت دەزانی کە بینەر وات لێ دەکات کە زۆر باش کایە بکەیت. ئەو توانایەت بۆ دەرککردن بە بینەر توانایەکە کە لە ڕێی ئەزموونەوە بەدەستی دەهێنیت.

هەر ئەوەندەش نهێنی ئەو دەرککردنەت بەدەست هێنا کە بینەر هەست بە چی دەکات، ئیدی دەبێت بەگوێرەی ئەو پەی پێبردنەت بتوانی نواندنەکەت ڕێک بخەیتەوە. ئەگەر بۆ نموونە، حەشاماتێکی زۆرت لە پێش دەمدایە کە هەر هەموویان سەرقاڵی دەنگە دەنگ و ژاوە ژاون و بەهیچ جۆرێک ڕێگە نادەن هێمنی باڵی بەسەر کەشو هەوای شانۆکەدا بکێشێت. لە بارودۆخێکی لەو چەشنەدا دەبێت کەمێک چاوەڕێ بکەیت، تا ئەو کاتەی کە ئیتر خەڵکەکە دەکەونە سۆراخی ئەوەی کەی نمایشەکە دەست پێ دەکات و لە جێی گفتوگۆی لابەلا، چرکە بە چرکە سەرنجیان دەچێتە سەر تەختەی شانۆکە. کتومت لەو دەمەدا نمایشەکەت دەست پێ بکە. ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە هەندێ جار بۆنەیەکی وا دێتە پێشەوە، ئەگەر چی ژمارەی بینەرانیش زیاد لە ژمارەی پێویست بێت؛ بە هیچ جۆرێک ناتوانی دەستپێکردنی نمایش بۆ تاوێکیش دوابخەیت. دەم و ساتی خۆی دێت و

تۆش دەبێت دەست پێ بکەیت. لەو دەمەدا دەبێت زۆر بە هێز و گوڕەوە دەست پێ بکەیت و بەوپەڕی زاڵبوونەوە ئاخاوتنی پیەسەکەت بگەیەنیتە بینەر و ئەوەندی بۆت دەکرێ جووڵە و ئاماژەکانت ڕوون و بینراو بێت. ئەوەش کاریگەرییەکی وا بەجێ دێڵێت کە بینەران ئارام بنەوە و سەرنجیان بەرەو نمایشەکە بگوازنەوە.

بە گوێرەی زیمی، شێوازەکانی کاردانەوەی بینەر پابەندە بە بیرۆکەی ' یەن و یانگ ' ە وە. تەنانەت ساتەوەختی ڕۆژ کە نمایش دەکەی کاریگەری لەسەر شێوازەکەت جێ دەهێڵێت. لەکاتێکا کە ساتەوەختی ڕۆژ یانگە، شێوازی نمایشەکەت دەبێ یەن بێت؛ بۆ ئەوەی هاوسەنگییەکەی گونجاو بێت. بە پێچەوانەوە، ساتەوەختی شەو یەنە، لێرەدا نمایشەکەت زیاتر پێویستی بە شێوازی یانگە. بۆ نواندنی یانگ؛ دەبێت بەوپەڕی گوڕ و تواناوە کایە بکەیت و بڕیارەکانت ڕوون بێت کە لە لایەن خۆیەوە وابەستە دەبێتەوە بە هێز و وزەوە. نواندن بە شێوازی یەن، زیاتر ناوەکییە و کەمترین زیادەڕەوی لە گوزارشتا بە خۆوە دەگرێت.

تیمپۆی نمایشیش دەگۆڕێت. لە شەودا دەبێت کەمێک خێراتر نمایش بکەیت، لە کاتێکا لە ساتەوەختی ڕۆژدا دەکرێ بەرگەی خاوی بگریت. ئەو تیئۆرەیەی یەن و یانگ بۆ نمایش گەلێک بەکەڵکن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت گەلێک وریا بیت و نەکەی بەشێوەیەکی ڕەق و وشک مامەڵەیان لەگەڵا بکەیت. ئەگەر تۆ پێت وا بێت کە ساتەوەختی شەو هەمیشە دەبێت یەن بێت، ئەوا تۆ ئەو هەقیقەتەت لە یاد کردووە کە دەشێ لە ئێوارەیەکی تایبەتدا بینەر سەرشار بێت لە ژیان و زیندەگی (بەمانایەکی تر، دەشێت یانگ بێت) لەو دەمەدا نمایشەکەت بە هیچ جۆرێک گونجاو نابێت. گرینگترین خاڵێک لێرەدا ئەوەیە کە دەبێت زۆر ئاگەدار بیت لەوەی کە کاردانەوەی بینەر لە بۆنەیەکی تایبەتدا چۆنە، تاوەکو بەگوێرەی ئەوە نمایشەکەی خۆت دابمەزرێنی و بۆت بکرێت هاوسەنگیی کارەکەت بپارێزیت.

کاتێک کە من سەرگەرمی نواندنی مەهابەهاراتا بووم، دەبوو زیاد لە پێویست ئاگەداری دۆزی بینەر بم، چونکە ئەگەر خەمسارد بوومایە ئەوا یەکێک لە دیمەنە سەرەکییەکانم بەتەواوی وێران دەبوو. لەو دیمەنەدا کارەکتەرەکەم؛ درۆنا بەشێوەیەکی زۆر لەسەرخۆ و هێمن خۆی دەکوژێت. دیمەنی بەر لەوە، دیمەنێکی تەواو کۆمیدییە. ئەگەر بینەر هەر بەردەوام بێ لەسەر پێکەنینی خۆی (بەمانایەکی تر نوقمی نێو پێکەنین). کاتێک کە هاتمە سەر شانۆ، بە نیازی ئەوەی بینەر هێمن بکەمەوە و هەست و سۆزیان بەرەو جێیەکی تر ڕابکێشم، چرکەساتەکانی سەرەتای دیمەنەکەم زۆر بە خاوی کایە کرد. ڕێژەی پێکەنین لە شەوێکەوە بۆ شەوێکی تر جیاواز بوو، ئەو شێوازی مامەڵەیەی من لەگەڵ دیمەنەکە دەیتوانی کاریگەری خۆی هەبێت. هیچ شتێکم نەگۆڕی لەوەی کە دەبێ جێبەجێی بکەم، تەنیا هەر ئەوەندەی تیمپۆی دیمەنەکەم گۆڕی و شێلگیرانە درێژەم دا بە کایەی خۆم تا بۆم بکرێت بە شێوەیەکی گونجاو بینەر بگەڕێنمەوە بۆ دۆخێکی سروشتی. ئیدی بەو شێوەیە بۆیان دەکرێ کاردانەوەیان بەرانبەر بابەتەکە و کەشوهەوای دیمەنەکە هەبێت. بەپێی ئەزموونی خۆم، ئەوە زۆر گرینگە کە بەر لە ساتی نمایش، کاتی خۆم لە ژووری خۆگۆڕین نەبەمە سەر. بگرە دەبێ بڕۆیتە دەرێ و ' بۆنی ' ئەوە بکەیت کە ئەو شەوە چ جۆرە بینەرێک ئامادەی نمایشەکەت بووە. بەو جۆرە دەتوانی کاردانەوەت هەبێت. تەنانەت بەرلەوەی پێ بخەیتە سەر تەختەی شانۆ، دەبێ هەوڵ بدەی کە هەست بەوە بکەی کە لەسەرەتای شانۆییەکەوە تا دەرکەوتنی تۆ چی ڕووی داوە. هەوڵ دەدەم هەمیشە لە باڵەکانی شانۆوە یان لە پشتەوەی بینەرانەوە، تەماشای شانۆییەکە بکەم بەئامانجی ئەوەی کە ئاشنا بم بەوەی کە چی دەگوزەرێت. پیتەر برۆک دەڵێ کە نمایشی شانۆیی هەر وەکو گێڕانەوەی چیرۆک وایە، کە چەند کەسێک هاوبەشی هەڵگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە دەکەن. من لەو بیرۆکەیە تێدەگەم، لەو دەمەوەی کەلەپووری چیرۆک گێڕانەوە لە ژاپۆن لەو

پەڕی گــوڕ و تیندایە (کــە یەکێکیـشــە لەو نـاوچانەی کـە مـن مـەشـقم تیـا کردووە). لە ژاپۆن، بە شـێوەیەکی ئاسـایی تـەنیا یەک چیرۆکبێـژ هەیە کە بەشێوەیەکی هـەمیشـەیی ئاگای لە بینەر دەبێ و نمایش بە شـێوەیەک دەبات بەڕێوە کـە چیرۆکـەکـە سـیحـر و زیندوویـتیی خـۆی بپـارێزێت. هـەر بۆ خـۆی کـۆنتـرۆڵی بینەر دەکـات. کـاتێک کـە بینەر دەگـاتە یەن، هـەوڵ دەدات زیاتر شـێــوازی یانگ بـەکـار بهـێنێت و بـە پێـچــەوانەشــەوە. شــێـوازی شــانۆی ڕۆئاواییش هـەر بە هەمـان شـێوەیە، بـەڵام ئەو بەرپرسـیـارێتـیـیەی چـیرۆک گێڕانەوە بەسـەر کۆمەڵێک ئەکتـەردا دابەش بووە. بە شێوەیەکی هەمیشـەیی ئەکتـەرەکان لە ژووری خۆگۆڕین یاوەخـود لـە ژووری چاوەڕوانی دادەنیشن تاوەکــو ناوەکــانیــان یەک لە دوای یـەک بانگ دەکــرێن. هـەر ئەوەنـدەی کــە بەڕێوەبەری شـانۆ بانگی کردن، ئیدی بەرەو بـاڵی شـانۆ دەڕۆن تا بۆ چوونە ژوورەوە ئامادە بن. هـەر بەتەنیا ئـەو پراکتیکە نییە کـە وا دەکات هـەستکردن بە بینـەر گــران بێت، بگرە هەروەهـا لە ڕووی گــێــڕانەوەی چیــرۆکــێـکی باشیشـەوە یاریدەر نییە.

هـەر بەتەنیا یـەک چیرۆکە کە لە لایەن گرووپێک لە ئەکتەرەوە دەگێڕێتەوە، نەک دە چیرۆکی جیـاواز لە لایەن دە ئـەکتـەرەوە بێتـە گێڕانەوە. لەبەرئەوە، دەبێ تۆ لە ســەرەتای چیــرۆکــەکــەوە لەوێ بی لە بـاڵی شــانۆدا، بـۆ ئەوەی ئاگادار بیت لەوەی کە ئەکتەرەکانی تر چۆن چیرۆکەکەیان درێژە پێداوە. بەو شـێوەیە کـە سـاتی نواندنی تۆ دەست پێ دەکات، دەبێ تۆ ئاگـادار بی لەوەی کە چۆن چیرۆکەکە وەردەگری و لە کوێدا ڕۆڵی تۆ دێ و بەرەو کوێی دەبەیت. دەبێت بەوپەڕی ورياییيەوە ڕۆڵەکەی خۆت وەربگری و بە جۆرێک کایە بکەیت کە بەهیچ جۆرێک ڕەوتی نمایشـەکە نەشێوێنیت. بەهـەمان شـێوە بۆ ئەوەی ســەرنجی بینـەر بۆ خـۆت ڕابکێـشـیت، دەبێت زۆر بە قــووڵـیــەوە تێکەڵ بە چیـرۆکـەکە بیت. هیچ یاسـایەکی ئەوتۆش لێرەدا نییـە، بێـجگە لەوەی کــە دەبێت چیــرۆکــەکــە زۆر بە باشی و وردییــەوە بگاتە شــوێنی خــۆی. وەک

ئەکتەریش دەبێت نمایشەکەی خۆت ڕێک بخەیتەوە و دڵنیا بیت لەوەی کە ئەو ئەنجامەت پێکاوە. هەر لە ڕێی تەماشاکردن و گوێگرتنەوە دەتوانی بزانی کە هەر کاتێکی نواندن ئەرکی خۆت چییە.

لە شانۆی نوودا دەگوترێت: " دەبێت هەزاران چاو پێکەوە کۆ بکەیتەوە ". مانای وایە کە خاڵە بنچینەییەکانی نواندنی تۆ دەبێت هەمان کاریگەری لەسەر کۆی تەماشاکار جێ بهێڵێت. دەبێت یەکە بە یەکەیان ڕەزامەند بن لەبەرانبەر ئەوەی کە لە پێش دەمیاندا دەیبینن .

## ٤

## ئاخاوتن

### هەناسەدان

له ژیانی ئاسایی ڕۆژانەماندا هەناسەدان چالاکییەکی نائاگایانەیە، کە تۆ بەبێ ئەوەی بیری لێ بکەیتەوە جێبەجێی دەکەیت. هەندێک بەشی جەستەمان بە شێوەیەکی ئاگایانە هاوبەشی لەو پرۆسەیەدا دەکات، لە کاتێکدا هەندێکی تریان بەتەواوی لە دەرەوەی دەسەڵاتی هۆشی ئێمەیە. بەشێوەیەکی سروشتی، هەناسەدان یەکێکە لەو کردارە خۆبەخشانەی کە لە هەمان کاتدا بۆ خۆمان دەزانین ئەگەر هەر دەموساتێک بمانەوێت دەتوانین کۆنترۆڵی ئەو میکانیزمە بکەین. ئەوە تەنیا میکانیزمێکە کە بەهەردوو شێوەکە کاری خۆی دەکات. لە ڕێی بەکارهێنانی مەشقەکانی هەناسەدانی ئاگایانەوە دەتوانین وابەستە بینەوە بەو چالاکییە نائاگایانەیەوە، کە جارێکی تر ئەویش لە لایەن خۆیەوە گرێمان دەداتەوە بە دنیای نائاگایانەی مێشکەوە. ئەوە ڕەنگە لەبەر ئەو هۆیە بێت کە هەوڵ دەدەین زۆر بە قووڵی هەناسە بدەین و ئەوەش وامان لێ دەکات هەست بە ژیان و ئاسوودەیی بکەین. لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆر بە کەمی سەرجەم ئاستەکانی سییەکانمان

بەکار دەهێنین. کاتێک کە مەشقی ڕاهێنان دەکەیت دەبێت هەوڵ بدەی تا دوا ڕادە پەی بە توانای سییەکانمان بەرین.

کاتێکیش کە دەنووین بەشێوەیەکی بەردەوام هەناسە هەڵدەمژین و هەناسە دەدەینەوە، ئەو ساتەی کە دەمرین ئیدی هەناسەدان دەوەستێت. ئەوەش سێ تەرزی بنچینەیی هەناسەدانە (هەڵمژین، دانەوە، وەستان) کە لە ژیانی ئاساییدا بوونی هەیە و شانۆش هەوڵ دەدات ئەو مەشقە هەقیقییەی لێوە بخوازێت. ئەوەش هەمان ئەو سێ تەرزەن کە ئێمە جارێکی تر لەسەر تەختەی شانۆ بەکاریان دەهێنینەوە. دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کەی هەناسە هەڵدەمژین و کەی هەناسە دەدەینەوە و لە چ ساتێکیشدا هەناسەدان ڕادەگرین. هەناسەگۆڕکێ کاریگەرییەکی ناوەکی هەیە، ئەوەش هەروا بە ئاسانی یارمەتی ئەوەمان نادات کە دیالۆگێکی درێژ بڵێین بەبێ ئەوەی هەناسەی تەواومان پێ بمێنێت. بۆ ئەوەی بزانی ئەوە چۆن کاری خۆی دەکات، هەوڵ بدە هەناسە هەڵبمژیت، ئەوجا بۆ چەند چرکەیەک هەناسەکەت ڕابگرە و دواتر هەناسەکەت بدەرەوە. ئێستا بە پێچەوانەوە: هەناسەیەک بدەرەوە، هەناسەدان ڕابگرە، ئەوجا هەناسە هەڵبمژە. ئێستا لەوانەیە هەست بەوە بکەیت کە هەست و سۆزی سروشتیت بەتەواوی جیاوازە. کاتێک کە دەڕۆیت، هەوڵ بدە جەستەت ڕێک ڕابگریت و بیر لەوە بکەیتەوە کە وابەستەی بکەیتەوە بە هەناسەدانتەوە. بۆ نموونە، بەرلەوەی بکەویتە ڕێ هەناسە هەڵبمژە و کاتێکیش کە دەکەویتە ڕێ هەناسە بدەرەوە. یاوەخود هەناسە بدەرەوە بەرلەوەی دەست بکەیت بە ڕۆیشتن و کاتێکیش کە دەکەویتە ڕێ هەناسە هەڵبمژە، ڕابوەستە و بەدەم وەستانەوە هەناسەکەت ڕابگرە و کاتێک کە دەکەویتەوە ڕێ هەناسەکەت بدەرەوە. ئەوەندەی بۆت دەکرێ شێوازە جیاوازەکان تاقی بکەرەوە، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کە هەر تەرزێک کاردانەوەی بۆ هەست و دۆخێکی جیاواز هەیە.

یەکێک لە تەکنیکە نهێنییەکانی شانۆی نوو سەروکاری لەگەڵ ئەوەدا هەیە

کە بزانیت لە چ ساتێکدا هەناسە ڕادەگریت.

بۆ نموونە، کاتێک کە لە دەمی دانیشتن بەرەو بەرزبوونەوە هەڵدەستیت، هێشتا کە لە دۆخی دانیشتنایت هەناسە هەڵبمژە و ئەوجا هەناسەکەت ڕابگرە و بەبێ ئەوەی هەناسە بدەیتەوە بەرز بەرەوە. جارێکیان لە سەردەمی کۆندا، ئەکتەرێکی پیری نوو لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو تەکنیکەدا، لەسەر تەختەی شانۆ گیانی دەرچوو؛ بۆیە تا بۆت دەکرێ لەکاتی بەکارهێنانی ئەو تەکنیکەدا وریا بە. بەڵام ئەو خاڵە دەبێت ڕۆشن بێت کە نواندن هەر بەتەنیا سەروکاری لەگەڵ هەناسە هەڵکێشان و هەناسەدانەوەدا نییە، بگرە سەروکاریشی لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو هەناسە ڕاگیرکراوەدا هەیە. لەڕووی جوولەی دراماتیکییەوە فێڵەکە لەوەدایە کە دەبێ کتومت ئەو چرکەساتە بزانیت کە هەناسەکەی تیا ڕادەگریت. بەشێک لە پیەسێک هەڵبژێرە، هەر ئەوەندەی یەک دوو دێڕێک و لەگەڵ تەرزی ئەو هەناسە هەڵکێشانەدا تاقی بکەرەوە. هەناسەیەک هەڵبمژە و ئەمجا زۆر بە هێواشی لەوکاتەی کە هەناسەکە دەدەیتەوە وشەکان بڵێ. لە داهاتوودا، هەوڵ بدە بە هێواشی هەناسە بدەیتەوە، خێرا هەناسە هەڵبمژە و ئەوجا بدوێ. هەر کاتێک ئەو پێوەندییە لە نێوان ئاخاوتن و هەناسەداندا ڕێک دەخەیت، بۆت دەردەکەوێت کە ئەو هەستە جیاوازە بۆ خۆی زۆر بەسروشتی دەکەوێتە ڕوو. هەناسەدان زۆر لە نێزیکەوە وابەستەیە بە هەست و سۆزەوە، هەر گۆڕانێکیش لە تەرزی هەناسەداندا ڕوو بدات دەبێتە هۆی ڕێکخستنەوەی کاردانەوەی هەست و سۆزیش. لە ڕووی نواندنیشەوە دەکرێ کەڵک لەو تێگەیشتنە وەربگریت تاوەکو لە بەرهەمهێنانی کاردانەوەیەکی قووڵدا بێتە هانات. بۆ نموونە، ئەگەر تۆ بتەوێ وێنای جوولەیەک بکێشیت کە خەنجەر وەشاندنە لە کەسێک، وردترین تەرزێک بۆ خولقاندنی ئەو جوولەیە ئەوەیە کە (هەناسەیەک هەڵبکێشیت و دەست بوەشێنیت) هەڵکێشانی ئەو تەرزی هەناسەیە کارێکی وا دەکات کە بینەر هەست بە ڕاست و دروستیی ئەو

جووڵەیە بکات. (لەوانەیە هەست و سۆزێکی هەقیقیش لەو سات و وەختەدا بێتە هانای، یاوەخود هاوئاهەنگی ئەو جووڵەیە بکات). بێگومان ئەگەر تۆ ئەو تەکنیکە بەکار دەهێنیت، ئەوا دەبێت بۆ هەر چالاکییەک تەرزی هەناسەدانێکی ڕاست و دروست بە خۆی بدۆزیتەوە، دەنا بە هیچ جۆرێک سەرکەوتوو نابێت. بۆ ئەوەی یاریدەی هەناسەدانمان بدەین، کۆمەڵێک مەشق هەن کە دەتوانین بەکاریان بهێنین. ئەو مەشقانە لە کەلەپووری کۆمەڵاتییەوە وەرگیراون و هەندێک جار پەنا دەبەنە بەر ئەندێشە. یەکێک لەوانە سەروبەندی لەگەڵ بیرکردنەوە لەگەڵ پێستماندا هەیە.

بەوپەڕی ئاسوودەییەوە دابنیشە یاوەخود بە پێوە ڕابوەستە بەمەرجێک پشتت ڕێک ڕاگرتبێت، زۆر بە هێواشی لە ڕێی لووتەوە هەناسەیەک هەڵبمژە، لە ڕێی دەمەوە هەناسەکە بدەرەوە؛ بەڵام کاتێک کە هەناسەکە دەدەیتەوە ئەندێشەی ئەوە بکە کە هەوا لە کونیلەکانی سەر ڕووی پێستەوە دەچێتە دەرەوە. بۆ چەند خولەکێک ئەو مەشقە دووبارە بکەرەوە. بۆ ئەوەی ئەو مەشقە گەلێک واوەتر ببەیت، ئەندێشەی ئەوە بکە کە هەوا لە ڕێی ناوکتەوە دەڕژێتە ناو جەستەتەوە و لە ڕێی کونیلەکانی پێستەوە دەچێتە دەرەوە. ئێستا دەکرێ ئەندێشەیەکی تر بۆ ئەو مەشقە زیاد بکەیت: کە هەوا لە جەستەوە دەڕواتە دەرێ، لە شێوەی هەڵمێکی سپیدا لە کونیلەکانی سەر ڕووی پێستەوە بەرەو دەرەوە دەڕوات. ئەوە ڕوونە کە تۆ بەردەوام لە ڕێگەی لووت و دەمەوە هەناسە دەدەیت، بەڵام لەوە دەکات بە وێناکردنی هەناسەدان لە پارچە جیاوازەکانی تری جەستەوە دەروازە بۆ کرانەوەی گەلێک گریمانەی تر والآ بکەیت.

گوتەزایەکی کۆن هەیە دەڵێت: " خەڵکانی ئاسایی لە ڕێی سنگیانەوە، خەڵکانی هۆشمەند لە ڕێی هاراوە، خەڵکانی کارامەش لە ڕێی قاچیانەوە هەناسە دەدەن. "

' کەسی هۆشمەند ' دەگەڕێتەوە بەرەو قووڵاییەکانی پراکتیکی لێخوردبوونەوە، ئەگەر تۆ ئەو ڕێگەیە هەڵبژێریت؛ هەناسەدانت پشت بە هارا دەبەستێت، ئەو ناوچەیەی کە کەوتووەتە خوار ناوکتەوە. ' کەسی کارامە ' کەسێکە کە جەستەی لەسەر ئاستێکی زۆر فرەوان و پێشکەوتوو بەکار دەهێنێت، وەک ئەکتەر یاوەخود ئەوانەی شارەزای هونەرە جەنگییەکانن. خەڵکانی ئەو بوارە خاوەنی ئەو ئەندێشەیەن کە بۆ بەهێزبوونی خۆیان وزە لە زەوییەوە دەخوازن.

ئەوە بهێنە بەر چاوی خۆت کە هەوا لە ڕێی پێکانتەوە دێتە ناو جەستەتەوە و دواتر بەرەو هارا گەشت دەکات. هەناسە بدەرەوە و پێشبینی ئەوە بکە کە هەوا لە ڕێگەی تانتینەوە لە جەستەوە دەڕواتە دەرێ (تانتین، ناوجەرگەی ئەو بەشەی هارایە، کە سێ سانتیمەتر لە خوار ناوکەوەیە) و بەرەو دوورایی ناو بۆشایی ئاسمان دەڕوات.

جارێکی تر تۆ لەسەر دوو ئاست کاری خۆت ئەنجام دەدەیت: سروشتی هەناسەدان و دەرکردنە دەرەوەی هەوا لە ڕێگەی سییەکانەوە و ئەو وێنەیەش کە بەکارت هێناوە کاتێ سەرگەرمی هەناسەدان بوویت.

مەشقێکی تر دەنگێکی ئەندێشەکراو بەکار دەهێنێت. کاتێک هەناسە هەڵدەمژیت، ئەندێشەی ئەوە بکە کە دەڵێی ئئئئئا وە کاتێک کە هەناسە دەدەیتەوە دەنگی ئمممممم یان ئۆممممم بەکار دەهێنێت. دەکرێ ئەو دەنگەش پێچەوانە بکەیتەوە؛ لەگەڵ هەناسەدانەوە ئئئئئا و لەگەڵ هەناسە هەڵکێشان ئمممم بەکار بهێنیت. دەتوانیت ئەو مەشقانە تێکەڵ بکەیت: بۆ نموونە، لە کاتێکدا کە دەنگی ئەندێشەکراوی ئئئئئا دەردەهێنیت، لە ڕێی ناوکەوە هەناسە هەڵبمژە و لەگەڵ دەنگی ئەندێشەکراوی ئمممم لە ڕێی کونیلەکانی سەر ڕووی پێستەوە هەناسە بدەرەوە.

ئێستا دەتوانیت لەگەڵ هەناسەدانەوەدا بە دەنگێکی هەقیقی ئەو مەشقە تێکەڵاوانە هەموو تاقی بکەیتەوە. بۆ نموونە، لەگەڵ دەنگی ئەندێشەکراوی

ئمممممم له ڕێی ناوکەوە هەناسە هەڵبکێشە و لەگەڵ دەنگی هەقیقی ئئئئئا له ڕێی ناوکەوە هەناسە بدەرەوە. (لەم مەشقەدا، دەم بە هەقیقی دەنگی ئمممم دەردەهێنێت، بەڵام لە ئەندێشەی خۆتدا له ڕێی ناوکەوە دەردەکەوێت. ل. م). لێرەدا گەلێک شێمانەی جیاواز لە ئارادایە: کات تەرخان بکە بۆ دۆزینەوەی هەر یەکێکیان بە تەواوی و تێبینی ئەو جیاوازییە ورد و سەرنج نەدراوانەی نێوانیان بکە.

سەرباری ناوک و تاندین، گەلێک جێگەی تری دی هەن کە دەکەونە سەر جەستە و دەکرێ بۆ هەناسەدان سەرنجیان بخرێتە سەر، کە یەکێک لەو جێگەیانە قەفەزەی سنگە. بە دانانی پەنجە تووتەت لەسەر ناوکت و کشانی دەستت بۆ سەرەوە تا کەڵەموستت بەتەواوی دەگاتە سەر قەفەزەی سنگت، ئەو جێگەیە لەسەر سنگت بدۆزیتەوە. ئەو خاڵەی کە کەڵەموستت لەسەر جێگیر کردووە، ئەو جێگەیەیە کە دەکرێ بۆ هەناسەدان سەرنجی بخەیتە سەر.

مەشقێکی تر هەیە کە سەرنج ئاراستەی لووتت دەکات، لە ڕێی کونە لووتی چەپتەوە هەناسە هەڵبمژە و لە ڕێی کونە لووتی ڕاستەوە هەناسە بدەرەوە، دواتر پێچەوانەی بکەرەوە: لە ڕێی کونە لووتی ڕاستەوە هەناسە هەڵبمژە و لە ڕێی کونە لووتی چەپتەوە هەناسەکە دەربکە دەرەوە. دەتوانی ئەو مەشقە لە ڕێی وێناکردنەوە، یاوەخود دەکرێ پەنجەیەکت لەسەر لووتی پێچەوانەت دابنێی بۆ داخستنی ئەو بەشەی لووتت. ئەو زنجیرە مەشقەی هەناسەدان گەلێک شێوەی بەرجەستەکراو بەکار دەهێنێت بۆ دڵنیابوون لە پێوەندیی ناوەکی.

هەناسەیەک هەڵبکێشە، هەر کاتێک کە سییەکانت پڕ بوون لە هەوا، هەناسەکەت ڕابگرە و ئەوجا پاڵەپەستۆ بخەرە سەر کۆمت. لەو ساتەدا، ئەندێشەی ئەوە بکە کە ئەو هەوایەی تازە هەڵتمژیوە لەگەڵ ئەو هەوا بەکارهاتووەی کە بۆ خۆی لەناو جەستەدا هەیە تێکەڵ بەیەک دەبن.

هەناسەکە دەربکە دەرەوە و ئەوە بهێنە بەرچاوی خۆت کە ئەو هەوا تێکەڵەیەی تاوێک لەمەوبەر لەناو جەستەدا بوو دەڕواتە دەرەوە. بەردەوام بە لەسەر ئەو مەشقە تاوەکو هەست دەکەی هەموو ئەو هەوا کۆن و بەکارهاتووەی کە لەناو جەستەدایە دەگۆڕێت بە هەوای سازگار و تازە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک کە هەناسە وەردەگریت بە هیچ جۆرێک ئەندێشەی ئەوە مەکە کە شتێک هەڵدەمژیت یاوەخود دەگریت، بگرە ئەوە بهێنە بەرچاوی خۆت کە جیهانێکی گەورە و لە بننەهاتوو لە وزە لە پێش دەمتا ئامادەیە و زۆر ئازادانە هەوات پێدەبەخشێت. تۆ پێشوازی لە هەواکە دەکەیت، هەواکە وەرناگریت. لەوانەیە ئەوە بۆ خۆی جۆرێک بێ لە یاریکردن بە وشە، بەڵام لێرەدا لە ڕووی کاریگەرییەوە؛ جیاوازییەکی زۆر گەورە خۆی مەڵاس داوە.

هەنگاوی داهاتوو، سێ مەشقە کە لە ' تایی چیی ' وە وەرمانگرتووە. (تایی چیی، ڕێبازێکی تایبەتە بە گەلانی چین، کە مەشقی دەروونی و هونەرە جەنگییەکانی لە خۆ گرتووە. لە ڕوویەکەوە مەشقی بەرگریکردنە لە خودی خۆت و لە ڕوویەکی ترەوە گەلێک کەڵکی تەندروستیت بۆ فەراهەم دەکات. و. کوردی) بە جۆرێک ڕابوەستە کە قاچەکانت هێندەی پانایی شانەکانت بڵاو ڕاگرتبێت، کەمێک قاچەکانت بنوشتێنەرەوە، بەڵام پشتت ڕێک ڕابگرە. بە هێواشی هەناسە هەڵبکێشە و هەناسە بدەرەوە. کاتێک کە هەناسە هەڵدەمژیت، ئەندێشەی ئەوە بکە کە هەوا لە زەمینەوە و لە ڕێگەی قاچەکانتەوە دێتە سەرەوە. کاتێکیش کە هەناسە دەدەیتەوە ئەوە بهێنەرە بەرچاوی خۆت کە هەواکە (هەر لە ڕێی قاچەکانتەوە) دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووە. مەشقێکی هاوچەشنی ئەوە داوای ئەوەت لێ دەکات کە پێشبینی ئەوە بکەیت کە لە ساتەوەختی هەناسەداندا هەوا بەرەو بڕبڕەی پشتت هەڵدەکشێت. کاتێک کە هەناسە هەڵدەمژیت، هەوا لە ڕێی بڕبڕەی پشتەوە بەرەو کاسەی سەرت سەردەکەوێت تا دەگاتە نێوانی

هەردوو ئەبرۆت. ئەمجا لە کاتێکا کە هەناسە دەدەیتەوە ئەندێشەی ئەوە بکە کە هەواکە دادەبەزێ و چالاّیی نێو دەمت جێ دەهێڵێت، قەفەزەی سنگت دەبڕێت بەرەو ناوک دەڕوات و زۆر بە سادەیی دەچێتە دەرێ. کە هەناسە هەڵدەمژیتەوە، هەمان سووڕی بازنەیی سەرلەنوێ دەست پێ دەکاتەوە.

مەشقی داهاتوو بەهەمان خولی بازنەیی دەست پێ دەکاتەوە و ئەمجارە بە قاچەکانت بەکۆتا دێت: هەوا لە زەمینەوە دێت و بەرەو پشتت گەشتی خۆی دەست پێ دەکات و بەرەو کەللەی سەرت هەڵدەکشێ و ڕووەو تاندین دێتە خوارێ تاوەکو بە ئێجگاری ون دەبێت.

هەروەها دەتوانیت بۆ بزواندنی هەناسە دەنگیش بەکار بهێنیت، ئەو دەنگانە هەڵبژێرە کە درێژبوونەوە لەگەڵ خۆی دەهێنێت یاوەخود وەکو شەپۆلی دەریا وان و دووبارە دەبنەوە، یان ئەو دەنگە ناسکانە بەکار بهێنە کە وەک نۆتەی مۆسیقا وان.

ئەوجا ئەندێشەی ئەوە بکە کە لەگەڵ هەناسە هەڵکێشاندا ئەو دەنگانە لە ڕێی کونیلەکانی سەر ڕووی پێستەوە دەڕژێنە نێو جەستەتەوە و کاتێکیش کە هەناسە دەدەیتەوە هەوا لە ڕێی دەمتەوە یان تاندینەوە دەڕواتە دەرێ. یان دەتوانیت پێچەوانەی بکەیتەوە و لەکاتی هەناسەداندا هەوا بێتە ژوورەوە و لەکاتی هەناسەدانەوەدا دەنگ بڕواتە دەرەوە. دەتوانی بەئارەزووی خۆت ئاڵوگۆڕیان پێ بکەیت. ئەگەر چی هەر شێوەیەکیان بۆ خۆی جیاوازە، بەلاّم هەر یەکەشیان کەڵکی خۆی هەیە. تەنیا هەر ئەوەندەیە کە تاقییان بکەیتەوە و تێبینیی ئەوە بکەیت کە چی ڕوو دەدات. ئەوانە تاڕادەیەک بۆ خۆیان ئەو مەشقە ئاڵۆزانەی هەناسەدانن، ئاسانترینیان ئەوەیە کە بە سروشتی هەناسە بدەیت و زۆر بەسادەیی تێبینی خۆت بکەیت کە هەناسە هەڵدەکێشیت. هەروەها پێشنیاز دەکەم کە بڕوانیتە منداڵی ساوا کە چۆن هەناسە دەدات. منداڵی ساوا زۆر قووڵ و لەسەرخۆ هەناسە هەڵدەکێشێت و لەوە دەکات لەکاتی هەناسەداندا زۆر بە نەرمی سکی بکشێت. بەوەش

نموونەیەکی زۆر باشمان دەخەنە پێش دەم تاوەکو شوێن پێیان هەڵبگرین.
ئێستاش دەچینە سەر مەشقێکی زۆر ئاڵۆزی هەناسەدان کە لە دەم و کاتی بەردەوامی مەشقەکەدا دەبێت دەستت لە شوێنی زۆر تایبەتدا بەکار بهێنیت. دابنیشە، یاوەخود بە پێوە ڕابوەستە، دەستت بە ئاسۆیی و بە جۆرێک بۆ بەردەمی خۆت درێژ بکە کە هەردوو ناولەپی دەستت دوو سەنتیمەترێک دوور لەیەکتر ڕوویان کردبێتە یەکتری و هەردوو کەڵەموستت بەرەو بنمیچەکە ڕاگرتبن. کاتێک هەناسە هەڵدەکێشیت، هەوا لە سەری پەنجەکانتەوە دێنە ژوورێ و لە ڕێی باڵەکانتەوە درێژە بە گەشتێک دەدەن بەرەو جەستەت. کاتێکیش کە هەناسە دەدەیتەوە ئەو پرۆسەیە پێچەوانە دەبێتەوە. هەروەها کاتێک کە هەناسە هەڵدەکێشیت و هەناسە دەدەیتەوە، نیگات ئاراستەی خاڵێکی نێوان هەردوو لەپی دەستت بکە و لەوانەیە هەست بەوە بکەیت کە دەستەکانت بەرەو لای یەکتری دەکشێن. کاتێکیش ئەگەر هاتوو ئەوە ڕووی دا چاوەکانت بنووقێنە و بەردەوام بە لەسەر ئەو شێوازەی کە لەوەوبەر هەناسەت پێی دەدا. بۆ تەواوکردنی ئەو مەشقە، هەناسەیەکی قووڵ هەڵبکێشە، بۆ چەند چرکەیەک هەناسەکەت ڕابگرە، ئارام بگرە و تەواوێک خاوبەرەوە و ڕێگە بدە هەردوو باڵت شۆڕببنەوە خوارێ و هەردوو ناولەپی دەستت بەرەو ئەم لاو لای جەستەت بگەڕێنەوە. ئەوجا چاوەکانت بکەرەوە و بەکردنە دەرەوەی هەناسەکەت مەشقەکەت دوایی پێ بهێنە.

لە ئەنجامدانی هەر هەموو ئەو مەشقانەدا، زۆر گرینگە کە ڕێک و ڕەوان و بەوپەڕی ئارامییەوە بمێنیتەوە، تەنانەت ئەو کاتانەش کە دانیشتوویت. بڕبڕەی پشتت و ملت بەوپەڕی نەرمییەوە ڕاگرتبێ، دەبێ هەوڵ بدەیت بەگوێرەی ئەو زەمینەیەی کە لەسەری وێستاوی جەستەت ئەستوونی بێت. ئاسانترە ئەگەر چاوەکانت نووقاندبن، تاوەکو کەم و زۆر خۆت لە هەر جموجووڵ و ڕووداوێک بپارێزیت کە لە دەرەوەی ئەو شوێنەی کە مەشقی تیا دەکەیت ڕوو دەدەن. بەو جۆرە تۆ ئەگەری زیاترت لە بەردەمدایە کە تا دوا

ئەندازە لێبڕاو بیت بۆ لێخوردبوونەوە لە ئەندێشە و هەناسەدانت. یان ئەگەر پێت باش بوو کە چاوەکانت هەر کراوە بن، ئەوا نیگات کەچ بکە تا بۆت بکرێ سەرنجت بە گۆشەی چل و پێنج ئاراستەی نزیکترین خاڵێک بکەی لەڕووی زەمینەوە.

هەروەها ئەوەش یاریدەت دەدات خۆت لە چواردەوەرت داببڕیت.

ئەو مەشقانە دەکرێ بە کۆمەڵێک باری جیاواز ئەنجام بدرێن: بەپێوە ڕاوەستان، لەسەر کورسی دانیشتن، یاوەخود لەسەر زەوی دانیشتن. بەڵام لە هەر بارێک لەو بارانەی کە خۆت هەڵی دەبژێریت، دەبێت تەواوێک بەئاگا بیت لەجۆری ڕاگرتنی بەشی سەرەوەی جەستەت. من لەوەوبەر سەرنجم بۆ ئەو تێبینییە ڕاکێشایت کە دەبێت سەد دەر سەد ئەستوونی بێت. (هەوڵ مەدە شل و شێواو بێت) هەروەها ئەوەش گرینگە کە جەستەت هاوسەنگ بێت (هەوڵ مەدە پێچی خواردبێت یان بە لایەکدا نوشتابێتەوە) هەندێک داوونەریت، داوای ئەوەمان لێ دەکەن کە لە جۆرێک لە مەشقەکانی هەناسەداندا جەستەمان گرێ بدەینەوە بە سەرچاوەی وزە دەرەکییەکانەوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت باری جەستەمان تەواوێک دروست بێت. هەر چۆنێک بێت باری ئەستوونی بارێکی جەستەیی ئارامە و شێوازێکی بنچینەیی بەکەڵکە بۆ هەر کەسێک بەگشتی و بەتایبەتیش زۆر یاریدەدەر و بە نرخە بۆ ئەکتەر. دواین تێبینی بۆ بەکارهێنانی هەناسەدان، لە مەشقی گشتیدا ئێمە لە ڕێی لووتەوە هەناسە دەدەین و لە ڕێی دەمەوە فڕێی دەدەینە دەرەوە. بەڵام لە هەردوو بواری مەشقی یۆگا و کەلەپووری سەمای ئەفریکیدا دەبێت دەم بە درێژایی هەموو کاتەکان داخراو بێت، بۆ ئەوەی گونجاو بێت کە هەوا لە ڕێی لووتەوە هاتوچۆی خۆی ئەنجام بدات. یەکێکی تر لە کەڵکی مەشقەکانی هەناسەدان ئەوەیە کە بەرەو ئارامبوونەوەت دەبات، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە هەست بە ترس دەکەیت. بۆ هەر کاتێک کە تۆ لەسەر شانۆیت، هەمیشە ترس لەگەڵتا دەژی. مێژووی دوور و درێژی ترسی من

زۆر له کۆنەوە دەستی پێ کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە تازە دەستم کردبوو بە نواندن؛ بۆ ئەوکاتەی کە تەمەنی من هێشتا هەر پازدە ساڵێک دەبوو. هەرگیزا و هەرگیز بۆ تۆزقاڵێکیش چییە هەستکردن بە شپرزەیی لە گیانی مندا نەبوو. بەڵام هەر ئەوەندەی بڕیارم دا کە بەلێبڕاوانە نواندن بکەمە پیشەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی خۆم، ئیدی ترس پەیدا بوو. یەکەم پەلاماری ترس ئەوکاتە شالاوی بۆ هێنام کە نمایشەکە کۆتایی پێ هاتبوو. لە ڕاستییا هەر لەو کاتەدا کە من هێشتا هەر لەسەر تەختەی شانۆ بووم، هیچ یادەوەرییەکم نەبوو لەوەی کە چی ڕووی داوە، بەڵام لە دواییدا، لە نێوان تەواوبوون و ئەو دەم و ساتەی کە دەچووم بنووم، تێبینیم کرد سەرتاپای گیانم دەلەرزێ. ترسی لەڕادەبەدەر بۆ خۆی گرفتە، کە وات لێ دەکات لە پەلوپۆت دەخات و هەرچی هیوایەکت هەبێ تیادا ناهێڵێت، ناتوانیت بەتەواوی بجوولێیت و نواندنێکی باشیشت بۆ ئەنجام نادرێت. ئەگەر بەو ڕادەیە پەرێشان بوویت و بۆت ناکرێ بەسەر ترسەکەتا زاڵ بیت، کارێکی زۆر باش دەکەیت کە لە شانۆ دوور بکەویتەوە و پیشەیەکی وا بدۆزیتەوە کە ئەوەندە 'ترسی ' لەگەڵ خۆیدا هەڵنەگرتبێت. بەڵام لە ڕاستیدا من گومانم هەیە لەوەی کە ترس زۆر لە خۆشییەوە نزیک بێت. خەڵکانێک هەن دەڵێن، ئەگەر ترست نەبێت ئەوا نواندنەکەت زۆر سەرکەوتووترە. من بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەو ڕایەدا جووت نایەمەوە؛ من بۆ خۆم گەلێک ئەکتەرم دیوە کە ئەوی نیگەرانی بێت لە گیان و ڕۆحیاندا نەبووە، کەچی تا دوا ڕادە بێزارییان بۆ بینەر خوڵقاندووە و نمایشەکەیان بەڕادەیەک سارد و سڕ و مردوو بووە کە بەهیچ جۆرێک وزە لەسەر تەختەی شانۆ بوونی نەبووە. هەندێک ئەکتەری ترم دیون کە ترس بە جۆرێک دایگرتبوون کە زۆر بە دژواری بۆیان کراوە پێ بنێنە سەر تەختەی شانۆ، کەچی نواندنەکەیان ئەوەندە ئەفسووناوی بووە کە تا دوا ڕادە سەرنجیان ڕاکێشاوە. مەرج نییە کە ترس کردەیەکی خراپ بێت، بگرە دەبێت هاوشانی ترس هەنگاو بنێی.

(ئەو ترسەش وابەستەیە بە سک ئێشەوە)

جێگەی بایەخە کە بزانیت بۆچی بەرەو ڕووی ترس دەبینەوە. کاتێک کە ئەکتەرێکی لاو بووم، پێم وا بوو کە هەمیشە هەڵە دەکەم، ئیدی ئەوەش بۆ خۆی تووشی شڵەژانی دەکردم. خەڵکانی تر ئارەزوویەکی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتووبن بەڵام بەدەستهێنانی سەرکەوتن پشت بە بیروڕای خەڵکانی تر دەبەستێت لەبارەی ئەو کارەی کە تۆ دەیکەیت، ئیدی لێرەوەیە کە تۆ هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەیت لەبارەی ئەوەی کە ئەوان بیر لە چی دەکەنەوە. ئێمە هەموومان ئەو هەقیقەتە باش دەزانین کە نابێ بەخەمی ئەوەوە بین کە کەسانی تر بیر لە چی دەکەنەوە، بەڵام بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە هەر گرینگی پێ دەدەین. هەر ئەوەشە وامان لێ دەکات کە بترسین. باشە چۆن دەتوانین کارێکی وا بکەین کە ئەو ترسە بخەینە ژێر رکێفی خۆمانەوە؟ بەر لە دەستپێکی نمایشەکە، پەرداخێک ئاو بخۆرەوە، بچۆرە تەوالێت، هەندێک مەشقی هەناسە بکە و لە بەردەمی ئاوێنە ڕابوەستە و بە خۆت بڵێ:

" من ئەکتەرێکی زۆر باشم، من ئەکتەرێکی زۆر باشم، من ئەکتەرێکی مەزنم "

دەشێ ترس وزەیەکی نائاساییت بۆ فەراهەم بکات، خۆتی لێ بەدوور مەگرە: بگرە هەوڵ بدە باوەشی بۆ بکەیتەوە و کەڵکی لێ وەربگریت. هەوڵ بدە ئەو ترسە پێچەوانە بکەیتەوە و بیگۆڕیت بۆ دەروازەیەکی پڕ لە دڵنیایی: بۆ جۆش و خرۆشێکی شانۆیی. ماڵی هاوسێکەتان ئاگری تێ بەربووە، هەر پاش ئەوەی کە هەموو ئەو زیندەوەرانەی کە لەماڵەکەدا بوون ڕزگارت کردوون و بەرەو جێگەیەکی پڕ لە دڵنیاییت گواستوونەتەوە، جارێکی تر خۆت دەکەیتەوە بەناو کڵپەی ئاگرەکەدا و دەتەوێت هەرچی شتێکی گرانبەها کە لەماڵەکەدایە لە سووتان دەربازیان بکەیت، قەنەفەیەک و تابلۆیەکی گەورەی سەر مێز هەڵدەگری و دەیانهێنیتە دەرەوە. دوای دوو

کاتژمێر، هەر ئەوەندەی کە ئاگرەکە کوژایەوە، دەتەوێت ئەو کەرەسانەی کە لە سووتان دەربازت کردوون بۆ شوێنێکی باشتر بیانگوازیتەوە. بەڵام هەرچی دەکەیت قەنەفەکە ئەوەندە قورسە کە بە هیچ جۆرێک بۆت بەرز ناکرێتەوە. نیگەرانی و ترسی ئەو چرکەساتە ترسناکانە هێز و توانایەکی سیحراوی پێ بەخشیت. تۆقین، هەر وەکو ئەندێشە، توانای گۆڕینی جەستەتی هەیە.

کاتێک کە لە ئەفەریقا بووم، ڕوواوڕووی ئەزموونێکی لەو جۆرە بوومەوە. پیتەر برۆک بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی کە شانۆ لە دەرەوەی کۆمەڵگەی ڕۆئاوایی چ کاریگەرییەک دەخوڵقێنێت، بەرەو بیابانەکانی ئەفەریقا کۆمەڵێک ئەکتەری بۆ گەشتێکی دوور و درێژ برد. وەک بەشێک لەو گەڕان و لێکۆڵینەوەیە، لەپێش دەم خەڵکانێکی ئەو گوندە دوورە دەستانەدا کە بە هیچ جۆرێک لە زمانی یەکدی تێ نەدەگەیشتین، هەندێک مەشقی ڕاگوزاریمان پێشکێش کردن. ڕۆژێکیان، تەواو نوقمی دنیای نێو ئەو مەشقانە ببووم کە بەتەواوی خۆم لە یاد کردبوو، لە پڕێکا خۆم هەڵگێڕایەوە و سەرمەوقولاتێکم دا. من نازانم چۆن سەرمەوقولات بدەم. ئەوە بە هیچ جۆرێک لە ئاست و توانای مندا نەبووە. بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەوە ڕووی دا. لەو کاتەدا کە لە پێش دەمی ئەو خەڵکە گوندییانەدا سەرقاڵی بازدان بووم بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێت شتێک بکەم ! زۆر بێئاگایانە جەستەم ئەو شێوازەی دۆزییەوە کە زۆر بەئاسایی لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی من جووڵەیەک بکات.

## دەنگ

ئێستا هەوڵ دەدەین هەنگاوێک بنێین بەرەو لێخوردبوونەوە لە دەنگمان. بارێک هەڵبژێرە کە بۆ خۆت پێت خۆش بێت. هەر ئەوەندەی کە ڕانەکشابیت، ئیدی ئەوە گرینگ نییە کە بە پێوە ڕادەوەستیت یان دادەنیشیت. هەمیشە ئەو هەستەت هەبێت کە بڕبڕەی پشتت لە نێوان

ئاسـمـان و چەقی زەمـیندا هێڵـێکی گـەیەنەرە. ئـەوجـا چاوت بنووقـێنە و ئەندێشەی ئەوە بکە کە تۆ هەر ئێستا لە دایک بوویت، تەنیا چەند چرکەیەک دەبێ و نابێ لـە هەناوی دایکت بەربـوویتـەوە خـوارێ. تۆ تەواو بێگوناهیت و ئەوەی هوشـیاری و زانیـاری بێت لـە دنیـادا نیتـە، هـەر وەکو ئاو. کـاتێک کـە منداڵ دەنوێت، بەتەرزێکی زۆر قـووڵ و هێواش هەناسە دەدات. تۆش تێبینی هـەمان تەرزی هـەناسـەدان بۆ جەستـەی خۆت بکە. لاسایی منداڵ مـەکەرەوە، یاوەخـود هـەوڵ مـەدە وەک مناڵ رەفتـار بکەیت. بگرە تۆ هـەر کـەسـایـەتیی خـۆتت هەیە، بەڵام بە هـەناسـەدانێکەوە کـە وەک هەنـاسـەدانی مناڵە. پاش قـەدەرێک، وردە وردە بەشـێـوە دەنگێکی نەرم پەرە بـە هـەناسـەدانەکـەت بدە. هـەر کـاتێک کـە هـەناسـە دەدەیتـەوە، رێگە بدە دەنگی سـسـسـسـس بێتـە دەرەوە. پاشـان، هەر لە دوای خولەکێک یان کـەمێک زیاتر، دەنگی سـسـسس بەرەو دەنگی مممـمـمم دەگـۆڕێت. بەڵام هـەر بە هـەمـان ئەو دەنگە ئارام و بێگوناهـەی ســـەرەتـاوە. پاش ئـەوەی کـــە مـــاوەیەک رێگە دەدەیت دەنگی مممممم برژێتە دەرەوە، تا ئەو شوێنەی کە روخسارت بە تەواوی دەڕوانێتە ئاسـمـان، زۆر بە نەرمی سـەرت بەرەو دواوە بەرە. هـەر ئەوەندەی کـە سـەرت بەرەو دواوە وەرگـەڕا، ئیـدی دەمت بە شـێـوەیەکی سـروشـتی دەکـرێتـەوە و دەنگەکەش بۆ خۆی دەگۆڕێت بۆ ئئئئئا. کـاتێک کە هـەناسە هەڵدەکێشیت، سـەرت بـەرەو باری ئاسـایی خـۆی بگەڕێنەرەوە (روخـسـارت بەرەو پێـشـەوە دەڕوانێت) ئێـسـتـاش، هـەوڵ دەدەین کـار لـەسـەر ئەندێشـە بکەین. هـەوڵ بدە هـەست بەوە بکەیت کە دەنگی ئئئئئا لە ناو جەستـەی تۆوە ناخولقێت، بگرە ئەو دەنگە لە شـوێنێکی گـەلێک دوورەوە، لـە شـوێنێکی ئاسـمـانەوە دێت. دەنگێکی هێندە قـەبە و زلە کە بۆ چەندین سـەدەیە لەوێوە بە بەردەوامی دێت و بوونی هـەیە. ئـەوجا ئەندێشـەی ئەوە بکە کـە ئەو دەنگی ئئئئئـا تایبـەتەی تۆش بەرەو ئاسـمان دەڕوا و بۆ خـۆی تێکەڵ بەو دەنگی ئئئئئا دەبێت کـە بۆ خـۆی لە دێر زەمـانەوە بەردەوامـە و درێژەی هـەیە. هـەوڵ نادەیت ئئئئـا کـە

بگۆڕیت بۆ ' پرۆژەیەک ' کە جـوولەیەکی مـاسـوولکەیـی لە خـۆ بگـرێت، بگرە ئەوە تەنیـا ئەندێشـەیە کە بـەو کارە هەڵدەسـتێت. هـێزە سـروشـتـییـەکان ئەندازەیەکیـان هەیە، بۆیە وا باشترە کە ئەندێشـە و ئیرادەت بخـەیتـە کار کە بە هیچ جۆرێک سـنوور و ڕێگرییـەکیـان لە بەردەمدا نییـە. ئێمـە ئێسـتـا بە شـێوازێکی جیـاوازتر کـار دەکـەین، دەنگی مممـم لە باری ئاسـایی خـۆیدا دەربهێنە. (ڕوخسـارت بەرەو پێشـەوە دەڕوانێت) دواتر ڕێگە بدە کە سـەرت بەرەو ئاراستەی زەمین شۆڕ بێتەوە خوارێ.

لە کاتێکا کە پێویست دەکات دەمت بکرێتـەوە ئەوا شـەویلـگەت پاڵەپەسـتۆ دەهێنێت و دەنـگەکە دەگۆڕێت بۆ دەنگی ئیـییـی. کـاتێک کە دەنگی ئیـییی دەردەهێنیت ئەندێشـەی ئەوە بکە کە ئەو دەنگی ئیـییەی تۆ لـەگەڵ ئەو دەنگی ئیـییـە قـەبە و زەبەلاحەی کە لە دێر زەمـانەوە لە نێو جـەرگەی زەمینەوە دێتـە دەرەوە یەک دەگـرن. بەمـانـایـەکی تر، دەنگی ئیـییـی دەنگێکی دروسـتکراوە: ئەگەر کۆششـێکی هۆشیـارانەی سـەد دەر سـەد لە پشتـیەوە نەبێت، هـەرگیز ڕوو نادات. وەک دەنگی ئـئـئـئـا نییە، کە دەنگێکی تەواو سروشتییە: منداڵانی هەموو دنیا بەشێوەیەکی خۆڕسکانە ئەو دەنگە دەردەهێنن.

جێگەی سـەرنجە کە تێبینیی ئەوە بکرێت کە لە گەلێک لە کولتـوورەکـانی دنـیــادا مـــانـایـەکی هـاو واتـا دەلکێـن بەو دەنگـەی دا دا یەوە (لـە دەقـــە ئینگلیزییـەکەدا دەنگی ما ما یە، و. کوردی) کە منداڵ لەو قۆناغە تایبـەتییەدا دەری دەهێنێت. لـە ئەورووپا دەیلکێـن بە بیــرۆکــەی دایکەوە، لـە کــاتێکا لە ژاپۆن ما مـا مانای خواردن دەدات. منداڵ هـەمیشـە بـە دەنگی ئـئـئـئـا دەست پێ دەکـات نەک بە دەنگی ئیـییی کە بۆ جـەسـتـە ئاسـانتـر بەرهـەم دەهێنرێت. ئێستا ئێمە تەنیا دوو دەنگمان هەیە:

دەنگی ئـئـئـئـا ڕووەو ئاسـمـان و دەنگی ئیـییی ڕووەو زەمین. بەڵام بۆچی ئەو دوو دەنگە پێچەوانە ناکەینەوە؟

بۆ ئەوەی وەڵامەکەی بزانیت، دەتوانیت تاقی بکەیتەوە. بەشێوەیەکی سروشتی ڕابوەستە و کەسێک یان دوو، پەیدا بکە کە بەشێوەیەکی مەحکەم جەستەت بگرن و لەسەر ڕووی زەمینت بەرز بکەنەوە، ئیدی تۆ چی تر قاچەکانت لەسەر ڕووی زەمین نەماون. جاری یەکەم، تەنیا بەشێوەیەکی سروشتی تاقی بکەرەوە تاوەکو دڵنیا بیت لەوەی کە قورسایی سروشتی خۆت لە چ ئاستێکدایە. بۆ جاری دووەم، هەر کە بەرزیان کردیتەوە دەنگی ئئئئئا دەربهێنە. (پێویست بەوە ناکات کەللەی سەرت بەرەو دواوە بەریت، هەر ئەوەندە کیفایەتە کە دەنگەکە دەربهێنیت). کاتێک کە دەنگی ئئئئئا دەردەهێنیت، ئەندێشەی ئەوە بکە کە تۆ لەگەڵ ئەو دەنگی ئئئئئا بەرز و قەبەیەی کە لە ئاسمانەوە دێت تێکەڵ دەبیت. ئێستا قاچەکانت بخەرەوە سەر زەمین و با جارێکی تر سەرلەنوێ لەسەر زەمینت بەرز بکەنەوە، بەڵام ئەمجارە دەنگی ئیییی دەربهێنە.

ئەوکاتەی کە دەنگی ئیـیـیی دەردەهێنیت، زۆر بە قووڵی تێکەڵاوی ئەو دەنگە بە کە لەناو جەرگەی زەمینەوە دێتە دەرێ.

خۆشت و (ئەوانەش کە بەرزیان کردوویتەتەوە) لەوانەیە بۆتان دەرکەوێت کە جەستەت لەگەڵ دەرهێنانی دەنگی ئیییی دا قورستر دەبێت، بە جۆرێک کە گەلێک گرانە بۆیان بکرێت لەسەر زەمینت بەرز بکەنەوە. لە بەرانبەر ئەوەشدا جەستەت لەگەڵ دەرهێنانی دەنگی ئئئئئا دا لەو قورساییە سروشتییەی کە خۆت هەتە خۆشتر و سووکتر دەبێت. هیچ لۆجیکێکی هەقیقی بۆ ئەو دیاردەیە لە ئارادا نییە، بەڵام بەپێی ئەو دەنگەی کە بەرهەمی دەهێنیت شتێک دەگۆڕێت، ئەو گۆڕانکارییەش پێوەندی هەیە بەو ئاراستە تایبەتییانەوە کە لە بۆشاییدا هەن.

لە ژیانی ڕۆژانەدا، دەکرێت ئەو دەنگانە بەکار بهێنیت بۆ بەرزکردنەوەی کەرەستە قورسەکان. کاتێک کە شتێک لەسەر ڕووی زەمینەوە بەرز دەکەیتەوە دەنگی ئیییئئئا دەربهێنە. دەنگەکە لە زەمینەوە بەرەو ئاسمان

دەگـوازرێتـەوە و لـە دۆخـێکی لـەو جـۆرەدا هـاوسـۆزی لـەگـەڵ ئەو کـارەدا دەخوڵقێنێت کە لەو کاتەدا ڕایدەپەڕێنیت. ئەگەر تۆ دەنگت بەکارهێنا تاوەکو بە هاناتەوە بێت، ئـەوا کارەکە زۆر بەئاسـانی خـۆی دەدات بەدەسـتـەوە. هـەر کـاتێک شـتێک بەرەو خـوارەوە کێش بکەیت ئەوا دەنگی ئـئـئـاییی لێرەدا زۆر بەکـەڵکە. ئەگـەر هـەوڵ بـدەیت پێچـەوانەکەی ئەو کـارە تاقی بکەیتـەوە، ئەوا هـەست بە جـیـاوازییـەکەی دەکـەیت. دەنگی ئـئـئـاییی دەربهـێنە و هـەوڵ بدە لەگەڵیدا شـتێک بەرز بکەیتـەوە، هـەست دەکەیت زۆر ناسروشـتییە و گـەلێک گـرانە لەوەی کـە بتـوانی لەسـەری بەردەوام بیت. هـەرچۆنێک بێ، دەنگەکـە خـۆت و جەسـتـەت دەگـۆڕێت. بڕوانە ئەو تەرزە گشـتییەی دەنـگ و ئاراسـتـە، ئێمـە دەنگی ئـئـئـئـا مـان هـەیە کە وابەسـتـەی ڕووەو ژوورووە، دەنگی ئییـیی مـان هـەیە کە وابەسـتـەی ڕووەو خـوارووە. هـەروەهـا دەنگی سەرەتایی مممـمم (یاوەخـــود دەنگی نـەرمی ووووو بـە لێــوێکی خـــاوەوە) لـە ناخـی ناخـــەوەت دەرسکێ، خـۆیی و نـاوەکییـە، هـەر وەکو خـەونی منداڵ. بەڵام دوو دەنگی تر هـەن کە دەبێ گرینگییان پێ بدەین: ئۆۆۆۆ کە هـەر وەکو پیتی ئۆی ئینگلیزی دەوترێت. ئـێ کـە هـەر وەکـو پیـتی ئێی ئـینگلیـزی دەوترێت. ئاراسـتــە یان ڕووکاری دەنگی ئـۆۆۆۆ چل و پێنج پلە دەکەوێتـە خواررووی ئاراسـتـەی دەنگی ئـئـئـئـا وە.

بەو جـۆرە، دەنگی ئۆۆۆۆ لـە هەوادا لە نیـوەی ڕێدا، لە نێـوان ڕووکـاری ئاسـۆیی و ئاسـمـاندا دەبڕێت. دەنگی داهـاتووی ئـێ نێزیکەی دە پلە دەکەوێتە خـواررووی ئاراسـتـەی ئاسـۆییـیـەوە. ئێـسـتـاکە چوار ئاراسـتـەمـان هـەیە: لار بوونەوە لە ئاسـمـانەوە بەرەو ڕووی زەمـین، کە ئەوانیش دەنگی ئـئـئـئـا و ئۆۆۆ و ئـێ و ئییی ن.

کـاتێک کە تەمـاشـای ئەو وشـانە دەکەیت کە لە ریتـواڵێکی ئاینیدا بەکار هـاتـوون، زۆرجـار وا دەکـەونە ڕوو کـە کلیلی دەنگەکـان و ئاراسـتـەکـان تێکەڵاوی یەک دەبن. لە زمـانی ژاپۆنیـدا وشـەی " کـامی " کە بۆ خـوا بەکار

دێت و وەک ' کـاهـ ـ مـی ' دەخـوێنرێتـەوە. دەنگەکـە لـە ئاسـمـانـەوە بەرەو ناوەوەی قسەکەر گەشت دەکات و پاشان بەرەو زەمین شۆڕ دەبێتەوە.

' ک ـ اهـ ـ مم ـ یی '. هەمان وشەی خوا لە زمانی عیبریی دا جەهۆڤا یە کە بە ' جە ـ هۆ ـ ڤا ' دەخوێنرێتەوە. لە خوارووی هێڵی ئاسۆیییەوە دەست پێ دەکات و ئەوجا بە هێڵێکی لار بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە. وشە لاتینییەکە ئامینە کە بە ' ئاااامی ین ' دەخوێندرێتەوە و لە ئاسمانەوە دێت و تێکەڵ بە قسەکەر دەبێت و جارێکی تر بەرەو جیهانی دەرەوە دەڕواتەوە دەرێ. تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەشماندا، هەمان ڕێسا بەکار دەهێنین. هەر کولتوورێک بۆ خۆی رستێک گۆرانی و سرووتی خۆی هەیە کە لە سات و وەختی خۆشی و ناخۆشی و کارکردندا یاریدەی دەدات. ئەو ئەرکەش لە ڕێگەی ئاوازێکەوە کاریگەری خۆی لەسەر گرووپێک جێ دەهێڵێت، بەڵام ئەو دەنگانەی کە بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێن ئامادە دەبن بۆ تێکەڵاوبوون بەو ئاراستانەی کە لەسەرەوە باس کراون. لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی ' هیڤ ' کە بەمانای بڵندکردنەوە دێت باشترین نموونەی ناسراوە، دەنگی ئەو وشەیە درێژ دەبێتەوە بۆ ' هییییییڤ ' و بەکار دێت بۆ هەموو ئەو کارانەی کە زۆرترین ئەرکی جەستەیی دەخوازێت. لە دۆزێکی ئاوادا، لەوە دەکات لە ڕێی دەنگی ئییی یەوە سەرنج خستنە سەر هێزی لەبننەهاتووی زەمین کارەکە گەلێک ئاسانتر بکات. لەو ساتەوەی ئەو دەنگانەی کە هەڵدەبژێردرێن بۆ یاریدەدانی جووڵەی جەستەیی، وا دەکەونە ڕوو کە جۆرێک لە وزە تێکەڵاو بەو پێوەندییە بن.

لە شانۆی کلاسیکی ژاپۆنیدا، دەنگ؛ بەشێوەیەکی جیاوازتر لە ڕۆئاوا، دروست دەکرێ و بەکار دەهێنرێت. لە هەردوو شانۆی کابووکی و نوودا، کاتێک پیەس؛ ئاخاوتن بەکار دێنێت ئەوا پەنا دەباتە بەر زمانێکی کۆن و تەرزێکی بەرزی ئاخاوتن. لە شانۆی نوودا، زمان ئەوەندە شێوەزارێکی کۆن بەکار دەهێنێت کە زۆر

به کەمی خەڵکانی سادەی ژاپۆنی لە وشە و ماناکانیان تێ دەگەن. سەرباری ئەوەش، دەنگەکان درێژ دەکرێنەوە و بەشێوەیەکی زۆر نائاسایی بەرز و نزمییان پێ دەکرێت. کە ڕۆژئاواییەکان بە ئاخاوتنی سروشتی ناوزەدی دەکەن و لە شانۆی کەلەپووریدا بەکاریان نەهێناوە. لەوانەیە هەندێک پارچەی شانۆییەکە بە ' گۆرانی ' بگوترێت، ئەگەرچی ئەوەش وەک چڕینی گۆرانی خۆی دەخاتە ڕوو نەک وەکو ئۆپێرای ڕۆئاوایی. لە هەردوو شانۆی کابووکی و نوودا، هەندێک ئامێری مۆسیقی هاوبەشی نواندن دەکات و مەودای ئاوازی ئەو ئامێرانەش هەمان مەودای دەنگی مرۆیین. بەو شێوازەش، دەبنە گەشەپێدەر و بەهێزکەری دەربڕینەکانی دەنگی ئەکتەر، کە بۆیان بلوێ جۆرە دەنگێکی سروشتی ئەوتۆ بخولقێنن تەواوێک ئاوازدار نەبن، هەروەها ئاخاوتنێکی ئاساییش نەبن. بیرۆکەی ژاپۆنی لەبارەی دەنگخۆشی تارادەیەک جیاوازترە لەو نموونە ڕۆئاواییەی کە هەیە. ئەوەش سادەییەکی خاوێن نییە، یان ئاهەنگێکی خۆش نەوا نییە، بگرە سەرباری ئەوەی کە بەرز دەنرخێنرێت؛ توانای داواکاریی زیاتر دەخاتە ڕوو لە بەرز و نزمی خولقاندنی هەست و سۆز و کەشو هەوا و مەزاجی جیاواز. لەنێو ئاینە دەروونییەکانی ژاپۆندا، دەنگ و سرووتەکان ڕۆڵێکی زۆر گرینگ و کارا لە پرۆسەی گەشەسەندنی ڕۆحیدا دەگێڕن، کە بەشێکی ئەوەش دووبارەکردنەوەیە و لە شوێنێکی ئەم پەرتووکەدا پۆشی لەسەر ئەو هەقیقەتە دواوە، لەگەڵ ئەوەشا هۆیەکی تریش لە ئارادایە. بەپێی هەندێک کەلەپووری ئاینی (بۆ نموونە لە ئاینزای شنگۆنی بودایی دا) هەندێک دەنگ تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لە ڕێی دووبارەکردنەوەی ئەو

دەنگانەوە گۆڕانکاریی دەروونی ڕوو دەدات. هەندێک جار ئەوەش لە دووبارەکردنەوەی تاکە دەنگێک، یان وشەیەک، یاوەخود برگەیەکی پیرۆزدا ڕوو دەدات. کاتێک بەپێی هەر کەلەپوورێکی ژاپۆنی بێت، کە مەشقی دەنگی دەکەیت، ئەوەت لەیاد بێت کە دەنگە بزوێنەکان هەمیشە خاوێن. (واتە نابێت بە هیچ جۆرێک جووتە بزوێن بەکار بهێنرێت) لێرەدا پێنج دەنگی بزوێن هەن. دەنگی " ا " کە بە " ئا " دەخوێندرێتەوە؛ وەک لە وشەی " فار " ی ئینگلیزیدا هەیە. دەنگی " ۆ " کە بە " ئۆ " دەخوێندرێتەوە، وەک لە وشەی " ئۆر " ی ئیگلیزیدا هەیە. دەنگی " و " کە بە " وو " دەخوێندرێتەوە، ژاپۆنییەکان ئەم دەنگەیان نییە هەر وەک چۆن لە ووشەی " سوون " ی ئینگلیزیدا هەیە؛ کە بە کەوانەی جووتە لێو دەوترێت. دەنگی " ئێ " هەر وەک لە وشەی " سێت " ی ئینگلیزیدا هەیە. دەنگی " ئی " هەر وەکو لە وشەی " سی " ئینگلیزیدا هەیە. (ل. م)

هەروەها دەتوانی ئەم مەشقی ڕاگوزارییە بەکار بهێنیت. هەوڵ بدە ئەندێشەی باری جەستەیی ئئئئئا بکەیت. دەکرێت بۆ وەرگرتنی ئەو فیگۆرە سەرتاپای جەستەت یان هەر بەتەنیا بەشێکی جەستەت بەکار بهێنیت، وەک بەکارهێنانی دەستێک یاوەخود هەر بەتەنیا پەنجەیەکت. ئەوجا هەوڵ بدە لەبەرانبەر گاریگەری دەنگی ئییی دا فیگۆرێکی تر بخوڵقێنیت و دواتریش فیگۆرێکی تر بۆ دەنگی ئۆۆۆ. دەبینیت کە تایبەتمەندی هەر دەنگێک جۆرە فیگۆرێکی تایبەت دەخوازێت و هەر یەکێکیش لەو فیگۆرانە لە یەکدی جیاوازترن. ئەو فیگۆرانەی کە لە ڕێی دەنگەکانەوە بەرهەم دێن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێن، واتە شێوازێکی چوونیەک نییە. وەڵامدانەوەی هەر کەسێک بۆ دەنگەکان تاکە کەسی و تایبەتمەند و بێهاوتایە. هەروەها هەر دەنگ و فیگۆرێک بۆ خۆی جۆرە ' هەست و

سۆزێکی ' ناوەکی جیاواز دەخولقێنێت. کاتێک کە دەڵێم ' هەست و سۆز ' مەبەستم زیاتر ئاماژەکردنە بۆ ' کاریگەریی جەستە ' نەک بۆ هەست و سۆزێکی سادە و ساکار.

هەر کارێک کە تۆ دەیکەیت و دەیلێیت بۆ خۆی ' تام و بۆیەکی ' ڕوون و جیاوازی هەیە و ئەو تام و بۆیەش هەمان ئەو هەست و سۆزە یان بارە دەروونییە نییە کە هەیە. بگرە دەنگدانەوەیەکی ناوەکی ئەو کارەیە کە جەستە پێی هەڵدەستێت. هەر کاتێکیش کە جەستە باری خۆی دەگۆڕێت ئەو تام و بۆ ناوەکییەش لەگەڵیدا دەگۆڕێت.

لە کاتێکا کە ئەو دیاردەیە جێگەی بایەخە بخوێندرێت، هەروەها زۆر گرینگە کە وەک ئەکتەرێکیش بتوانی بە کردەیی جێبەجێیان بکەیت. هەر بۆ نموونە، لە کاتێکدا کە هەردوو دەنگی ئێئێئێا و ئیییی تایبەتمەندیی جیاوازی خۆیان هەیە، لە هەمان کاتدا کاریگەریی سروشتی جیاوازی خۆشیان هەیە. سەروەختێک کە ئەو دەنگانە دروست دەکەیت، چێژیان لێ ببینە و تێبینییان بکە کە چۆن ڕەهەندی ناوەکییان دەگۆڕێت. تێبینی کارەکتەری هەر دەنگێک بە جیاوازی بکە و ئەوجا دەکرێت دەنگی تری بۆ زیاد بکەیت وەکو ' ت، س، ک ' بە نیازی دروستکردنی دەنگی ' کا، کی، ما، می ' و بەو جۆرە بەردەوام بە تا بۆت دەکرێت.

بەگوێرەی ئەو پیتە بێدەنگەی کە تۆ هەڵی دەبژێریت، هەستکردن بە دەنگی ئێئێئێا دەگۆڕێت: " تا، کا، ما، سا "

جارێکی تر، دەبینین گەلێکی زۆر لە زمانە جیاوازەکان ئەو دەنگە بنچینەییانە تێکەڵاو بە وشەکانی خۆیان دەکەن، بە تایبەتی فەرمانەکان. ئەمەش نموونەیەکە، ئەم دوو وشانە بۆ چەند جارێک دووبارە بکەرەوە و بەڕاستی چێژ لەو کاریگەرییە سروشتییەیان ببینە کە لەسەرتی جێ دەهێڵێت:
' ئۆۆ - سۆۆ ' و ' هیی - کۆۆ ' بۆ ماوەیەکی درێژ دووبارەیان بکەرەوە.

لە ڕاستییا ئەو وشانە هەمووی لە زمانی ژاپۆنیدا فەرمانن. یەکێکیان بە

مـانای ' پاڵنان ' و ئـەوی تریان بـە مـانـای ' ڕاکـێـشـان ' دێت. هـەوڵ بدە سـۆسـەی ئەو وشـانە بکـەیت کە کـامـیـان یەکـێک لەو مـانایە دەبـەخـشـێت. خـەڵکانێکی زۆر سـۆسـەی ئەوە دەکەن کە (ئـۆ ـ سـۆ، وەرگـێـڕانی وشـەی ئۆسـۆیە) کە مـانای پاڵنان دەدات و (هـیی ـ کۆ، وەرگـێڕانی وشـەی هیکۆیە) کە مانای ڕاکێشان دەدات. بەڵێ ئەوە ڕاستە، پێوەندی هەیە لە نێوان چێژی دەنگ و هەستکردن بەو مانایەی کە وشـەکە هـەیەتی. کاتێک کە ئەو ڕاهێنانە ئەنجـام دەدەیت دەبێت لە خـاڵێکدا زۆر بە ئـاگـا بیت، دەبێت لە ڕێگای ماسوولکەکانی جەستەوە و لە ڕێگەی ئەو دەنگدانەوەیەی کە لە نێو هەست و سـۆزا دەیخـولقـێنیت، چێـژی تـایبـەتمـەندی ئەو دەنگە بکـەیت. ئەوەش بیرۆکەیەک نییە لەبارەی ئەوەی کە ئەو دەنگە چ مانایەک دەدات.

> ئەگـەر خـۆتت وا بینیـیـەوە کـە شـتـێک دەڵێی هـەر وەک ئەوەی (جۆرێک لەو دەنگە دەربهێنیت کە کەسێک لە کاتی پاڵناندا دەری دەهـێنێت) ئـەوا تۆ بـەهـەڵەدا چوویت. ئـەوە بیـرۆکـەیـەکی ڕۆشـنگـەرییـە لـەبـارەی دەنـگ، سـەربـاری ئـەوەش کـە وەڵامدانەوەیەکی سروشتیی ڕاستەوخـۆشە بەو وزە تایبـەتەی کە لە ئارادایە. بەوپەڕی سادەیییەوە وەری بگرە. (ل. م).

بەگـوێرەی ئاینزای دەروونبـینی بوودایی، لەگـەڵ سـات و وەخـتی لەدایکبوونتا هـەر وەکو خواوەند دەنگێکی پاکو ڕۆشنی ئئئئئا لە قورگتەوە دێتـە دەرێ. لەگـەڵ تێپـەڕینی ڕۆژگـاردا و کـاتێک کـە دەبیـتـە کـەسـێکی خـوێندەوار و شـارەزای ئەوە دەبیت چۆن وەڵام بـە داواکـارییـەکـانی کۆمـەڵگەکەت بدەیتەوە، دەبیتـە خـاوەن کەسـایەتییـەک بە دەنگێکی تایبـەتی خۆتەوە. ئیدی ئەو دەنگە پاک و ڕۆشنەی ئئئئئایە، بۆ هـەتا هـەتایە لە دەست دەدەیت و هـەموو ڕۆژگـارەکانی تەمـەنی خـۆت وێڵ دەبیت بەدوای ئەوەدا کە چۆن ئەو ئئئئئایەی سەرەتای لەدایکبوونت بگەڕێنیتەوە. هـیوا دەخوازیت کە سـەرلەنوێ ئەو باڵایییە خۆڕسکانەیەی خۆت بەدەست بهێنیتەوە.

## پیەس

زانایانی زمـان جـارێکیـان ئەو ڕاسـتـیـیـەیان درکـاند کـە لە سـەرەتادا، سەرلەبەری مرۆڤایەتی لەسەر ڕووی زەمین بە تاکە زمانێک دواون. ئیدی لە دواجاردا و لەگەڵ بەرەو پێشەوە چوونی کولتوورەکاندا، زمانەکانیش لێک جودا بوونەتەوە. هەرچۆنێک بێت من پێم وایە کە ئەو هەقیقەتە ڕاستییەکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، لەبەرئەوەی ئەگەر تۆ مانای وشەیی پیتەکانیش نەزانیت هێشتا هەر بۆت دەکرێ لەو دەنگ و هەستە بنچینەییەی زمان تێ بگەیت. دەنگەکان خاوەنی لەرینەوە یاوەخود مانای خۆیانن. نووسەری چاک، ئەگەر چی بە ئاگاییەوە بێت یان بێ ئاگاییانە، کاتێک کە دەنووسێت لە چیرۆک واوەتر، لە ئاخاوتن و دیالۆگ واوەتر، دەنووسێت. نووسەری چاک دەنگەکان هەڵدەبژێرێت. دەمێک کە وشەکانی نووسەرێکی گەورە دەخوێنیتەوە (بۆ نموونە نووسەرێکی وەک شەکسپیر) تەنانەت ئەگەر لە زمانەکەشی تێنەگەیت، هەست بە شتێک دەکەیت، لەبەرئەوەی دەنگە تەواوەکانی هەڵبژاردووە. کاتێک کە سەرقاڵی نواندنین دەبێت وەک بەشێک لە کارکردنمان لەگەڵ پیەسدا ئەو ڕێز لێنانەمان لە وشە لە لا بڕسکێت. هەنگاوی داهاتوو، چەند دێرێک لە کارێک هەڵبژێرە و ئەو ئەزموونە تاقی بکەرەوە. بەرلەوەی کە مانای هیچ پەرەگرافێک لێک بدەیتەوە، یاوەخود بەدوای ناواخنی دەروونی، یان دۆزی کۆمەڵایەتیدا بگەڕێی، هەوڵ بدە زۆر بەسادەیی چێژی دەنگەکان بکەیت. ئەگەر نووسەرەکە ئەو دەنگانەی هەڵبژاردبێت، ئەوا دەبێت ڕێزی لێ بنێین. بەڵام ئەگەر تۆش شوێن هەست و سۆز کەوتبیت، ئەوا ڕەنگە بۆت نەکرێ بیر لەو ڕەهەندە بکەیتەوە.

ڕێگەم بدە با نموونەیەکی سادەت لەبارەی کاریگەریی دەنگەکان بۆ بهێنمەوە. ئەو ڕاهێنانەی پێشتر لەیادە کاتێک کە دەنگی ها ها هات دەردەهێنا؟

ئەگــەر کــەمــێک زیاتر لەســـەر ئەو ڕاهێنانە بەردەوام بی هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت. لە ڕاستیدا، لە شانۆیی کایەجن دا، ئەوە شێوازێکە بۆ ئەوەی کە فێربیت چۆن لەکاتی نواندندا پێکەنین بەرهەم بهێنیت. تۆ تەنیا ئەوەیە کە دەنگی ها ها ها دەردەهێنیت و ئامادە دەبیت بۆ ئەوەی کە هەست بە خۆشی بکەیت. بە هەمان شێوە دەنگی شای شای شای بەکار دێت بۆ دروستکردنی خەمگینی. من هەروەها تێبینی ئەوەم کردووە کە دەنگی ئیییی خوڵقانی بێزاری و داخران و هەست و سۆزی دەروونی پڕ لە ئازار دەهەژێنێت.

ڕەنگە ئەوە لەبەرئەوە بێت کە لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو دەنگە لە وشەی ' کیینینگ ـ بەواتای شیوەنگێڕان ' بەکار دەبەن بۆ گوزارشتکردن لەو دەربڕینە دەنگییەی ' مۆڕنینگ ـ واتە ماتەم ' هەروەها لە ووشەی ' گرییف ـ واتە غەمگینی ' یشدا. (ل. م)

ئەوانە نموونە گەلێکی سادەن، هەموو وشەکان بەو شێوە تەرزەدا تێناپەڕن. گەلێک لەو وشانەی کە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاریان دەبەین تەنیا تەکنیکین و پەیوەستبوونێکی سۆزگەراییان پێکەوە نییە. زۆر بەسادەیی گوزارشت لە شتێک دەکەن، یاوەخود زانیارییەک دەبەخشن. سەرباری ئەوەی، گەلێک لە وشەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا ماناکانیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، هەر پەیوەستبوونێکیش کە لە نێوان دەنگ و دەنگدانەوە ناوەکییەکەیدا هەبووبێت لە دەستیان داوە. لەگەڵ ئەوەشا هێشتا سەدان وشە هەن کە لەنێو دەنگەکانی خۆیاندا ئەو لەرینەوە سۆزگەرایییەیان هەڵگرتووە. هەر وەکو لەسەرەوە ئاماژەم پێدا، نووسەری سەرکەوتوو ئەو ڕەهەندانە لە نێو پیەسەکانی خۆیدا دەتوێنێتەوە. هەر لەبەر ئەو هۆیە، کە هەمیشە دەبێت هەوڵ بدەیت چێژ لە دەنگی وشەکانی نووسەر وەربگریت، چونکە هیچ دوور نییە کە ئەو پێوەندییە بۆی بکرێ بەرەو دنیای سۆزگەرایی دەقەکەت پەلکێش بکات. کاتێک کە تیپەکەمان لەگەڵ پیتەر

برۆک دا سەرقاڵی پرۆڤەی مەهابەهاراتا بوو، کاتێکی زۆرمان لەگەڵ ئەکتەرە ئینگلیزەکاندا بە پەراوەی دەقە ئینگلیزییەکەیەوە بردە سەر.

وەک سەرچاوەیەک بۆ مەشقەکان؛ ئەو چەند بەشێکی لە شەکسپیر خواستبوو. من بۆم نەدەکرا لە مانای ئەو وشانە تێ بگەم، بەڵام لە ڕێگەی وتنی ئەو دەنگانەوە هەستم بەوە کرد کە خەریکە لەگەڵ دنیای شانۆییەکەدا و لەگەڵ کارەکتەرەکانی شەکسپیردا دەستو پەنجە نەرم دەکەم.

هەتا ئەگەر لەگەڵ نووسەرێکی خراپیشدا کار بکەیت، ئەوا دەبێت هەمان ڕێگە پەیڕەو بکەیت. دەبێت ڕێز لە دنیای دەنگی پیەسەکە بگریت و لەبەراییەوە، بڕیارێکی پێش وەختت نەبێت بۆ چۆنێتی نمایشکردنی شانۆییەکە. کەسانێکی زۆر هەن کە بە خۆیان دەڵێن:

" من ئاوا لە شەکسپیر تێدەگەم، بۆیە ئاخاوتنەکان بەو جۆرە دەڵێم کە خۆم دەمەوێت "

یاوەخود

" ئەوە نووسەرێکی باش نییە، بە نیازی ئەوەی دەقەکە جوان بکەم هەوڵ دەدەم بەو ڕێگەیە کاری تیا بکەم "

ئەگەر بەو جۆرە بیر بکەیتەوە ئەوا بە هیچ جۆرێک ڕێز لە دنیای دەقەکە نانێیت.

تۆ دەبێت شوێن مەبەستی نووسەرەکە بکەویت، هەروەها ڕێز لە دەنگی ئەو وشانە بنێیت کە ئەو هەڵی بژاردوون. ئەوجا دەتوانی لەودیو سەمتی چیرۆکەکەوە شتێکی تر بدۆزیتەوە. لەو وەختەوە کە دەنگی وشەکان جیهانێکی سۆزگەرای توندو تۆڵیان لەخۆ گرتووە، کایەکردنی هەمان پارچە بە زمانێکی جیاواز هەستێکی جیاواز لە خۆ دەگرێ. هەندێک لە بەرهەمەکانی پیتەر برۆک؛ لە نموونەی مەهابەهاراتا و ئەو پیاوەی کە، بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فرەنسایی نمایش کران و من لە هەردووکیاندا

هەمــان ڕۆڵم کـایە کـرد. وشـەکـانی دەقـەکـە هەمـان مـانایان هـەبوو بەڵام بەتەواوی جیهانێکی دەنگی گەلێک جیاوازیان لەخۆ گرتبوو، ئەوەش کارێکی حـەتمییـە کـە نواندنەکـەم گـۆڕان بەخـۆوە ببـینێت. هەر لەبەرئەوەیە کـە سـروشتـی دەنگ سنووردارت دەکات و لـە هەمان کاتیشدا ڕاڤە کردنەکانت بەرجەستە دەکات. بۆ نموونە لە شانۆیی هاملێت دا لە زۆر جێگەدا وشەی ' ڤـێنژنز ـ تۆڵە ' بەکـار هاتووە، کـە هـەمـان وشــە لە زمـانی ژاپۆنیـدا پێی دەگوترێت ' هیـوکشـو ' بەڵام دەنگەکانیـان گـەلێک جیـاوازە. تۆ بۆت ناکرێ هیـوکـشـو بەهـەمـان ئەو ڕۆخ و کـەنارەوە کـایە بکـەیت کـە ڤێنژنز لە خـۆی دەگرێت. دەنگی جیـاواز کاریگەرییـەکی ناوەکی جیـاواز بەخۆیەوە دەگرێت و بە گوێرەی ئەو جیاوازییەش نمایشەکەت گۆڕان بەخۆوە دەبینێت.

لەبەرئـەوە، چۆنێـتی وەرگـێـڕان کـاریگەریی خـۆی لەسـەر کـۆی بەرهـەمـەکە جێ دەهێڵێت. خـراپیی وەرگێڕان هەر ئەوە نییە کـە ڕەوتی چیرۆکەکە بگۆڕێت یان بشێوێنێت و کۆمـەڵێک گوزارشتی ئەوتۆ بەرهـەم بهێنێت کە بۆ وتنی ئەکتـەر قورس بێت، بگرە ئەو وشـانـەش کە بۆ وەرگێـران بەکاری دەهێنیت کـاریگەری لـەسـەر سروشتی ناوەکی ئەکتەر دەخوڵقێنیت. لێرەدا کارکردێکی تریش لە بەردەممـاندا خـۆی قوت دەکاتەوە: دەنگی وشـەکانیش بۆ خـۆی جارێکی تر لەسـەر تێگەیشتنی بینەر بۆ کـارەکتەرەکە گۆڕانکاری دروست دەکات. بەدڵنیـاییەوە هیچ شتێک لە ئارادا نییە هێندەی کـارەکتـەر قـورسـایی خـۆی هـەبێ، ئەوە هـەر بە تەنیـا خـەرمـانەی وردەکــارییــەکــانە کـە بینـەر وەک نیـشــانێکی تایبــەتمەندیی دیاریکراو شـرۆڤـەی دەکـات. ئەو وردەکــارییــانەش هەمـوو ئەو زانیـارییـانەی لە خـۆ گرتووە کە ئـەو کـەسـە چۆن ڕادەوەسـتێ و دەجـوولێت، لەنێـو خـۆیاندا چ وشـەگـەلێک بۆ ئاڵوگـۆڕ بەکـار دەهێنن، چۆن ڕواوڕووی هەمـوو ئەو پێشـهاتانە دەبنـەوە کە دێتـە

ڕێگەیان و بەو جۆرە. ئیدی وردە وردە بینەر لە ڕێی بەکارهێنانی ئەو کارکردانەوە وێنایەکی لە لا دەخولقێت کە وای لێ دەکات دنیای خۆی لە نێو ئەو کەسێتییەدا ببینێتەوە. کاتێکیش کە ئەو وردەکارییانە گۆڕانکارییان بەسەرا دێت ئیدی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو شرۆڤانەش وەک خۆیان نامێننەوە. ئەگەر وەرگێڕانەکەش خراپ و بێکەڵک بوو، هیچ ڕێز و بایەخێکی بۆ دەنگ نەهێشتەوە ئەوا وشەکان بەتەواوی دەبنە خاوەنی جۆرە لەرینەوەیەکی تر و بینەر سیمای کەسێتییەکی تریان لە لا دەخولقێت. تەنانەت لە دۆزێکی وادا کە تەنیا یەک چیرۆک لە ئارادایە (تاکە بەرهەمێک) بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فرەنسایی، کتومت هەست و سۆزێکی جیاوازی نمایش لە ئارادایە. بێگومان شێوەزارێکیش بۆ خۆی ڕوانینێکی جیاواز دەخولقێنێت. کاتێک کە تۆ دەڕوانیتە دوو نمایشی ئەکتەرێک کە بەشێوەیەکی زۆر جوان بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و فرەنسایی دەدوێت، ئەو ڕوانینەت لە لا دەخولقێت کە سەرلەبەری کەسایەتییەکە لە نێوان ئەو دوو زمانەدا گۆڕراوە. لە ڕاستیدا ئەوە کەسایەتییەکە نییە کە گۆڕراوە، بگرە خۆی وا دەخاتە ڕوو؛ لەبەرئەوەی وردەکارییەکان وەک خۆیان نەماونەتەوە. (ل. م)

کاتێک وەک بەشێک لە مامەڵەکردن لەگەڵ پیەسدا، سەرقاڵی ئەزموونکردنی دەنگ و هەست و سۆزیت ناکرێت تێبینی و سەرنجی خۆت بۆ سەر لۆجیکی بنیاتی هەر ڕستەیەک نەگوازیتەوە. دەبێت وشەکان هەمیشە مانایان هەبێت، ئەوە گرینگ نییە چ گۆڕانکارییەک بەسەر دەنگ و سۆزتا دەهێنیت. من هەمیشە هەموو توانا زۆرو زەوەند و لەبن نەهاتووە دەنگییەکان تاقی دەکەمەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە وریاییەوە شوێنپێی ڕێزمانیش هەڵدەگرم، تا تەواوێک دڵنیا بم لەوەی کە من لەو

ڕێگەیەوە پەیامێکی زۆر تایبەتم هەیە کە بیگەیەنم. وشەکان موڵک وماڵی منن نەک هەر بەتەنیا ئاڵوگۆڕێکی زمانەوانی مردوو بن.

لەبەرئەوەی من دەترسم بە زمانی ئینگلیزی و فرەنسایی بدوێم، بۆم ناکرێ ڕۆڵی گەورە لە بەرهەمەکانی پیتەر برۆکدا بگێڕم. کە خۆم ئاوا هەژار دەبینمەوە لە ڕووی زمانەوانییەوە، جارناجارێک تووشی بێزاربوون دەبم، بەڵام وەک بێگانەیەکیش کاتێک کە لە پیەس نزیک دەبمەوە، هەندێک کەڵکی لێ دەبینم. سەروەختێک کە دێرەکان لە زمانێکی بێگانەدا دەڵێم، دەبێت سەرنجێکی لێبڕاوانە ئاراستەی لۆجیکی دارشتن بدەم، ئەگەر وا نەکەم؛ لێی تێ ناگەم. دەبێت بە وردی لە ڕێزمان بڕوانم و پێویستم بەوەیە کە بزانم ڕستەکان چۆن بیناسازییان تیا کراوە. بەڵام کاتێک کە بە ژاپۆنی دەدوێم، هەست ناکەم پێویستم بەوە بێت کە لە ڕێزمان و لۆجیکی دارشتن وردبېمەوە، زۆر بە سروشتی دێرەکان دەخوێنمەوە و ئەوانیش بۆ خۆیان وەکو ئاوازێک دەردەکەون کە ئیدی لەوێدا هەموو کلێشە خراپەکان و ڕەوشەکانی شانۆییەکی بێ دەرەتان کۆدەبنەوە و تێکەڵ بەیەک دەبن. ئەوەش بۆ خۆی دەبێتە جۆرێک لە لاسایی و دووبارەبوونەوە، سەربارى ئەوەی کە جۆرێکیشە لە وەڵامدانەوە مرۆییە ڕەسەنەکەی خۆم. زۆر بەسادەیی من لاساییی ئاوازی کەسێکی تر دەکەمەوە کە لەژیانی ڕۆژانەدا گوێبیستی بووم، یاوەخود هەمان کەلەپوورێکی شانۆیی بەرهەم دەهێنمەوە. ئەگەر تۆ ئاوازێک دووبارە بکەیتەوە بەبێ ئەوەی بکەویتە شوێن لۆجیکی بن دێرەکان، ڕەنگە بۆت بلوێ کە بینەر تەفرە بدەیت، بەڵام هەرگیز بۆت ناکرێ هەست و سۆز و مانایەکی مرۆیی قووڵ بەرهەم بهێنیت. ساڵانێک لەمەوبەر گەڕامەوە بۆ ژاپۆن بۆ ئەوەی کار لە فیلمێکدا بکەم، کە لەوێدا ڕۆڵی جەنگاوەرێکی پیری سامۆڕاییم کایە دەکرد. هەر ئەوەندەی کە دەستنووسەکەم وەرگرت؛ دەمتوانی هەموو ئەو شێواز و کلێشە کۆنانەم گوێ لێ بێت کە لە زۆرینەی فیلمە سامۆڕاییەکاندا هەن. زۆر گرانە کە بۆت

بکرێ خـۆت لەو شـێـوازی ئاخـاوتنە دووبارە و سـونەتـییـە بە دوور بگریت. کـەس نـازانـێ ئەو جـەنگاوەرە کۆنانە سێ سـەد سـاڵ لەمـەوبەر چۆن دواون، هـەمـوو ئەوەی کـە لەبارەی ئەو دۆزە هـەمـانـە ئەو بیـرورِا بـاو و بڵاوانـەیـە کـە لە رِێـی تیـڤـی و فیلـمـەکانەوە پێمـان گـەیشـتـوون و بە هـیـچ جـۆرێک پێوەندییـەکـی رِاسـتـەوخـۆی بە رِاسـت و دروسـتـیی ئەو بارودۆخـەوە نییـە. لـە رِاسـتـیـدا بۆ ئەوەی خـۆم لەو کـلـێـشـانـە بە دوور بگرم و بۆم بکرێ ئەو ئاخـاوتنانـە بە زیندوویـی بدەم بەدەسـتـەوە، دەبێت کـارێکی تاقـەتپـرووکـێن ئەنجـام بدەم. ئەگەر تۆ لە بەشێکی دیاریکراوی پیەسێکدا کار دەکەیت، کاتێک کە دێرەکان دەڵێـیت، هـەوڵ بدە لە رِێـی گـۆرِینی هـەنـاسـە و ئەندازە و قـەبارەی دەنگەوە جـۆرێک لە یاریکردن پەیرِەوی بکەیت. بەگوێرەی ئەوەی کـە چ کـارێک لەگەڵ دەنگتـا ئەنجـام دەدەیت (بە نەرمـی یاوەخـود بە هـێـواشـی بدوێ، بە جیـاوازی لە شـێـوازی هـەنـاسـەدانـدا) بـۆت دەردەکـەوێ کـە چۆن کـاریگـەری و دۆزی جیاواز خۆی دەخاتە رِوو.

دەتوانی بە هـەمان شێوەش مامـەڵە لەگەڵ سۆزگەراییدا بکەیت. بۆ نموونە، دەتوانـی ئەو دێرانـەی کـە لـەبەر دەسـتن بە جـۆرێک بیـانـڵـێـیت کـە ئەو رِووداوانـەی لێیان دەدوێیت وات لێ دەکەن خـەمبار بیت. ئەمجارە هـەمان ئەو دێرانـە دووبارە بکـەرەوە، وەک ئەوەی کـە توورِەییت تیا بورووژێنێت، یاوەخـود بە جـۆرێک بیـانـڵێ کـە هـەمـوو ئەوەی رِووی داوە بێـجگە لە چیـرۆکـێکـی پێکەنینهێنەر چی تر نییە. ئەوەش بۆ خـۆی پرسیـار، یان نیگەرانیی نییـە لەبارەی رِەنگرِێژکردنی پیەس بە باراناوی هـەست و سـۆز، بگرە واوەتر لەوە پەیپێبـردن و دۆزینەوەی کاردانەوەی سـۆزگەراییـیە بەرانبەر بەو رِووداوانـەی کە پیەس لێیان دەدوێت.

بەشـێوەیەکی سـروشـتی، کاتێک کە ئەکتـەر دێرەکانی خـۆی دەڵێت تەنیا یەک جۆر شـیـمـانـەی سۆزگەرایی لە بەردەمدایە، ئەویش ئەو شـیمانـەیەیە کە تێگەیشـتن لە سـایکۆلۆجـییـەتی دیمـەنەکە دەیخـاتە رِوو. بـەڵام بەرلەوەی بەو

شێـوازە کـاریگەری سـۆزگـەرایی خـۆت دیاری بکەیت، هەوڵ بدە ئەزمـوونی هـەڵبژاردە جیاوازەکان یەک لە دوای یەک تاقی بکەیتەوە و بزانـی هـەر یەکێک لەوانە چیت دەخاتە بەردەم.

لە ژاپۆن دەوترێت، حیکایەتخـوانی باش پێویست ناکات دەنگێکی خـۆشی هـەبێت. ئەگــەر دەنگێکی خــۆشت هـەبێت، هـەست بە دڵنیــایی دەکــەیت و لەبەرانبەر ئەوەشـدا هـەوڵی زۆر نادەیت بۆ ئەوەی چیرۆکەکەت پەیامی خـۆی بگەیەنێت.

چیـرۆکـێک لەبارەی بانروکـوی حـیکایەتخـوان هەیە، کـە سـەد سـاڵێک لەمەوبەر لە ژاپۆن ژیاوە. لەو رۆژگارەدا هەندێک بیرورای شانۆی سـروشتی رۆئاوایی خـۆی خزاندبـووە نێـو نمایشـی ژاپۆنییـەوە. بە گـوێرەی پراکتیکی کـەلەپووری حـیکایەتگێرانەوە، حـیکایەتخـوان زۆر بە سـادەیـی هـەوڵی دەدا دێرەکانی خـۆی بە دەنگێکی بەرز و خـۆش و سـەرنجراکێش بگوتنایە. بەڵام ئەو پیــاوە دەنگێکی لەرزۆک و هـەژاری هـەبوو، ئەو بیــرۆکـە رۆئـاواییــیـانە دەســتگیــرۆیـی کـرد بـۆ ئەوەی کــە دەروازەیەک بۆ چـارەســەرکـردنـی ئەو کەمـوکورییانەی خـۆی پەیدا بکات. لە جێی ئەوەی بە دەنگێکی پڕ لە سـەلیقە و لەرینەوەوە قـسـە بکات، هەوڵی دەدا هـەر کـارەکتـەرێک بە جـۆرێک بەرهـەم بهـێنێت کـە هـەست و سـۆزێکی دوورتر لە شـێـوازی سـایکۆلۆجـیـیـەتی ریالستیکی خـۆیان پێ ببـەخشـێت. ئیدی لەو دەمەوەی کە رووناکبیرانی ئەو ســەردەمـــەی ژاپۆن ئـەوەیان بـە دیاردەیـەکی نـوێ دەدایە قـــەڵـەم، ئەو بـۆی رەخسا ببێتە ئەستێرەیەکی درەوشاوە.

### رەنگدانەوەی هەقیقەت

جیـاوازی و هـەمەرەنگی کارێکی سـەرەکییە بـۆ بینەر، لەو چرکەسـاتەوەی کە نمایش لەسـەر تاکە ئاسـتێکی دیاریکراو بە داخراوی بمێنێتەوە؛ ئیدی هیچ زامنییەک لە ئارادا نییـە بۆ ئەوەی بینەر بۆی بکرێ درێژە بە تەمـاشاکردنی

خۆی بدات. لەگەڵ ئەوەشا پێویستی بە جیاوازی زۆر لەوە قووڵترە کە مەبەست لێی هەر بەتەنیا سەرگەرمیکردنی بینەر بێ. کارێکی پێویستە شانۆییەک بخوڵقێنیت کە لە ژیانی مرۆییەوە نێزیک بێت یاوەخود تەواو ڕاستگۆ بێت. ژیانی ڕۆژانەمان سەرشارە بە دنیایەک گۆڕانکاری لە ڕیتم و خێرایی و ئاراستەکاندا. ڕەنگە بۆ چەند خولەکێک بەئارامی دابنیشین و دواجار زۆر بەخێرایی بۆ تاوێک بکەوینە گورگە لۆقە، یاوەخود خۆمان بکەین بە ناندینەکەدا و کوپێک چایی ئامادە بکەین. تەنانەت لە ماوەیەکی زۆر کورتخایەندا گەلێک فەرمان و کار و کاردانەوەی هەمەڕەنگ ڕوو دەدات. بەمەبەستی ئەوەی کە شانۆ ڕاستگۆ بێت، دەبێت بەشێوەیەکی بەردەوام ئەو هەمەڕەنگییە ڕەنگ پێ بداتەوە. سەرباری ئەوەش کە شانۆ پاڵەپەستۆ بۆ کات دەهێنێ و گردی دەکاتەوە. ڕووداوگەلێک کە دەیان ساڵ بێ ڕوویان دابێت، دە مانگ، یاوەخود چەند ڕۆژێک بێ؛ زۆرجار لە نمایشێکدا گرد دەکرێنەوە بۆ چەند سەعاتێک. ئەوەی لەسەر شانۆ بەرهەم دەهێنرێتەوە گەوهەری ڕووداوەکانە نەک یەک بە یەکی وردەکارییەکان. تەنانەت شانۆ نووسێکی وەک چیخەف کە وەک نووسەرێکی سروشتی گریمانەی بۆ کراوە، لە ڕۆژگاری هەقیقیی خۆیدا نانووسێت بگرە تەنیا وەک حیلەیەک ئەوە دەخوڵقێنێت. بەشێوەیەکی نائاگاییانە بینەر دەزانێت ئەوەی کە لەپێش دەمیدا ڕوو دەدات بەرهەمهێنانەوەیەکی کتومتی ڕووداوەکان نییە، ئەوەندەی پوختەی ڕووداوەکانە. لەو دەمەوەی کە تێپەڕینی تاکە ڕۆژێک بۆ خۆی دنیایەک کار و فەرمان لەگەڵ خۆی دەهێنێت، بەرهەمێک پێویستی بەوەیە کە ئاستێکی هاوشێوەی هەمەڕەنگی تۆنەکان لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت. ئەوەش نمایشێک دەخوڵقێنێت کە وەک ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستگۆیانەی ژیانی هەقیقی ئەزموون کراوە. هەتا ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەدا ئێمە زۆر بە هێواشی بجووڵێین، پاشان بۆ کاتێکی درێژ خایەن وچان بگرین و دواتر بە هێواشی دەستبکەینەوە بە جووڵە، ئەوە لەسەر تەختەی شانۆ ڕاستگۆیانە

دەرناکەوێت؛ لەبەرئەوەی پێچەوانەی ئەو گۆڕانکاری و جێگۆڕکێیانەیە کە بینەر وەک ژیانی هەقیقی دەیناسێتەوە. ئیدی لێرەوە کاتێک کە ئەکتەر نمایشی خۆی بنیاد دەنێت، پێویستی بەوەیە کە لە بایەخی ڕیتم و خێرایی تێ بگات. ڕەنگە بەرهەمهێنانەوەی کتومتی چرکە ساتێکی سۆزگەرایی بۆ ئەکتەر زۆر ڕاستگۆیانە بێت، بەڵام بەهیچ جۆرێک پێویست ناکات بۆ تەماشاکار ڕاستگۆیانە بکەوێتە ڕوو. بەرلەوەی بیر لەوە بکەیتەوە کە هەست و سۆز بەرهەم بهێنیت، دەبێت ئەوە تاقی بکەیتەوە کە لە ڕووی کات و ڕیتمەوە پێویستت بە چی هەیە. لە ڕاستیدا ئەگەر ڕیتمەکەت بەشێوەیەکی تەواو دارشتبێت، ئەوا هەست و سۆزەکەشت بە شێوازێکی گەلێک ئاسان بۆ بە دەستەوە دێت. کارێکی گرینگە کە شانۆ مامەڵە لەگەڵ کاتی کورتکراوەدا بکات، سەرباری ئەوەش کە زۆر بە سادەیی بەشێکت لە ژیان هەیە کە کەرت کراوە و خراوەتە بەر بینین. خەڵکان بەردەوام ژیانی ڕۆژانە دەبینن، هیچ پێویستییەکیان بەوە نییە کە بۆ بینینی ئەوەی لە بەردەمیاندایە ڕوو بکەنە شانۆ. ئەوان بە نیازی چاوەڕوانییەکی زیاتر ڕوو دەکەنە شانۆ.

وەک ئەکتەرێک پێویستم بەوەیە کە لەبەرانبەر دەقدا ئازاد بم. لە کاتێکا کە سەرگەرمی نمایشم نامەوێ نیگەرانبم لەوەی کە چ دێرێک لە پێشدا دێت. ئەگەر پیەسێکی درێژمان لە بەردەمدا بێ، کارێکی گرینگە کە لە بیناسازی سەرەکی دەقەکە تێ بگەین. لە کوێوە دەست پێ دەکات؟ کامە بەشی سەرەکییەتی؟ کۆتایی لە کوێدایە؟ تۆ بۆت ناکرێ بەو جۆرە بە نێو دنیای دەقێکدا درێژە بە هەنگاوەکانت بدەیت هەر وەکو ئەوەی کە هەموو بەشەکانی هاوچەشنی یەکبن. هەر وەک ئەوەی چۆن ڕۆمانێکی هونەری ساختومانی خۆی هەیە. هەر وەک ئەوەی ڕۆمانێکی هونەری کە زۆرجار یاریدەدەرە لە کۆتاییەکەی بروانیت بەئامانجی ئەوەی بۆت بکرێ بە دەروازەکانی سەرەتای ڕۆمانەکە ئاشنا بیت. هەر وەکو مەتەڵێک وایە، ئەگەر کۆتاییەکەی ئاوا بێت، کەواتە پێویست دەکات سەرەتاکەی ئەمە بێت و

هەنگاوی دواتر بەو جۆرە بێت. بەڵام دەکرێ بەتەماشاکردنی کۆتاییەکەی فیلمێک ئەنجام بدەیت بەو نیازەی کە چۆن چارەسەری بکەیت. لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا و دواتر بەرەو ناوەند هەنگاوێکی زۆر سەرکەوتووانەیە بۆ تێپەڕین.

دەمەوێت ئەوە بڵێم، کە بۆ من زۆر ئاسانە کە لە بەرهەمەکانی پیتەر برۆک دا کار بکەم، لەبەرئەوەی بۆ فرەوانکردنی ئەندێشە، گەلێک بابەت دەخاتە بەردەم ئەکتەر. هەموو جۆرە بابەتێک؛ وێنە، مۆسیقا، مێژوو، خوێندنەوەی یادەوەری، ئەزموونی ڕاستەوخۆ، سەرباری خواردنیش. ئیدی بەبێ ئەوەی بە خۆت بزانیت، لە ڕێی ئەو زانیارییانەوە بەدنیای شانۆییەکە ئاشنا بوویت. دواتر، هەر ئەوەندەی کە لە دیمەنە هەقیقییەکاندا دەستت بەکارکردن کرد، هەر چۆنێک بووە ئەو بابەتانەی کە پێشتر تیا قاڵ بوویت و لەبارەیان خوێندنەوەت هەبووە؛ بەبێ ئەوەی پێویستت بەوە بێت کە بیریان لێ بکەیتەوە هەڵدەقووڵێن و دێنەوە ئارا. هەست بەوە دەکەیت کە دەزانیت چی ڕوو دەدات، لەبەر ئەوە کارت بەوە نییە بە هیچ جۆرێک نیگەرانی ئەوە بیت کە چۆن دیمەنەکان کایە بکەیت: زۆر بە سادەیی تۆ لەوێیت لە نێو دیمەنەکاندایت. شتێک لە ناخدا دەبزوێت، لە دەرەنجامدا هەست بەوە دەکەیت کە نواندن وەکو مەشقێکی ڕاگوزاری وایە. بێگومان تۆ هەمیشە بە شوێن پیەسەوەیت و ڕێز لە ئاراستەکانی تەختەی شانۆ دەگریت. بەڵام لە هەمان کاتدا زۆر بە قووڵی هەست بەوە دەکەیت کە دەزانیت چی ڕوو دەدات.

سەر وەختێک کە ڕۆڵێک ئامادە دەکەیت، لە جێی ئەوەی کە نیگەرانی ئەوە بیت کە چۆن دێرەکانی دەخوێنیتەوە، یاوەخود لە کوێدا دەجوولێیت، باشتر وایە خۆت تێکەڵاوی دنیای پیەسەکە و کارەکتەرەکەت بکەیت. ئەوەندەی بۆت دەکرێ زانیاری لەبارەی کارەکە کۆ بکەرەوە. کتێب بخوێنەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ خەڵکیدا گفتوگۆ دابمەزرێنە، تەماشای وێنە و تابلۆ بکە و سەردانی دیمەنی سروشتی/ شوێنەوار یان کات و شوێنی شانۆییەکە بکە.

ئەگەر تۆ بەتەنێ کار لەسەر پیەسەکە بکەیت، بڕوا ناکەم هیچ خزمەتێکی ئەوتۆت بکات. وشەکانی پیەسەکە تەنیا بەشێکی زۆر بچکۆلەی ئەو کارەکتەرەیە کە تۆ وێنای دەکەیت، یان بەشێکی زۆر کەمی ئەو چیرۆکەیە کە تۆ دەیگێڕیتەوە. دەق وەکو ئەو بەشەی سەرەوەی بەستەلانە، کە تۆ بەتەنیا تویژاڵی سەرەوەی دەبینیت و هیچی تر؛ بەڵام لە ژێر ڕووکاری بەستەلانەکەدا ڕووبەرێکی فرەوان خۆی حەشارداوە کە بە تێبینی نەکراوی ماوەتەوە. ئەگەر بتەوێت مانایەک بۆ ڕۆڵەکەت هەر بەتەنیا لە دەقەکەوە بەرهەم بهێنیت، ئەوا بەرهەمێکی زۆر کەم و کورت و دیاریکراو دەدرویتەوە کە کەڵکی هیچ ناگرێت. تۆ کارت بەوەیە کە پەی بە هەموو ئەو بابەتانە بەریت کە نەکەوتوونەتە ناو دەقەکەوە. ئەگەر تۆ لە بەراییەوە بەو جۆرە کار بکەیت، ئەوا لە ساتەوەختی پەراوەدا پیەسەکە زۆر بە ئاسانی خۆیت بۆ دەکاتەوە. لەوانەیە تۆ بیر لەوە بکەیتەوە کە چرکە بە چرکەی سەرنجڕاکێشانی بینەرت بەلاوە جێبایەخ بێت، بەڵام بە هیچ جۆرێک مەسەلەکە لێرەدا نییە. ئەوە هەرگیز گونجاو و جێ بڕوا نییە کە خەڵکی بۆیان بکرێت بۆ ماوەی سەعاتێک یان زیاتر بە شێوەیەکی بەردەوام لێخوردبوونەوە و سەرنجی تەواویان لەسەر شوێنێک ڕابگرن. دەبێت بە دوای ڕێگایەکدا بگەڕێیت کە تاو نا تاوێک کەمێک پشوو یان ئارامییان پێ ببەخشیت. ئەکتەر دەبێت تاوێک بواری هەناسە هەڵکێشان بۆ بینەران فەراهەم بکەن، هەتا ئەگەر لە ناسکترین چرکەساتی بەرهەمەکەشدا بووبێت. من لەو کاتەدا پەیم بەوە برد کە سەرقاڵی فێربوونی هونەرەکانی کەلەپووری حیکایەتگێڕانەوە بووم. مامۆستاکەم بە هیچ جۆرێک ئامۆژگاری ئەوەی نەکردووم کە چۆن بە باشی کایە بکەم، بەڵام جارناجارێک پێی دەگوتم:

" لەم ساتەوەختەی گێڕانەوەدا پێویستت بەوەیە کە بە خراپی کایە بکەیت"

لە ڕاستیدا، تۆ بە هیچ جۆرێک پێویستت بەوە نییە کە بیر لەوە بکەیتەوە چۆن بەباشی کایە بکەیت. بێگومان ئەوە بۆ خۆی بە شێوەیەکی سروشتی ڕوو دەدات. بەڵام هەندێک کات دەبێت بە دوای ئەوەدا بگەڕێی کە لە کوێدا زۆر بە سادەیی کایە دەکەیت. ئەگەر تۆ هەمیشە باش بیت، ئەوا بینەر بەشێوەیەکی بەردەوام زۆر لە خۆیان دەکەن کە سەرنجیان بۆ سەر وشەکانت بگوازنەوە و پاشی ماوەیەک هەست بە ماندووبوون دەکەن و شکست دەهێنن لەوەی کاردانەوەیان هەبێت بەرانبەر ئەوەی کە لە ڕاستیدا وتراوە. سەرباری ئەوە؛ ئەگەر تۆ هەمیشە باش بیت، ئەوا زۆر ناخایەنێت کە بینەر لەگەڵت ئاشنا دەبێ و چرکەساتە سەرەکییەکانی نواندنەکەت دەرناکەوێت. هەموو ئەو کاریگەرییەی کە هەیانە ون دەبێت. هەمان ئەو ونبوونە خێرایەی هاوسۆزییەیە کە لە هونەری چێشت لێناندا هەیە. ئەگەر چێشتلێنەرێک ژەمێک خواردنی بەتام بۆ میوانەکانی ئامادە بکات، هەموویان بە جارێ دەڵێن: " بەڕاستی خواردنێکی بەتام و خۆش بوو ! ".

بەڵام ئەگەر چێشتلێنەر لە تاوێکدا جۆرەها خواردنی سووک و گران پێکەوە دروست بکات، ئەوا زۆر نابات کە لە کارەکەی سارد دەبێتەوە و سەرکەوتوو نابێت. چێشتلێنەری زیرەک بەشێوەیەکی زۆر سادە و ڕۆژانە ژەمە خواردنێکی ناوازە و بەتام ئامادە دەکات، بۆ ئەوەی چێژ بخولقێنێ و ئارەزووی خواردنت تیا بوروژێنێت. بەهەمان شێوە نابێت ئەکتەر بە کایەکردنێکی جوان و ناوازەی بەردەوام، بینەر ماندوو بکات؛ پێویستە کە چرکەساتی ئەوتۆشی هەبێت کە تیایدا نواندنێکی خراپ کایە بکات بۆ ئەوەی کە جارێکی تر توانای سەرسامبوون و کاردانەوەیان تیا بەئاگا بهێنیتەوە. با ئەوەت لا ڕوون و ئاشکرا بێت، کاتێک کە دەڵێم نواندنێکی خراپ مەبەستم لەوە نییە کە بەڕاستی نواندنێکی بێکەڵک و لە خۆباییانە و ترسناک کایە بکەیت. تەنیا ئەوەندەیە کە پێویستت بەوەیە کە چرکەساتێکت هەبێت زۆر سادە و ساکار و تێپەڕ بێت. بۆ نموونە ئەگەر تۆ مۆنۆلۆگێکی

دوور و درێژت لە بەردەمدا بێت، وا خۆت ئامادە بکە کە پەی بەوە بەریت لە کوێوە دەست پێ دەکەیت و چۆن درێژەی پێ دەدەیت و لە کوێشدا کۆتایی پێ دەهێنیت. هەنگاوی داهاتووش ئەوەیە بڕیاری ئەوە بدەیت کە دەربڕینە سەرەکییەکانی کامانەن. ئەوانە زۆر گرینگن و دەبێت زۆر بە باشی کایەیان بکەیت. پاشان بەر لە دەربڕینە سەرەکییەکان تەماشای دێرەکان دەکەیت. ئەوەش نابێت زیادەڕەوییان تیادا بکرێ دەنا لە کاریگەریی ئەوانەی تر کەم دەکاتەوە کە بە دوایدا دێن. دەبێت هەوڵ بدەیت ئەو دێرانە بە شێوازێکی زۆر ئاسایی بڵێیت. ئەگەر وا نەکەیت بینەر لە توانایدا نابێت لەگەڵ قسەکاندا ببزوێت و بە هیچ جۆرێکیش کاردانەوەی بەرانبەر چرکەساتە گرینگەکان نابێت.

لە زمانی ژاپۆنی دا، وشەی " ما " هەیە کە ئاماژەیەکە بۆ خاڵیبوونەوە لە شوێن و کات. ما، هیچی لە خۆ نەگرتووە؛ چرکەساتێکە ڕێگەت پێ نادرێت هیچ شتێک بڵێیت و هیچ شتێک بکەیت. ئەو بیرۆکەیە تا دوا ئەندازە بۆ شانۆ جێی بایەخە، لەو کاتەدا کە نائامادەیی هەر چالاکییەک دەتوانرێت وەک سازکردنی جۆرە چوارچێوەیەک بە کاربهێنرێت بۆ ڕۆشنکردنی چرکەساتە گرینگەکان. ئەو نائامادەییەی کردار دەبێ وا تەماشا بکرێت کە بەشێکی تەواوکەری شانۆیە، نەک چرکەساتێک بێ کە ' هیچ شتێکی تێدا ڕوونەدات '. لە کاتێکا مۆسیک لە دەنگ و بێدەنگی پێکهاتووە، کەواتە ئەوە نواندنە. هەروەها ما ئاماژەیەکە بۆ ئەو پێوەندییە گونجاوەی کە لە نێوان بابەت و ڕووداودا هەیە. ئەکتەری باش دەتوانێت زۆر سەرکەوتووانە چارەسەری ما بکات. هەروەها دەتوانێت هەست بە پێوەندییەکی دروست لە نێوان دوو چرکەسات، دوو کەس، دوو کردار، دوو ڕستەدا بکات، هەروەها لە نێوان بینەر و تەختەی شانۆشدا. ما، شتێکی ڕاوەستاو نییە، بگرە پڕە لە پەیوەندی.

ئەو هوشیارییە لەبارەی بەراوردکارییەوە لەو کاتەشا کاری خۆی ئەنجام

دەدات کە لە نێو ئاخاوتنەکاندا وچانێک دەدەیت. ئەگەر وچانێکی درێژ بدەیت، دێری دواتر ناتوانی بە هێواشی بڵێیت؛ بگرە دەبێت تەواوێک بەخێرایی کایە بکەیت. ئەگەر وا نەکەیت بینەرەکانت لە دەست دەدەیت. (ئەندێشەی ئەوە بکە: ئاخاوتنێکی هێواش، درێژ، بە دوایدا وچانێکی کاریگەر، ئەوجا دوای ئەوەش رستێک وشەی کاریگەری تر...)

لە هەموو کارەکانمدا من هەوڵ دەدەم پەی بە شتگەلێکی دەگمەن و ناوازە بەرم (هەر وەکو ئەوەی زیمی وەسفی کردووە). دووبارەکردنەوە دوژمنی سەرسەختی ئەکتەرە، دەبێت کاری تاقەتپرووکێن ئەنجام بدەیت بۆ ئەوەی لە ساتەوەختی یاریکردنی ڕۆڵی کارەکتەرێکدا خۆت بەدوور بگریت لەوەی بکەویتەوە ناو شێوازی کلێشەکارییەوە. ئەگەر هاتوو ئەوە ڕووی دا ئەوا تۆ بۆت نەکراوە وێنای مرۆڤێکی هەقیقی بکێشیت، بگرە پێویستت بەوەیە کە بەدوای ئەو وردبینی و جیاوازییانەدا بگەڕێی کە هەستێکی هەقیقی دەبەخشێتە کارەکەت. کارەکتەرە دووبارەبووەکان هەڵگری تاکە ڕەهەندێکن. خەڵکانی هەقیقی هەڵگری ئاڵۆزین و گەلێک نهێنی و جیاوازییان لەخۆ گرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ بەنیازی ئەوەی جیاواز بیت، هەوڵ بدەی هەندێک کاری شاز و ناساز بخولقێنیت. خولقاندنی جیاوازی هەر لە پێناوی جیاوازییدا نییە.

چەند ساڵێک لەمەوبەر، ڕۆڵی گۆنزالۆم لە شانۆیی گەرداودا بینی کە یەکێکە لە بەرهەمەکانی پیتەر برۆک. کاتێک کە پیەسەکە دەخوێنیتەوە، درک بەوە دەکەیت کە هەموو کارەکتەرەکانی نێو شانۆییەکە وەسفی گۆنزالۆ دەکەن بەوەی کە پیاوێکی میهرەبان و هۆشمەندە. ئیدی تۆ لێرەوە وێنەیەکی کۆن و نەریتئامێزت بۆ پیرەمێردێکی هۆشمەند لە لا دەخولقێت. من دەبوو بە دوای ڕێگایەکدا بگەڕێم کە گۆنزالۆیەک وێنا بکەم ڕاستگۆ بێت و زۆر بە سادەیی لە کلێشەی ئەو وێنانەوە نەگوازرابێتەوە. لە سەرەتادا، کاردانەوەم هەبوو بەرانبەر بەو تەرزی ڕوانینەی کە ئەو کارەکتەرە هۆشمەند و

میهرەبان بێت. لەگەڵ پەلهاویشتن و گەشەکردنی شانۆییەکەدا کە بینەر کار و کاردانەوەی گۆنزالۆیان بینی، ئیدی بۆ خۆیان گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی کە ئەو پیاوە چ پیاوێکە. لە کۆتاییدا ئەو بڕیارەیان دا کە گۆنزالۆ پیرەمێردێکی هۆشمەندە بەڵام هەر بە هەوڵی خۆیان گەیشتنە ئەو بڕیارە. گومانی تێدا نییە، هەر یەکێک لە ئێمە ئەندێشەی ئەوەی هەیە کە پیرەمێردێکی هۆشمەند چۆن دەڕوانێ و قسە دەکات. منیش بە دەستی ئەنقەست خۆم لە هەموو ئەو وێنە باو و سواوانە بە دوور گرت. ئەگەر منیش هەر لە بەراییەوە لەسەر ئەو شێوازە وێنای گۆنزالۆم بکێشایە، ئەوا بینەر زۆر بە سادەیی دەیگوت: " ئەوە پیرەمێردێکی هۆشمەندە". ئیدی چاوپۆشییان لێ دەکرد و بەهیچ جۆرێک کار و کردەوەی ئەو کەسایەتییە سەرنجی ڕانەدەکێشان. نەک هەر بەتەنیا نواندن؛ بگرە هەر سیمایەکی تری شانۆ دەبێت ئامانجی ئەوە بێت کە دەگمەن و ناوازە بێت. بەرهەمەکە بۆ خۆی پێویستی بەوەیە هەمەڕەنگ بێ و چاوەڕوانیی جیاوازی لێ بکرێت. پێویستی بەوەیە سەرسامبوون بخوڵقێنێت و چرکەساتی دەگمەن و گۆڕانی لەناکاو لەخۆی بگرێت. جارێکی تریش ئەوە دووبارە دەکەمەوە ئەوە کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە کە بۆ ڕاچڵەکاندنی بینەر پەنا بە بەر حیلە و فێڵی سادە ببرێت. لە پێناوی ئەوەی شانۆ ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆی بە زیندوویێتی ڕابگرێت، دەبێت هەوڵی ئەوە بدرێت پەی بە شێوازی ڕەسەن و ڕاستگۆ ببەیت. ئامانجمان پێشکێشکردنی بەرهەمی دەگمەن و ناوازە نییە، بگرە ئەو ڕوانینە دەگمەن و ناوازەیە بەکار بهێنین کە بەرهەمەکە ڕۆشن دەکاتەوە. دەگمەن و ناوازە ئەو شێوازانەن چیرۆکەکەی پێ دەگێڕینەوە نەک دەرەنجامی کۆتایی. زیمی لەبارەی گرینگیی تازەگەری ڕادەوەستێ و تێبینی ئەوە دەکات کە هیچ شتێک نییە لە سروشتدا بۆ هەتاهەتایی وەک خۆی بمێنێتەوە. درەخت چرۆ دەردەکاو دواتر گوڵ و گەڵا و میوە دەگرێ و ئەوجا تا بەهارێکی تر دەچێتە قۆناخێکەوە کە هەر بە قۆناخی مردن دەچێت.

دەرکەوتنی گوڵی تازە لەبەرئەوەی کات ناکاتێک دەردەکەوێت، هەمیشە بە جوانی و گەشانەوەکەی سەرسامان دەکا و ڕاماندەگرێت. ئەگەر درەخت بە درێژایی ساڵ بەو گوڵ و چرۆیەی خۆیەوە بەردەوام بوایە، ئەوەندە جێ بایەخی ئێمە نەدەبوو. بەهەرحاڵ ئەو جوانییەی گوڵ هەیەتی لە شانۆشدا بەهەمان جۆرە. ئەگەر وەک ئەکتەرێک، هەمیشە هەمان ئەو کەرەستانەی گوزارشتکردن بەکار بهێنیتەوە (هەرچەندە ناسک و هونەرمەندانەش بێت) ئەوا هیچ گومانی تیا نییە هەموو تواناکانت لە سەرنجڕاکێشان و سیحر لێکردنی بینەردا لەدەست دەدەیت. وا پێویست دەکات لەسەر ئەو تەرزە کۆن و سواوەی کە هەتە و بەکارت هێناوە بەردەوام نەبیت، بگرە بەدوای ڕێگا و شێوازی تازەدا بگەڕێی بۆ ئەوەی پێوەندی بە بینەرەوە گرێ بدەیت. دەمەوێ ئەوە ڕوون بکەمەوە بیرۆکەی تازەگەری ئەوە ناگەیەنێ کە بەدوای نمایشی غەریب و سەیروسەمەرەدا بگەڕێی. گۆڕانکاری هەر لەپێناوی گۆڕیندا نییە. گەڕانە بەدوای ئەو شێوازانەدا کە کارەکەت تەڕ و تازە و زیندوو دەکات. بەپێی ڕوانینی بینەر، ئەو نمایشەی هەڵگری تازەگەرییە بە هیچ جۆرێک پێویست بەوە ناکات سەیر و نامۆ بکەوێتە ڕوو. بگرە بە پێچەوانەوە بینەر تێکەڵاوی دەبێت و کاریگەری لە لا جێ دەمێنێت و هەرگیزیش ئەو هەقیقەتە فەرامۆش ناکات کە نمایشێکی باش و سەرکەوتووی بینیوە. زیمی لەوە واوەتر دەڕوات و پێی وایە ئەگەر بینەر هەستی بەوە کرد نمایشێکی تازە دەبینێت، ئەوا ئەکتەر بەهیچ جۆرێک کارامە نییە. ئەو گوڵەی کە پیشەی ئەکتەری لەگەڵ خۆی هەڵی گرتووە دەبێت بەنهێنی بپارێزرێت، ئەو کارامەیییەی تازەگەری دەخوڵقێنێت، وەک ئەو زەمینەیە وایە کە گوڵەکەی تیا دەڕوێت. نابێت کەس لەتوانایدا بێت ئەوە ببینێت کە لە ڕاستیدا چی ڕوو دەدات. ئیدی لێرەوە تەماشاکار ئەو بیروڕایەی لە لا دەخوڵقێت و بە خۆی دەڵێت لە ڕاستیدا ئەوە داهێنانە یاوەخود ئەوە چ ئەکتەرێکی کارامە بوو. کارێک نییە کە لە ئاستی هەرە بەرزی نواندنا بێت. زینیی مامۆستا

جارێکیان بۆ تەماشاکردنی نمایشێک دەڕوات کە لە لایەن حیکاتخوانێکی زۆر بەناوبانگەوە پێشکێش دەکرێت کە هەر کەسێک لەبارەی چاکیی ئەو دەدوان. لەدوای تەواوبوونی نمایشەکە، حیکایەتخوانەکە ئەوە دەبیستێت زینیی مامۆستا لەناو بینەراندا بووە، بەرەو لای ئەو دەڕوات تاکو بیروڕای لەبارەی نمایشەکەی لێ وەربگرێت. زینیی گەورە مامۆستا دەڵێت:

" بەڵێ، زۆر باش بوو، بەڵام تۆ بە دەم قسەت دەکرد ".

حیکایەتخوانەکە دەڵێت: " سوپاس بۆ ئاماژەکەت، من پێم خۆشە بێم و لەسەر دەستی تۆ فێرببم ".

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک لەگەڵ زینیی مامۆستا کاری دەست پێ کرد، حیکایەتخوانەکە جارێکی تر داوای ڕای ئەوی کردەوە لەسەر نواندنەکەی. زینیی مامۆستا گوتی:

" باشە، ئێستا تۆ حیکایەت دەگێڕیتەوە بەبێ ئەوەی کە زمانت بەکار بهێنیت ".

# ٥

## فێربوون

لە ژاپۆن نموونەیەک هەیە دەڵێ واباشترە سێ ساڵ بەگەڕان بەدوای مامۆستایەکی باشدا ببەیتە سەر، لەوەی هەمان ئەو کاتەت بە مەشقکردن لەگەڵ کەسێکی کەم ئەزموونددا بەفیڕۆ بدەیت. دەبێت مەشق بکەیت بۆ ئەوەی گەشە بکەیت. بەڵام ناکرێ لەگەڵ هەر کەسێکدا مەشق بکەیت. دەبێ مامۆستایەکی لێوەشاوە بدۆزیتەوە. لە ڕاستیدا ئەوە گرینگ نییە کە چ شێواز و تەکنیکێک فێر دەبیت. لە هەقیقەتا تۆ دەتوانیت لە گەڵێک بواری هەمەجۆردا خۆت سەرقاڵی مەشق بکەیت؛ جۆدۆ، ئاکیدۆ، بالیە، پانتۆمایم، وە هەمان سوود و کەڵکیشیان لێ وەربگریت. لەبەرئەوەی تۆ شتێک فێر دەبیت کە کەوتووەتە ئەودیوی تەکنیک و کارامەییەوە. کاتێک تۆ لەگەڵ مامۆستاکەتدا سەرقاڵی ڕاهێنانیت، کارامەیی بۆ خۆی بە تەنیا زمانی تێگەیشتنە، نەک ئامانج. لەبەرئەوەی تۆ شتێک لەودیوی تەکنیکەوە فێر دەبیت، بابەت بە ڕێژەیەکی ئەوتۆ جێی بایەخ نییە. لە هونەرە جەنگییەکاندا، ئامانجی مەشقکردن ئازادبوونە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەمانای ئەوە نییە کە هونەرە جەنگییەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی باشترین ڕێگە بێت بۆ ئەوەی فێر بیت کە چۆن ئازادی دەدۆزیتەوە. لە ڕاستیدا هەر سیستەمێکی مەشقی

جەستەیی کاریگەرییی خۆی جێ دەهێڵێت. هەر هەموو ئەو شێوازانە بۆ ئەوە ڕێکخراون کە یاریدەت بدەن ئەوە تاقی بکەیتەوە کە چۆن جەستە و دەنگت وەک کلیلێک دەروازەت بۆ واڵا دەکەن لە ڕێی مەشقی سروشتییەوە ئازادی بدۆزیتەوە. بێگومان شیکاری دەروونی و ڕوونیی بیرکردنەوە یاریدەی ئەوەت دەدەن کە لەڕووی بیرکردنەوەوە ئازاد بیت، بەڵام جووڵە بەتەنیا ڕێگایەک نییە بۆ ئەوەی وات لێ بکات لە ڕێی هوشیارییەوە ئازاد بیت. بەگوێرەی زیمی، سوودی زۆری دەبێت ئەگەر لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە دەست بە مەشقی سەما و گۆرانی بکەیت (سیستەمی ڕۆئاوایی بۆ تەمەن لێرەدا جیاوازە و ئەو لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دەست پێ دەکات) لەکاتێکا منداڵ لەو تەمەنەدا بە هیچ جۆرێک لە ڕووی ئاگاییەوە گەشەیان نەکردووە و هێشتا هیچ ئارەزوویەکیان نییە و هیچ هەستێکی خۆنواندیش لە لایان چەکەرەی نەکردووە، یاوەخود حەزی سەرکەوتن. هەست بە هیچ جۆرە پاڵەپەستۆیەکی ناوەکی ناکەن و کاتێکیش کە نمایش دەکەن شتێکی سەرنجڕاکێش دروست دەبێت. جوانییەکی دڵگیر.

زیمی ئەو تایبەتمەندییەی ناو ناوە هانا، ' گوڵی ' نمایش، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگری مانای ئەفسوون و تازەگەریشە.

ئەفسوون؛ هەر هەمان ئەو ئەفسوونە سادەیە نییە کە ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەرەو ڕووی دەبینەوە، کە جۆرێکە لە سادەیی کۆمەڵایەتی و هەروەها ئەو جوانییە سروشتییەش نییە کە هەیە، بگرە بەشێوەیەکی زۆر تایبەتی پابەندە بەو ناوازەییەی نمایشەوە لەسەر تەختەی شانۆ. (ل. م)

زیمی تێبینیی ئەوەی کردووە کە چۆن خودی ئەم " هانا " یە لەگەڵ تێپەڕینی ئەکتەر بەنێو قۆناخە جیاوازەکانی پیشەکەی خۆیدا ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت. هەروەها دەڵێت منداڵ ئەو گوڵە سروشتییەیان هەیە کە کارێکی وا دەکات تاڕادەیەک هەرچییەک دەیکەن جێگەی سەرنج و

لێـوردبوونـەوە بێت و ئـەوەش تا تەمــەنی شــانزە و حــەڤــدە ســاڵـی درێژە دەکێشێت. پیرە ئەکتەرێکی بەئەزموون دەڵێت:

" وا باشـتـرە کـە هـەرگیز لـەگەڵ مـنداڵان و ئاژەڵاندا کایە نەکەیت، چونکە بەردەوام ئەوانـە سـەرنجی بینەر بۆ خـۆیان دەدزن " بە دڵنیـاییـیـەوە ئەوانە سـەرنجـڕاکێـشن بۆ تەمـاشـاکردن؛ بـەڵام بۆچی نیگاکـانی ئێمـە بەرەو لای ئەوان کێش دەبێ و لەسـەریان دەنیشێتەوە؟ ئەمە بۆ خـۆی نهێنییـەکی لەگەڵ خۆیا هەڵگرتووە.

زیمی تێـبـینیی ئەوەی کـردووە لە بـەراییـیـەکانی تەمـەنی هەرزەکـاریدا، ئەکتـەر دەشێ بۆی بلوێ کە ئـاستێکی بـەرز و باڵای تەکنیک نیـشـان بدات (ئەمە لە کـاتێکا کە ئەو ئـەکتەرە کچە یان کوڕە لە تەمەنی شـەش یان حەوت ساڵییەوە دەسـتی دابێتە مـەشقکردن) ئەوەش لەگـەڵ ئەو گوڵە سروشـتییەدا کە بۆ خـۆیان هـەیانە، یـەک دەگرێ و دەبێتـە جێگەی ئەوەی سـەرنجـڕاکێش بن. وەک ئـەکتـەرێکی لاو، ئەو ئەفسـوونەی کە هـەتە هـەمـوو خـاڵە لاوازەکـانی نواندنت بۆ دادەپۆشـێت. لێرەشـەوە دەبێت گەلێک وریا بیت، ئەگەر کەسـێک لەبارەی نواندنـە جـوانـەکـەت هـاواری لێ کــردیت؛ بەهـیچ جـۆرێـک تەفــرە نەخۆیت، چونکە هەموو ئەکتەرێکی لاو ئەو ئەفسوونەی هەیە. هـەرگیز نەکەی بەوە هـەڵبخەڵـەتێیت کە تۆ دیارییەکی گەورەیت و خـودا بۆ شانۆی ناردوویت. لەجیاتی ئەوە وا پێویست دەکات بەڕاستی بکەویتە گەشـەپێدانی تواناکانت: چۆن دەنگی خـۆت بەهێز دەکەیت و تواناکـانی زیاد دەکەیت، چۆن جـەسـتـەی خـۆت بەکار دەهێنیت، بۆ ئەوەی کـارێکی وا بکەیت ئەو ئەفسـوونەی کـە هـەتە بۆ درێژترین ماوە کاری خۆی بکا و خۆیت لێ نەشارێتەوە.

کـاتێک کـە پێ دەنێـیـتـە تەمـەنی شـانزە سـاڵی و بەرەو سـەرەوە، ئیـدی هـاتوویتـە نێـو دژوارتـرین سـەردەمی شـانۆییـیـەوە. چ وەک دەنگ و چ وەک جەسـتەش، تۆ وەک گەورەیەک دەنوێنیت: جـەسـتەت گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە و دەنگیش گـۆڕاوە یاوەخـود بەرەو قـۆناخی گـۆڕان دەگوازێتـەوە. بەهـەمـان

شێوە، تەرزی بیرکردنەوەشت وەک خۆی نەماوە و ئیدی وەک گەورەیەک هەڵسوکەوت دەکەیت. لەبەرئەوە، بینەریش وەک گەورەیەک لێت دەڕوانێ و وەک گەورەیەکیش حوکم بەسەر کارەکەتدا دەدات. چاوەڕوانی ئەوەت لێ دەکەن کە نواندنەکەت ڕەنگڕێژ بکەیت و تۆش لە ڕووی هونەرییەوە ئەوەت بۆ ئاسان نایەتەوە.

ئەو گوڵەی منداڵیت لە دەست چوو، بەڵام هێشتا لە بواری پیشەکەشدا وەک وەستا و کارامەیەک لەسەر هەردوو پێی خۆت ڕانەوەستاویت. بەڕاستی ئەوە قۆناخێکی گەلێک دژوارە و تاقە دەروازە و کەڵکێکیش کە لێرەدا هەبێت ئەوەیە خۆت تەرخان بکەیت بۆ دنیای مەشقکردن. ئەگەر خۆتت وا بینییەوە کە زۆر خراپ کایە دەکەیت، زۆر نیگەران مەبە؛ تەنیا ئەوەیە درێژە بەکارکردنی خۆت بدە. ئەو قۆناخە دژوارە؛ لەتەمەنی بیست و سێ و بیست و چوار ساڵیدا دەگاتە کۆتایی دەرەنجامی خۆی. لەو دەمەدا تۆ پێ دەنێیتە نێو گرینگترین ڕۆژگاری ژیانی پیشەییتەوە، هەتا ئێستاکێ جەستەت بەکردەیی قۆناخی گۆڕان و گەشەکردنی خۆی تەواو کردووە و تۆ ئیدی لە ڕووی جەستەییەوە ئامادەی بۆ هەزمکردنی هەموو ئەو زانیارییانەی کە تا ئەم چرکەساتە فێریان بوویت. هەر وەک چۆن میوەیەک پێدەگات، ئاوا مەشقکردن و گەشەکردنی سروشتیت پێکەوە جووت دێنەوە. ئەگەر لەم تەمەنەتدا، ڕۆڵی گەنجێک کایە بکەیت، بۆ نموونە؛ ڕۆڵی ڕۆمیۆ یان جوڵێت، ئەوا خەڵکانێکی زۆر پێت سەرسام دەبن و تەواو باوەڕ بەوە دەهێنن تۆ ئەکتەرێکی زۆر باشیت. ئەوە هیچ گومانی تیا نییە و بە بەراورد بە ئەکتەرە بەتەمەنەکان، تۆ زۆر باش دەکەویتە ڕوو و لەوانەشە زیاتر بڕوا بە بینەر بهێنیت؛ بەڵام ئەو سەرکەوتنەش زیاد لە پێویست فریوت نەدات. ئەوەش بۆ خۆی جۆرێکە لە ڕێکەوت: لە کاتێکی دروستدا ڕۆڵێکی دروست کایە بکەیت. ئەوەش ئەندازەیەکی سەد دەر سەد نییە بۆ نواندنێکی کارامە. کاتێک کە خەڵکی پێت دەڵێن تۆ لەو تەمەنەدا زۆر باشیت، لەوانەیە ئەوە ڕاست بێت کە

تۆ بەهرەت هەیە، بەڵام دەبێت فێری ئەوە بیت بەوپەڕی بەرچاو ڕوونییەوە لێی بڕوانیت. ئەگەر ئەو پیاهەڵگوتنانە لە خشتەیان بردی و خۆت وا هاتە بەرچاو تۆ بلیمەتێکی شانۆییت، ئەوا هەر بەهرەیەکیش کە هەتە زۆر بە ئاسانی لەدەستی دەدەیت. دەبێ ئەوەی هەتە بە شێوەیەکی بابەتییانە لێی بڕوانیت نەوەکو بەشێوەیەکی خودپەرستانە. ئەگەر وا لێی تێگەیشتیت ئەوا زۆر بە خێرایی دەگەیتە ئەو هەقیقەتەی کە ئەو سەرکەوتنە بەراییە بۆ خۆی جۆرێکە لە ڕێکەوت و ئەو سەرکەوتنەش هیچ گرنتییەکی نییە بەوەی درێژە دەکێشێت و لەگەڵت دەمێنێتەوە یان نا.

زیمی پێی وایە تەمەنی سی و سێ و سی و چوارساڵی گەشاوەترین قۆناخی ژیانی ئەکتەر بێت. دەتوانی بەروبوومی هەموو ئەو مەشقانەت ببینیت و ئەگەر ئاستێکی لەبەرچاو و تێگەیشتنێکی تەواوت لە کارەکەتدا بە دەست هێنا، ئیدی ئەوە هەمیشەیی دەبێت. ئەوەش تارادەیەک ڕاستە ئەگەر تۆ لەو تەمەنەتدا وەک ئەکتەرێکی پلە دوو کارت کرد، ئیتر ئەستەمە ئەوە لە داهاتوودا بگۆڕێت. لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا هەموو شتێک شیاوە: دەکرێت لە پڕێکا لە ئەکتەرێکی مامناوەندییەوە ببیتە ئەکتەرێکی زۆر لێهاتوو؛ بەڵام لەدوای بیست و چوار ساڵییەوە پەرجوو بەئاستەم ڕوو دەدات.

دەبێت زۆر ڕاستگۆ بیت لەگەڵ خۆتا و بابەتییانە تواناکانی خۆت شی بکەیتەوە. سەرباری ئەوەی ئەگەر لەو تەمەنەدا بۆت نەکرا بگەیتە ئاستێکی باڵا لە تەکنیکی هونەریدا؛ ئەوا دڵنیابە لەوەی کە گرفتێکت هەیە. ئیدی لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا توانا هونەرییەکانت بەرەو شۆڕبوونەوە دێتە خوارێ (لە نێوان تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا). کەواتە ئەگەر لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا تەکنیکی تەواوت بە دەست نەهێنابوو، ئەوا بوارێکی ئەوتۆت لە بەردەمدا نەماوەتەوە بۆ کارکردن. بەڵام ئەگەر لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا بۆت کرا و توانیت ئەفسوونی خۆت لەسەر بینەر جێ بهێڵیت، ئەوا

نەک گوڵی نازکی لاوی، یاوەخود ڕێکەوت؛ بگرە گوڵی ڕاستەقینەی هونەری خۆت بەدەستەوە گرتووە، کاڵای دروست و ڕەسەن.

بەهەرحاڵ، ئەگەر هاتوو بۆت نەکرا لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا ئەو ئەفسوونە بەدەست بهێنیت، ئەوا دەبێت زۆر بە وریاییەوە بڕوانیتە داهاتووی خۆت و ئەوەندەی بۆت دەلوێ و زێدەتر بە تەنگ داهاتووی کارەکەی خۆتەوە بیت، یاوەخود ئەوەیە کە دەست لە کار بکێشیتەوە. سەرباری هەر شتێک، دەبێ زۆر بە ڕۆشنی ئەوە هەڵبسەنگێنی کە چۆن و کەی بڕیار لەسەر ئەوە دەدەیت کە درێژە بە کارکردن لەشانۆدا بدەیت. زیمی تێبینی ئەوەی کردووە کە لە تەمەنی سی و سێ و سی و چوار ساڵیدا، جارێکی تر دەکەویتەوە بەردەم ڕەشەبای گۆڕانێکی تر، جوانییە سروشتییەکەت بەرەو خوارەوە دادەبەزێ و وزە و ئاستەکانی جەستەت بەرەو فەوتان دەڕوات. لە تەمەنی سی و چوار ساڵیدا بۆت دەکرێ زۆر بە ئاسانی گەلێک جووڵە و کاری ناوازە ئەنجام بدەیت، کە لە کاتێکا تۆ لە تەمەنی چل و چوار ساڵیدا بە هیچ جۆرێک بۆت ناکرێ هەمان کار و کردەوە بە هەمان ڕێگا ڕایی بکەیت. ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە تۆ هیچ شتێکی ئەوتۆت پێ نەبێت بۆ بینەرەکەتی بخەیتە ڕوو، لە جێی ئەوەی کە توانا بەرز و بالاکانی خۆت نمایش بکەیت، بەوپەڕی وریاییەوە سەرنجی خۆت دەخەیتە سەر ئەوەی کە دەیڵێیت و دەیکەیت. ڕاستە لە گوزارشتە دەرەکییەکانی خۆت کەم دەکەیتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پارێزگاری دەکەیت لە کەماڵی جووڵە و کردەوەکانی خۆت. تۆ چیدی پشت بە جوانی سروشتیی خۆت نابەستی، بەڵام سەرباری ئەوە هێشتا بینەر هەست بە شتێکی نازک و هەستەوەر دەکات کە لە قووڵاییی ناوەوەت هەڵدەقووڵێ و دێتە دەرێ. ئەوەش جارێکی تر گوڵی ڕاستەقینەی توانا و لێوەشاوەییی ئەکتەرە. زیمی جارێکی تریش لێرەدا هەڵوێستەیەک لەسەر ئەوە دەکات کە زۆر گرینگە لەو تەمەنەدا زۆر بە وریاییەوە لەوە بکۆڵیتەوە کە چیت پێ دەکرێ و چیت پێ ناکرێت.

هەروەها دەست لە فێربوون هەڵنەگریت. ئەوەش گرێدانەوەی هەردوو وزە و توانای بەخۆدا چوونەوە و خۆ پەروەردەکردنی ئەکتەرە لاوەکانە (ئەوەش گفتوگۆیەکی بێ چەند و چوونە کە لە نێوانی ئەو دوو چالاکییەکەدا ڕوو دەدات) کە وات لێ دەکات وەک ئەکتەرێک تا ئەو ڕۆژگارەی بەرەو دنیای پیری شۆڕ دەبێتەوە لە گەشەکردن دوانەکەویت. لە دوای تەمەنی پەنجا ساڵییەوە، زیمی هەستی بەوە کردووە کە تاڕادەیەکی ئەوتۆ مەحاڵە کە ئەکتەر بۆی بکرێ لە ڕووی جەستەیییەوە ئەوەی لە ڕابردوودا ئەنجامی داوە، جارێکی تر بەرهەمی بهێنێتەوە.

لەو تەمەنەدا، هێزی سەرنجڕاکێشانی بینەر پشت بە توانا دەرەکییەکان نابەستێ. لەجێی ئەوە نواندن پشت بە زەمینەیەک دەبەستێ کە دەکەوێتە ناوەوە: ئەو بەشە نەبینراوەی نواندن. ئەگەر ئەوە بوونی هەبێ، ئەوا ئاسانە سەرنجی بینەر لەسەر نواندنەکەت بە گەرم و گوڕی بهێڵیتەوە. ئەگەر ئەکتەر بەدرێژایی هەموو ئەو ساڵانەی کە دەکەوێتە پێش ڕۆژگاری پەنجا ساڵی تەمەنییەوە، نواندنێکی تەواو هەقیقی فێر بوویێت، ئیدی هەتا ئەگەر درەختەکە پیر و گرفتاریش بوویێت و بەم لاو لاشدا پێچی خواردبێتەوە، هێشتا هەر بۆی دەکرێ گوڵی خۆی بەرهەم بهێنێت. ئەگەرچی ئەوە سەرگەرمیی ئەفسوون نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جوانییەکی قووڵ و هەمیشەیییە. بۆ پیرە ئەکتەرێک کە بە هەقیقی خاوەن ئەزموونە، دەشێ دەنگ کەمێک لاواز بێت، جەستە بۆی نەکرێ جموجوولێکی چالاکانە ئەنجام بدات، بەڵام هێشتا شتێکی پڕ بایەخ، بڕوا پێهێنەر، ئەفسوونگەر، بزوێنەر لە کارەکەیدا خۆی حەشارداوە و زپ و زیندووە. لە دۆزێکی ئاوادا تاڕادەیەک نواندن بە پڕاو پڕی دەکەوێتە ناوەوە.

لە خاڵێکی ئاوادا دەبێت ئەوە بە یادی خوێنەر بهێنمەوە ئەو بیروڕایانە لەبارەی شانۆوە پێنجسەد ساڵ لەمەوبەر لە لایەن زیمییەوە گوزارشتی لێ کراوە و بەتەنیاش لەبارەی ئەکتەری نێرەوە (لە کاتێکا لەو قۆناخەی مێژووی

ژاپۆندا بە هیچ جۆرێک ژن بۆی نەبووە لە نمایشدا هاوبەشی بکات) کە بە دوو جیاوازییەوە نەبێ تا بە ڕۆژگاری ئەمرۆمان دەگات بە دڵنیاییەوە کاریگەرییان بەسەر شانۆوە هەر ماوە. بە گوێرەی ڕوانینی من خاڵی گۆڕانی ئافرەتان کەمێک زووتر لە پیاوان ڕوو دەدات. ئەوەش زۆر بەکەڵکە کە بە یادی خۆتانی بهێننەوە کە ئەو؛ شانۆی لە زۆر ڕووەوە واوەتر لە دەقێکی باو کە بۆ شانۆ ئامادە کرابێت، وەکو سەما لەڕووی جەستەییەوە وەسف کردووە. سەربارى ئەوە، لەودەمەوە تا بە ڕۆژگاری ئەمرۆمان دەگات تەندروستی و خۆراکی هاوچەرخیش بە شێوەیەکی گشتی تەمەن و چۆنێتی ژیانی مرۆیی بەرەو باشتر بردووە، کە دەبێت ئەوەش وەک خاڵێکی گەش ئاماژەی بۆ بکرێ. لەو ڕۆژگارەدا کە ئەو سەرقاڵی نووسین بووە، پەنجا ساڵی وەک تەمەنی پیری دانراوە، بەڵام هێشتا هەموو مەسەلەکە لێرەدا خۆی نادات بەدەستەوە. بگرە پێشنیازێک وەک تێبینی دێتە ئاراوە، ئەو قۆناخەی کۆتایی تەمەن کە ئەو ئاماژەی بۆ دەکات پێویستی بەوە هەیە کە بۆ ماوەی دە ساڵێک دەستکاری بکرێت. کاتێک کە ئەو لەمەڕ ئەکتەرێکەوە دەدوێت کە تەمەنی چل و پێنج ساڵە، ئەوا زۆر بە وردتر ئاماژە بۆ ئەکتەرێک دەکات کە بەپێی ڕۆژگاری هاوچەرخی ئێمە کەوتبێتە پەنجا و پێنج ساڵی تەمەنی خۆیەوە. ساڵە بەراییەکان (لە هەرزەکارییەوە بۆ تەمەنی چل ساڵی) تا ڕادەیەک لەوە دەچێت لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمرۆماندا زۆر جیاوازی نەبێت. ئەگەر هاتوو ئەو تەمەنە لە ڕووی ساڵەوە ڕێک بخرێتەوە (ئەوا شانزە ساڵی دەکاتە چواردە یان پازدە ساڵی تەمەنی هاوچەرخی ئێمە) ئەوەش بە هۆی کاریگەریی بەرەو پێشەوە چوونی سیستەمی خۆراک کە وای کردووە هەمان پێگەیشتنی جەستەیی ڕوو بدات. ئەوەش لەچاو خۆیدا جیاوازییەکی زۆر کەمە و بەپێی ئەو ڕۆژگارەی کە زیمی تێبینییەکانی خۆی تیا نووسیوە تا ئێستاش گەرمو گوڕیی خۆیان بەم سەردەمەی ئێمەوە پاراستووە.

من حیکایەتێکم لەبارەی پاڵەوانێکی بەناوبانگی سێرکەوە بیستووە، هەر

دوای ئەوەی لە نمایشێکی سەرکەوتووی خۆی دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە بەردەم بینەرەکانی و پێیان دەڵێت:

" کوڕێکم هەیە کە تەمەنی شەش ساڵ دەبێت. بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێت سەرقاڵی ئەوەیە فێر بێت چۆن لەسەر تەناف دەڕوات. دەمەوێت ئەمشەو پێشکێش بە ئێوەی بکەم، کە بۆ یەکەم جارە لە بەردەم بینەردا نمایش بکات. بێگومان چاوەڕوانی ئەوەی لێ مەکەن نمایشێکی زۆر بەرز و بالآتان پێشکێش بکات، بەلآم تکاتان لێ دەکەم بە گەرمییەوە بەخێرهاتنی بکەن. "

دواجار کورە بچکۆلەکەی هات و دەستی کرد بە ڕۆیشتنێکی کورت لەسەر تەنافەکە، زۆر بە سەختی بۆی دەکرا هاوسەنگیی خۆی لەسەر تەنافەکە بۆ رابگیرێت. لە خاڵێکدا ئەوەندەی نەمابوو بکەوێتە خوارەوە، بەلآم هەرچۆنێک بوو خۆی ڕێکخستەوە. لەدواجار لە نێو چەپڵەڕێزانی بینەراندا، خۆی گەیاندە ئەوبەری تەنافەکە. ئەوە چەپڵەڕێزانێکی هەقیقی بوو، نەک هەر لەبەرئەوەی کە تەنافەکەی لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری بەتەواوی بڕی، بگرە توانی لە ماوەی نمایشەکەیدا سەرنج و ئاگاییی بینەرەکانی بۆ خۆی کێش بکات. لە ڕاستییا، لە ڕوویەکی ترەوە نمایشەکەی زۆر لە نمایشەکەی باوکی سەرنجراکێشتر بوو. هەرچۆنێک بێت ئەوەی وای کرد نمایشەکەی سەرنج ڕابکێشێت؛ ئەوە نەبوو لەو بوارەدا هونەرمەندێکی لێهاتوو بووبێت، یاوەخود شێوازێکی تازەی بە ڕۆیشتن لەسەر تەناف داهێنابێت، ئەوە شتێکی تر بوو، منداڵەکە هەموو تەمەنی منداڵیی خۆی لەنێو نمایشا بردبووە سەر، لەکاتێکا باوکی تەنیا هەر ئەوە بوو کە تەکنیکێکی جوانی هەبوو.

زینیی گەورە مامۆستا جارێکیان تێبینی ئەوەی کردووە، کە لە چرکەساتی لەدایکبوونەوە هەر مرۆڤێک تۆوێکی تایبەت بە خۆی هەیە گەشە دەکات و دەگۆڕێت بۆ گوڵێکی خوداوەندانە. وەک جۆرێک لە باران بیر لەو جووڵە خوداییە بکەرەوە کە وا دەکات ئەو تۆوە بڕوێت و گەشە بکات. تێگەیشتن لە بوونی خوداوەندیی وەک گوڵێک وایە کە ئەویش لە لایەن

خۆیەوە میوەی ڕۆشنبیری دەگرێ. هەمان ئەو گوڵەی ئەکتەر بهێنەرەوە پێش چاوی خۆت؛ ئەگەر هەر ئەوەندەی هاتوو لە منداڵییەکی زووەوە گەشەت بە خوێندنت دا، ئیدی بۆ هەر قۆناخێکی تەمەنت تێگەیشتنێکی قووڵ و نوێت پێ دەبەخشێت، بۆ ئەوەی وەک ئەکتەرێک باوەش بۆ داهاتوو بگریتەوە. بە شێوازێکی بابەتییانە لە خۆت بڕوانە، پیشەکەت ڕاڤە بکە و پەرە بە مەشق و ڕاهێنانی خۆت بدە، لە خودی خۆت وردبەرەوە و خوێندنەوەت فرەوانتر بکە. هەر کاتێک گوڵەگەت گەشایەوە، ئیدی درێژە بە کۆششی خۆت بدە کە تا ئەوەندەی بۆت دەکرێ بە زیندوویی بیهێڵیتەوە. بەردەوام بە لەسەر پەروەردەکردنی تاوەکو وشک نەکاو نەمرێ. بۆ ئەوەی بۆت بکرێ گوڵێکی جوان بەرهەم بهێنیت، دەبێت لەوە تێ بگەیت کە دنیای ڕەگ لە چی پێک هاتووە. پێموایە گوڵێکی جوان لە قووڵایی ڕۆحەوە سەر دەربهێنێت، گوڵێکی جوان لەسەر ئەو زەمینەیە ڕادەوەستێ کە تۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ دنیای ناوەوەتدا دەکەیت. لە کاتێکا کە دنیای نواندنت ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە بەهێزە بێت، ئەوا دەبێت بزانیت ئەو کردەیە چۆن ڕوو دەدات. ئەگەر تۆ دڵێکی بەهێز و کراوەت بەرهەم هێنا، هەتا ئەگەر بێتو جەستەشت هەنگاو بەرەو پووکانەوە و پیربوونیش بنێت، ئەوا دەکرێ شتێکی زۆر ڕۆشن و جوان سەر دەربهێنێت، ئەوەش نهێنییەکە خۆی لەو دیوی تەکنیکەوە حەشار داوە.

بۆ ئەوەی لە پیشەی ئەکتەری تێ بگەیت، زیمی سێ بیرۆکە دەخاتە ڕوو، کە ئەو سەرچاوانەش بە پێست و گۆشت و ئێسقان ڕاڤە دەکات. پێست ئەو پێکهاتە جوانییەیە کە ڕووکاری دەرەوەی ئەکتەر پێکدەهێنێت و گۆشتیش ئەو جوانییەیە لە ڕێگەی مەشقەوە دەخوڵقێت و دێتە ئاراوە، ئێسقانیش سروشتێکی پێداویستی هەر کەسێکە و بۆ خۆشی جۆرێکە لە جوانیی ڕۆح. هەندێک لە ئەکتەرەکان هەر لە ئەزەلەوە بۆ خۆیان بەو تایبەتمەندییەوە لەدایک بوون، ئەوەش پەیکەری سەرەکیی پیشەکەیانە. دواتر مەشق ئەو

گـۆشـتــەیان بۆ فــەراهـەم دەکـات کـە سـەرچـاوەیەکی تری ئەکـتــەرە و لە کۆتاییشدا ئەوەی کە دەمێنێتەوە و لە ڕووکاری دەرەوە خۆی نیشـانی بینەر دەدات، بریتـییـە لە پێـست. بۆمـان دەکرێ بـە شـێوازێکی تریش ڕاڤـەی ئەو دەربڕینەی سـەرەوە بکـەین، ئەویش (تەمـاشـاکـردن، گوێگرتـن، هـەسـتکردنە) بینەر تەمـاشـای ئەکتەر دەکـات، ئەو جوانییـەی کە لە بەردەمیـدا دەیبینێت؛ پێـستە. ئەمـجا ئاهـەنگی نمایش، کـات و هـارمـۆنییـەتی ئەو گوزارشـتـەی تۆ گوێت لێیە بریتـییـە لە گۆشت. لە کۆتاییدا نمایشـی ئـەکتەر زۆر بە قـووڵی تا ڕادەیەک بەرەو ئاستێکی مـیتافیزیکی پەلکێشت دەکات: کە ئەویش پەیبردنە بە دنیـایەکی گـەلێک قـووڵ و لە بننەهـاتـوو، ئەو پێـسـتـەش خـودی پیـشــەی هونەرمەندەکەیە.

ئەوە جـوانیـی جـەسـتـەیە، جـوانیـی نواندنـە، جـوانیی هۆشـە، کـە بەهـەر هـەموویان لەسـەر تەختەی شانۆ نمایشیان پێکهێناوە.

بۆ ئەوەی ببیتە ئەکتـەرێکی باش، هـەر یەک لەو سـەرچاوانە پێداویستییان بەوەیە کە لە ئاسـتێکی زۆر باڵادا ڕایانبگریت و بیانـهێڵـیتـەوە. کاتێک من لەبارەی جوانی دەدوێم؛ مەبەسـتم لە قەشـەنگی یان ئەو جوانییە باوە نییە بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی. ئەگەر هـاتوو ڕۆحت ' پێست ' جوان بوو، ئیدی ئەوەیە لە ڕووکاردا خۆی نیشـان دەدات.

جـارێکیـان سـامـۆڕاییـیـەکی گـەنج خـۆی تـا دوا ڕادە و بێئـەندازە مـاندوو کـردبوو، بەجـۆرێک هـەمـوو خـەڵکی بە تـاسـووقەوە لـەبارەی دەدوان، لەکـاتێکا گەلێک تەکنیکی بەشێوازێکی ڕوون و ئاشکرا وەرگرتبوو، ئیدی پێیان وا بوو کـە دەبێت زۆر بەتوانا و کـارامە بێت. ڕۆژێکیـان لە دوای ئەوەی لە گـۆڕەپانی مـەشق دێتـە دەرەوە، ڕوو دەکاتە چێشـتـخـانەیەک و لەوێ ژەمـێک خـواردن و پێکی شـەراب دەخـواتـەوە. لە کـاتێکا کە بەرەو مـاڵەوە دەکـەوێتـە ڕێ، دنیـا تەواو تـاریکی کــردووە و بۆی نـاکـرێت بەردەمی خــۆی بە بـاشی ببــینێت. هـەرچـۆنێک بێت، بەهـۆی ئەو ئـاگـایی و هـەسـتـیـارییـەی کـە وەک بەشـێک لە

مەشقی سامۆڕایی لە خۆیدا گەشەی پێدابوو؛ بۆی دەکرێ لەسەر ڕێگا تاریکەکە درێژە بە ڕۆیشتنی خۆی بدات. زۆری پێ ناچێت ڕووبارێک دێتە بەردەمی و لەو ئانوساتەدا کە دەگاتە ئەو پردەی بەرەو ئەو بەرەوەی ڕووبارەکەی دەبات، خۆی دەکێشێت بە کەسێکا و هێندەی یەکو دوو دەست بۆ شمشێرەکەی دەبات، بەڵام تا ئەو شمشێرەکەی ئامادە دەکات، بەرانبەرەکەی دێتە دەست و شمشێرەکەی دەنێتە سەر گەرووی. ئیدی هیچی بۆ نامێنێتەوە و دەستەپاچە دەوەستێ.

کابراکەی بەرانبەری پێی دەڵێت: " من وام بیستووە ئێوە جەنگاوەرێکی بەناوبانگن، بەڵام وادیارە ئەوە ڕاست نەبێ و ئەوەندە هێز و تواناتان نەبێت. ئەوەتا بۆت ناکرێ بەرانبەر بە شمشێرەکەی من پارێزگاری لە خۆتان بکەن. ئێوە گەلێک بەوەدا دەنازن کە دنیایەک هونەر فێربوون، بەڵام دەتبینم دەستەوئەژنۆ داماویت و هیچت بۆ ناکرێت. پێم وابێ باشترین شتێک ئەوە بێ کە هەر لێرەدا گیانت دەرکێشم. "

شمشێرەکە کەمێک زیاتر لەسەر قورگی دەچێتە خوارێ. دواتر لە جوولەیەکی چاوەڕواننەکراودا، گەنجە سامۆڕاییەکە خۆی فڕێ دەداتە ناو ڕووبارەکەوە. ئەگەرچی کات دەمەو چلەی زستانە و ئاوی ڕووبارەکە شلوێیە، بەڵام بۆی کرا ژیانی خۆی لە مردن دەرباز بکات. لەوێوە هاوار بۆ جەنگاوەرە هێرشبەرەکە دەکات و دەڵێت: " تۆ گەلێک قارەمانیت، تکا دەکەم ناوی خۆتم پێ بڵێیت. "

پیاوە نەناسەکە، وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: " نەخێر من نامەوێت ناوی خۆمت پێ بڵێم، بەڵام تۆ ئەگەر لەبەرانبەر ئەو کردارەی ئێستا نواندت هەست بەشەرمەزاری بکەیت، ئەوا من هەندێک ئامۆژگاریت دەکەم. گرینگی بە ئیرادە و جیهانی ناوەوەت بدە. تەکنیک بەتەنیا کەڵکی هیچ ناگرێت. ئەگەر بتوانی لەسەر ئەوە خۆت ڕابهێنیت کە بگەیتە ئەودیوی سنوورەکانی تەکنیک؛ ئەوا گەلێک بەهێز دەبیت. بەڵام تۆ لە دەموساتی ئێستادا زۆر

دەنازی بەو تێگەیشتنەی بەرانبەر تەکنیک هەتە و پێت وایە ئەوە هێز و توانات دەداتێ. بەڵام تۆ هەڵەیت. دەبیت خۆت بگەیەنیتە ئەودیو سنوورەکانی تەکنیک. "

" چی لەودیو تەکنیکەوە هەیە؟ "

" بوونێکی تر. لەنێو سروشتی بووندا، بوونێکی تر هەیە. کاتێک خۆت لە ڕواوڕوویدا دەبینیتەوە ئەوجا دەتوانیت لێی تێ بگەیت. "

ئیدی لە دوای ئەوە پیاوە نەناسەکە ڕۆیی. گەنجە سامۆڕاییەکە لە ڕووبارەکە هاتە دەرێ و بڕیاری دا کە بڕوات لە دێرێکی زین دا سەرقاڵی خوێندن بێت.

من لە ڕاستیدا پێم وا نییە بتوانیت فێری نواندن ببیت. لەوانەیە هەندێک تەکنیک لە ئارادا بن کە یارمەتی ئەوەت بدەن لە هەندێک بارودۆخدا نمایش ساز بکەیت، بۆ نموونە؛ چۆن دەتوانیت لە کاری تیڤی دا باش بیت، یاوەخود لە جۆرە شێوازێکی وەک کابووکی یان ئۆپێرای پەکین دا نمایش بکەیت، بەڵام بە تەنیا و تەنیا لەو زەمینەیەدا کاریگەریی خۆی هەیە و هیچی تر. لە ڕاستیدا، هەر بەرهەمێک داوای میتۆدێکی نمایشی تایبەت بەخۆیت لێ دەکات. هەروەها، ئەگەر هاتوو تۆ سەرگەرمی ئەوە بووی کە سەرلەبەر شانۆیەکی تازە بخوڵقێنیت، ئەوا دەبێت لەهاوپاڵیدا جۆرێکی تازەی لە نواندن بۆ بەرهەم بهێنیت. لەو کات و ساتەوە هەر بەرهەمێک داوای میتۆدێکی نواندنی تەواو تایبەت بە خودی خۆیت لێ دەکات، ئەوا ئیدی لەو ڕوانگەیەوە زۆر گرانە بۆت بکرێ میتۆدی نواندن، وەک توانایەکی گشتی فێری خەڵکان بکەیت. سەرباری ئەوە، وەک هونەرمەندێک بۆ ئەوەی بزانی کە لێرەدا و ئەمڕۆ چیت پێویستە، دەبێ ئارەزووی ئەوەت هەبێت هەر میتۆدێکی پێشووتری نواندنت هەیە تێکی بشکێنیت. کاتێک کە تۆ لەسەر تەختەی شانۆیت، دەبێ هەرچیت هەیە لەبارەی تیئۆرەوە، هەرچیت هەیە لەبارەی فەلسەفەوە، لەبارەی هەر تەکنیکێکی ئارەزوومەندانەوە، لە یادی

بکەیت. دەبێ جێبەجێی بکەیت.

بەرلەوەی دەست بکەم بە کـــاری نواندن، پێم وا بـوو من زۆر بـەهرەوەرم. بڕوایەکی وام هـەبوو کە ببـمـە باشـتـرین ئەکـتـەری ژاپۆن. لە بەخـتـی ڕەشم کاتێک کە دەسـتـم بە کارکردن کرد، خەڵکی هاتن و پێیان گوتم من زۆر باش نیـم. لە ڕاسـتـیـدا من بێ ڕادە خـراپ بووم. کـە دڵنیـابووم لەوەی کـە ئەو داهێنـەرە نیم خـۆم خــەونی پێـوە دەبینم، ئەوە بۆ من داچڵـەکـینێکی تەواو کاریگەر بوو، بەڵام کاتێک لەشانۆدا کارم کرد، هەسـتـم بەوە کرد کـە دەبێت لێـی نـەبمەوە. تـا ڕادەیەک بـە خـــۆدا نـازین بـوو، نـەمـــــدەویسـت دان بـەو ڕاسـتـیـیـەدا بنێم کـە من لە هەڵبـژاردنی پیـشـەکەمـدا بە هەڵەدا چووم. لە هەمان کاتدا هەستم بە نائومێدییەکی زۆر دەکرد کە بەڕاستی بۆم دەرکەوت بە هـیـچ جـۆرێک بەهـرەوەر نیم. لەگـەڵ ئـەوەشـدا درێژەم بە کـارەکـەم دا و دەستم کرد بە بیرکردنەوە، ئەگەر من بەهرەم نەبێ؛ ئەی چی تر لە ئارادایە؟

من ئەگـەر بۆم نەکـرا داهێنـەر بم، ئەوا بۆم دەکـرێ مـەشق وەربگرم. بێ ئەندازە دەسـتـم دایە کـاری تـاقـەتپـڕوکـێن و هـەوڵـم دەدا تا ئەوەنـدەی بۆم دەکرێ تـوانامەندبم. پاش مـاوەیەک، خەڵکان هەمـدیسـان هـاتن و پێیـان گوتم کە هێشتا هەر باش نیم.

ئیدی بیرم لەوە دەکردەوە دەستـبەرداری شانۆ بم. بێگومـان دانیان بەوەدا نـا کـە من ڕەنجی زۆر دەدەم و خـۆم تەواوێک تەرخـان کردووە، بەڵام هێـشـتـا هـەر بۆم ناکرێ ببـمـە جێ سـەرنجی خـەڵکی. چـەند سـاڵێک دواتر، من ئیـدی کەوتبوومە سـەر کـەڵکەڵەی ئەوەی بە تەواوی دوور بکەومەوە و وازبهێنم. دانم بەو ڕاستییەدا نا کە من ئەکتـەرێکی باش نیم و بوارێکی ئەوتۆم لە بەردەمدا نییـە بۆ سـەرکەوتن. بەڵام بێگومـان، من گەیشتبـوومە قۆناخـێکی ئەوتۆ کە لە دواجاردا خـەڵکی دانیان بەوەدا دەنا کارەکەم تا ڕادەیەک وای لێ هاتووە کە زۆر خراپ نەکەوێتە ڕوو.

مـەهابەهاراتا؛ پڕۆژەیەکی گەورەی پیتـەر برۆک بـوو مـاوەی چوار سـاڵی دەخـایاند، لـە ڕاسـتیدا تـەواوێک سـەرنجی ڕاکێشـابووم و دەمـویست بزانم چۆن برۆک ئـەو جـیـهـانە دژوارە دەهێـنێـتـە نێـو چوارچێـوەی چیـرۆکـێکی شـانۆییـیەوە. جـارێکی تر بڕیارم دا وا باشـتـرە درێژە بە کـاری نواندن بدەم، ئەگـەر وا نەکـەم ئـەوا بۆم نالوێ چاودیـتـێکی ئەو دنیـایە بم. پڕۆژەکـە ڕێ و شـوێنی خـۆی گـرتە بـەر. بۆ من پرۆسـەی ڕاهێنان دنیـایەکی گـەلێک سەرنجڕاکێش بوو. بۆ من ئەوپەڕی ئەفسوون بوو بڕوانم چۆن دەرهێنەرێکی ئاوا مەزن کار لە پیەسێکی بەو ئەندازەیە گەورەدا دەکات. چێژم لە چرکە بە چرکـەی ڕۆژانی پرۆڤـە دەبینی. لە بەدبەخـتیی من، دوای دە مـانگ کـارەکە گـەیشـتـە کـۆتایی و بەرهەمـەکە ئـامـادە بـوو و منیش دەبوو خـۆم بۆ کـاری نواندن تەرخـان بکەم. لە دوای کاتە باشـەکان، خراپیشی تێ کـەوت: بۆ دوو ساڵ؛ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هـەمان نواندن دووبارە بکەرەوە.

ئەگـەر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هـەمـان تـەرزی کـارکـردن دووبـارە بکەمـەوە، ئەوا هیچ دوور نییـە لەگەڵ ئـەو بێزارییـەدا بەرەو شـێتبـوون بڕۆم. بۆ ئەوەی خۆم لەو گرفـتـە بەدوور بگرم، هـەوڵم دا پەنا بەرمـە بەر شـێوازێکی تری نواندن. بڕیـارم دا چی تر بیـر لەوە نەکـەمـەوە کـە ئایا من باشـم یان خـراپ، زۆر بەسـادەیی هـەوڵم دەدا لەسـەر تـەخـتـەی شـانۆ چێـژ و خـۆشـی بۆ خـۆم دەسـتـەبەر بکەم. هـەمـوو ڕۆژێک بەوپـەڕی لە خـۆ ڕازیبـوونەوە هـەوڵم دەدا خۆشـی لە نمایشـەکەم پـەیدا بکەم. ئیدی لە ناکاوێک خـەڵکان هـاتن و پێیـان گوتم کە گەلێک لە جاران باشترم.

دواتر کارم لـە شانۆی ' ئەو پیاوەی کە ' کرد. لەم شـانۆیەشدا جـارێکی تر من گـۆڕام؛ چـی تر گـرینگیم بەوە نەدەدا ئـایا خـۆشـی لێ دەبینم یان نا، گوێشم بەو هـەقیقەتە نەدەدا کە من جار لە دوای جار هەمان نمایش دووبارە دەکەمـەوە یان نا. لە ڕاسـتییـا من بایەخم بـە هیچ نەدەدا. لەجـێی ئەوە من سـەرنجم خسـتبـووە سـەر وردەکارییـەکان: دەسـتی ڕاست بۆ سـەرەوە، ملم

وەرچەرخێنم، دیالۆگێک بڵێ و بەدوایدا دیالۆگێکی تر. هەر وەکو ریتواڵێک، ریتواڵێک لە ژیانی ڕۆژانە. من پێم وا بوو کە تەواوێک هەر لە مەراسیمی کەلەپووری چاپێتی دەچێت. لەو مەراسیمەدا گەلێک وردەکاریی دژوار لە ئارادایە. هەر جووڵەیەک بۆ خۆی تەرزێک لە ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆی هەیە. چۆن پیاڵەکە دەشۆیت، چۆن ئاگرەکە دەکەیتەوە، چۆن ئاوەکەی تێ دەکەیت: هەر هەموو ئەوانەش زۆر بە ئاگاییەوە نەخشەی بۆ کێشراوە. بە مەرامی ئەوەی کوپێک چایی پێشکێش بە میوانەکەت بکەیت، هەنگاو بە هەنگاو شوێن ئەو کرداره دژوارە دەکەویت، لە ڕاستیدا تۆ هیچ کارێکی تایبەتمەندت ئەنجام نەداوە؛ هەر ئەوەندەیە کوپێک چاییت ئامادە کردووە. هیچ هونەرێکی تیا نییە، بەڵام ئەو ئامادەکردن و خزمەتکردنە خۆشییەکی زۆری لەخۆ گرتووە. جارێکیان ئەو مەراسیمی چایی ئامادەکردنەم لە بەردەم وەستایەکی بەناوبانگدا ئەنجام دا. لەپڕێکا بەهەر هۆیەک بوو، بەرانبەر ئەو هاڕاوە سەوزەی چا وشکەکە، هەستم بە هەست و سۆزێکی پڕ لە خۆشی کرد و بە خۆشەویستییەکی لە بنەهاتووەوە لەنێو لەپما، زۆر بە ناسکییەوە دەستم کرد بە وردو خاشکردنی. ئەو هەستکردنە بە ڕێز و خۆشەویستی تا کۆتایی مەراسیمەکەی خایاند. گوێم لە گیزە گیزی ئاوی سەماوەرەکە گرتبوو کە دەکوڵا. کاتێک کە ئاوی ساردم تێ کردەوە، تێبینی ئەو گۆڕانەم کرد کە بەسەر ئاوازی ئاوەکەدا دێت. لە کۆتاییدا، کوپێک چام خستە بەردەمی وەستاکە، پێی سگوتم: " ئێستا لەوە دەکات کە چایەکی بەتام بێت."

قوتابییەکی شمشێرباز، یەکەم ڕۆژی مەشقکردنی بوو؛ کاتێک کە مامۆستاکەی هات بۆ لای و تێبینییەکی پێ دا:

" تۆ زۆر باشی، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەوە هەموو شتێک نییە. هەست دەکەم شتێک ونە. "

قوتابییەکە زۆر بە وردی بیری لەوە کردەوە کە مامۆستاکەی پێی گوتبوو،

هەرچی هێنا و بردی، بەڵام پەی بە هیچ شتێکی ئەوتۆ نەبرد. چەند ڕۆژێک دواتر لە مامۆستاکەی نزیک کەوتەوە و پێی گوت:

" من بۆم نەکرا بە هیچ جۆرێک پەی بەو شتە بەرم کە ونە، بە دڵنیاییی نهێنییەکی گەورە لەم هونەری شمشێربازییەدا هەیە من بۆم ناکرێ تێی بگەم. "

لەگەڵ ئەوەشا بڕیاری ئەوەی دا لەبارەی ئەوەی چۆن شمشێرەکەی دەگرێت بەدەستەوە، بەهیچ جۆرێک خۆی نیگەران نەکات. هەرچی بیرۆکەیەک پێوەندی بە چەکەکەیەوە هەبوو خستیە ئەو لاوە و لە شوێنی خۆیدا مایەوە و بەتەنیا کەوتە ڕوانینی مامۆستاکەی. بە شێوەیەکی سروشتی لە ژاپۆن، کاتێک کە ڕواوڕووی مامۆستایەکی مەزن ڕادەوەستیت، ئەو زۆر گەورە دەکەوێتە ڕوو و خۆشت گرگن دەبینیت. بەڵام لە ناکاوێک گەنجەکە سۆزێکی سەیری تیا خوڵقا و هەستی بەوە کرد کە جەستەی زۆر زەبەلاحە و مامۆستاکەشی تا بێت بچووک و بچووکتر دەبێتەوە. لەو ساتەدا مامۆستاکەی بزەیەک کەوتە سەر لێوی و گوتی: " ئەوەتا دۆزیتەوە ! پەییت بە نهێنی جەنگ و زۆرانبازی برد. "

ئەوە لە کاتێکا ڕووی دا کاتێک کە شمشێرەکەت خستە لاوە. ئەو خۆ خاڵیکردنەوەیە نیشان لێگرتنەوەیەکی جوانە، بەڵام چۆن نیشانەکە دەپێکین؟

بەڵام بەداخەوە، لێرەدا هیچ نەخشە و پلانێک لە ئارادا نییە، تەنیا ئەوەندەت لە بەردەمدایە کاتێک کە نیشانەکە دەپێکیت، بۆ ئەوە بڕوانیتەوە کە چۆن پێکاوتە.

کاتێک ئاوڕ بۆ دواوە دەدەیتەوە، دەتوانیت بڵێی: " ئۆو، ئەوە وەرچەرخانێکی هەقیقییە " یاوەخود " ئەو دەستەواژەیە بوو کە لەپڕێک هەموو بەرایییەکانی منی گۆڕی " یاوەخود بڵێی "پێم وا بوو من ئەوە دەکەم، بەڵام لە ڕاستیدا من ئەمەم دەکرد "یان

تەنانەت " ئەو هەموو ڕووداوە وردانە چی بوون منیان تەفرە داو بەرەو ئێرەیان کێش کردم، من لە کاتی خۆیا تێبینی هیچم نەکردبوو " هەمووئەوەی کە ڕووی دا ئەوە بوو، کاتێک سەرگەرمی ڕێگە برین بووی؛ بۆت نەکرا ڕێگەکە ببینیت. بەڵام بە تەنیا لە ڕێی بەخۆداچوونەوەوە (لێرەدا مەبەست لە بەخۆداچوونەوە دەرککردنی ڕاستییەکە لە دوای ڕوودانی، و. کوردی) نەخشەکەت بۆ ڕوون دەبێتەوە. (ل. م)

کاتێک لەبارەی خۆ فێرکردن دەدوێم. لەبارەی پرۆگرامێکی ڕۆشنبیری نادوێم بۆ مەشق پێکردن، یاوەخود ئامادەبوون و کرانەوەیەکی گشتی بەرەو گەشەسەندن. ئەوە خێرایی کاریگەری و بەدەنگەوە هاتنە نەک لە ئاستیا وشک هەڵگەڕان.

جارێکیان زانایەکی چینی سەرقاڵی وەڵامدانەوەی قوتابییەکانی دەبێت، لەپڕ پرسیارێک ڕایدەوەستێنێت. " من کێم؟ "

زاناکە وەڵامی دەداتەوە: " تۆ دەفرێکیت "

لە مەراسیمی ئاینزا ڕۆهەڵاتییەکاندا دەفرێکی تایبەت بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی ئەو قوربانییانەی لەسەر دابنرێ کە بۆ خودا نەزر دەکرێن. ئەو دەفرانە بابەتی زۆر بەنرخ لە خۆ دەگرن. زاناکە بە مەبەست ڕەمزی دەفر و نەزری هێنا بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییەی پێ ڕوون سبکاتەوە کە دەکەوێتە نێوان یو بوون و مو نەبوونەوە. بوون وەک دیاردەیەک بریتییە لە ڕووکارە کاریگەر و بینراوەکەی کردار. ئێمە بۆمان دەکرێ تەماشای بکەین، گوێی لێ بگرین، بیناسینەوە. هەر وەکو ئەو بابەتە بە نرخانەیە کە نەزری خودا دەکرێن. مو؛ هەر وەکو شێوە وایە، دژوارە لەوەی پەی پێ بەریت. لەگەڵ ئەوەشا هەمەڕەنگی دەبەخشێتە دیاردەکان. بە وەسفکردنی قوتابییەکەی بە دەفرێک، زاناکە ویستی ئەو ئاستە قووڵەی بەبیر بهێنێتەوە کە بوون هەیەتی. بەهەمان شێوە، ئەو بەشە نەبینراوەی ئەکتەر ئەو دەفرەیە کە

هۆکـارێک و پاڵپـشـتـێکه بۆ ڕووکـاره بینراوەکـەی نمایش. تۆ تێـبـینی ئامـادەبوونی ناکەیت، تەنیا ونبوونی نەبێت. لەوە خوردبەرەوە هارت سـاترا لە بودییزمدا دەڵێت:

" دیارده خـاڵیـبـوونـه، خـاڵیـبـوونیش دیـاردەیه " بەمـانایەکی تر، هەمـوو شـتـێک لـه خـاڵیـبـوونەوە دێت، یاوەخـود لە نـەبوونەوە. تۆ سـەرسـامـی بە پشکووتنی چرۆی درەختێک، ئەگەر درەختەکە توێژاڵ توێژاڵ هەڵبکۆڵیت بۆ ئەوەی بزانیت ئەو جـوانیـیـە لە چییـەوە هاتووە، بە دڵنیـایی هیچ شـتـێک نادۆزیتەوە، یاوەخود دەگەیتە نەبوون و هیچ کەسێک یان ئەفسوونێک لەودیو ئەو گەشانەوەیەوە نییە، تەنیا هەر ئەوەندەیە کە دارە. ئەگەر بیر لە سروشت بکەیتـەوە بەو هەمـوو هەمـەڕەنگی و شکۆیـەوە کـە هەیەتی ئەوا دووچاری سـەرسـوڕمـان دەبیت. درەخت، گـوڵ و گـوڵزار، بەفـر، گژ و گـیـا؛ ئەمـانە هەمـووی دەرکـەوتەکـانی ئەو دنیـایەن ئێـمـە پێی دەڵێین سـروشـت. بەڵام سـروشت بۆ خـۆی چیـیـە؟ لە کـوێیـە؟ نـاکـرێ بیـدۆزینەوە. بۆ خـۆی ئەو نەبوونەیـە کە بێـشـومـار دیاردە دەخـوڵقێنێت. دەکرێت بەهەمـان شـێـوەش بڕوانینە نـواندن. وەکـو سـروشت، دڵی ئـەکـتـەر بۆی دەکـرێ ژیان بـە هەر شتێک ببەخشێت. وەکو سروشت جۆرێکە لە نەبوونی پڕ پیت و فەڕ.

وەکو ئەکـتـەر کـاتێک مـامـەڵە لەگـەڵ هەمـوو ئەو بیـرۆکـانەی ' دیاردە ' و ' نەبوون ' دا دەکـەیت، دەبێت کـەمـێک وریا بیت. ئەوانە هەندێک بیـرۆکـەی ڕۆشنبیرین، ئەگەر زۆر بە وشک و برنگی پێیانەوە بلکێی دوور نییە سـەرت لێ بشـێـوێنن. ئـەگـەر تۆ بە شـێـوەیەکی هوشـیـارانە بیـر لە خـاڵیـبـوونەوە بکەیتـەوە، ئیدی ئەوە بـە هیـچ جۆرێک خـاڵیبوونەوەیەکی هەقیـقی نییـە؛ بگرە ئەندێشـەیـەکە و خـۆی وەک خـاڵیبوونەوە ناسـاندووە، کـە بۆ خـۆی لە خـۆیدا جـۆرێکی دییـە لە ' دیاردە '. خـاڵیـبـوونەوەی هەقـیـقی خـۆی لـەودیوی بیـرکردنەوەوە حـەشـار داوە و تا دوا سنووریش بۆ خـۆی ئازادە. ئەگـەر بێتـو هۆگـر و هەڵوەدای بیـرۆکـەی خـاڵیـبوونەوەش بیت یاوەخـود بـە شـێـوەیەکی

هەمیشەیی بتەوێ نەبوون بەدەست بهێنیت، ئەوەش بۆ خۆی جۆرێکی دییە لە زیندان و کۆت و پێوەندێکە لە نواندنتەوە دەئاڵێت. هەموو ئەوانە گرانن بۆ ئەوەی لێیان تێ بگەیت و دژوارن بۆ ئەوەی بیانهێنیتە نێو پراکتیکەوە. نەبوون کەوتووەتە ئەودیوی بیرکردنەوەوە، بەڵام چۆن دەتوانین بەدەستی بهێنین بەبێ ئەوەی بیری لێ بکەینەوە؟

پێم وایە دەبێت سەرنجی خۆمان بگوازینەوە بۆ سەر شتێک زیمی پێی دەڵێت: "یوو ڕاکوو شوو دو فوو کێن "

کە بەم جۆرە وەری دەگێڕین: "بە ئازادانە بکەوەرە یاریکردن، لە ڕێگەکە وردبەرەوە، ئیدی بۆ خۆت ڕەشەباکە دەبینیت".

ماندووبوون، مەشقکردن، کارکردن و لێکۆڵینەوە، ئەو شتانەن دەبێت دەست و پەنجەت لەگەڵیان نەرم بکەیت. لە پاشی قۆناخێک لە کارکردنی بێوچان، جۆرێک لە ئازادی دەردەکەوێت. ئیدی چیدی بیر لەوە ناکەیتەوە چی بکەیت، یاوەخود چۆن ئەو کاریگەرییانە بەدەست بهێنیت. نمایش زۆر بەئەسپایی بۆ خۆی ڕوو دەدات. ئەو ئازادییەش بۆ خۆی نەبوونی ئەکتەرە، لە ئاستێکی باڵاتردا وەکو ئەوە وایە منداڵ بوو بیتەوە. هیچ شتێک نەخشەی بۆ نەکێشرا، یاوەخود بەشێوەیەکی ئاگایانە پێکهێنرا بێت، بەڵام بیرکردنەوە و هەست و سۆزت بەوپەڕی زیندوویێتی و تا دواڕادە ڕۆشن کەوتوونەتە هەڵقووڵین.

لە سەدەکانی ناویندا لە ژاپۆن، جەنگاوەرێکی بەناوبانگ هەبوو ناوی میوسشی میایامۆتۆ بوو. بەوە ناسرابوو کە لە جێی (شمشێری دەبان) شمشێری دارینەی مەشقکردنی بەکار دەهێنا. تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دوژمنەکانی بە شمشێری دەبانەوە هێرشیان بۆ دەهێنا، ئەو بە ڕادەیەک بەوە ناسرابوو کە لەو چرکە ساتە قورس و ناسکانەشدا چاوەڕوانی سەرکەوتنی لێ بکرێت. لە سات و وەختی کۆتایی زۆرانبازییەکی لەو جۆرەدا، کەسێک لێی پرسی بۆچی لەجێی شمشێری دەبان، شمشێری

دارینەت هەڵبژارد بۆ ئەو بەرەنگاربوونەوەیە. میوسشی لە وەڵامدا دەڵێت:

" ئەگەر بهاتایە شمشێری دەبانم هەڵبژاردایە ئەوا بە هیچ جۆرێک ئەوەندە بە خەم زۆرانبازییەکەوە نەدەهاتم. لەو دەمەدا من بە شمشێرە دەبانەکەمەوە پشتئەستوور دەبووم کە هەموو کارەکەم بۆ ڕاپەڕێنێت، ئیدی بوونی من لەوێدا بە هیچ جۆرێک ئەوەندە گرینگ نەدەبوو. کتومت وەک ئەوە وایە من لەوێدا نەبم، یاوەخود هەر بوونم نەبێت. بەڵام بە شمشێرێکی دارینەوە، دەبێت بەوپەڕی ئاگاییەوە بچمەوە ناو خۆم و بەهێز و تواناوە ڕەفتار بکەم، بۆیە شمشێرێکی دارینم پێ باشترە "

سەرباری ئەوەش، بۆ ئەوەی ببێتە جەنگاوەرێکی لێهاتوو، میایامۆتۆ ساڵانێکی تەرخان کرد بۆ خوێندنی فەلسەفە و یاسا بنەڕەتییەکانی هونەرە جەنگییەکان. پاشی ساڵانێک گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە " هەر سیستەمێک، هەر هزرێک، هەر تەکنیکێک و بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی ئاماژە بۆ هەمان خاڵیبوونەوە دەکەن. هەر هەموو شتەکان یەک خاڵیبوونەوەن "

بێگومان، لەو سەردەمەدا کەس لەوە تێنەگەیشت کە میایامۆتۆ لەبارەی چی دەدوا. خاڵیبوونەوە زۆر دژوارە بتوانرێت شی بکرێتەوە. لەگەڵ ئەو لێوردبوونەوەیەدا کە زین لێی دەدوێت هاوچەشنن. ئەوانەی سەرگەرمی پراکتیکی بوون ڕواوڕووی ئەزموونێک بوونەوە پێی دەگوترا ' ساتوری ' ، کە تا ڕادەیەک مەحاڵە بتوانرێت وەسفی بکرێت.

کاتێک لەبارەی فێرکردن دەدوێین، زۆر بەسادەیی ئەوە ئەزموونی کەسێکی ترە. مامۆستاکەت بەر لە تۆ بەو ڕێگایەدا تێپەڕیوە و تۆش لە نێو ئەو تەپوتۆزەدا بۆ شوێن هەنگاوەکانی ئەو دەڕوانیت. لەوانەیە هەندێک ئاماژەت بۆ بکەن لەبارەی ئەوەی کە هەنگاوی داهاتوو دەبێ چی بکەیت. بەڵام ئەو ڕێچکانە ڕابردووی کەسانێکی ترن، ئەوانە بە هیچ جۆرێک داهاتووی تۆ نین. هەموو کتێب و وانەکان زۆر بە سادەیی ڕابردووی کەسانێکی ترن.

تێبینییان بکە و بەکاریان بهێنە، بەڵام هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت ڕێگای تۆ جیاوازە، ئەوەش ئەو ڕێچکە تایبەتەی تۆیە کە دەبێت بیگریتە بەر. هەوڵ مەدە کوتومت بەو جۆرەی هەیە ڕێگای کەسانێکی تر هەڵبگری و لاساییيان بکەیتەوە. زانیارییەکانیان بەکار بهێنە، بەڵام تەواوێک بە ئاگابە لەوەی کە دیمەنی سروشتی ئەو ڕێچکە تایبەتەی خۆت گەلێک ناوازەیە. هەرچۆنێک بێت، پارادۆکسەکە لێرەدایە: دەبێت ئەو ڕێچکەیە بدۆزیتەوە کە تایبەتە بە خۆت، بەڵام لەو دەمەدا کە ڕێگەکە دەگریتە بەر بۆت ناکرێ تێبینی بکەیت، تاوەکو نەگەیتە کۆتایی.

لەم کتێبەدا، زۆر بە درێژی لەبارەی ئەوەوە دواوم کە خەڵکانێکی جیاواز گوتوویانە. بەڵام نابێت هەرچییەک لێرەدا نووسراوە بەبێ ئەوەی نەبێتە جێی گومان و پرسیار بڕوایان پێ بکەیت. لە هەقیقەتا، ئەگەر بێتو بڕوا بە هەر چییەک بکەیت کە لێرەدا دەیخوێنیتەوە، واباشترە کە هەر هیچ نەخوێنیتەوە. ئەکتەرێکی بەناوبانگی کابووکی هەبوو، پەنجا ساڵێک لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد؛ دەیگوت:

" من دەتوانم ئەو تەرزی ئاماژەیەت فێربکەم کە نیشانەیەکە ' بۆ تەماشاکردنی مانگ '. دەتوانم ئەو جووڵەیەشت فێر بکەم کە چۆن دەکەویتە سەر نووکی پێت، بۆ ئەوەی تەواوێک ئاماژەکردن بۆ ئاسمان نیشان بدەیت. بەڵام لەسەری نووکی پێتەوە بۆ مانگ ئەوە بەرپرسیارێتیی خۆتە.

## پێڕست


پێشەکییەک بە پێنووسی پیتەر برۆک ..... 5
پێشباس ..... 7
پێشگوتار ..... 16
١. تێهەڵچوون ..... 22
٢. جووڵە ..... 41
٣. نواندن ..... 64
٤. ئاخاوتن ..... 154
٥. فێربوون ..... 194